خەرمانانی شەهید

ئێوە زایەڵەی کاروانێکی نەسرەوتوون



مانگی خەرمانان و خەرمانی خەمان

– تاڵیادی تیرۆری دوکتور شەڕەفکەندی و هاوڕێیانی

– مووشەک بارانی بنکە و بارەگای حیزبی دێموکرات

– سەرهەڵدانی بزووتنەوەی «ژینا – ژن، ژیان، ئازادی»

کۆمەڵێک وتارو لێدوانی نووسەران

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

رەزبەری ٢٧٢٦ی کوردی = ئۆکتۆبەری ٢٠٢٦ی زایینی

پێڕست:

مانگی خەرمانان و خەرمانی خەمان(وەک پێشەکی) .... عومەر باڵەکی ٦

تاڵیادی تیرۆری دوکتور شەڕەفکەندی

بەبۆنەی ٣٤ەمین ساڵڕۆژی تیرۆری دوکتۆر سادق شەرەفکەندی و هاوڕێیانی

١- کۆستێکی دیکە.. عەبدوڵڵا حەسەن زادە ١٠
٢- ڕاگەیەندراوی دەستەی کارگێڕیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بەبۆنەی ٣٤ەمین ساڵڕۆژی تیرۆری دوکتۆر سادق شەرەفکەندی و هاوڕێیانی.. ١٨
٣- پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی ٢٦ی خەرمانان، تاڵیادی تیرۆری دوکتۆر سادق شەرەفکەندی و هاوڕێیانی.. ٢٣
٤- "دکتۆر سادق شەرفکەندی و خەباتی گەلێکی بێدەوڵەت"................................ حەسەن قارەمانی ٢٥
٥- ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ د. شەرەفکەندی تێرۆر کرد؟................................ عومەر باڵەکی ٣٣
٦- سادق شەڕەفکەندی؛ ئەو سەرکردەیەی کۆماری ئیسلامی لێی دەترسا............................ سەحەر شەمسی ٣٨
٧- وتوویژی ڕۆژنامەی «کوردستان» لەگەڵ کاک کەریم پەرویزی، سەبارەت بە ٢٦ی خەرمانان............................ .... شەهرام سوبحانی ٤٠
٨- میکۆنۆس؛ جینایەتێکی لەبیرنەکراو و زامێکی سارێژنەبوو!................................... هەیاس کاردۆ ٤٦
٩- فۆرموڵەکانی بێدەنگی و گوللەکانی بێرلین.. زانیار حوسێنی ٥١
١٠- ئێمە پتر خۆمان بە ئێرانی دەزانین!.. مستەفا مەولوودی ٥٧
١١- پەیامی سوپاس و پێزانینی دوکتور سادق شەڕەفکەندی جێگری سکرتێری گشتیی حیزب، بە بۆنەی هاودەردیی خەڵک و دۆستان و دڵسۆزانی حیزبی دێموکڕات بە دوای شەهیدبوونی دوکتور قاسملووی نەمردا................................ ٦٠

مانگرتنی گشتیی ٢١ی خەرمانانی ١٣٩٧ = ٨ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

مووشەک بارانی بنکە و بارەگای حیزبی دێموکرات لە قوڵایی خاکی هەرێمی کوردستان

١- بەیاننامە: پەلاماری هەوایی و مووشەکیی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان. ٦٥

خەرمانە خەمی خەرمانان.................................... ئەحمەد ڕەحمانی ٦٩

٢- پەیامی مستەفا مەولوودی: سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان دوای ڕووداوی هێرشە موشەکییەکەی سەر قەڵای دێموکرات.. ٧٨

٣- وانەکانی ١٧ی خەرمانان و شکۆی حیزبی دێموکرات.................................... عەلی بداغی ٨١

٤- ٢١ی خەرمانان؛ ناسنامەی سیاسیی کوردستان.................................... عەلی لەیلاخ ٨٤

٥- ٢١ی خەرمانان؛ دەنگی شاخ و شکۆی شار.................................... مەنسوور مروەتی ٨٩

٦- ژنان لە سەنگەری ورە و باوەڕدا: چیرۆکی خۆڕاگری لە بەرامبەر زۆرداری.................... نەسرین یوسفزادە ٩٣

٧- ڕۆژی ١٧ی خەرمانان و شەهیدانی دێموکرات.................................... حەمەڕەسووڵ کەریمی ٩٥

٨- بە یادی ١٦ شەهیدی ڕۆژی ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧.................................... ئەحمەد مەکلاویی ٩٧

٩- کەماڵ کەریمی: مانگرتنی ٢١ی خەرمانانی ڕۆژهەڵات هاوکێشەی مووشەکەکانی قەڵای دێموکراتی پێچەوانە کردەوە......

وتووێژ: شەهرام سوبحانی ١٠٠

١٠- ناسر باباخانی: هێرشەکانی ٦ی ڕەزبەر، نیشانەی دەستەپاچەیی و داماویی کۆماری ئیسلامی بوو نەک باڵادەستی.......

وتووێژ: ناسر باباخانی ١٠٦

کۆمەڵێک وتارو لێدوانی نووسەران

لە چوار ساڵ بەسەر شەهیدکردنی ژینا ئەمینی و سەرهەڵدانی بزووتنەوەی «ژینا - ژن، ژیان، ئازادی»

١- بانگەوازی مانگرتنی گشتی لە ٢٥ی خەرمانانداا - هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران............... ١١٤
٢- کۆمەڵێک پشتیوانیی حیزب و ڕێکخراوە مەدەنییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بانگەوازی مانگرتنی گشتی لە ٢٥ی خەرمانانان.. ١١٧

- پشتیوانیی ناوەندی ڕێکخراوە مەدەنییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.....
- ئەنجومەنی پیشەیی مامۆستایانی کوردستان.....
- کۆڕبەندی هاوکاریی زاگرۆس.....
- کۆمیتەی سەرانسەریی خوێندکارانی کوردستان.....
- پلاتفۆرمی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان - ژینا.....
- کۆنگرەی ئازادیی ئێران.....
- "ئەنجومەنی بریندااران و دادخوازانی بزووتنەوەی ژینا".....
- بەرەی نەتەوەکان بۆ مافی دیاریکردنی چارەنووس.....
- کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدراڵ و هاوپێوەندیی گشتگیر بۆ ئازادی و یەکسانی لە ئێران.....

٤- پەیامی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات بەبۆنەی ساڵیادی بزووتنەوەی ژینا و مانگرتنی گشتیی ٢٥ی خەرمانان.......
.... ١٣٥
٥- مانگرتنی گشتیی ٢٥ی خەرمانان، دەستمایەیەک بۆ بزووتنەوەی کوردستان...................... سمایل شەرەفی ١٣٧
٦- دیسان کوردستان!... عەلی لەیلاخ ١٤٠
٧- مانگرتنی سەرانسەری؛ وەڵامێکی مەدەنی بە بنبەستی سیاسی و قەیرانی هەمەلایەنەی ئێران!...........................
.... ئیبراهیم لاجانی ١٤٣
٨- ژینا؛ ناوێک کە بووە هێمای تێکۆشان بۆ ئازادی.. حەسەن قارەمانی ١٤٦
٩- بەکاتی ژینا؛ جەستە و جێندەر لە ئۆبژەی دەسەڵاتەوە بەرەو سوژەی ئازادی.................... شاهۆ حوسێنی ١٥١
١٠- شۆڕشی ژینا؛ شۆڕشێکی نەسرەوتوو تا لووتکەی سەرکەوتن.. سۆما ناسری ١٦٣

کۆمەڵێک وتارو لێدوان

١١- مانگرتن؛ تێچوو، دەستکەوت و تاکتیک.. شارۆخ حەسەنزادە ١٦٦
١٢- مانگرتن؛ ڕاپرسییەکی بەردەوام.. ئاسۆ مینبەری ١٧١
١٣- د. کوێستان گادانی: ئێرانی داهاتوو دەبێت لەسەر بنەمای گرێبەستێکی کۆمەڵایەتیی نوێ و دێموکراسییەکی تەوافوقی دابرێژرێتەوە... ١٧٥
١٤- ئیرادە و ویستی بەکۆمەڵ، پێناسەی نەتەوەیەک.. ڕەزا دانشجوو ١٨١
١٥- لە بزووتنەوەی «ژن، ژیان، ئازادی»یەوە بۆ دروستکردنی هێزی سیاسی....................... گوڵان هیجری ١٨٥
١٦- گوشار بۆ سەر بنەماڵەی ژینا ئەمینی ئەوان پتر خۆشەویستتر دەکات........................... مستەفا مەولوودی ١٩٠
١٧- شۆڕشی ژینا لە ڕووی بابەتی و چۆنیەتییەوە هەروا لە لووتکەدایە.......................... مستەفا مەعرووفی ١٩٤
١٨- هاژەی مووشەک و نەڕەی شەقام (شیکاریی هێرشی ٦ی ڕەزبەر و بزووتنەوەی ژینا)............. عەلی بداغی ١٩٩
١٩- ڕوانینمان لە پەراوێزی بڵاوبوونەوەی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی................................. ٢٠٢
٢٠- ئازاری کوردبوون لە وڵاتێکدا بە ناوی ئێران.. هەیاس کاردۆ ٢٠٥

کۆمەڵێک وتارو لیدوانی نووسەران لە ماڵپەڕی "یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران:

٢١- بزوتنەوەی ژینا ئاراستەییێکی نوێی بە خەباتی مافخوازانەی ژنان بەخشی.................. شەهێن حوسێنی ٢١٠
٢٢- ژینا گیان تۆ نامری ناوت دەبێتە ڕەمز.. شەهلا یارحوسێنی ٢١٤
٢٣- لە مەرگی ژیناوە تا مەرگی هانا و ئاتووسا و نیلوفەر و لەتیفە؛ چی بەسەر «ژن، ژیان، ئازادی» هاتووە؟...........
.... لەیلا قادری ٢١٧
٢٢٤- شۆڕشی ژینا و گۆڕانی پرسی ژنان بۆ بزووتنەوەیەکی سەرتاسەری.......................... کوێستان عومەرزادە ٢٢٣
٢٥- ژینا؛ دەنگی گۆڕان و هیوا.. زهرا یوسفی ٢٢٦

٢٦- شۆڕشی «ژن، ژیان، ئازادی»؛ شیکارییەکی کۆمەڵناسی، دەروونناسی و مێژوویی........................ شاهۆ ٢٢٨
٢٧- لە پشکۆی پێنجەمین ساڵیادی شۆڕشی ژینا هەتا کرداری سیاسیی حیزبەکانی کوردستان... ڕۆژیار ڕۆژهەڵاتی ٢٣١
٢٨- خوێندنەوەیەک لەسەر بزووتنەوەی ژینا و دەرکەوتەکانی تا ئەمڕۆ........................ شایستە وتمانی ٢٣٥
٢٩- کاتێک پشتیوانی دەبێتە بژاردە ؛ چوار ساڵ دوای ژینا... سۆران فەتحی ٢٣٩
٣٠- سیپاسنامەی هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران سەبارەت بە سەرکەوتنی مانگرتنی ٢٥ی خەرمانان... ٢٤٦
٣١- پانۆرامای ڕووداوەکانی مانگی خەرمانانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان............. ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی ٢٤٨

وەک پێشەکی

مانگی خەرمانان و خەرمانی خەمان

نووسینی: عومەر باڵەکی

ئەو وتارە بۆ دوو ساڵەی یادی مووشەکبارانی قەڵای دێموکرات نوسراوە وبە هێندیک دەستکاری کورت بۆ رێزدانان لە هەموو شەهیدانی مانگی خەرمانان پێم باش بوو، جارێکی دیکە لێرە دایبنێمەوە.

لە ماوەی نزیک بە سەد ساڵی ڕابردوودا بە هۆی خەباتی بێوەچانی خەڵکی کوردستان بۆ وەدەست هێنانی مافە نەتەوایەتییەکانی هەموو ڕۆژ و مانگەکانی ئەو ساڵانە پڕن لە کارەساتی سامناک و دڵهەژێن و خوێناوی کە بەدەستی دوژمنانی خاک و خەڵکی کوردستان خوڵقێندراوەن. هێندێک لەو ڕووداوانە بە ڕادەیەک زاڵمانەو خوێناوی بوون کە لە بیروزینی خەڵکی کوردستاندا نەخشیان بەستوە، بە چەشنێک کە بەتێپەربوونی ساڵانی زۆریش لە یادەوەرییەکاندا هەر

سەرچاوە
Serchawe

زیندوون.

یەکێک لەو مانگانەی ساڵ کە هەڵگری کۆمەڵێک کارەسات و رووداوی ناخۆش و جەرگبڕە، مانگی خەرمانانە و ئەگەر بمانەوێ هەموو تاوانەکانی لانی کەم چل ساڵ دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی کە لەو مانگەدا دەرحەق بە گەلی کورد و خەباتگێرانی ئەو گەلە کردوونی کۆیان بکەینەوە خۆی لە سەدان لاپەڕە نووسین دەدا، بەڵام ڕەنگە لە نووسینێکی ئاوادا نەتوانرێ هەموو ئەو ڕوداوانە بێنە بەرباس، تەنیا بەهێنانەوەی سێ نموونە لە جینایەت و تاوانەکانی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ئەو چل ساڵە لە مانگی خەرماناندا دەتوانین وەک ئاوێنەی بالانوێن، شەڕئەنگێزیی کۆماری ئیسلامی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و قووڵایی هەستی دوژمنکارانەی دەسەڵاتدارانی ئەو نیزامە دەربخەین.

هەر لەسەرەتای بەدەسەڵات گەیشتنی نیزامی کۆماری ئیسلامی، دەسەڵاتدارانی ئەو نیزامە چ بە لێدوان و نووسین و چ بە کردە و کردەوە بەئاشکرا دژایەتیی خۆیان لەگەڵ مافەکانی خەڵکی کوردستان ڕاگەیاندوە و بەڕێوەیان بردوە. باشترین بەڵگەش بۆ سەڵماندنی ئەو بابەتە فیتوای ڕاگەیاندنی جیهاد بە دژی خەڵکی کوردستان لە لایەن ئایەتوڵڵا خومەینی لە ڕۆژی ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ی هەتاوی بوو. ئەوە سەرەتایەک بوو، بۆ بەشەرعی کردنی کوشتاری خەڵکی کوردستان، چونکە **هەر ١٥ ڕۆژ دوای دەرچوونی فتوای جیهادی خومەینی بەدژی خەڵکی کوردستان لە ١١ی خەرمانانی ١٣٥٨ی هەتاویدا هێزە دژی ئینسانییەکانی کۆماری ئیسلامی لە ئاوایی قاڕنێ جینایەتی شەڕیان خوڵقاند.** لە تاوانی گوندی قاڕنێ خەڵکی بێتاوان و بێدیفاعی ئەو ئاواییە بێ جیاوازیی تەمەن و ڕەگەز کەوتنە بەر شاڵاوی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی و نیزیک بە ٧٠ کەس بوونە قوربانیی سیاسەت و ڕەفتاری دوژمنکارانەی دەسەڵاتدارانی تازە بەدەسەڵات گەیشتووی کۆماری ئیسلامی.

یەکی دیکە لەو کارەساتانەی لە مانگی خەرماناندا تووشی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازیی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستان هات، ٢٦ی خەرمانانی ساڵی ١٣٧١ی هەتاوی بوو کە لە کردەوەیەکی تیرۆریستیدا دوکتور سادق شەرەفکەندی و هاوڕێیانی لە ڕێستورانتی میکۆنووس لە شاری بێرلین، پێتەختی دەوڵەتی ئاڵمان بە دەستی تیرۆریستانی کۆماری ئیسلامی تیرۆر کران.

واتا ١٣ ساڵ دوای تاوانی گوندی قاڕنی **پیاوکوژانی کۆماری ئیسلامی تاوانی میکۆنووسیان** ئەنجام دام بەڵام بەو جیاوازییە ئەگەر لە تاوان و جینایەتی گوندی قاڕنێدا غەیری خۆمان کەس بەدەنگمانەوە نەهات، لە تاوانەکەی مێکونووسدا بۆ دنیا ڕوون بۆوە کە کۆماری ئیسلامی چ ڕێژیمێکی جینایەتکارە و لە دادگای مێکۆنووسیشدا ئەرکانی نیزامی

کۆماری ئیسلامی بە جینایەتکار ناسران و لە ڕادەی هەرە سەرووی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا بە تاوانبار داندران.

٢٦ ساڵ دواتر، واتا ١٧ی خەرمانانی ساڵی ١٣٩٧ی هەتاوی دوژمنکاریی کۆماری ئیسلامی لەو پەڕی بێئەخلاقی سیاسیی و نێونەتەوەیی بۆ جارێکی دیکە دەرحەق بە تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان خۆی نواندەوە و بنکە و بارەگای ئەو حیزبە لە قوڵایی خاکی هەرێمی کوردستان کەوتە بەر ئاوری مووشەکە دوور هاوێژەکانی سپای پاسدارانی ئەو ڕێژیمە. لە ئاکامدا ١٦ کادر و پێشمەرگە و ئەندامی ڕێبەریی حیزبی دێموکرات شەهید و زیاتر لە ٧٠ کەس بریندار بوون، کە لە نێویاندا ژن و منداڵیش دەبیندران.

ئەگەر هەر ئەو سێ نموونەیە کە ناومان بردن و تەنیا لەمانگی خەرمانان بەڵام لە مەودای زەمەنیی جیاوازدا ڕوویان داوە بکەین بە پێوانەی هەڵسەنگاندنی خەباتی مافخوازانەی گەلی کورد لە لایەک و زەبروزەنگی بێ بەزەییانەی کۆماری ئیسلامی لە لایەکی دیکە؛ لە ئاکامدا دەگەین بە دوو هەڵویستی دژ بە یەک. هەڵویستی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ماوەی زیاتر لە چل ساڵە ڕوون و ئاشکرایە، ئەوان دوژمنایەتیی گەلی کورد دەکەن و بە پاساوی بێ بنەما لە هەموو کەرەسەیەکی سەرکوت و کوشتار بۆ بەچوک داهێنانی شۆڕشگێرانی ئەو گەلە کەلک وەردەگرن و لە هیچ جینایەتێک دەرحەق بە گەلی کورد دەست نەپارێزن. هەڵویستی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش سەرەڕای ئەو هەموو زەبروزەنگ و کوشتار و ئیعدام و کاولکاریی ژیان و سروشتی کوردستان بە دەستی سپای دڕەوقی کۆماری ئیسلامی ڕوون و ئاشکرایە، کە هەر لە سەر داوا ڕەواکەی سوورە و ڕۆژ بە ڕۆژ بە کردار دەبینین کە هەست و شعووری نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە گەشە کردندایە و ئەو سەڵمێندراوە کە بە کوشتن و ئیعدام و زیندان، گەلی کورد و خەباتکارانی ئەو گەلە مەیدانی خەبات بۆ دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی چۆڵ ناکەن.

کاتێک دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی فیتوای جیهادیان بە دژی خەڵکی کوردستان ڕاگەیاند، مەبەستیان ئەوە بوو بە هاندانی خەڵکی نەزان و نەفامی خۆیان بە ناوی دینەوە کوشتاری خەڵکی کوردستان حەڵاڵ بکەن و بە خوڵقاندنی جینایەت و تاوانی گوندی قارنێ و دەیان شوێنیتر؛ خەڵک و هێزە سیاسییەکانی کوردستان بەتایبەتی حیزبی دیموکرات چاوترسین و لە مەیدان بەدەریان بکەن. ڕێژیم ئەو سیاسەتەی لە ماوەی چل ساڵی ڕابردوودا و بە شێوازی جۆراوجۆر درێژە پێی داوە؛ وەک کوشتاری بەکۆمەڵ لە شار و گوندەکانی کوردستان، تیرۆری ڕێبەران و تێکۆشەران لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران بێ لەبەرچاوگرتنی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان و تەنانەت بە هێزی پیادە و فڕۆکەی شەڕکەر و بۆمبهاوێژ و مووشەکی بالستیک بۆ سەرکوتی تێکۆشەرانی ڕێی ئازادی سنوورە نێو دەوڵەتییەکانی بەزاندوە. بەڵام هێزی لەبڕاننەهاتووی حیزبی دێموکرات کە سەرچاوەکەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە هەروا لە مەیدانی خەباتدا قورس و قایم ماوەتەوە.

کۆمەڵێک وتارو لێدوان

چوارساڵ لەمەوبەریش لە ١٧ی خەرماندا سپای پاسداران بە نیازی پاکتاو کردنی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە حەوت مووشەکی بالستیک قەڵای دیموکراتی کردە ئامانج. لەگەڵ ئەوەی ئەو هێرشە نابەرابەر و دوور لە هەموو پرەنسیپی سیاسی و تەنانەت نیزامی بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان خەساری گەورەی لێ کەوتەوە، بەڵام دیتمان دوای چوار ڕۆژ خەڵکی کوردستان بەو مانگرتنە سەرانسەرییەی وەڕێیان خست؛ بوونە وزە و توانا بۆ شۆڕشگیرانی دێموکرات و لە هەمان کاتدا دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامییان تووشی سەرسووڕمان کرد کە پێگەی حیزبی دێموکرات لەنێو کۆمەڵگەی کوردستان نەک لە کەمی نەداوە، بەڵکوو پێگەی زۆر لە ساڵی پێشووتر بەهێزتر بووە و ئەو نیشاندەری ئەو ڕاستییە کە جووڵانەوەی نەتەوایەتی کە حیزبی دێموکرات ڕێبەریی کردوە و دەیکا؛ هەڵقوڵاو لە ویست و ئیرادەی خەڵکی کوردستانە.

ئاکامگیرییەکی کورت لەو باسە دەکرێ ئەوە بێ ئەگەر مانگی خەرمانان بۆ خەباتگێرانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان خەرمانی خەم بووە، لە هەمان کاتدا لە ماوەی چل ساڵی ڕابردوودا خەرمانان مانگی سەلماندنی خۆڕاگری و بەربەرەکانی خەباتگێرانی گەلی کوردە بەدژی ڕێژیمی سەرەڕۆی کۆماری ئیسلامی بووە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢

سەرچاوە
Serchawe

تاڵیادی تیرۆری دوکتۆر سادق

کۆمەڵێک وتارو لێدوان: بەبۆنەی ٣٤ەمین ساڵڕۆژی تێرۆری دوکتۆر سادق شەرەفکەندی و هاوڕێیانی

کۆستێکی دیکە



هێشتا برینی سەر دڵی رۆڵەکانی گەلی کورد بە شەهید بوونی ڕێبەری پایەبەرزی دوکتور قاسملوو ساڕێژ نەببۆوە، کە خەڵکی کوردستان ئەژنۆی غەمێکی تازەیان لە باوەش گرت. هاوینی ساڵی ١٣٧١(١٩٩٢) دوکتور سادق شەرەفکەندی سکرتێری گشتیی حیزب بۆ بەسەر کردنەوەی کار و باری حیزب لە دەرەوەی وڵات و پێوەندی گرتن لە گەڵ کۆڕ و کۆمەڵە سیاسی یەکانی ئورووپا و هەروەها دیتنی نوێنەران و ڕێبەرانی ڕێکخراوە سیاسی یە ئێرانی یەکان سەفەری ئورووپای کرد.

لە درێژە مانەوەی لە ئۆرووپا دا بۆ بەشداری لە کۆنگرەی ئەنتەرناسیۆنالی سۆسیالیست دا بانگهێشتن کرا و لە رۆژەکانی ١٥ تا ١٧ی سیپتامبری ١٩٩٢ (٢٤ تا ٢٦ی خەرمانانی ١٣٧١) بە سەرپەرستیی هەیئەتیک کە جگە لە خۆی لە هاورێ کاک فەتاح عەبدولی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و نوێنەری حیزب لە ئەرووپا، هاورێ هومایوون ئەردەڵان نوێنەری حیزب لە ئاڵمان و دۆستێکی لە مێژینەی حیزب بە ناوی نوری دهکردی پێک هاتبوو،

لە نۆزدەهەمین کۆنگرەی ئەنتەرناسیونالی سۆسیالیست لە شاری بێرلینی ئاڵمان دا بەشدار بوو.

دەڵێن مێژوو دووپات دەبێتەوە. بەڕاستی ئەمە لە بارەی حیزبی دێموکراتەوە راست دەرچووە. دوکتور قاسملوو پاش بەشدار بوون لە کۆنگرەی هەژدەهەمی ئەنتەرناسیۆنال دا ئێوارەیەکی پێنج شەممە کەوتە بەر دەسرێژی پیاوکوژەکانی کۆماری ئیسلامی و رۆژی هەینی خەبەری شەهید بوونەکەی بە هاوبیر و هاوسەنگەرکانی گەیشت. لە بارەی دوکتور سەعیدیشەوە هەر وابوو. ئەویش دوای تەواو بوونی کۆنگرەی ئەنتەرناسیۆنال و راست لە ئێوارەی دوای تەواو بوونی کۆنگرەش دا کە بەریکەوت ئەو رۆژەش هەر پێنج شەممە بوو، کەوتە بەر دەسرێژی تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی و شەهید کرا و رۆژی دواتر کە رۆژی هەینی و پشوودان بوو هەواڵی دڵتەزێنی شەهید بوونی گەیشتە هاورێ و هاوسەنگەرەکانی.

جیاوازیی ئەو دوو رووداوە لەوە دا بوو کە جاری یەکەم تێرۆریستەکانی لە لیباسی دیپلۆمات دا بە ناوی وتوویژی ئاشتیخوازانەوە دوکتور قاسملوویان خستە داو و جاری دووهەم دوکتور شەرەفکەندی لە رێگای کۆبوونەوەیەکەوە تەڵەی مەرگی بۆ دانرا کە بە رواڵەت بۆ وتوویژ لە بارەی رێگاکانی لابردنی کۆماری ئیسلامی یەوە پێک هاتبوو. داستانەکە بەو جۆرە بوو لە رۆژێک پێش تەواو بوونی کۆنگرەی ئەنتەرناسیۆنالی سۆسیالیستەوە قەرار و مەدار دادەنرێ کە ئێوارەی رۆژی پێنج شەممە ١٧ی سیپامبر لە ریستوورانێکی بێرلین بە ناوی میکۆنووس کە گۆیا پێشتر ریستوورانێکی یۆنانی بووە و دوایە بۆتە هی عەزیز غەفاری یەکێک لە ئەندامانی کۆنی سازمانی چریکە فیدایی یەکانی گەلی ئێران و لە راستی دا بۆتە مەکۆی ئێرانی یەکان، کۆبوونەوەیەک بەبەشداریی دوکتور شەرەفکەندی و هاورێ یانی و نوێنەرانێک لە سازمانی فیدایی یانی گەلی ئێران و جمهووریخوانی میللی ئێران و حیزبی دێموکراتیکی خەڵکی ئێران و هێندێک شەخسییەتی ناسراوی ئۆپۆزیسیۆن پێک بێ. ئەو کۆبوونەوەیە بە مەبەستە رێک دەخرێ کە لەسەر هاوکاری و لێک نیزیک بوونەوەی دەستە و تاقمەکانی ئۆپۆزیسیۆن و رێکاکانی خەبات بۆ لابردنی رێژیمی کۆماری ئیسلامی باس و وتوویژ بکا و بەردی بناخەی هاوکاری یەکی نیزیکتر و خەباتێکی هاوبەش لە نێو حیزب و رێکخراوە ئازادیخوازەکانی ئێران دا دابنێ. بە هەر هۆیەک و لە هەر رێگایەکەوە بوو. کات و شوێنی ئەو کۆبوونەوەیە بۆ دەزگای تێرۆر و ئینسانکوژیی کۆماری ئیسلامی لە ئورووپا کە وا دیارە ناوەندەکەی لە بۆن پێتەختی ئاڵمانە، مەعلووم دەبێ و ئەو دەزگایە کە لە مێژەوە بۆ لە داو خستن و لە نێو بردنی دوکتور شەرەفکەندی لە هەوڵ دا بووە، نەخشەی تێرۆری ئەو و هاورێکانی دەکێشێ.

بەهەر حاڵ، رۆژی دیاریکراو دوکتور شەرەفکەندی و هاوڕێیانی دەچنە شوێنی چاوپێکەوتنەکە و بەشێک لە لایەنەکانی دیکەش نوێنەریان دەچێ. هێندێک لەوانەش کە پێشتر قەرار بووە بچن. لەبەر نەخۆشی یان لەبەر ئەوە کە باش لە کاتی چاوپێکەتنەکە حاڵی نەبوون، بەشداری کۆبوونەوەکە نابن. دانیشتن و قسە کردن تا سەعاتی ١١ی شەو دەکێشێ و لەو کاتە دا دوو کەس لێیان وە ژوور دەکەون و پاش یەک دوو قسەی ناشیرین دوکتور سەعید و هاوڕێ یەکانی دەدەنە بەر دەسرێژ. دوکتور و کاک فەتاح و کاک هومایوون هەر لەوێ شەهید دەبن و کاک نوری دهکردییش لە رێگای نەخۆشخانە دا تەوا دەبی، خاوەنی ریستووران عەزیز غەفارییش کە وا دیارە بە غەڵەت بەر دەکەوێ، بە بریندار دەنێردرێتە نەخۆشخانە کە پاش ماوەیەک لە نەخۆشخانە دەردەچێ و برینەکانی سارێژ دەبنەوە.

ئەوە کە چەند کەس لە ئەندامانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لە کۆبوونەوە یەکی هاوبەش دا دەکەونە بەرپەلاماریکی تێرۆریستی بەڵام لە نوێنەرانی حیزبی دێموکراتی کاردستانی ئێران بەو لاوە کەس زیانێکی پێ ناگا، ئەو کاتیش هێندێ پرسیاری هێنایە پێش و ئێستاش ناتوانی جێی پرسیار نەبێ. ئەو کات کە بۆ بەشداری لە رێورەسمی بەخاک سپاردنی شەهیدەکان دا چووبوومە پاریس لە کۆنفرانسێکی چاپەمەنی دا پرسیارم لێ کرا، کە بڵێی ئەوانەی لە گەڵ دوکتور شەرەفکەندی و هاوڕێ یەکانی دانیشتوون، ئاگایان لە پیلانەکە نەبوونێ، جوابی من ئەوە بوو کە ناتوانم بەرەسمی تۆمەتی ئاگادار بوون لەو پیلانە بدەمە پاڵ هیچ کامێکیان. بەڵام راستی یەکەی ئەوەیە کە ئەم پرسیارە بەجێ یە. تائێستاش کە ئەم دێرانە دەنووسرێن، ئەگەر چی دادگا لە بارەی یەکێک لە بەشدارانی کۆبوونەوەکەوە هێندێ پرسیاری بۆ هاتۆتە پێش، بەڵام بەرەسمی نە حیزبی دێموکرات و نە کەس و کاری قوربانی یەکان و نە دادگا هیچ کام لە هاوەجلیسەکانی دوکتور شەرەفکەندی یان بە ئاگادار بوون لە نەخشەی تێرۆرەکە و دەست تێدا بوونی تاوانبار نەکردوە. بەو حاڵەش کەمتر شت کە لەو پێوەندی یە دا دەکرێ بگوترێ ئەوەیە کە ئەو کەسانەی بەشداری کۆبوونەوەوەکە بوون و نەکوژراون، بۆ رێژیمی ئیسلامی و پیاوکوژەکانی ناسراون، بەڵام ئەوەندە مەترسی یان بۆ رێژیم نەبووە کە بە پێویست بزانی تێرۆریان بکا.

خەبەری تێرۆی دوکتور شەرەرفکەندی و هاوڕێیانی بۆ هەموو کوردێکی دڵسۆز دڵتەزێن و خەفەت هێن بوو. بەڵام بۆ تێکۆشەرانی دێموکرات جەرگبڕتر بوو. راستە کە نەخشی دوکتور قاسملوو لە بزووتنەوەی کورد و لە نێو حیزبی دێموکراتی کوردستان دا زۆر لە نەخشی دوکتور سەعید گەورەتر بوو، و لەو بارەیەوە شەهید بوونی دوکتور قاسملوو کەلێنێکی گەورەتری خستە ریزەکانی حیزبەوە. بەڵام لە بارێکی دیکەوە تێرۆری دوکتور شەرەفکەندی برینی بەژانتر بوو. چونکە لە ماوەی سێ ساڵ دا ئەوە دووهەم برینی وا بەژان بوو کە دەکەوتە لەشی حیزبی دێموکرات و لەوەش تاڵتر ئەوە بوو کە بۆ دووهەم جار لە رێگای تێرۆرەوە و لە راستییش دا لەبەر بێ موبالاتی، شەخسی یەکەمی حیزب وا بە سووک و هاسانی دەکەونە داوی پیاوکوژانی کۆماری ئیسلامی و شەهید دەبوو. رەنگە دەیان و بگرە سەدان کەس ئەو پرسیارەیان لە ئەندامانی حیزبی دێموکرات کردبێ، کە بۆچی ئەزموونتان لە تێرۆری دوکتور قاسملوو وەرنەگرت! بەڵام کەسمان

جوابێکی نەبوو بیداتەوە، بەراستی هەمووومان بۆ ئەوە دەبووین لەو بارەوە سەرکۆنەی خۆمان بکەین.

بێجگە لەو بێ باکی یە کە لە پاراستنی گیانی دوکتور سەعید و هاوڕییانی دا کرابوو هێندی عەیبی دیکەش لە کارەکە دا هەبوون. لە جێ چاوپێکەوتنی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، مەگەر لە دەفتەری کاری خۆی، ئەگینا دروست نەبوو لە گەڵ کەسانێک لەو پلە تەشکیلاتی یە دابێ کە ئەو شەوە هاومەجلیسی دوکتور شەرەفکەندی بوون. پاشان وەختێک ریستوورانێک بە مەکۆی ئێرانی یەکان ناسراوە، ئاشکرایە کە هەمیشە لە ژێر چاوەدێریی پیاوکوژانی کۆماری ئیسلامی دایە و بۆ هیچ تێکۆشەرێکی ئۆپۆزیسیۆن بە تایبەتی تێکۆشەرانی دێموکرات نەهاتوە رووی تێ کەن. لەمانەش بگەڕێنەوە گۆیا ئەو ریستوورانە ریستوورانێکی دەرەجە سێ و چوارە کە هەر جوان نیە سکرتێری حیزبێکی گەورە و گران لە وڵاتێکی ئورووپایی چاوپێکەوتنەکانی لە جێگایەکی وا دابنێ. لەوانەش سەیرتر ئەوە بوو کە دوو رۆژ پێشتر بە تەلەفون کاری باسی ئەو کۆبوونەوەیە کراوە و ئیمکانی ئاشکرا بوونی یەکجار زۆر بووە، بەڵام بیری لێ نەکراوەتەوە.

دەکرا لە پۆلیسی ئاڵمان داوای پارێزگای بکرێ و مسۆگەر قبووڵیش دەکرا، چونکە دوکتور سەعید جگە لەوە کە سکرتێری حیزبی دێموکرات بوو، میوانی کۆنگرەی ئەنتەرناسیۆنالیش بوو. بەڵام ئەگەر ئەوەش نەکرابا و تەنیا دوو کەسی بێ چەکی خۆمان لەو دەورروبەرە دانرابایەن، ئیمکانی سەرکەوتنی تێرۆریستەکان ٨٠٪ دەهاتە خوار. ئەمانە بۆیە پێویستە بگوترێن کە لەمەولا دەرسیان لێ وەربگیرێ و جارێکی دیکەش تووشی ئەو خەسارە یان باشتر بڵێین ئەو جۆرە بە فریو چوون و لە داو کەوتنە نەبینەوە.

لە گەڵ هەموو تاڵی و ناخۆشیی رووداوەکە دا مەرگی دوکتور شەرەفکەندی و هاوڕێیانی جارێکی دیکە هاودەردیی کۆڕ و کۆمەڵە جۆراوجۆرەکانی کورد و ئێرانی و بێگانەی بۆ لای حیزب راکێشا. ئەگەرچی لە مەرگی دوکتور قاسملووش دا خەڵکی کوردستانی عێراق هاودەردی یەکی زۆریان لە گەڵ کوردی ئێران و حیزبی دێموکرات کرد، بەڵام ئەمجارەیان بە هۆی گۆڕانی هەل و مەرجەکەوە شتێکی دیکە بوو. لە سێ شاری مەرکەزی ئوستان لە کوردستانی عێراق سلێمانی و هەولێر و دهۆک و لە زۆری شاری چووکتری مەرکەزی فەرمانداری، بۆ نموونە قەڵادزی، رانیە، کۆیە، دیانانم، پێنجوین و... مەجلیسی سەرەخۆشی دانرا و خۆپیشاندان بە دژی رێژیمی تێرۆریست پەروەری کۆماری ئیسلامی وەڕێ خرا. بنکەکانی حیزب بە هەزاران کوردی دڵ بریندار و دلسۆزیان وەرگرت کە بۆ پیشاندانی هاودەردی و کەم کردنەوە لە خەم و پەژارەی تێکۆشەرانی دێموکرات روویان تێ دەکردن بەسەدان نامە و پەیانی سەرخۆشی بە دەفتەری سیاسی و بنکەکانی حیزب گەیشتن و چەندین پارچە پەخشان و شێعری جوان و هەست بزوێن لە لایەن ئەدیبانی کوردەوە نووسران و بۆ حیزبی دێموکرات بەرێ کران.

رێورەسمی ناشتی دوکتور شەرەفکەندی و هاوڕێ یانیشی هەروەک هی دوکتور قاسملوو و هاوڕییانی بەشکۆ بوو. وەک دەزانین

ئەوانیش هەر لە پاریس و لە کۆڕستانی پێرلاشێز بە خاک سپێردران. لەو بارەیەشەوە هاودەردیی هێز و شەخسییەتە سیاسی یە کورد و ئێرانی و ئورووپایی یەکان بە هەق جێگای شانازی و شیاوی گەورەیی کارەساتەکە بوو. بەهەزاران کەس لە بنکەی ئەنیستیتۆی کورد لە پاریس دوا ماڵئاوایی یان لە شەهید دوکتور شەرەفکەندی کرد و لە ڕێ پێوانێک دا کە بەو بۆنەیەوە ڕێک خرا بەشدار بوون و لە گۆڕستانی پێرلاشێز گوڵیان لە سەر گڵکۆی پیرۆزی شەهیدەکان دانا. لە گەڵ کەمیی وەختەکەش زۆر پەیام لە سەر گڵکۆی شەهیدەکان خوێندرانەوە.

بۆ نموونە پەیامی مادام میتران سەرۆکی بنیاتی فرانس لیبرتی، دوکتور بێرنارد کوشنێر وەزیری کاروباری ئینسانیی فەرانسە، دوکتور بیرنارد گرانژۆن سەرۆکی ڕێکخراوی پزیشکانی جیهان، خانمی کلۆدیا ڕۆت ئەندامی پارلمانی ئورووپا لە حیزبی سەوزەکانی ئاڵمان و تێکۆشەری ناسراوی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران ئاغای مهدی خانبابا تهرانی و دیارە پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبیش کە لە لایەن نووسەری ئەم دێرانەوە خوێندرایەوە و ئەوەش دەقەکەیەتی:

پەیامی دەفتەری سیاسیی

دۆستانی بەرێز!
شەخسییەتە ئازادیخواز و ئینساندۆستەکان!
نوێنەرانی حیزب و ڕێکخراو و کۆڕ و کۆمەڵە سیاسی یە ئێرانی و کوردستانی و ئورووپایی!

ئەمجاریش لە پێرلاشێز پێک گەیشتینەوە بۆ ئەوەی تەرمی پیرۆزی دەستەیەکی دیکە لە قوربانیانی دەستی تێرۆریزمی دەوڵەتی بە خاک بسپێرین شەهیدانی ئەمجارەمان دوکتور سادق شەرەفکەندی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کاک فەتاح عەبدولی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و نوێنەری حیزب لە ئورووپا و کاک همایوون ئەردەڵان بەرپرسی کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ئاڵمانن کە ڕۆژی پێنج شەممۆ ١٧ی سیپتامبر لە بێرلین کەوتنە بەر دەسرێژی تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی و گیانی خۆیان لە دەست دا. لە گەڵ ئەو خۆشەویستانە دا تێکۆشەرێکی دیکەی ئێرانی و دۆستێکی لە مێژینەی حیزبی دێموکرات بە ناوی نوری دهکردی شەهید بوو لە ڕۆژی هەینی رابردوو لە بێرلین بە خاک سپێردرا.

دوکتور سادق شەرفکەندی پاش تێرۆری دوکتور قاسملوو ساڵی ١٩٨٩ دا ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی بە دەستەوە گرت. لە کاتێک دا هێندێک کەس لە دەرەوی حیزبی دێموکرات دا پێیان وا بوو بە شەهید بوونی دوکتور قاسملوو فاتیحەی حیزبی دێموکراتیش خوێندراوە، دوکتور شەرەفکەندی بە زانایی و لێوەشاوەیی و پشتکار و مودیرییەتی

تایبەت بە خۆی بە جۆرێک رۆڵی رێبەرایەتیی حیزبی گرتە دەست کە نە دۆست و نە دوژمن نەمانی قاسملووی مەزن بە حیزبی دێموکراتەوە نەبینن، بەراستی جێ نشینێکی شایستە بۆ دوکتور قاسملوو و رێبەرێکی لێوەشاوە بۆ قۆناغی پڕ کارەساتی ئەمرۆی خەباتی رزگاریخوازانەی گەلی کورد بوو.

دوکتور "شەرەفکەندی"یش هەروەک دوکتور قاسملوو بە باشی هەستی بە پێویستیی پێوەندیی خەباتی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران لە گەڵ خەباتی رزگارێخوازانەی سەرانسەری ئێران کرد بوو.

بۆیە لە پێناو نزیک بوونەوەی زیاتر لە رێکخراوە تێکۆشەرەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی دا هەوڵ و تەقەلایەکی بێ وچانی دەست پێ کردبوو. بەداخەوە هەر لە درێژەی ئەو هەوڵ و تەقەلایەش دا بوو کە دوژمنانی یەکیەتیی بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی خەڵکی ئێران دەرفەتیان لێ دی و لە نێوایان برد. "شەرەفکەندی" هەر لەو کاتە دا، باوەڕێکی پتەوی بە هاوپێوەندیی خەڵکی کوردستانی ئێران لە گەڵ کوردی بەشەکانی دیکەی کوردستان دا هەبوو لەو بارەیەشەوە دوکتور "شەرەفکەندی" نەخشی خۆی وەک رێبەرێکی لێوەشاوەی کورد بە باشترین شێوە بەرێوە دەبرد. "شەرەفکەندی" زۆر باش توانیبووی ئەو ناتەباییی یەی هێندێک کەس لە نێوان کورد بوون و ئێرانی بوون دا هەستی پێ دەکەن، چارەسەر بکا. ئەو باش دەیزانی نەک هەر ئەم دووانە پێکەوە ناتەبا نین، بەڵکوو لە جێ دا قازانجی مەشرووعی گەلان لە هیچ جێگایەکی دنیا ناتەبایی لە گەڵ یەکتر پەیدا ناکات.

رێبەری لە دەست چوومان زۆر باش ئەو راستی یە تێ گەیشتبوو کە لە دنیای ئەمرۆ دا راکێشانی پشتیوانی و هاودەردیی بیرورای گشتیی جیهانی و کۆڕو کۆمەڵە نێونەتەوەیی یەکان بۆ لای خەباتی خەڵکی کوردستان یەکێک لە مەرجە هەرە گرنگەکانی سەرکەوتنی ئەو خەباتەیە. بۆ راکێشانی ئەو پشتیوانی و هاودەردی یە بوو کە لە مانگی ژووئەنی ئەو ساڵ دا میوانی کۆنگرەی بین "الملل سوسیالیست" لە بێرلین بوو کە بە داخەوە تەنیا چەند سەعات دوای تەواو بوونی ئەو کۆنگرەیە دەستی تاوان کۆتایی بە تەمەنی ئەو گەورە پیاوەی مێژووی کورد هێنا.

ئەو تایبەتمەندی یانەی دوکتور"سەرەفکەندی" ببوونە هۆی ئەوە کە رێژیمی ئازادی کوژی کۆماری ئیسلامی رقی لی هەڵ کرێ و هەنگاو بە هەنگاو بە دوایەوە بێ تا لە جێگایەک دەرفەتی لێ ببێنێ و رقی کۆنەپەرستانەی خۆی پێ برێژێ. هەر ئەو تایبەتمەندی یانەش، ئێوە دۆستانی خۆشەویست و لایەنگرانی ئازادی و دادپەروەریی لە سەر گلگۆی پیرۆزی دوکتور شەرەفکەندی" کۆ کردۆتەوە.

دۆستانی خۆشەویست! هەقیقەتێکی زۆر تاڵە کە لە ماوەی تەنیا سێ ساڵ و سێ مانگ دا تێرۆریزمی کۆماری ئیسلامی دوو

ڕێبەری بەوەج و هەڵکەوتووی لە باوەشی گەلی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران رفاندوە. بۆ ئەوەی بزووتنەوەی کورد لە ئێران دا بە چۆک دابێنێ و سەر بە خەڵکی کوردستانی ئێران نەوی کات. تا ئەو جێگاییە کە مەسەلەکە پێوەندیی بە حیزبی دێموکرات و گەلی کوردەوە هەیە، ئێوە و هەموو ئۆگرانی ئازادی و دادپەروەری لە جیهان دا دڵنیا دەکەین کە ئاڵای دەستی ڕێبەرانی شەهیدیمان ناکەوێتە زەوی و قوتابی یەکانی قاسملوو و شەرەفکەندی بە ئیرادەیەکی پتەوتر لە جارانەوە ڕێگاکەیان درێژە پێ دەدەن.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە هەموو ئازادیخوازان و بەشەر دۆستانی دیناش ریزە چاوەروانی یەکی هەیە. لە پێش هەموو شتێک دا ئەوە کە ڕێگا نەدرێ تاوانی رۆژی ١٧ی سیپتامبری ١٩٩٢ بێرلینیش هەروەک جینایەتی ١٣ی ژووئیەی ١٩٨٩ی وییەن بێ سزا بڕوات تێرۆری دوکتور شەرەفکەندی" تەنیا دەست درێژی بۆ سەر گیانی ئەو ڕێبەرە و هاوڕێ شەهیدەکانی نەبوو، بەڵکوو دەست درێژی بۆ سەر خەباتی رزگاریخوازانەی سەرانسەری ئێران، بۆ سەر خەباتی هەقخوازانەی هەموو خەڵکی کوردستان، بۆ سەر ناو و ناوبانگی ئەنتەرناسیونال سۆسیالیست، بۆ سەر حورمەتی خاکی ئاڵمان و بۆ سەر هەموو مەوازینی ئینسانی و هەموو رێ و شوێنێکی پەسند کراوی نێونەتەوەیی بوو. دەبا بە هەموومان هەوڵ بدەین تاوانباران سزای واقیعیی خۆیان وەربگرن و جارێک بۆ هەمیشە کۆتایی بە جینایەتە دژی ئینسانی یەکانی کۆماری ئیسلامی بهێنرێ.

لەوەش گرنگتر ئەوەیە کە کۆڕ و کۆمەڵە جیهانی یەکان ئەوانە کە دەتوانن تەئسیر لەسەر رەوتی رووداوەکان دابنێن و ئەوانە کە ئەگەر بیانەوێ دەتوانن نەزمیکی نوێ لە جیهان دا دامەزرێنن، یارمەتیی گەلی کورد بدەن بۆ ئەوەی بە یەکجاری لەو مەینەتی و رۆژڕەشی یە رزگاری بێ. یارمەتیی گەلانی ئێران بدەن بۆ ئەوەی بتوانن زنجیری خەفەقان و زەبر و زەنگ لە دەست و پێی خۆیان بپسێنن تا کەنگێ ئێران ببێتە کوشتارگای ئینسانە ئازادیخواز و ڕووناکبیر و پێشکەوتووەکان؟ هەتا کەنگێ " مصونیت دیپلوماتیک" وەک وەسیلەیەک بۆ تێرۆر و ئینسانکوژی کەڵکی لێ وەرگیرێ؟ تاکەنگێ وڵاتانی ئورووپایی مەیدانی رمبازیی تێرۆیستەکانی حکوومەتی ئاخوندی بن و کەسیش بە خۆیان و بە حکوومەتەکەیان نەڵێ پشتی چاوتان برۆیە؟ سەرەنجام تا کەنگێ گەلی کورد لەبەر چاوی بیرورای گشتیی جیهانی و مرۆڤایەتیی پێشکەوتوو بە تاوانی داوای سەرەتایی ترین مافەکانی قەلاچۆ بکرێ؟ لە ئێوە ئینسانە شەریف و ئینساندۆستەکان دەپرسم زوڵم لەوە گەورەتر کە ئەوانەی لە پێناوی گەل و نیشتمانی خۆیان دا گیان بەخت دەکەن لە سەرتاسەری ئەو خاکەی لە پێناو دا مردوون دوو گەز خاکیان بەر نەکەوێ کە بە حورمەتەوە تێی دا بنێژرێن و گڵکۆکەیان ببێتە زیارەتگای ئەویندارانی ئامانجەکانیان و ڕێبوارانی، بۆچی ئەوانە دەبێ ناچار بن هەزاران کیلۆمیتر دوور لە خاکی نیشتمان چەند گەز خاک بە ئەمانەت وەرگرن تا تێی دا بحەسێنەوە و تێی دا بحاوێنەوە.

کۆمەڵێک وتارو لێدوان

ڕەنگە دۆزینەوەی یەک یەکی ئەو تێرۆریستانە کە دەست ڕێژی یان کردۆتە سەر گیانی ڕێبەرانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران کارێکی گران بێ. بەڵام بەراستی دۆزینەوەی ئەو دەستە کە لە پشتی هەموو ئەو کردەوە تێرۆریستی یانەیە، کارێکی ئاسانە. دەبا ئەو دەستە لە بن دا ببڕین و مرۆڤایەتی لە شەری تێرۆریزم ڕزگار بکەین.

لە کۆتایی دا لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە پڕ بە دڵ سپاسی هەموو ئێوە بەڕێزان دەکەم کە زەحمەتتان کێشاوە و لە ڕێورەسمی بە خاک سپاردنی شەهیدەکانمان دا بەشدار بوون، هەر لەو کاتە دا سپاسی هەموو ئەو کەسانە دەکەم کە بە نامە یان تەلەفون یان تەلگراف یان بە هەر شێوەیەک هاودەردیی خۆیان لە گەڵ حیزبی ئێمە و گەلی کورد لە کوردستانی ئێران دا دەربڕیوە.هەروەها سپاسی گەرمی خۆم پێشکەش بە دەوڵەت و میللەتی فەرانسە دەکەم کە لەو مەسیبەتە دا بە گەرمی هاودەردی و هاوکاری یان لە گەڵ ئێمە کرد.

هەزاران سڵاو بۆ گیانی نەمری شەهیدانی تازەمان دوکتور سادق شەرەفکەندی، کاک فەتاح عەبدولی، کاک همایوون ئەردەڵان و کاک نوری دهکردی!

نەمان و سەرشۆڕی بۆ تێرۆریستەکان و تێرۆریست پەروەرەکان!

لێرە دا ناکرێ بە ئەمەگناسینەوە باس لە ڕەفتار و کردەوەی پۆلیس و دەزگای قەزایی ئاڵمان نەکرێ. بە پێچەوانەی ڕووداوی ئۆتریش کە لەوی دا تێرۆریستەکان بە جل و بەرگی خوێناوی یەوە لەبەر دەستی پۆلیس دا بوون، کە چی لە پێش چاوی هەموو بیروڕای گشتیی جیهان بۆ پاراستنی قازانجی بازرگانی لە لایەن ئوتریشەوە ئازاد کران. لێرە تێرۆریستەکان هیچیان بەر دەست نەکەوتن و بە ڕواڵەت شوێنەواریکیشیان لە دوای خۆیان بە جێ نەهێشت. بەڵام پۆلیسی ئاڵمان بەرپرسانە و شیلگیرانە شوێنی تێرۆریستەکانی هەڵ گرت و پاش تەقەلایەکی زۆر دەکرێ بڵێین تەواوی ئەڵقەکانی ئەو پیلانە تێرۆریستی یە دۆزیەوە، پۆلیس زۆر کەسی گرت و لە زۆر کەس پرسیار کرد، تا سەرئەنجام ئێرانی یەک و چوار لوبنانیی بە تاوانبار ناسین و دانی بە دادگا. لەوەش گرنگتر ئەوە بوو کە دەزگای قەزایی ئاڵمان نەی شاردەوە کە پیلانی تێرۆری دوکتور شەرەفکەندی و هاوڕێیانی لە لایەن بەرزترین کار بەدەستانی ئەمنییەتیی کۆماری ئیسلامی یەوە نەخشەی بۆ کێشراوە و جێ بە جێ کراوە.

سەرچاوە: نیو سەدە تێکۆشان، لاپەرەی ٢٣٣ تا ٢٤٦، نووسینی مامۆستا عەبدوڵلا حەسەن زادە

ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

خەرمانانی ٢٧٢٤ی کوردی - سێپتەمبەری ٢٠٢٤ی زایینی

سەرچاوە
Serchawe

ڕاگەیەندراوی دەستەی کارگێڕیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بەبۆنەی ٣٤ەمین ساڵڕۆژی تیرۆری دوکتۆر سادق شەرەفکەندی و هاوڕێیانی



٢٦ی خەرمانانی ئەمساڵ (١٤٠٥)ی هەتاوی ٣٤ ساڵ بە سەر تیرۆری ١٧ی سێپتامبری ساڵی ١٩٩٢ زایینی (٢٦ی خەرمانانی ساڵی ١٣٧١ی هەتاوی)دا تێدەپەڕێت. ڕۆژێک کە دوکتۆر سادق شەرەفکەندی، سکرتێری گشتیی ئەوکاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هاوڕێیانی، کاک فەتاح عەبدولی، نوێنەری حیزب لە دەرەوەی وڵات، کاک هومایون ئەردەڵان نوێنەری حیزب لە ئاڵمان و کاک نووری دێهکوردی کەسایەتیی دیار و چالاکی سیاسیی ئۆپۆزیسیۆن لە شاری بێرلینی ئاڵمان لە ڕێستۆرانی میکۆنۆس بە دەستی تێرۆریستانی کۆماری ئیسلامیی ئێران شەهید کران.

تێرۆری دوکتۆر سادق شەرەفکەندی وەک زامێکی گەورە لەسەر جەستەی بزووتنەوەی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کەوتە سەر برینی سارێژنەبووەی سەرچاوەگرتوو لە تێرۆری دوکتۆر قاسملوو. بۆیە بە لەدەستدانی دوکتۆر شەرەفکەندی حیزبی دێموکرات و نەتەوەی کورد جارێکی دیکە تووشی خەسارێکی زۆر گەورە بوون.

دوکتۆر سادق شەرەفکەندی کەسایەتییەکی ڕووناکبیر، فەرهەنگی و سیاسی بوو، کە لە دانشسەرای عالیی تاران دەرسی خوێندبوو و دوای چەند ساڵ دەرسگوتنەوە لە دواناوەندییەکانی شاری مەهاباد و ورمێ بە هۆی لێهاتووییەوە بۆرسی خوێندن

لە دەرەوەی وڵاتی پێ درا و لە وڵاتی فەڕانسە دوکتۆرای شیمیی وەرگرت. هەر لە فەڕانسە لەگەڵ دوکتۆر قاسملوو ئاشنا بوو و بوو بە ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. دوای گەڕانەوەی لە دەرەوەی وڵات پیشەی مامۆستایەتیی لە دانشسەرای عالی درێژە دا و لە هەمان کاتدا چالاکیی سیاسیی خۆی لە زانکۆکان و لە ژینگەیەکی ئەکادمیکدا بەنهێنی دەست پێکرد. لە دوای شۆڕشی گەلانی ئێران وەک ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران درێژەی بە تێکۆشانی ئاشکرا دا و پاش شەهیدبوونی دوکتور قاسملوو، دوکتۆر شەرەفکەندی کە ئەوکات جێگری سکرتێری گشتیی حیزب بوو، بە تێکڕای دەنگی کۆمیتەی ناوەندی وەک سکرتێری گشتیی حیزب هەڵبژێردرا.

دوکتۆر شەرەفکەندی لە ماوەی بەرپرسایەتیی بەرزی حیزبیدا نیشانی دا یارێکی بەوەفای دوکتۆر قاسملوویە و ڕێگە نادا ئاواتی دوژمنان بۆ لاوازکردنی حیزبی دێموکرات بێتە دی. هەر بۆیە کۆماری ئیسلامی بەرنامەی بۆ تێرۆری دارِشت و لە ٢٦ی خەرمانانی ساڵی ١٣٧١ی هەتاویدا و دوای بەشداری لە کۆبوونەوەی ئینتێرناسیۆنال سۆسیالیست لە شاری بێرلینی ئاڵمان لەگەڵ هاوڕێیانی تێرۆر کران.

حیزبی دێموکرات سەرەڕای شەهیدبوونی دوکتور شەرەفکەندی بە هۆی جێگیربوونی فەرهەنگی ڕێبەریی بەکۆمەڵ نیشانی دا کە لەگەڵ ئەوەی زامی قورسی شەهیدبوونی ڕێبەرانی هەڵدەگرێ بەڵام ڕێگە نادا دوژمنانی کورد و بزووتنەوەکەی بە ئامانجەکانیان بگەن. بۆیە حیزبی دێموکرات لەسەر ڕێبازی ڕێبەرانی هەر بەهێزەوە لە مەیدانی خەباتی نەتەوەییدا مایەوە.

دوکتۆر شەرەفکەندی کەسایەتییەکی بەهێزی سیاسی، ڕێبەر و بەڕێوەبەرێکی کارامە، وەفادار بە ڕێبازی حیزبی دێموکرات و شێلگیر لە خەبات بۆ ڕزگاریی کورد بوو، و هەموو تواناکانی خۆی خستە خزمەت حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە شێوەیەک کە ئاکامی ئەو خۆتەرخانکردنە کاریگەریی قووڵی لە سەر ڕێباز و خەباتی حیزبی دێموکرات دانا.

بە دوای تێرۆری دوکتۆر سادق شەرەفکەندی لە کاتێکدا کە کۆماری ئیسلامی زۆر هەوڵی دا بەر بە پێڕاگەیشتن بە پەروەندەی ئەو تێرۆرە بگرێ، بەڵام بە هۆی سەربەخۆیی دەزگای دادوەریی ئاڵمان و بوێریی قازییەکان و هەوڵی بەردەوامی پارێزەرەکانی ئەو دۆسیەیە و بوونی ئیرادەی بەئاکامگەیاندنی ئەو پەروەندەیە، سەرئەنجام دادگای بێرلین -کە بە ناوی میکۆنۆس ناوبانگی دەرکردبوو- دوای چەند ساڵ لێکۆڵینەوە لە ٢١ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٧٦ی هەتاوی (١٠ی ئاوریلی ١٩٩٧ی زایینی) حوکمی کۆتایی خۆی ڕاگەیاند و بەڕاشکاوی ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی لە بەرزترین ئاستدا

بە بەرنامەداڕێژەر و بەڕێوەبەری ئەو کردەوە تێرۆریستییە ناساند و حوکمی زیندانیکردنی بۆ تاوانباران دەرکرد. لەو پێوەندییەدا و بە دوای دەرچوونی حوکمی بە تاوانبار ناساندنی کۆماری ئیسلامیی ئێران وڵاتانی ئورووپایی بە نیشانەی ناڕەزایەتی لەو کردەوەیەی ڕێژیم باڵوێزەکانی خۆیان لە تاران بانگ کردەوە؛ بەڵام مەخابن دواتر بەرژەوەندییە ئابوورییەکانیان خستە پێش پێشگرتن بە تەڕاتێن و دەستدرێژییەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر سەروەریی سیاسیی وڵاتەکانیان.

لەو بارەوە پێویستە وەبیر بێنینەوە هەرچەندە دەزگای دادوەریی ئاڵمان هەموو ئەو بەڵگانەی بۆ دۆسیەی تێرۆری میکۆنۆس پێویست بوون لەبەردەستیدا نەبوو، بەڵام چونکە ئیرادەیان هەبوو، کاری دادگایان بە شێوەی یاسایی بە ئەنجام گەیاند؛ بە پێچەوانەی دەزگای پۆلیس و دادوەریی ئۆتریش کە زۆر بەڵگەی حاشاهەڵنەگری لە تێرۆری دوکتور قاسملوو لەبەردەستدا بوو کەچی بە هۆی سەربەخۆنەبوونی دەزگای دادوەریی ئەو وڵاتە و دەستێوەردانی بەرژەوەندیخوازانەی دەوڵەتی ئەوکاتی ئۆتریش بەر بە ڕەوتی یاسایی دۆسیەی تێرۆری ڤییەن گیرا. بێگومان ئەگەر ئەوکات دەوڵەتی ئۆتریش و دەزگا دادوەرییەکەی بە شێوەی ئاڵمان و دەزگا دادوەرییەکەی ڕەفتاریان کردبا، دەکرا لەجێدا ماشێنی تێرۆری کۆماری ئیسلامی ڕابگیرێ و ئیدی دواتر شاهیدی هەموو ئەو تێرۆرانە نەبووینایە کە لە ئورووپا کران و یەک لەوان تێرۆری میکۆنۆس.

هاونیشتمانیانی بەڕێز!

٢٦ی خەرمانانی ئەمساڵ لە کاتێکدا یادی دوکتور شەرەفکەندی و هاوڕێیانی و ئامانج و تێکۆشانیان دەکەینەوە و وەفاداریی خۆمان بە ڕێبازیان دووپات دەکەینەوە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران لە هەموو کاتێک زیاتر لە گۆڕەپانی سیاسەتی نێودەوڵەتیدا پەراوێز خراوە. سیاسەتی شەڕەنگێزی و دەستێوەردان لە کاروباری وڵاتانی ناوچە و کێشەخوڵقێنییەکانی بە هۆی گرووپە پرۆکسییەکانی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، کۆماری ئیسلامیی کردووەتە چەقی کێشە و ئاڵۆزینانەوە لە ناوچەکەدا؛ بە شێوەیەک کە ئەمریکا و وڵاتانی ناوچەکەی هێناوەتە سەر ئەو باوەڕەی پێویستە بۆ بەرپەرچدانەوەی سەرەڕۆیی و سیاسەتە چەوتەکانی ئەو ڕێژیمە سنوور دابنرێ.

کۆماری ئیسلامی دوای تێپەڕاندنی دوو شەڕ لە یەک ساڵی ڕابردوودا، زیاتر لە هەموو کاتێک لە مێژووی دەسەڵاتدارەتیی پڕزەبر و سەرکوتی خۆی کەوتووەتە ژێر گوشاری نێودەوڵەتی. گەمارۆی ئابووری و بە دوای ئەودا دارووخانی نرخی دراوەکەی گورزێکی کاریگەر بووە لە ئابووریی ئێران بە شێوەیەک کە ژیان و گوزەرانی خەڵکی ئێرانی خستووەتە دۆخێکی زۆر قورس و نالەبار کە بەڕێوەبردنی ژیانی ڕۆژانە بۆ خەڵک ئەستەمە؛ واتا قۆناغێک کە مەترسیی برسیبوونی خەڵک بە

هۆی گوشارە ئابوورییەکانی هێناوەتە ئاراوە.

لە لایەکی دیکەوە سەرەڕای ئەو هەمووە ئاڵەنگارییەی بۆ خەڵک دروست بووە، هاوکارینەکردنی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزەی ئەتۆمی بووەتە هۆی ئەوەی کە ئاژانس بە زۆرینەی دەنگ دۆسیەی ئەتۆمیی ئێران بە شووورای ئەمنییەتی نەتەوە یەکگرتووەکان بسپێرێ، شووراش ڕۆژی پێنجشەممە، ١٩ی خەرمانانی ١٤٠٥ی هەتاوی بڕیاری گەڕاندنەوەی گەمارۆکان بۆ سەر ئێران دا کە بێگومان لەو سۆنگەیەوە کێشەی ئابووری زیاتر بەرۆکی ئەو ڕێژیمە و دواجار خەڵکی وڵاتیش دەگرێ. دیارە کۆماری ئیسلامی لە ماوەی نزیک بە پێنج دەیە دەسەڵاتدارەتیی خۆیدا سەلماندوویەتی کە نەک هەر ژیان و گوزەرانی خەڵکی بۆ گرنگ نییە، بەڵکوو هەموو سیاسەت و کردەوەیەکی لە چوارچێوەی بەهێزکردنی هێزە نیابەتییەکانی لە ناوچەکە و مانەوەی دەسەڵاتی خۆیەتی و سەرووەت و سامانی وڵات بۆ ئەو ئامانجە بەفیڕۆ دەدا. لە تەنیشت ئەو دۆخە، دەستبەسەرداگرتنی گەرووی بابولمەندەب لە لایەن حوسییەکانی یەمەنەوە بە فەرمانی سوپای پاسداران کێشەیەکی دیکەی خستووەتە سەر کێشەکانی ناوچەکە و جیهان؛ لەبەر ئەوەی ئەمنییەتی یەکێک لە ڕێڕەوە گرنگەکانی بازرگانیی جیهانی کەوتووەتە مەترسییەوە و ئەوەش بە ئەگەری زۆر هەڵوێستی وڵاتانی ئورووپایی لێ دەکەوێتەوە، ئەوەش بە مانای گڕەی ئاگری شەڕێکە کە کۆماری ئیسلامی دەیهەوێ بۆ هەموو ئەو ناوچەیە پەرەی پێ بدا.

هاونیشتمانیانی خۆشەویست!

٢٥ی خەرمانانی ئەمساڵ (١٤٠٥)ی هەتاوی چوار ساڵ بە سەر بزووتنەوەی ژینادا تێدەپەڕێ کە دوای کوشتنی حکوومەتیی ژینا ئەمینی، کچە کوردی تەمەن ٢٢ ساڵان لە تاران بە دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" بووە هۆی ڕاپەڕینێکی سەرانسەری لە ئێران کە چەخماغەکەی لە کوردستانەوە لێدرابوو؛ سەرهەڵدانی بزووتنەوەیەک کە ئاکامی یەکگرتوویی هێزە سیاسییەکانی کوردستان و بانگەوازی هاوبەشی ئەوان بوو. لەو بارەوە کۆمەڵانی هەراوی خەڵکی کوردستان پەیامی خۆیان بە حیزبەکانی ڕۆژهەڵات دا کە ئەگەر ئێوە یەک بگرن، ئێمە یەکگرتوو و یەکدەنگین. هەروەها پەیامیان بە کۆماری ئیسلامی دا کە پشتیوانی هێزە سیاسییەکانی خۆیانن و لە خوێنی بەناحەقڕژاوی ڕۆڵەکانی کورد خۆش نابن.

پێویست بە وەبیرهێنانەوەیە کە دوکتور شەرەفکەندی لە کاتێکدا شەهید کرا کە لەگەڵ چەند کەسایەتیی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لەسەر پرسی هاوکاری و یەکگرتن خەریکی بیرورا گۆڕینەوە بوون، ئێستا دوای ٣٤ ساڵ بە سەر شەهیدبوونی لە هەموو کاتێک زیاتر پێویستە ئۆپۆزیسیۆن لە ئاستی کوردستان و ئێراندا یەکگرتوو بێ، ئەو پرسەی کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە هەر دوو ئاستدا هەوڵی بۆ دەدا بە شێوەیەک کە دەستەبەربوونی مافی نەتەوایەتیی کورد لەو

کۆمەڵێک وتارو لێدوان

یەکگرتنەدا مسۆگەر بێ و یەکگرتوویی بە باشترین ڕێگا بۆ ڕزگاربوون لە کۆماری تێرۆریستی دەزانێ.

سڵاو لە گیانی پاکی دوکتۆر سادق شەرەفکەندی و هاوڕێیانی، کاک فەتاح عەبدولی، کاک هومایون ئەردەڵان و کاک نووری دێهکوردی و هەموو شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان!

بەردەوام بێ خەباتی حیزبەکەمان لەپێناو دێموکراسی و وەدیهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلەکەمان.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

دەستەی کارگێڕی

٢٥ی خەرمانانی ١٤٠٥ی هەتاوی

٢٥ی خەرمانانی ٢٧٢٦

پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی ٢٦ی خەرمانان، تاڵیادی تیرۆری دوکتۆر سادق شەرەفکەندی و هاوڕێیانی



٣٤ ساڵ لەمەوبەر و لە ٢٦ی خەرمانانی ١٣٧١ی هەتاویدا، کۆماری ئیسلامیی ئێران لە درێژەی سیاسەتی تیرۆری دەوڵەتیدا و لە دڵی ئەورووپادا، تاوانێکی دژەمرۆیی دیکەی خولقاند. لە پیلانێکی تیرۆریستیی قێزەوندا لە شاری بێرلین، دوکتۆر سادق شەرەفکەندی (دوکتۆر سەعید)، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە هاوڕێیەتیی سێ کەس لە تێکۆشەران بە ناوەکانی: فەتاح عەبدولی (ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی)، همایوون ئەردەڵان (نوێنەری حیزب لە ئاڵمان) و نووری دێهکوردی (خەباتکاری ناسراوی ئێرانی)، تیرۆر کران و تێکەڵ بە کاروانی نەمران بوون.

ئەم تاوانە لە کاتێکدا ڕووی دا کە دوکتۆر شەرەفکەندی پاش بەشداری لە کۆنگرەی «ئینترناسیۆناڵی سۆسیالیست»، بۆ وتووێژ و داڕشتنی پلاتفۆرمێکی هاوبەشی هاوکاری لەگەڵ نوێنەرانی ئۆپۆزیسیۆن کۆ ببووەوە.

ئێمە وەک یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە تاڵیادی شەهیدکرانی ئەم ڕێبەرە مەزنەی گەلەکەماندا، ئەو کردەوە دڕندەییە بە توندترین شێوە مەحکووم دەکەین. کۆماری ئیسلامی ویستی بە سڕینەوەی جەستەیی ڕێبەرانمان، ئیرادە

و پڕۆژەی دێموکراسیخوازیی بزووتنەوەی کوردستان تێک بشکێنێت؛ بەڵام دادگای بێرلین مۆرکی تیرۆریزمی دەوڵەتیی بۆ هەمیشە بە نێوچەوانی تارانەوە لکاند و سەلماندی کە داپڵۆسین ناتوانێت پێش بە ئیرادەی نەتەوەیەک بگرێت.

لێرەوە دووپاتی دەکەینەوە کە ڕێبازی دوکتۆر شەرەفکەندی – کە باوەڕی قووڵی بە پێگە و ئازادیی ژنان لە کۆمەڵگادا هەبوو – ئەمڕۆ لە جەوهەری خەباتی کچان و ژنانی ئەم نیشتمانەدا زیاتر لە هەر کاتێک دەدرەوشێتەوە. بەشداریی ژنان لە خەباتی سیاسی و مەدەنی و شۆڕشی «ژن، ژیان، ئازادی» کە لە کوردستانەوە دەستی پێ کرد و جیهانی تەنی، سەلمێنەری ڕاستیی ئەو باوەڕەیە کە ناوبراو بۆ ڕۆڵی ژن لە بزووتنەوەکەماندا هەیبوو.

سڵاو و دروود بۆ گیانی پاکی شەهیدانی میکۆنووس و سەرجەم شەهیدانی ڕێگەی ئازادیی کوردستان.

یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران

٢٥ی خەرمانانی ٢٧٢٥ کوردی

سەرچاوە: ماڵپەڕی یەکیەتیی ژنان - ڕێکەوتی: ١٦ی سێپتەمبەری ٢٠٢٦

"دکتۆر سادق شەرفکەندی و خەباتی گەلێکی بێدەوڵەت"

حەسەن قارەمانی

لە ١٧ی سێپتامبر ١٩٩٢، دوکتور سادق شەرەفکەندی لەگەڵ فەتاح عەبدولی، هۆمایون ئەردەڵان و وەرگێڕەکەیان نوری دێهکۆردی لە میکۆنۆس لە بەرلینی ئەڵمانیا شەهید بوون . ئەم تیرۆرە نەک هەر کارەساتێک بوو بۆ بزووتنەوەی کورد، بەڵکو ڕووداوێکی سیاسیی نێونەتەوەیی بوو کە لێکەوتەی بەرچاوی بۆ پەیوەندیی نێوان مافەکانی مرۆڤ، یاسای نێونەتەوەیی و بەرپرسیارێتیی دەوڵەتان هەبوو.

دادگاییکردنی دەوڵەتی ئێران لە ئەڵمانیا بە هۆی ئەم ڕووداوەوە، سەرنجێکی زۆری لە ئاستی نێونەتەوەییدا ڕاکێشا.

بڕیارنامەی دادگا کە ئەم هێرشەی بە پەیوەندیی ڕاستەوخۆ لەگەڵ باڵاترین ئاستی سیاسیی دەوڵەتی ئێران بەستەوە، ئەم دۆسیەیەی کردە نموونەیەکی بەرچاو لە باسی نێونەتەوەییی توندوتیژیی سیاسی و دەستتێوەردانی دەوڵەت ئێران لە سنووری وڵاتانی تر و لە جیهاندا.

لەم ڕوانگەیەوە پرسی کورد بوو بە بەشێک لە خەباتێکی بەرفراوانتر بۆ دیموکراسیکردن و فرەیی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی بیرکردنەوەی سیاسی شەرەفکەندی و تێڕوانینەکانی سەبارەت بە پرسی نەتەوەیی کورد، شیکاری بۆ ئەو پرەنسیپ و هەڵوێستە سیاسییە ناوەندیانە دەکرێت کە چوارچێوەی خاڵە سەرەکییەکانن.

تیرۆر «میکۆنۆس» و ڕەهەندی نێونەتەوەیی توندوتیژی سیاسی:

تیرۆرکردنی دوکتور سادق شەرەفکەندی لە بەرلین لە ساڵی ١٩٩٢، بە ڕوونی سەلماندی کە چیتر ناکرێت پرسی کورد تەنیا وەک ململانێیەکی سیاسیی ناوخۆیی لەناو ئێراندا سەیر بکرێت. ئەو ڕووداوە، بارودۆخی بزووتنەوەی کوردی خستە چوارچێوەیەکی فراوانتری نێونەتەوەییەوە، کە تیایدا پرسەکانی توندوتیژی، تیرۆر سیاسی، مافی مرۆڤ، سەرکوتی دەوڵەتی و پاراستنی ڕێکخراوە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیۆن، بوونە تەوەری سەرەکی.

دادگایی «میکۆنۆس» بەهۆی وروژاندنی پرسی بەرپرسیارێتیی دەوڵەت لە هێرشە سیاسییەکان لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆیدا، گرنگییەکی بەرچاوی نێونەتەوەیی پەیدا کرد. لە هەمان کاتدا، دادگاییەکە ئەو ئاستەنگە پێکهاتەییانەی نیشان دا کە بزووتنەوە نەتەوەییەکانی بێدەوڵەت لە سیستەمی نێونەتەوەییدا ڕووبەڕووی دەبنەوە؛ سیستەمێک کە تیایدا بنەمای «مافی دیاریکردنی چارەنووس»، زۆرجار لەگەڵ سەروەری و بەرژەوەندییە جیۆپۆلەتیکییەکانی دەوڵەتە دامەزراوەکاندا دەکەوێتە ناکۆکییەوە.

لەم ڕوانگەیەوە، ڕووداوی میکۆنۆس نەک هەر هێرشکردنە سەر سەرکردەیەکی سیاسی، بەڵکو بەشێکە لە ململانێیەکی فراوانتر لە نێوان چۆنیەتیی مومارەسەی دەسەڵات لەلایەن دەوڵەتە پاوانخوازەکان و پرەنسیپە جیهانییەکانی ئازادیی سیاسی، سەروەریی یاسا و کەرامەتی مرۆڤ.

دکتۆر سادق شەرەفکەندی؛ وەک بیرمەندێکی سیاسی:

پێشینەی زانستیی دکتۆر سادق شەرەفکەندی و کاریگەرییە بەرچاوەکانی لەسەر میتۆدی سیاسی و ڕوانگەی شیکارییەکەی، بوونە هۆی ئەوەی ڕێبازێکی ڕێکخراو (سیستەماتیک) بگرێتە بەر کە تێیدا دیاردە سیاسییەکان لە ڕێگەی پەیوەندییە مێژووییەکان، هۆکارە پێکهاتەییەکان و بەستەرە بنەڕەتییەکانەوە شیکارییان بۆ بکرێت. بۆ شەرەفکەندی، مێژوو تەنیا

کۆمەڵە ڕووداوێکی ڕیزبەندی نەکراو نەبوو، بەڵکو ئامرازێکی شیکاری بوو بۆ تێگەیشتن لەو ئەگەر، بەربەست و هەلومەرجانەی کە ڕەوتی سیاسی دادەڕێژن.

کاریزمای کەسیی دکتۆر شەرەفکەندی لەسەر بنەمای زانین بوو. ئەو باوەڕی وابوو کە بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی دەبێت هێزی خۆی لەسەر پەروەردە، دامەزراوەکان و بەشداریی جەماوەری بنیات بنێت. شەرعیەتی سیاسیی ئەو، زیاتر لەسەر زانین، بەڵگەهێنانەوە و بیرکردنەوەی ڕێکخراوەیی وەستابوو. دکتۆر شەرەفکەندی، بەهێزیی بزووتنەوەی نەتەوەیی بە گرێدراوی بە پەروەردە، گەشەپێدانی دامەزراوەیی، هۆشیاریی سیاسی و بەشداریی فراوانی جەماوەر دەبینی.

شەرەفکەندی دوای تیرۆرکردنی دکتۆر قاسملوو، بەردەوام بوو وەک دکتۆر قاسملوو لە پەرەپێدانی هێڵێکی سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە تێیدا خەبات بۆ مافە نەتەوەییەکان لەگەڵ پرەنسیپەکانی دیموکراسی، مافی مرۆڤ و وتووێژی نێونەتەوەیی تێکەڵ دەبوون. هاوکات، پێویستیی گونجانی ستراتیژی لەگەڵ گۆڕانی دۆخی جیهانیی دوای کۆتاییهاتنی شەڕی سارد بە ئەرکێکی گرنگ دەزانی.

هەر بۆیە بیرکردنەوەی سیاسیی شەرەفکەندی لەسەر تێکەڵەیەک لە پرەنسیپ و ڕیالیزم دامەزرابوو، پاراستنی ناسنامەی نەتەوەیی و مافی چارەی خۆنووسینی سیاسی، لە هەمان کاتدا بەدیهێنانی ئەو ئامانجانە لە ڕێگەی دامەزراوە دیموکراسییەکان، شەرعیەتی نێونەتەوەیی و ڕێچکەی سیاسیی ئاشتیخوازانە.

ڕەهەندێکی ناوەندیی بیرکردنەوەی سیاسیی دکتۆر سادق شەرەفکەندی، پەیوەندیی نزیکی نێوان ناسنامەی نەتەوەیی و بنەما دیموکراتییەکان بوو ، تەماشای ناسنامەی کوردیی دەکرد؛ ناسنامەیەک کە بەردەوامییەکەی لە ڕێگەی زمان، نەریتی کەلتووری، یادەوەریی بەکۆمەڵ و ڕێکخستنی سیاسییەوە پارێزراو بووە.

دکتۆر شەرەفکەندی جەختی لەوە دەکردەوە کە شوناس و بوونی ئێمە وەک کورد، دژایەتییەک نییە لەگەڵ خەبات بۆ مافەکانی مرۆڤ؛ بە پێچەوانەوە، دانان بە ناسنامەی نەتەوەیی، بەشێکی دانەبڕاوە لە کەرامەتی مرۆڤ. شەرەفکەندی جەختی لەوە دەکردەوە، پرسیارێکی بنەڕەتی هەیە کە دەبێت هەمیشە لەخۆمانی بکەین: «پێش ئەوەی باس لە جیهان، مرۆڤایەتی و بەها گەردوونییەکان بکەین، دەبێت لەوە تێبگەین کە خۆمان کێین و لە چ واقیعێکدا دەژین؟» کاتێک مرۆڤ دەڵێت: «من سەر بە هەموو دونیام و گرنگی بە ناسنامەی کوردبوونیم نادەم»، سەرەتا دەبێت لە خۆی بپرسێت: جیهان چۆن سەیری کەسێک دەکات کە هێشتا مافە سەرەتاییە نەتەوەییەکانی بۆ نەچەسپاوە؟ چۆن کەسێک باسی یەکسانیی نێوان گەلان

بکات، لە کاتێکدا هێشتا گەلێک مافی دەربڕینی ئازادانەی زمان، کلتوور و ناسنامەی خۆی لێ زەوت کراوە؟ شەرەفکەندی جەختی لەوە دەکردەوە، نێونەتەوەییبوون (ئینتەرناسیۆنالیزم) و هاوپشتیی مرۆیی، تەنیا لەسەر بنەمای دادپەروەری بنیات دەنرێت. مرۆڤ دەتوانێت هەست بە هاووڵاتیی جیهانبوون بکات، بەڵام کۆمەڵگەی جیهانیی ڕاستەقینە پێویستی بەوەیە کە سەرەتا هەموو نەتەوەکان بە ڕێز و کەرامەتەوە مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت. ناکرێت چاوەڕێی ئەوە بکرێت کە نەتەوەکانی چەوساوە ناسنامەی خۆیان لەبیر بکەن، تا ئەو کاتەی مافەکانیان بۆ دەگەڕێتەوە.

دکتۆر شەرەفکەندی زیاتر لە سێ دەیە لەمەوبەر، باسی لە گرنگیی تێگەیشتن لە بوونی نەتەوەی کورد و خەبات بۆ ئازادی، دیموکراسی و یەکسانی کرد. پەیامەکەی لەسەر دروستکردنی دژایەتیی نێوان مرۆڤەکان نەبوو، بەڵکو بەرگریکردن بوو لە ناسنامەیەک کە مێژوویەکی دووروودرێژە نکۆڵی لێ دەکرێت.

کوردبوون بە مانای وەستانەوە لە دژی نەتەوەکانی تر نییە، بەڵکو داوای هەمان ئەو ڕێز و مافانە دەکات کە هەموو گەلان و نەتەوەکانی تر شایەنین. تەنیا کاتێک ڕێز لە ناسنامەکان دەگیرێت، برایەتیی ڕاستەقینەی نێوان نەتەوەکان و جیهانێکی دادپەروەر بنیات دەنرێت.

میراتی سیاسی و گرنگیی مێژوویی:

میراتی سیاسیی دکتۆر سادق شەرەفکەندی، لە ڕێگەی سێ پرەنسیپی ناوەندییەوە دێتە دی کە تایبەتمەندیی جیهانی بیر و تێڕوانینی ستراتیژیی شەرەفکەندی بوون:

یەکەم: جەختی لەوە دەکردەوە کە خەبات بۆ مافە نەتەوەییەکان، دەبێ لە نزیکەوە گرێدراوی پەرەپێدانی دامودەزگا دیموکراسییەکان و سەروەریی یاسا بێت. بە بڕوای دکتۆر شەرەفکەندی، ئایندەیەکی سیاسیی بەردەوام، بە ڕێکاری پاوانخوازانە نایەتە دی، بەڵکو بە بەشداریی جەماوەری، فرەیی سیاسی و ڕێزگرتن لە مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ مسۆگەر دەبێت.

دووەم: جەختی لە گرنگیی بنچینەی کۆمەڵایەتی و بەشداریی جەماوەری وەک فاکتەری یەکلاکەرەوە بۆ شەرعییەت و مانەوەی درێژخایەنی بزووتنەوە سیاسییەکان دەکردەوە. لە ڕوانگەی ئەووەوە، نەدەکرا بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی تەنیا لەسەر بنەمای پێکهاتەی ڕێکخراوەیی بنیات بنرێت، بەڵکو دەبێت لەسەر متمانە، پابەندبوون و بەشداریی چالاکانەی ئەو کۆمەڵگەیە بێت کە نوێنەرایەتیی دەکات.

سێیەم: شیکاریی سیاسیی ئەو، تێگەیشتنێکی واقیعیانەی لە سیاسەتی نێودەوڵەتی پێوە دیار بوو. شەرەفکەندی دانی بەوەدا دەنا کە ئامانجە مێژوویی و نەتەوەییەکان بە دابڕان لە ژینگەی نێودەوڵەتی بەدی نایەن، بەڵکو پێویستیان بە گونجانی ستراتیژی لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی بارودۆخی جیۆپۆلیتیکی و دەرفەتەکانی شەرعییەتی نێودەوڵەتی هەیە.

بۆیە گرنگیی مێژوویی شەرەفکەندی، تەنیا لە ڕۆڵی ئەو وەک ڕێبەرێکی ڕێکخراوێکی سیاسی (حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران)دا نییە، بەڵکو لە بەشداریکردنی لە وتاری بەرفراوانتری ناسیۆنالیزم، بیدەوڵەتبوون کورد، دیموکراسیخوازی و شەرعییەتی سیاسیدایە. ئەو نوێنەرایەتیی نەریتێکی سیاسیی دەکرد کە تێیدا مافە نەتەوەییەکان، بە ڕادەیەک سەیر دەکران کە لەگەڵ بەها دیموکراسییەکان و نۆرمە نێودەوڵەتییەکاندا بگونجێن.

لە ڕوانگەیەکی زانستییەوە، پێویستە دکتۆر سادق شەرەفکەندی وەک بیرمەندێکی سیاسی ببینین کە شیکاریی زانستیی لەگەڵ سەرکردایەتیی پراکتیکیدا تێکەڵ کردووە. لێکدانەوەی ئەو بۆ پرسی کورد دەیسەلمێنێت کە سەرکەوتنی بزووتنەوە نەتەوەییەکان تەنیا بە گوتاری مێژوویی یان شوناسی کولتووری دیاری ناکرێت، بەڵکو بە توانای دروستکردنی دامەزراوەی کارا، شەرعییەتی سیاسی و پشتیوانیی نێودەوڵەتیشەوە گرێدراوە.

دوای زیاتر لە سێ دەیە بەسەر تیرۆر شەرەفکەندی لە «میکۆنۆس»، ئەو پرسیارانەی کاری لەسەر کردوون هێشتا زیندوون: گەلێک چۆن دەتوانێت ناسنامەی خۆی بپارێزێت بەبێ ئەوەی دەوڵەتێکی تایبەت بە خۆی هەبێت؟ چۆن دەتوانرێت مافە نەتەوەییەکان کورد لەگەڵ بەها دیموکراسییەکان ئاشت بکرێنەوە؟ و چۆن یاسای نێودەوڵەتی دەتوانێت باشتر مامەڵە لەگەڵ ململانێی نێوان بەرژەوەندیی دەوڵەتان و داواکاریی نەتەوەکان بۆ دانپێدانان بکات؟

میراتی شەرەفکەندی ئەوە دەردەخات کە گۆڕانکاریی سیاسی، نەک تەنها بە هاوسەنگیی هێز و سەرچاوە ماددییەکان، بەڵکو بە بیرۆکە، زانین، دامەزراوە و ڕێکخستنی بەکۆمەڵیش لە قاڵب دەدرێت. هەر بۆیە ڕامانی سیاسیی ئەو لە لێکۆڵینەوە لە بزووتنەوە نەتەوەییەکان، دیموکراسیخوازی و خەبات بۆ نوێنەرایەتیی سیاسی لە جیهانی مۆدێرندا، هێشتا بەهادار و خاوەن پێگەیە.

دکتۆر سادق شەرەفکەندی؛ قوتابی و جێنشینی دکتۆر قاسملوو:

پەیڤ فەرمایشی دوکتور قاسملوو ئەمەیە، لە ڕێگای ئازادی، میللەتێکی زیندوو دەبێ فیداکاری بکات. بەڵام میللەتێک بیهەوێ زیندوو بمێنێتەوە، میللەتێک بیهەوێ نیشان بدات کە سەربەخۆیە و لە نێو میللەتانی زیندوودا جێگای هەیە، دەبێ

نرخی ئازادیی خۆی بدات، ئازادیش لە مێژوودا نیشان دراوە کە نرخی گرانە و بێنرخیش وەرناگیرێت.

دکتۆر شەرەفکەندی خۆی بە هاوکارێکی نزیک، شاگرد و جێنشینی دکتۆر قاسملوو دەزانی. ئەو، دکتۆر قاسملووی وەک ڕێبەر و ڕاهێنەری سیاسیی خۆی دەبینی و زۆرجار ڕۆڵی خۆی وەک یاریدەدەر و سکرتێر وەسف دەکرد، نەک وەک ڕێبەر. ئەمە ڕەنگدانەوەی ئەو متمانە و باوەڕە سیاسییە قووڵە بوو کە شەرەفکەندی بۆ ڕێبەرایەتی و دیدگای قاسملوو هەیبوو.

پەیوەندیی نێوان ئەو دووانە "قاسملوو ، شەرەفکەندی"، نەک هەر ڕێکخراوەیی "حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران"، بەڵکو لەسەر پابەندبوونێکی هاوبەش بە مافەکانی گەلی کورد، دیموکراسی و چارەسەریی ئاشتییانەی پرسی کورد بنیات نرابوو.

دوای تیرۆرکردنی دکتۆر قاسملوو لە ساڵی ١٩٨٩دا، شەرەفکەندی سەرکردایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی گرتە ئەستۆ و درێژەی بەو ڕێچکە سیاسییە دا کە قاسملوو دایمەزراندبوو لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.

سێ ساڵ دواتر، لە لە ١٧سێپتامبر ساڵی ١٩٩٢دا، شەرەفکەندیش لەگەڵ هاوکارانی لە بەرلین تیرۆر کرا؛ هێرشێک کە بوو بە هێمای ئەو قوربانییە گەورانەی بزووتنەوەی ئازادیخوازیی کورد ناچار بووە بەرگەی بگرێت.لە هەمان کاتدا، ڕاستییە مێژووییگەلێک هەن کە ناکرێت چاوپۆشییان لێ بکرێت.

شەرەفکەندی هاوبەشی ئەو دیدە بوو و کاری بۆ پاراستن و پەرەپێدانی ئەو میراتە سیاسی و دیپلۆماسییە کرد کە قاسملوو بنیاتی نابوو. ڕەنگە مرۆڤ بۆچوونی سیاسیی جیاوازی هەبێت لەسەر بارودۆخی ئێستا و لەسەر ئەو ستراتیژانەی بزووتنەوە جیاوازەکانی کورد بۆ پەیڕەوکردنیان هەڵی دەبژێرن، بەڵام گرنگیی مێژوویی دکتۆر قاسملوو و دکتۆر شەرەفکەندی و میراتی سیاسی و بەشداریکردنیان لە دۆزی کورددا، ئەستەمە بخرێتە ژێر پرسیارەوە. کەم سەرکردەی کورد هەبووە هێندەی دکتۆر قاسملوو تۆڕی پەیوەندیی نێودەوڵەتی، لێهاتوویی دیپلۆماسی و ئەزموونی سیاسیی هەبووبێت؛ هەروەها کەم کەسیش لە هەلومەرجێکی ئەوتۆی دکتۆر شەرەفکەندیدا، بە هەمان یەکگرتوویی درێژەی بە کارەکانی دابێت.

دکتۆر سادق شەرفکەندی سەقامگیری و ئومێدی نوێی بۆ ئایندە بە حیزب بەخشی:

دوای تیرۆرکردنی دکتۆر قاسملوو، حیزبی دێموکراتی کوردستان ئێران ڕووبەڕووی یەکێک لە سەختترین قۆناغەکانی بووەوە. لەدەستدانی دکتۆر قاسملوو، هەم نادڵنیایی سیاسی و هەم خەمی داهاتووی ڕێکخراوەکەی حیزبی دێموکراتی

کوردستان ئێران دروستکرد. پرسیارەکە تەنیا ئەوە نەبوو کە حیزب چۆن مامەڵە لەگەڵ خەم سەخت و پەژارەدا دەکات، بەڵکو چۆن یەکگرتوویی سیاسی خۆی دەپارێزێت و درێژە بە خەبات بۆ مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد دەدات.

لەم دۆخە مەترسیدارەدا دکتۆر سادق شەرفکەندی بوو بە چارەنووساز. بە ئەزموونی سیاسی و ئیرادە و توانای یەکخستنی تەشکیلاتی بەشداری کرد لە پتەوکردنی یەکگرتوویی ناوخۆیی حیزب و گەڕاندنەوەی متمانە بۆ ڕێبازە سیاسیەکەی. دکتۆرشەرەفکەندی درێژەی بە هێڵی سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئێران دا و لە هەمان کاتدا هەوڵی دەدا کارەکانی حیزب لەگەڵ هەلومەرجی نوێی سیاسی و ناوچەیی بگونجێنێت. لە ژێر سەرکردایەتی ئەودا ئەو بۆچوونە بەهێزتر بوو کە تیرۆرکردنی دکتۆر قاسملوو بە مانای کۆتایی خەباتی سیاسی نایەت لە حیزبی دێموکراتی کوردستان ئێران. بەپێچەوانەوە حیزب بەردەوام دەبێ لە داکۆکی لەئازادییە سیاسییەکان و مافە نەتەوەییەکان و مافی چارەنووسی گەلی کورد.

شەرفکەندی لە ڕێگەی ئەم شیکارییەوە، پرسی کوردی خستە چوارچێوەیەکی بەرفراوانتری ناسیۆنالیزم، و سیاسەتی نێونەتەوەییەوە، بۆیە دیدگای مێژوویی ئەو، نەک تەنیا ڕوونکردنەوەی ڕابردوو، بەڵکو تێگەیشتن بوو لەو هەلومەرجە سیاسییانەی کە کاریگەرییان لەسەر دەرفەت بۆنەتەوە بێدەوڵەت هەیە بۆ گەیشتن بە دانپێدانان، نوێنەرایەتی و مافی چارەی خۆنووسین.

بیرکردنەوەی سیاسی دوکتور شەرەفکەندی لەسەر قەناعەتێکی بنەڕەتی سەبارەت بە مافی چارەی خۆنووسینی نەتەوەیی و ڕزگاریی سیاسیی کورد دامەزرابوو. لەم ڕوانگەیەوە خەبات بۆ مافە نەتەوەییەکانی کورد پەیوەندییەکی نزیکی بە پرسەکانی دیموکراتیزەکردن و نوێنەرایەتی سیاسی و مافی خەڵکەوە بۆ کاریگەری لەسەر ئایندەی سیاسی خۆی گرێدا. جیهانی سیاسی ئایدیاکانی دوکتور شەرەفکەندی بەو تێڕوانینە تایبەتمەند بوو کە چارەنووسی نەتەوەیی پێشگریمانە دەکات کە کۆمەڵگایەک کە تێیدا مافەکانی تاک و دەستەجەمعی ڕێزیان لێ بگیرێت و بەشداری سیاسی بەبێ سەرکوتکردن و جیاکاری بەڕێوەبچێت.

خەبات بۆ چارەنووسی نەتەوەیی کورد لە ئاکامدا تەنیا لەسەر دانپێدانانی کورد وەک گەلێکی خاوەن مافە دەستەجەمعیەکان نەبوو، بەڵکو بۆ دروستکردنی هەلومەرجی سیاسی و کۆمەڵایەتی بۆ کۆمەڵگایەک کە بە یەکسانی و دڵنیایی یاسایی و نفوزی جەماوەری تایبەتمەند بوو.

بۆیە با بە هێز و کۆڵنەدان درێژە بە خەباتی نەتەوەیی بدەین و میراتی سیاسی سەرکردە خۆشەویستەکانمان قازی و قاسملوو و شەرەفکەندی و هەزران شەهید بەرەو پێشەوە ببەین. تێکۆشان و بیرۆکە و قوربانیدانیان بەشێکە لەو ڕێبازە

کۆمەڵێک وتارو لێدوان

مێژووییەی کە گەلەکەمان ڕۆیشتووە و پێویستە نەوەکانی داهاتوو بەرەو پێشەوە ببەن. خۆرمان هەرگیز ئاوا نابێت ، تا ئیرادەی ئازادی و کەرامەتی نەتەوەیی بەردەوام بێت.

گەلێک کە بە پرەنسیپە سیاسییەکانی خۆی و بەڵێنەکەی بە نەوەکانی داهاتوو و یادەوەری ئەو کەسانە بمێنێتەوە کە گیانیان بەخت کرد لە پێناو مافەکانیدا، بە چەوساندنەوە توندوتیژی و تیرۆر تێکناچێت. هێزی ئێمە لە یەکگرتوویی و کۆڵنەدانمان و قەناعەتماندایە کە دواجار ئازادی زاڵ دەبێت.

سڵاو لە ڕەوانی کاک دکتۆر سەعید شەرەفکەندی، کاک هومایون ئەردەڵان، کاک فەتاح عەبدولی و، کاک نووری دێهکوردی.

سەرچاوەکان:

* بەڵگەنامەی دادگایی میکۆنۆس؛ ڕێوشوێنی دادگای فیدراڵیی ئەڵمانیا سەبارەت بە تیرۆرکردنی بەرلین لە ساڵی ۱۹۹۲.

* حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران؛ بڵاوکراوە مێژووییەکان و کەرەستەی ئەرشیفیی تایبەت بە دکتۆر سادق شەرەفکەندی و بزووتنەوەی نەتەوەییی کورد.

سەرچاوە: فەیسبووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٣ی سێپتەمبەری ٢٠٢٦

سەرچاوە Serchawe

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ د. شەرەفکەندی تیرۆر کرد؟

عومەر باڵەکی

٢٦ی خەرمانان، ٣٤ ساڵ لەمەوبەر، بزووتنەوەی مافخوازانەی گەلی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە تێرۆرکرانی د. سادق شەرەفکەندی و هاوڕێکانی لە لایەن تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامییەوە تووشی خەسارێکی گەورە و برینێکی قووڵ بوون. هەرچەند شەهیدکردنی د. سادق شەرەفکەندی و هاوڕێکانی زیانێکی گەورە بوو لە جەستەی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد و دێموکراسیخوازیدا لە ئێران، بەڵام ڕەوتی ڕووداوەکانی دوای کردەوە تێرۆریستییەکە بەو

جۆرەی دارێژەرانی کردەوە تێرۆریستییەکە دەیانویست بە قازانجی ڕێژیمی تاران نەشکایەوە، بەڵکوو ڕوخساری دزێوی تێرۆریستپەروەری ئەو حکوومەتە بۆ بیروڕای گشتیی وڵاتان و دەوڵەتان بە ئاشکرا دەرکەوت.

حکوومەتی کۆماری ئیسلامی وەک دامەزراوەیەکی دەوڵەتی، پێش بڕیاردان بۆ ئەنجامدانی هەر کردەوەیەکی تێرۆریستی، حەتمەن ئەوەیان زانیوە کە ئەنجامدانی کردەوەی تێرۆریستی لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران و لە خاکی دەوڵەتانی دیکەدا جۆرێک ریسکی مەترسیدارە و ئەگەری ئەوە هەیە یەکێک لەو دەوڵەتانە لە بەرامەر بەزاندن و ژێرپێنانی سەروەریی سیاسی و تێکدانی نەزمی ئەمنییەتیی نێوخۆی ئەو وڵاتەدا، مەترسی بکەوێتە سەر بەرژەوەندییەکانی و بە توندی لێی وەدەنگ بێت. هەروەکی دیتمان دوای کردەوە تێرۆریستییەکەی ڕێستورانتی میکۆنۆس، دەوڵەت و گەلی ئاڵمان بە توندی وەدەنگ هاتن.

لێرەدا پرسیار ئەوەیە: دەسەڵاتدارانی تاران بە هەستکردن بەو مەترسییە، بۆ ئامادە بوون ئەو ڕیسکە گەورەیە بکەن و پیلان بۆ تێرۆری د. شەرەفکەندی دارێژن؟

وەڵامی ئەو پرسیارە چەندین هۆکار لەخۆ دەگرێت کە هەرکام لەو هۆکارانە لە خۆیاندا دەرخەری تێڕوانینی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانن بۆ پرسی کورد، و لە هەمان کاتدا نیشانەی پێگەی بەهێز و بەربڵاوی حیزبی دێموکراتە لە نێو خەڵکی کوردستان و لە کۆڕوکۆمەڵی نێودەوڵەتیدا لە دەرەوەی وڵات.

لەگەڵ ئەوەدا کە دەسەڵاتدارانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی خۆیان بە فەتوای جیهادی خومەینی شەڕیان بەسەر کوردستاندا سەپاندبوو، بەڵام هەتا کاتی تێرۆرکردنی د. سادق شەرەفکەندی لە ٢٦ی خەرمانانی ١٣٧١دا، ماوەی ١٣ ساڵ بوو بە هۆی بەرگریی ئازایانەی کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی حیزبی دێموکرات و پشتیوانیی بەربڵاوی خەڵکی کوردستان، لەو شەڕە داسەپاوەدا نەیانتوانیبوو بەسەر ئیرادەی خەڵکی کوردستان و حیزبی دێموکراتدا زاڵ بن و سەرکەوتن بەدەست بهێنن.

هەرچەند لە ٢٢ی پووشپەڕی ١٣٦٨دا دەسەڵاتدارانی تاران بە تێرۆری د. قاسملوو لەسەر مێزی بەناو دانوستان ئەو ڕێگایەیان تاقی کردبووەوە، بەڵام ئەزموونیان لێ وەرنەگرتبوو؛ چونکە ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەو خوێندنەوەیەی لە مێژووی جووڵانەوەکانی کورد هەیانبوو، لەسەر ئەو بڕوایە بوون کە ئەگەر بتوانن ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە هەر شێوەیەکی مومکین لەسەر ڕێگا لابدەن، ئەو جووڵانەوە نەتەوەیی - دێموکراتیکەی کە حیزبی دێموکرات ڕێبەریی دەکات بە تەواوی لاواز دەبێت و ئیدی حیزبی دێموکرات ناتوانێت ببێتە کۆسپی سەر ڕێگەی سیاسەتە چەوتەکانی ڕێژیم لە کوردستان. بۆیە دوای تێرۆری د. قاسملوو، بەدوای ئاسەواری لاوازبوونی حیزبی دێموکرات و

جووڵانەوەی مافخوازانەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بوون.

بەڵام هەر زوو بۆیان دەرکەوت بە هەڵەدا چوون؛ چونکە لە دوای شەهیدبوونی د. قاسملووی ڕێبەر و کاریزما، لەگەڵ گەورەبوونی برینەکە، بە هیمەت و ئیرادەی د. شەرەفکەندی و ڕێبەریی حیزب و کادر و پێشمەرگە و پشتیوانیی خەڵکی کوردستان، حیزبی دێموکرات هەروا بە توانا و ئیرادەی بەهێزەوە لە مەیدانی خەبات بۆ وەدەستهێنانەوەی مافەکانی خەڵکی کوردستان مایەوە. ئەمەش بۆ دەسەڵاتدارانی تاران کە لەدایکبووی مەرگ و نەمانن قابیلی تەحەممول نەبوو؛ بۆیە کەوتنە داڕشتنی پلانی تێرۆری د. شەرەفکەندی، کە بەڵکوو بە نەمانی د. شەرەفکەندی، حیزبی دێموکرات و جووڵانەوەی مافخوازانەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەپێ بکەوێت.

یەکێکی دیکە لە هۆکارەکان بۆ تێرۆری د. شەرەفکەندی ئەوە بوو کە ناوبراو هەموو کات لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە بێ یەکگرتنی ئەو حیزب و ڕێکخراوانەی ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیمی ئێران کە باوەڕیان بە دێموکراسیی ڕاستەقینە و مافی گەلانی ئێران هەیە، کۆماری ئیسلامی ئەگەر لاوازیش بێت ناڕووخێت. بۆیە پێویستە ئۆپۆزیسیۆنی دێموکراسیخواز یەک بگرێت و ئەو یەکگرتنە لە هاوپەیمانییەکدا ڕەنگ بداتەوە.

سەبارەت بەو بابەتە، لە ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی نۆیەمدا کە بە دەستی د. شەرەفکەندی نووسراوە، ئاوا باسی زەروورەتی پێکهێنانی بەرەیەک لە ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیمی ئێران دەکات:

«پێکهاتنی بەرە بە مانای وەسەریەککەوتنی ئیمکاناتی جۆراوجۆری هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی، پێکەوەگرێدانی شێوە جۆراوجۆرەکانی خەبات بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ ڕێژیم، ئەرکێکی ئەساسییە کە بەداخەوە تا ئێستا بە ئەنجام نەگەیشتووە؛ هەرچەند قسەی زۆری لەسەر کراوە و هەوڵی زۆری لە زۆر لاوە - یەک لەوان ئێمە - بۆ دراوە... یەکێک لە پێویستییەکانی پێکهێنانی بەرە بریتییە لە پێکەوەدانیشتن و ئاڵوگۆڕی بیروڕا لە نێوان هێزە سیاسییەکان و گرتنی هەڵوێستی هاوبەش سەبارەت بە هێندێک مەسەلەی سیاسی. لەو مەیدانەشدا دەتوانین بڵێین کە حیزبی ئێمە بەتایبەت لەو چەند ساڵەی دواییدا چالاکییەکی باشی هەبووە و بە ئەرکی خۆمانی دەزانین کە ئەم ڕێوشوێنە نەک هەر درێژە پێ بدەین، بەڵکوو تا ئەو جێگایەی دەکرێت پەرەی پێ بدەین.»

هەروەکی باس کرا د. شەرەفکەندی باوەڕی بە یەکخستنی ئۆپۆزیسیۆنی دێموکراسیخوازی سەرتاسەریی ئێران هەبوو و زۆری پێوە ماندوو بوو؛ بەداخەوە دەبینین ئەو شەوەی کە کارەساتی میکۆنۆس ڕووی دا، د. شەرەفکەندی لە حاڵی وتووێژدا بوو لەگەڵ کۆمەڵێک کەسایەتیی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لە دەستەی جۆراوجۆر. دەسەڵاتدارانی تاران لەو هەوڵ و کۆششانەی د.

سادق شەرەفکەندی بۆ یەکخستنی ئۆپۆزیسیۆنی دێموکراسیخواز ترسیان لێ نیشتبوو و دەبووایە بەربەستی بۆ دروست بکەن. د. شەرەفکەندی وەک د. قاسملوو لەسەر ئەو ڕێبازە سوور بوو کە پێویستە پرسی کورد بەنێونەتەوەیی بکرێت؛ بۆیە هەموو هەوڵی ئەوە بوو لە کەشوهەوای دوای ڕووخانی یەکێتیی سۆڤیەت و پەرەسەندنی هەستی نەتەوایەتی لە نێو گەلانی ئەو یەکێتییەدا، پرسی کوردیش ببێتە پرسێکی نێونەتەوەیی و بچێتە سەر مێزی دەستووری کاری دەوڵەتان. لەو ڕێگایەدا و لەو ماوە کورتەدا کە سکرتێری گشتیی حیزب بوو، هەوڵێکی زۆری دا کە بتوانێت ڕێچکەی د. قاسملوو لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا ڕەچاو بکات. دەسەڵاتدارانی تاران لەو هەوڵ و چالاکییانە هەراسان ببوون و نەیاندەویست لە بارودۆخی ئەو کاتادا کە هێشتا هێزی پێشمەرگە پێی لە خاکی کوردستان بە تەواوی نەبڕابوو، د. شەرەفکەندی وەک ڕێبەر و کاریزمایەک لە دنیای سیاسەتی دەرەوەدا، دوای د. قاسملوو وەک دژبەری سەرەکیی کۆماری ئیسلامی دەربکەوێت.

دەبینین بەڕێوەبەریی لێهاتووانەی د. شەرەفکەندی لە ئیدارەدانی حیزب لە دوای شەهیدبوونی د. قاسملوو، هەوڵدان بۆ کۆکردنەوەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی دێموکراتیک، و هەوڵدان بۆ بەنێونەتەوەییکردنی پرسی کورد، ئەو هەستەی لە نێو تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتدا بەهێز کردبوو کە بێقاسملوویی پێوە دیار نەبێت؛ لە هەمان کاتیشدا ئەو ترسەی لای کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی خوڵقاندبوو کە د. سادق شەرەفکەندی بە خێرایی جێگەی د. قاسملوو پڕ دەکاتەوە.

هەموو ئەو هۆکارانە و دەیان هۆکاری دیکە هەبوون و هەن بۆ دوژمنایەتیی ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان؛ بۆیە دووبارە هەڵەی تیرۆری د. قاسملوویان ئەمجارە بە شێوەیەکی تر و لە شوێنێکی تر دووپات کردەوە، بەڵام ئەمجارە ئیتر بە تەواوی لە دوو بواردا بە هەڵەدا چووبوون:

یەکەم: ئەو وڵات و ئەو شوێنەی بۆ ئەنجامدانی تیرۆرەکە هەڵیانبژاردبوو.

دووەم: تاقیکردنەوەی دووبارەی کردەوەی قێزەونی تیرۆر لەسەر ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان.

وڵاتی ئاڵمان، ئەو شوێنەی تیرۆری د. شەرەفکەندی و هاوڕێکانی لێ ئەنجام درا، نەیتوانی لەبەر بیروڕای گشتیی خۆی و سەربەخۆبوونی دەزگای دادوەری، وەک وڵاتی نوتریش بێدەنگی لە تاوانەکە بکات؛ بۆیە لەسەر ئەو تاوانە دادگایەک پێکهات کە بە دادگای میکۆنۆس (واتە ئەو ڕێستوورانەی کارەساتەکەی لێ ڕوودابوو) ناوی دەرکرد و دوای سێ ساڵ و نیو دادگا بڕیاری مەحکوومکردنی دەسەڵاتدارانی باڵای تارانی دا. بڕیاری دادگای میکۆنۆس بوو بە هۆکاری (هەرچەند بۆ ماوەیەکی کەمیش بووبێت) تەریککەوتنەوەی کۆماری ئیسلامی لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، بەتایبەتی لە ئورووپا، و ئەوە

زەبرێکی قورس بوو بۆ سیاسەتی دەرەکیی کۆماری ئیسلامیی ئێران.

لە لایەکی دیکەوە، هەرچەند تیرۆرکردنی د. شەرەفکەندی لە کاتێکدا بوو کە هێشتا ژانی برینی شەهیدبوونی د. قاسملوو بە جەستەی حیزبی دێموکراتەوە هەست پێ دەکرا، بەڵام بە هەوڵ و ئیرادەی خەباتکارانی حیزبی دێموکرات، دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی نەگەیشتن بەو ئامانجەی بەدوایەوە بوون، کە جووڵانەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لاواز بێت و حیزبی دێموکراتی کوردستان پەرتەوازە ببێت.

د. قاسملوو لە خاکەلێوەی ساڵی ١٣٦٨دا، واتە سێ مانگ پێش شەهیدبوونی، لە باسێکدا لەسەر مێژووی ڕێبەرایەتیی حیزب بەم جۆرە باس لە زیندووبوونی حیزب دەکات:

«ئێستا دەتوانین ئومێدەوار بین ئەگەر بەشێکی زۆری ئەم ڕێبەرایەتییەش نەمێنێت - کە ئەوە شتێکی سروشتییە، یا شەهید بێت، یا تەمەنی وای لێ بێت نەتوانێت کار بکات - پێم وایە لە ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتدا ئیدامەکاری هەر بەردەوام دەبێ... ئەمە گەورەترین سەرکەوتنی حیزبەکەمانە کە وەزعێکی ئاوای پێکهێناوە ئەگەر نەک دوو، بەڵکوو چەند کەس لەو ڕێبەرایەتییەدا نەمێنن، دیسان ئەو ڕێبەرایەتییە بە ڕێبازی خۆی درێژە دەدات...»

ئەو وتانەی ڕێبەری شەهیدمان د. قاسملوو، هەڵقوڵاوی دەروونی تاک بە تاکی ئەندامانی حیزبە؛ و دەبینین دوای شەهیدبوونی د. قاسملوو و د. شەرەفکەندی و سەدان شەهیدی دیکەی کادر و پێشمەرگە و ئەندامی ڕێبەری، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە نێو گەردەلوولی ڕووداو و کارەساتەکانی ناوچەکەدا، هەروا قورس و قایم بەپێوە لە مەیدانی خەباتدا بۆ وەدەستهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد ڕاوەستاوە و بەرەو لووتکەی سەرکەوتن هەنگاو دەنێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢٦ی خەرمانانی ٢٧٢٦

سادق شەڕەفکەندی؛ ئەو سەرکردەیەی کۆماری ئیسلامی لێی دەترسا



سەحەر شەمسی

١- شەڕەفکەندی کێ بوو؟ بۆچی گرنگ بوو؟

د. سادق شەڕەفکەندی، ناسراو بە مامۆستا شەڕەفکەندی، مامۆستای کیمیا بوو، بەڵام ژیانی کردە قوربانیی سیاسەت. دوای تیرۆری د. قاسملوو لە ڤیەننا لە ساڵی ١٩٨٩، زۆر کەس وای دەزانی حیزبی دێموکرات کۆتایی دێت، بەڵام شەڕەفکەندی لە ماوەیەکی کەمدا حیزبەکەی لە دابەشبوون ڕزگار کرد.

پێشەکی

لە مێژووی بزووتنەوەی کورددا، ١٧ی ئەیلوولی ١٩٩٢ وەک ڕۆژێکی ڕەش و خوێناوی تۆمار کراوە. لەو ڕۆژەدا لە ڕێستۆرانتی میکۆنۆسی شاری بەرلین، چوار کەسایەتیی دیاری کورد و ئۆپۆزسیۆنی ئێران تیرۆر کران. ئەم تیرۆرە دواتر بە یەکێک لە

گەورەترین دۆسیەکانی تیرۆری دەوڵەتی لە ئەورووپا ناسرا.

خاڵی بەهێزی شەرەفکەندی لەوەدا بوو کە کەسێکی زۆر رۆشنبیر و دیپلۆمات بوو. زمانی فەرەنسی و ئینگلیزیی بە باشی دەزانی و پەیوەندییەکی زۆر باشی لەگەڵ حیزبە سۆسیال - دیموکراتەکانی ئەورووپا و رێکخراوەکانی مافی مرۆڤدا هەبوو. ئەو توانی پرسی کورد بباتە ناو پەرلەمانی ئەورووپا و کۆنگرەی ئینتەرناشناڵی سۆسیالیست و بیکاتە پرسێکی جیهانی. هەروەها بڕوایەکی زۆری بە یەکێتیی ئۆپۆزسیۆن هەبوو. لە ساڵانی ٩٠ - ٩٢، هەوڵی دەدا هەموو ئۆپۆزسیۆنی ئێران لەژێر چەترێکدا کۆ بکاتەوە بۆ دیموکراسی. ئەمەش ئەو شتە بوو کە تاران زۆرترین ترسی لێی هەبوو.

٢- ڕۆڵی کۆماری ئیسلامی؛ تیرۆر وەک سیاسەتی دەوڵەت

تیرۆری میکۆنۆس، ڕووداوێکی لەناکاو نەبوو، بەڵکو بەشێک بوو لە پڕۆژەیەکی گەورە بە ناوی "سڕینەوەی ئۆپۆزسیۆن لە دەرەوە."

بەپێی دادگای میکۆنۆس، فەرمانی تیرۆری شەرەفکەندی لەلایەن لیژنەیەکی تایبەتەوە دراوە کە لە بەرزترین ئاستی کۆماری ئیسلامیدا بووە و پێکهاتبوو لە: عەلی خامنەیی، هاشمی رەفسەنجانی، عەلی فەلاحیان و عەلی ئەکبەر ویلایەتی. وەزارەتی ئیتلاعات جێبەجێی کردووە، باڵوێزخانەی ئێران لە بەرلین پشتیوانیی لۆجستیی کردووە و تیمێکی حیزبوڵڵای لوبنانی کە لە ئەڵمانیا دەژیان، تەقەکەیان کردووە.

ئامانجی کۆماری ئیسلامی سڕینەوەی سەرکردایەتیی دیپلۆماسیی کورد و ناردنی پەیامێک بوو بۆ هەموو ئۆپۆزسیۆن کە هیچ شوێنێک بۆتان ئارام نییە.

ئەنجام:

بەڵام ئەنجامەکەی پێچەوانە بووەوە. دادگای بەرلین لە ساڵی ١٩٩٧ بۆ یەکەمجار لە مێژوودا، حکوومەتێکی لەسەر کار لە ئێران وەک بەرپرسی تیرۆر ناساند و ئەمە بووە بەڵگەیەکی یاسایی کە تا ئەمڕۆش لە هەموو دادگایەکی مافی مرۆڤدا دژی کۆماری ئیسلامی بەکار دێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی یەکیەتیی ژنان - ڕێکەوتی: ١٧ی سێپتەمبەری ٢٠٢٦

کەریم پەرویزی: خەباتێک توانای خۆنوێکردنەوەی سیستماتیکی هەبێ، هەرگیز بە تیرۆری ڕێبەرەکانی تووشی نسکۆ نابێت

وتوویژ: شەهرام سوبحانی

ئاماژە:

شەهیدکردنی دوکتور سادق شەرەفکەندی و هاوڕێیانی لە کارەساتی میکۆنۆسدا، زەبرێکی دژوار بوو لە جەستەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد، بەڵام نەیتوانی ئیرادەی حیزبی دێموکرات بۆ بەردەوامی لە خەبات ڕابگرێت. لەم وتوویژە تایبەتەدا، کەریم پەرویزی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، تیشک دەخاتە سەر تایبەتمەندییە هۆشیار و دیپلۆماسییەکانی دوکتور سەعید و جەخت لەوە دەکاتەوە کە سیستماتیکبوونی حیزب و ڕەگداکوتاویی قوتابخانەی قاسملوو بووە هۆی تێپەڕاندنی ئەو قەیرانە قورسە. پەرویزی ئاماژە بە گرنگیی مێژوویی بڕیاری دادگای میکۆنۆس دەکات وەک یەکەم بەڵگەی نێودەوڵەتی لەسەر تێرۆریستبوونی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی و هاوکارانی. هەروەها جەخت لە زیندووبوونی ستراتیژیی دوکتور شەرەفکەندی بۆ دروستکردنی هاوپەیمانی لەگەڵ هێزە دێموکراتەکانی ئێران و گەیاندنی دەنگی کورد بۆ ناوەندە جیهانییەکان دەکاتەوە، و دووپاتی دەکاتەوە کە توانای خۆنوێکردنەوەی سیستم و ئامادەیی نەوەی نوێ، گەرەنتیی بەردەوامیی ئەم ڕێبازەن.

شەهرام سوبحانی: دوکتور سادق شەرەفکەندی لە قۆناغێکی پڕ لە گۆڕانکاری و پاش دوکتور قاسملووەوە سەرکردایەتیی

حیزبی گرتە دەست؛ بە ڕای بەڕێزتان، تایبەتمەندییە هۆشیار و دیپلۆماسییەکانی ئەو لە گواستنەوەی خەباتی کورد بۆ ناوەندە ئورووپاییەکان چی بوون کە دەسەڵاتی ئێرانی هێنایە سەر ئەو باوەڕەی کە دەبێت لەناو ببرێت؟

کەریم پەرویزی: دوکتور قاسملووی نەمر ڕێبەری کاریزماتیک و داڕێژەرەوەی بناغەی سیستمی حیزبی دێموکرات بوو کە وەهای داڕشتەوە کە بە وتەی خۆی چیدی خەباتی کورد گرێدراوی تاکێک نەبێت و سیستمی حیزبی دێموکرات بتوانێ توانای خۆگۆڕین و خۆڕێکخستنی لەگەڵ دۆخ و پێشهات و کەشی نوێدا هەبێت. یەکێک لەو دڵڕاوکێیانەی دوکتور قاسملوو ئەوە بوو کە حیزبی دێموکرات وەها سیستمێکی خەبات و ڕێکخستنی هەبێت کە بە شێوەی خۆبەخۆیی، بتوانێ لە دۆخە دژوارەکاندا ڕێبەرییەکەی نوێ بکاتەوە و نە چەقبەستوو بێت و نە بە نەمانی کەسێک یان تەنانەت گرووپێک لەو ڕێبەرییەدا خەباتی نەتەوەیی دێموکراتیک تووشی نسکۆ نەبێت.

لەسەر ئەم بنەما بیرکردنەوەییە بوو کە کاتێک کارەساتێک وەک تێرۆری ڤییەن و شەهیدکرانی دوکتور قاسملوو بە دەستی تێرۆریستانی نێردراوی کۆماری ئیسلامی ڕوو دەدات، ڕێبەریی حیزبی دێموکرات لەو دۆخە دژوارەی دوای ئاگربەستی شەڕی ئێران و عێراقدا کە گۆڕەپانی هەڵسووڕان بەتەواوی بەرتەسک کرابووەوە، شان دەداتە بەر کارەسات و لێی دەرباز دەبێت و خۆی ساز و ساخ دەکاتەوە و دوکتور سەعید وەکوو هاوڕێی ڕاستەقینە و جێگرەوەی شیاو و بەهەڵوێستی دوکتور قاسملوو دەکاتە سکرتێری حیزبەکە.

کۆماری ئیسلامی بۆ ئەژنۆشکاندن و ملپێکەچکردنی خەباتی کورد و حیزبی دێموکرات، پیلانی لە نێوبردنی ڕێبەری بزووتنەوەکە واتە دوکتور قاسملووی بەڕێوە برد و پێی وابوو بە نەمانی دوکتور قاسملوو لە مێشکی بزووتنەوەی داوە و تووشی لەکارکەوتنی مێشکیی دەکات. بەڵام لە مەیداندا، بوونی دوکتور سەعیدی تیژبیر و بەهەڵوێست، ئەو خەونە چەپەڵەی ڕێژیمی داگیرکەری بەتاڵ کردەوە و دوکتور سەعید بە توانا و لێوەشاوەیی و بیری تیژی ڕێبەرایەتیکردنی خەبات، نیشانی دا کە قوتابخانەی قاسملوو ڕەگی داکوتاوە و مامۆستای نوێی تێدا هەیە کە دەتوانێ پێ بخاتە جێ پێی ڕێبەری نەمری.

دوکتور سەعید خاوەن تیۆریی داڕشتنەوەی خەبات و ڕێکخستنەوەی جەماوەر و وەسەریەکخستنەوەی هێزە جۆربەجۆرە هاوشانەکانی نێو ئێران و هەروەها گرێدانی بە هەستی گشتیی نێونەتەوەیی بوو، بۆیە لە ماوەیەکی کورتدا توانی ببێتە تیشکی ڕووناکیی نەتەوەکەی و ئازاردەری چاوی بیرتەسک و بەتاریکی ڕاهاتووانی ویلایەتی فەقیهی. ئەمە ئەو هۆکارە سەرەکییە بوو کە شەمشەمەکوێرەکانی ڕاهاتوو بە ئەشکەوتی دواکەوتوویی لێی بێزار بوون و بۆیە پیلانی دووبارە

گورزووەشاندنەوە لە مێشکی ڕێبەری بزووتنەوەی نەتەوەیی دیموکراتیکی کوردستانیان دارشتەوە.

شەهرام سوبحانی: لە ڕوانگەی بەڵگەنامە و زانیارییە نێوخۆییەکانی حیزبەوە، چ زانیارییەکی ورد یان پەیوەندییەکی نهێنی لەسەر چۆنیەتیی دارشتنی پیلانی تیرۆری میکۆنۆس هەیە کە تا ئێستا لە دادگاکان یان ڕای گشتیدا بە تەواوی باس نەکراوە و پێویستە بۆ مێژوو تۆمار بکرێت؟

کەریم پەرویزی: بەخۆشییەوە دادگایەکی دادپەروەرانەی وڵاتێکی دیموکراتیک ڕۆڵی مێژوویی خۆی گێڕا و سەرەڕای هەموو هەوڵەکانی کۆماری ئیسلامی و دەستوپێوەندییەکانی بۆ بێدەنگکردن و بەلاڕێدا بردنی ئەو دادگایە، بەڵام قازیی دادپەروەر و بوێری دادگای میکۆنۆس لەسەر ڕێچکەی دادئەستێنیی خۆی سوور بوو و تەسلیمی پەلەقاژەکانی کۆماری ئیسلامی نەبوو.

وێڕای ئەوەی کە دادگا بڕیاری دا و ڕێبەری کۆماری ئیسلامیی لە ئاستی هەرە بەرزدا مەحکووم بە بڕیاردەری تێرۆریستی کرد و بوو بە بەڵگەیەکی نێودەوڵەتی بۆ سەلماندنی تێرۆریستبوونی ڕێژیمی تاوانباری خومەینی و خامنەیی،

بەڵام یەک دوو خاڵی مێژوویی هەیە کە پێویستە وەبیریان بێنینەوە و ئاماژەیان پێ بدەین:

یەکەم؛ بڕیاری دادگای میکۆنۆس یەکەم بەڵگەی نێودەوڵەتیی سەلماندنی تێرۆریستبوونی کۆماری ئیسلامی و ئایدۆلۆژییە تێرۆریستییەکەیەتی.

دووەم؛ ڕێکخراوی تێرۆریستیی حیزبوڵڵای لوبنان، کە هی وڵاتێکی دیکە بوو و هیچ گرێدراوییەکی بە پرسی کوردەوە نەبوو، بەڵام چونکە گرووپێکی دژەمرۆیی تێرۆریستییە، بە فەرمانی ڕێبەرانی ڕێژیمی تاران، تیمی تێرۆریستیی نارد تاکوو لە کردەوەی تێرۆرکردنی دوکتور سەعیدی شەهیددا هاوکار و هاوتاوانی کۆماری ئیسلامی بن کە بەخۆشییەوە ڕێبەری حیزبوڵڵا لە بەیرووت بە بۆمبی چەندین تۆنی بە سزای تێرۆریستبوونی گەیشت!

سێیەم؛ هەندێ ڕێکخراو و هەندێ دەسەڵات ڕۆڵی باشیان لە گەیاندنی زانیاری بە دادگای میکۆنۆس و یارمەتیدانی ئەو دادگایە و هەروەها ئیفشاکردنی پەلەقاژەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ بێدەنگکردنی دادگا هەبوو.

کۆماری ئیسلامی گوشاری بۆ هەندێ لە کەسانی نێودەوڵەتیی ئاڵمان هێنابوو کە ئەو پەراوەیە لە ڕەوتی خۆی دوور بخرێتەوە و دادگا دابخرێت، بەڵام ئەو زانیارییانەی ئەو ڕێکخراو و دەوڵەتانە، پێشی بەو هەوڵە نگریسانەی ڕێژیمی

ئێران گرت.

شەهرام سوبحانی: دوکتور سادق شەرەفکەندی باوەڕێکی قووڵی بە دێموکراسی بۆ ئێران و هاوکات مافی دیاریکردنی چارەنووسی کورد هەبوو، و هەمیشە جەختی لەسەر هاوپەیمانی لەگەڵ هێزە ئۆپۆزیسیۆنە ئێرانییەکان دەکردەوە. لە ئێستادا، کە هەندێک جار ڕەخنە لەم جۆرە هاوکارییانە دەگیرێت، کۆمیتەی ناوەندی چۆن ئەم ستراتیژە سیاسییەی دوکتور سادق وەک میراتێکی فیکری بۆ داهاتوو هەڵسەنگاندن بۆ دەکات؛ ئایا ئەم ڕێبازە هێشتا وەک خۆی زیندووە یان پێویستی بە پێداچوونەوە هەیە؟

کەریم پەرویزی: ئەو ستراتیژییەی کە دوکتور سەعید شەرەفکەندی پێڕەویی لێ دەکرد، هەمان سیاسەتی داڕێژراو و پێڕەوکراوی حیزبی دێموکراتە کە چەندین دەیەیە هەبوو و هەیە و خەتێکی بنەمایی سیاسەت لەم حیزبەدایە. حیزبی دێموکرات لەسەر بنەمای خەبات بۆ گەیشتن بە مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەی کورد، لەسەر خاکی خۆی و بە دەستی خۆی داڕێژراوە و هەر بۆیە لە چاوی نیشتمانەوە دەڕوانێتە ڕابردوو، ئەمڕۆ و داهاتوو. هەر لەو چاو و ڕوانگەیەوە دەڕوانێتە سیاسەت و واقیع و دەوروبەریش.

لەو ئاراستەیەدایە کە بۆ گەیشتن بە مافی ئەم نەتەوە بێبەشکراوە لە سەرەتاییترین مافەکانی، هەم تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردستان ڕێک دەخات و هەم لە نێو گۆڕەپانی ئێراندا بەدوای کەسان و ڕێکخراوی وادا دەگەڕێت کە گوێیان بۆ بیستنی دەنگی ئازادی هەبێت و خەمی مرۆڤیان لە دڵدا هەڵگرتبێت. لە ئاستی نێونەتەوەییشدا بەدوای ئەو قوژبنانەدا دەگەڕێت کە تێیاندا دەکرێ باس لە ئاشتی لەسەر بنەمای یەکسانیی مرۆڤەکان و هاوتایی نەتەوەکان و دادپەروەری لە ژیانی کۆمەڵگەکاندا بکرێت.

حیزبی دێموکرات، حیزبێکی پەرلەمانی نییە تا تەنیا لە یاسا باوەکاندا بەدوای مافی نەتەوەکەیدا بگەڕێت، بەڵکوو حیزبێکی شۆڕشگێڕە، بەو مانایە کە دۆخی هەنووکەیی بە نادادپەروەرانە و ستەمکارانە دەبینێت و دەیەوێت لە بنەڕەتەوە بیگۆڕێت.

هەر لە هەمان کاتیشدا واقیعی ژیانی سیاسی لە ناوچەکە دەبینێت و بۆ گەیشتن بە ئاواتەکانی نەتەوەکەی بەدوای هاوپەیماندا لە نێو چوارچێوەی گوتارێکدا دەگەڕێت کە دەتوانێت دادپەروەری و ئازادی هەم بۆ کورد و هەم بۆ نەتەوەکانی دیکە لە ئێراندا وەدی بێنێت.

لێرەوەیە کە دوکتور شەرەفکەندی دەبینین کە هەم لە نێو کورددا بەدوای پێکەوەبوونی سیاسیدا دەگەڕێت و هەم لە نێو ئێراندا حیزب و ڕێکخراو و کەسایەتیی دێموکرات دەبینێتەوە و لەگەڵیان دادەنیشێت تاکوو خەباتی هەمەلایەنە و هاوشان بەڕێوە ببرێت و ڕێک بخرێت.

هەر لە کۆبوونەوەی ئینتێرناسیۆناڵی سۆسیالیستدا دیەوێت گوتاری جیهانی ئاوڕ لە گوتاری کورد بداتەوە و هەر لەوێوە دەڕواتە نێو کۆبوونەوەیەک لەگەڵ ڕێکخراوە ئێرانییەکان تاکوو هانیان بدات هاوکاریی کردەییمان بۆ گۆڕینی سیستمی سیاسی و گوتاری فیکری لە ئێرانی بندەستی دیکتاتۆری و فاشیستیدا هەبێت.

شەهرام سوبحانی: دادگای میکۆنۆس و بڕیارە مێژووییەکەی لە دژی دەسەڵاتدارانی باڵای کۆماری ئیسلامیی ئێران خاڵێکی وەرچەرخان بوو؛ حیزبی دێموکرات لەو سەرکەوتنە دادوەرییەدا چۆن توانی دەستکەوتی سیاسی بۆ دۆزی کورد مسۆگەر بکات و ئەم ئەزموونە چۆن بۆ داهاتوو دەپارێزرێت؟

کەریم پەرویزی: ئەم بڕیارەی دادگا سەلماندی کە:

یەکەم؛ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ڕێژیمێکی تێرۆریستییە و تێرۆریزم لەم ڕێژیمەدا تەوجیە و پاساوهێنانەوەی ئایدۆلۆژیکی بۆ دەکرێت.

دووەم؛ ڕێژیمی حاکم لە تاران بە زۆرەملێ و کوشتار و تێرۆر حوکمڕانی دەکات و خواستی خەڵک نییە.

سێیەم؛ ڕێژیمی ویلایەتی فەقیهی ڕێژیمێکە کە هەوڵی لە نێوبردن و سڕینەوەی کەمینە نەتەوەیی و جیاوازەکان دەدات.

چوارەم؛ کورد لە ئێراندا نەتەوەیەکە کە بەدوای مافی خۆی کەوتووە و قوربانیی دەستی تێرۆریزمی حکوومەتییە.

پێنجەم؛ داواکان و تێگەیشتنەکانی کورد و کوردستانیان لەگەڵ گوتاری جیهانی و گشتیدا یەک دەگرنەوە و بیری تەسکی حکوومەتی تاران ڕێک پێچەوانەی خێری گشتی و ئاسایشی جیهانییە. هەر بۆیە دەبینین کە لە ئێستادا ڕێژیمی تاران بەر بۆمب و مووشەکی ئەمریکا دەکەوێت و کورد وەکوو هاوپەیمانێکی ئیحتمالیی جیهانی ئازاد چاوی لێ دەکرێت!

شەهرام سوبحانی: دوای شەهیدبوونی دوکتور سادق، حیزب ڕووبەڕووی شەپۆلێکی قورسی گوشار بووەوە؛ کۆمیتەی ناوەندی چۆن توانی ڕێگری لە پووکانەوەی ڕێکخراوەیی بکات و پەیامی «خەبات بەردەوامە» بگەیەنێتە دەستی نەوەی نوێ؟

کۆمەڵێک وتارو لێدوان

کەریم پەرویزی: ئەم حیزبە ڕێکخراوێکی موجەڕەد و سازماندەری نێوان تاکەکان بۆ بەرژەوەندییەکی کاتی نییە، تاکوو لە دۆخی دژواردا زۆر ئاسان بکەوێتە ژێر گوشار و وشەی پووکانەوەی بۆ بەکار بهێنرێت.

حیزبێکە کە لە بیری نێو قووڵایی کۆمەڵگەوە هەڵقوڵاوە و لەسەر بنەمای ڕێکخستنی هێزەکانی کۆمەڵگەی کوردستان لە پێناو ئاواتەکانیان و گەیشتن بە دیدگا و خواستە دادپەروەرانە و ئازادیخوازەکانیان دامەزراوە.

حیزبێکە کە بە سیستمێکی دێموکراتیک و خەباتکارانە و شۆڕشگێڕانە داڕێژراوە و ئەم سیستمە دەبێ و دەتوانێ قۆناغ بە قۆناغ لەگەڵ پێداویستییەکانی هەر پلەیەکدا خۆی بگونجێنێتەوە.

پەیامی «خەبات بەردەوامە»، لە نێو قووڵایی ویستی گەنج و لاو و ژن و پیاوی کۆمەڵگەوە سەرهەڵدەدات و هەر بە پیرەوەچوونی ئەو ڕوانینە و جێخستنەوە و جێگرتنەوەی هێزەکانی خەبات و تێگەیشتنی سیاسی و شۆڕشگێڕانەدا، ئەم سیستمە ئەو کات توانی قورس و قایم لە بیاڤی تێکۆشاندا بمێنێتەوە و لە داهاتووشدا بە لەبەرچاوگرتنی هەمان ڕێڕەوەکانی قوتابخانەی هزری دەتوانێت ڕێبەری خەبات بێت.

خەبات گەر بەسیستم کرا و سیستمێکی ئەمڕۆیی بۆ دامەزرا و ئەم سیستمە توانای خۆنوێکردنەوەی هەبوو، بەردەوام دەبێت. خەباتێک کۆسپی دێتە سەر ڕێ و نیگەرانیی بەردەوام نەبوونی لێ دەکرێت کە یان گوتارەکەی بە لاپەڕەکانی مێژوو ئەسپێردرابێت یان توانای خۆنوێکردنەوەی سیستماتیکی نەبێت.

شەهرام سوبحانی: ئەگەر ئەمڕۆ دوکتور سادق شەرەفکەندی لەگەڵ نەوەی نوێی ڕۆژهەڵات قسە بکات، کام پەیام یان ڕستەی لە وتارەکانیدا وەکوو مێتۆدێکی ڕزگاریبەخش بۆ داهاتووی ئەم خەباتە پێشکەش دەکەن؟

« **کەریم پەرویزی**: میللەتێک چاومان لێ دەکات.»

٢ی ڕەزبەری ٢٧٢٦

میکۆنۆس، جینایەتێکی لەبیرنەکراو و زامێکی ساڕێژنەبوو!

هەیاس کاردۆ

سەرەتا

مێژوو تەنیا تۆمارکردنی زنجیرەی ڕووداوەکان نییە، بەڵکوو تۆمارکردنی ئەو چرکەساتانەیە کە ئاراستەی ژیان و خەبات دەگۆڕن. هەر ڕووداوێک مێژوو دروست ناکا؛ بەڵکوو ئەو وەرچەرخانانە مێژوو دەخوڵقێنن کە کاریگەری لەسەر چارەنووسی

بەکۆمەڵی نەتەوەیەک یان بەشێکی بەرچاو لە کۆمەڵگە دادەنێن.

شەوی ١٧ی سێپتامبری ساڵی ١٩٩٢ی زایینی، لە ڕێستۆرانی «میکۆنۆس»ی شاری بێرلینی وڵاتی ئاڵمان، شەوێکی ئاسایی نەبوو؛ بەڵکوو ساتەوەختێکی مێژوویی و چارەنووسساز بوو. لەو شەوەدا، کۆماری ئیسلامیی ئێران لە لووتکەی بێباکیدا، «تێرۆری دەوڵەتی» وەک ئامرازێکی سیاسی بەکار هێنا تا لەو ڕێگەیەوە دەنگی ئازادیخوازیی گەلێکی ڕاپەڕیو کپ بکات. لەو شەوە شوومەدا، دوکتور سادقی شەرەفکەندی، جێنشینی شەهید دوکتور قاسملووی نەمر و سکرتێری گشتیی ئەوکاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، هاوڕێ لەگەڵ فەتاح عەبدولی نوێنەری حیزب لە ئورووپا، هومایوون ئەردەڵان نوێنەری حیزب لە ئاڵمان، و نووری دێهکوردی دۆستی نزیکی حیزب، لە کاتێکدا لەگەڵ ژمارەیەک لە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی خەریکی بیروڕاگۆڕینەوە بوون، کەوتنە بەر دەستڕێژی گوللەی تێرۆریستانی نێردراوی ڕێژیم و شەهید کران.

ئەم جینایەتە، تەنیا تێرۆرکردنی چوار تێکۆشەر نەبوو، بەڵکوو پەلامارێکی ئاشکرا بوو بۆ سەر ئیرادەی سیاسی، ئازادیی بیروڕا و ئەو بەها دێموکراتیکانەی کە شەرەفکەندی و هاوڕێیانی تەمەنیان لە پێناودا بەخت کرد.

میکۆنۆس؛ دڕاندنی پەردەی بێدەنگی و ڕووتکردنەوەی جینایەت!

دەرەنجامی دادگای «میکۆنۆس» لە بێرلین، یەکێک لە گرنگترین ڕووداوە سیاسی و یاساییەکانی مێژووی هاوچەرخی ئێرانە. ئەو دادگایە بە ڕوونی و ڕاشکاوی ڕایگەیاند کە بڕیاری ئەو تێرۆرە لە «کۆمیتەی کاروباری تایبەت» لە تاران دەرچووە، کە پێکهاتەیەکی سەرەکیی دەسەڵاتی سیاسی و ئەمنیی ئێران پێک دەهێنێت. ئەو بڕیارە ئازایانەیەی دەزگای دادوەریی ئاڵمان، ماسکی دووڕوویی لە ڕوخساری کۆماری ئیسلامی داماڵی و سەلماندی کە تێرۆر تەنیا کاری چەند کەسێکی سەرکێش نەبووە، بەڵکوو سیاسەتێکی ستراتیژی و بەرنامە بۆ داڕێژراوی دەوڵەت بووە کە لەلایەن باڵاترین بەرپرسانی ڕێژیمەوە بڕیاری لەسەر دراوە.

تێرۆری دوکتور شەرەفکەندی، یەکەم هەڵمەتی تێرۆریستیی کۆماری ئیسلامی دژ بە ئازادیخوازانی ئێران و بەتایبەت بزووتنەوەی مافخوازانەی کورد نەبوو. لەو نێوەندەدا، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەک شێلگیرترین و بەهێزترین هێزی سیاسیی نەیاری ڕێژیم، کەوتبووە بەر زۆرترین شاڵاوی تێرۆر. تەنیا سێ ساڵ پێشتر بوو کە لە ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕی ١٣٦٨دا (١٣ی ژوویيەی ١٩٨٩)، ڕێبەری ناوداری کورد دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو سکرتێری گشتیی ئەوکاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، وێڕای کاک عەبدوڵڵا قادری ئازەر نوێنەری حیزب لە دەرەوەی وڵات، و دوکتور فازڵ ڕەسووڵ، لە شاری ڤییەنی وڵاتی ئۆتریش و ڕێک لەسەر مێزی وتوویژ تێرۆر کران. بوونی دوکتور شەرەفکەندی وەک

جێنشینی شایستەی دوکتور قاسملوو، بۆشایی نەمانی ئەو ڕێبەرە مەزنەی پڕ کردبووەوە؛ چونکە ناوبراو چ لە ڕووی پێگەیشتوویی سیاسی و شارەزایی دیپلۆماسی و چ وەک سەرکردەیەکی مەیدانی، بە تەواوی جێی متمانەی هەمووان بوو. بەداخەوە، دەزگای تیرۆری ڕێژیم مەودای نەدا زیاتر بمێنێتەوە تا بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە تواناکانی زیاتر بەهرەمەند بێت.

کاردانەوەی کارەساتی تیرۆری میکۆنۆس، چ لە ڕووی مرۆیی و چ لە ئاستی سیاسی و یاساییدا، دەنگدانەوەیەکی بەرفراوانی نێودەوڵەتیی لێکەوتەوە. بڵاوبوونەوەی وێنەی نێو خوێنی ئەو شەهیدانە، شەپۆلێکی گەورەی هاوسۆزیی خوڵقاند کە تا ئەو کاتە نە حیزبی دێموکرات و نە بزووتنەوەی کورد لە ئێران وێنەی نەدیبوو. هەرکەس چاوی بە دیمەنەکان دەکەوت، دەیهێنایە پێش چاوی خۆی کە چۆن سەرکردەیەکی خاوەن قەڵەم، دیپلۆمات و خاوەن ڕوانگەی بەرزی سیاسی، بووەتە قوربانیی ڕقی کوێرانەی ڕێژیمێکی خوێنرێژ و بێبەزەیی؛ ڕێژیمێک کە توانای بیستنی بچووکترین دەنگی جیاوازی نییە و تەنیا زمانی فیشەک و پەتی سێدارە دەزانێت. ئەوەی لە بێرلین ڕووی دا، دەرخەری ترسی قووڵی دەسەڵات بوو لە بیروباوەڕەکانی شەرەفکەندی. شەرەفکەندی دەیزانی کە بزاڤی ئازادیخوازی لە ئێراندا، بەبێ دێموکراسی و چارەسەری پرسی نەتەوەکان و لەسەرووی هەموویانەوە کورد، هەنگاوێک بەرەو پێش ناچێت. بێگومان بەرجەستەکردنی دێموکراسی و مافە نەتەوەییەکان، گەورەترین هەڕەشە بوو بۆ سەر بیرکردنەوەی ژەنگهەڵاتووی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی.

بەردەوامیی جینایەت لە میکۆنۆسەوە تا ئەمڕۆ!

ئەگەر سەیری ڕەوتی ڕووداوەکانی چەند دەیەی ڕابردووی دوای تیرۆری میکۆنۆس بکەین، بۆمان دەردەکەوێت کە نێوەرۆکی ئەو ڕێژیمە هیچ گۆڕانێکی بە باری ڕیفۆرم و چاکسازیدا تێدا پێک نەهاتووە. ئەوەی گۆڕاوە تەنیا شێوازەکانی سەرکوت و جینایەتە. تیرۆری دوکتور شەرەفکەندی بەشێک بوو لە «پلانی تیرۆری دەرەکی» کە دوای ئاشکرابوون و لە قاودرانی، ئیتر ڕێژیم نەیتوانی وەک پێشوو لە وڵاتانی دیکە درێژەی پێ بدات. لە ڕاستیدا دەکرێ بڵێین مەحکوومبوونی سەرانی کۆماری ئیسلامی لە لایەن دادگای بێرلینەوە و بڕینەوەی حوکمی زیندان بۆ تیرۆریستەکان، دوا ئاڵقەی زنجیرە تیرۆرەکانی ئەو ڕێژیمەی لە وڵاتانی جۆراوجۆردا پساند.

بەڵام لە بەرامبەردا، دەسەڵاتدارانی ئێران ئەوجار بەربوونە کوشتاری ئازادیخوازانی نێوخۆ و لە هەر ڕێگایەکەوە بۆیان لوا دەستیان نەپاراست. سەرکوتی بەربڵاوی ناڕازییانی وەزعی مەعیشەتی لە ساڵەکانی ١٣٩٦، ١٣٩٨ و بەتایبەت بزووتنەوەی بەربڵاوی «ژن، ژیان، ئازادی» لە ساڵی ١٤٠١دا، ئەو ڕاستییەی سەلماند کە ماشێنی کوشتاری ڕێژیم هەروا دەگەڕ دایە.

بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادی کە بە کوشتنی کچە کوردی سەقزی سەرەتا لە کوردستان دەستی پێ کرد و دوایە هەموو ئێرانی گرتەوە و تەنانەت بوو بە جیهانییش، ڕووی کۆنەپەرستانە و ماهییەتی دژی گەلیی ئەو ڕێژیمەی زیاتر دەرخست. دیسان ڕاپەڕینی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران لە بەفرانباری ساڵی ١٤٠٤دا کوشتاری دەیان هەزار کەسیی لێ کەوتەوە کە ئیتر ئەمجارەیان تەنانەت خودی ڕێژیمیش نەیتوانی بیشارێتەوە.

قەیرانە جۆراوجۆرەکانی ڕێژیم لە حاڵی حازردا گەیشتوونەتە ئەوپەڕی خۆیان. ئەگەر لە کاتی تیرۆری میکۆنۆسدا، کۆماری ئیسلامی لە دەوڵەتی ڕەفسەنجانیدا بە قەول خەریکی «پەرەپێدانی وەزعی ئابووری»ی دوای شەڕی ئێران-عێراق بوو، ئەمڕۆ ڕەوتی ئابووریی ئێران ڕوو بە دارمانی تەواوە. نەک هەر ئەوە، ئەو زەبرە قورسە نیزامییانەی لە لایەن سوپای ئەمریکا و ئیسرائیلەوە پێی کەوتوون و ئەو ژمارە زۆرەی لە دەسەڵاتداران لێی کوژراوە، قەرەبووکردنەوەیان لە توانا بەدەرە. بەو حاڵەش ڕێژیم هێشتا لە پەلوپۆ نەکەوتووە و هەروا خەریکی قەتڵوبڕی خەڵکی ئاسایی و بێدیفاعی ئێران و کوردستانە.

جیاوازیی گەورە لەنێوان ئەمڕۆ و کاتی تیرۆری میکۆنۆسدا ئەوەیە: ئەمڕۆ خەڵکی ئێران و بە تایبەت نەوەی نوێ بە باشی لەوە گەیشتوون کە ئەم ڕێژیمە چاکسازیی هەڵنەگرە. ئێستا ئیتر کەس باسی ڕیفۆرم و ئیسڵاحات ناکا و مەقوولەیەک بە ناوی ڕیفۆرمخواز و کۆنەپارێز باوی نەماوە. تیرۆری میکۆنۆس وانەیەک بوو کە نیشانی داین، ڕێژیمێک کە بە تیرۆر بژی، ناتوانێ دەگەڵ ئاشتی، ئازادی و دادپەروەری هەڵبکا.

لۆژیکی مێژوویی؛ بۆچی تیرۆر شکست دێنێ؟

لە ڕووی لۆژیکەوە، تیرۆر تەنیا کات بۆ دەسەڵات دەکڕێ کە بتوانێ تەمەنی خۆی کەمێک درێژتر بکاتەوە. لە غەیری ئەوەدا، هیچ یارمەتییەکی درێژخایەن بە سەقامگیریی سیستەمی دەسەڵاتدار ناکا. تیرۆری ڕێبەرانی سیاسیی ڕێبازێکی دادپەروەرانە، نەک ئیدە و ڕێبازیان نافەوتێنێ، بگرە دەیانکاتە سیمبولی بەرخۆدان و لەنێو زەینی خەڵکدا زیندوویان ڕادەگرێ. ئەگەر کۆماری ئیسلامیی ئێران توانیبای بە تیرۆر و کوشتار پێگەی سیاسی و کۆمەڵایەتیی خۆی قایم بکا، دەبوو ئێستا سەری لە عەرشی فەلەک دابا. مێژوو پێمان دەڵێ ڕێبەرانی ڕێبازێکی مافویستانە چ لە سێدارە بدرێن، وەک پێشەوا قازی محەممەد و چ تیرۆر بکرێن، وەک شەهیدان قاسملوو و شەرەفکەندی، دەبنە سیمبولی خەبات و هەزاران کەس ڕێبازیان درێژە دەدەن.

کۆماری ئیسلامی بە تیرۆری ڕێبەرانی سیاسی و یەک لەوان دوکتور شەرەفکەندی، ویستی «سەری بڕوا بە ئازادی» بپەڕێنێ.

بەڵام هەروەک پێشتر دیترابوو، ئەمجارەش بەپێچەوانە دەرچوو. دەیان ساڵ پێشتر ڕژێمی پاشایەتیی ئێران قازی محەممەدی پێشەوای لە سێدارە دا بەو مەبەستەی تۆوی خەبات لەنێو کورددا وشک بکا. کەچی مێژوو دەریخست کوردستانی ڕاپەڕیو دەتوانێ قازی محەممەدی دیکە دروست بکا. دواتریش کە بینیمان کەسایەتییەکی بەرزی وەک دوکتور قاسملووی مەزن پەیدا بوو کە بە وشیاری و لێزانیی خۆی توانی بزووتنەوەی کوردایەتی چەند هەنگاو بەرێتە پێشتر.

ئەگەر سەیری مێژووی چەند دەیەی ڕابردوو بکەین، دەبینین تێرۆر و کوشتار نەک هەر پاشەکشەی بە بزووتنەوەی ئازادیخوازانە و مافویستانەی کورد نەکردووە، بگرە چالاکتر و پوختەتریشی کردووە. هەروەک ئێستا دەبینین ڕێڕەوانی ڕێبەرانی شەهیدی وەک قازی، قاسملوو و شەرەفکەندی هەروا لە مەیدانی خەباتدا ماون و ئەوە کۆماری پەت و سێدارەیە خەریکە دوا هەناسەکانی خۆی هەڵدەکێشێ.

پەیامێک بۆ نەوەکانی داهاتوو!

ساڵرۆژی تێرۆری میکۆنۆس تەنیا بیرەوەرییەکی سۆزدارانە بە مەبەستی هەڵوەراندنی فرمێسکی حەسرەت نییە. ئەو یادەوەرییە بۆ نوێکردنەوەی پەیمانی درێژەی خەبات لە پێناو گەیشتن بە ئازادی و سەربەستییە. ئەم یادە، وەبیرمان دێنێتەوە لەگەڵ سیستەمێک بەرەوڕووین کە هیچ سنوورێکی ئەخلاقی و یاسایی پەیڕەو ناکا. هەر بۆیە دەبێ وەبیرمان بێنێتەوە بۆ ئەوەی چیدیکە تێرۆر و کوشتار نەکرێین و مافمان پێشێل نەکرێ، دەبێ یەکگرتوانە بە گژ دەسەڵاتدا بچینەوە. ئێمە دەبێ بە جیهان بسەلمێنین تێرۆر ناتوانێ دەنگمان کپ بکا. میکۆنۆس برینێکی قووڵە، بەڵام دەتوانێ وانەیەکی باشیش بێ. ئەو وانەیە دەبێ پابەندمان بکا کە ڕێگای شەرەفکەندی و هاوڕێیانی لەبیر نەکەین و درێژە بە ڕێگای خەباتیان بدەین کە ڕێگای ئازادییە.

لە بیرمان نەچێ کاتێک باسی میکۆنۆس دەکەین، تەنیا لە ڕووداوێکی ئاسایی نادوێین. باسی میکۆنۆس، باسی نێوەرۆک و ماهییەتی تێرۆریستی و تێرۆرپەروەریی ئەو دەسەڵاتەیە کە نزیکەی نیو سەدەیە ژیان و جووڵەی خەڵکی بە بارمتە گرتووە. بیرەوەریی تێرۆری میکۆنۆس، وانەی خەبات و هەوڵدان بۆ گەیشتن بە دنیایەکی بێ تێرۆر و ڕەشەکوژی و تۆقاندنە. خەباتی ڕێبوارانی ڕێبازی قازی، قاسملوو، شەرەفکەندی، ڕاست بۆ ئەو مەبەستەیە و بەرەی ئێستا و داهاتووی کورد لەسەریەتی ئەو پەیامە وەرگرێ و بیکاتە کردەیی. بۆ ئەوەی نەوەکانی دواڕۆژ بە ئاسوودەیی بژین، ئەم نەوەیە دەبێ لە خەبات بۆ گەیشتن بە ئازادی بەردەوام بێ.

٣ی ڕەزبەری ٢٧٢٦

فۆرموڵەکانی بێدەنگی و گوللەکانی بێرلین



زانیار حوسێنی

مێژووی خەباتی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوینددا، زیاتر لە هەر شتێک بە ڕووخسارە توندوتیژەکان، دروشمە پڕجۆشەکان، بەیاننامە توندەکان و تیۆرییە کلاسیکییەکانی شۆڕش دەناسرێت. لەم جوگرافیایەدا، سیاسەتمەدار بەزۆری کەسێکە کە لە هەرەتی لاوێتییەوە لە کۆڵانە پڕ لە ڕووداوەکان یان زیندانە تاریکەکاندا، فێری وانەی خەبات بووە. بەڵام لەنێو ئەم ڕێڕەوە دووبارەبووانەدا، هەندێک جار کەسایەتیگەلێک دەردەکەون کە پێوەرە نەریتییەکان دەخەنە ژێر پرسیار. دوکتور

سادق شەرەفکەندی، ئەندام و سکرتێری گشتیی پێشووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، یەکێک بوو لەو دەگمەنانە؛ پیاوێک کە بەر لە دانیشتن لەسەر کورسیی ڕێبەرایەتیی یەکێک لە دێرینترین حیزبە ئۆپۆزیسیۆنەکانی ئێران، سەروکاری لەگەڵ خشتەی خولیی توخمەکان، گرێبەستە مۆلیکولییەکان و تاقیگەکانی کیمیای زانکۆی تاراندا بوو.

گێڕانەوەی ژیان و مەرگی شەرەفکەندی، چیرۆکێکە لە سەرووی دەستەواژەیەکی سیاسیی باو. ئەم گێڕانەوەیە، یەکگرتنی سەرسوڕهێنەری «ڕێکاری لۆژیکیی زانست» لەگەڵ «ئاژاوەی بێبەزەییانەی سیاسەتی سەرووی سنوورەکانە»؛ گەشتێک لە بێدەنگی و ئارامیی چالاکیی زانکۆییەوە بەرەو تاریکترین و دراماتیکترین دۆسیەی تیرۆریزمی دەوڵەتی لە دڵی ئورووپای مۆدێرندا؛ ژیاننامەیەک کە بنەماکەی تێپەڕینە لە تاقیگەکانی کیمیا لە تاران و پاریسەوە تا دەنگی تەقەی گوللەکان لە ڕێستۆرانتی میکۆنۆسی بێرلین.

دیسپلینی ڕەوشت لە سەردەمی پڕئاژاوەدا

بۆ تێگەیشتن لە دوکتور سادق شەرەفکەندی، دەبێت لەو خاڵەوە دەست پێ بکەین کە هێشتا سەروکاری لەگەڵ ڕاگەیەندراوە سیاسییەکاندا نەبوو. دەیان ساڵ بەر لەوەی ناوی وەک سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بکەوێتە سەر زاران و لە جیهانی سیاسیی پڕ لە کێش و هەڵچوونی دوای شۆڕشی ١٣٥٧ی هەتاویدا خۆی نیشان بدات، ئەو جیهانی خۆی لە چوارچێوەی وردی زانستە بنەڕەتییەکاندا پێناسە کردبوو. بەدەستهێنانی بڕوانامەی دوکتورای کیمیا لە زانکۆکانی فەڕەنسا، نیشانەی تێڕوانین و ڕەنگدانەوەی هزری پێکهاتەیەک بوو کە باوەڕی بە هۆکار و دەرەنجام، سەلمێنراوی و ڕێز و پێز لە دیاردەکاندا هەبوو.

لە هۆڵەکانی وانەوتنەوەی زانکۆی تاراندا، خوێندکاران ڕووبەڕووی مامۆستایەک دەبوونەوە کە بە وردبینییەکی ئەندازەیی وانەی دەوتەوە، بە هێمنی قسەی دەکرد و دیاردەکانی شیکار دەکرد؛ هەر ئەم هزرە زانستییە بوو کە بناغەی ڕێچکەیەکی ناپۆپۆلیستی لە ڕەفتار و ڕەوشتی سیاسیی ئەودا دانا. لە سەردەمێکدا کە ئەدەبیاتی سیاسی لە ئێران (چ لەنێو دەسەڵات و چ لە توێژە جیاوازەکانی ئۆپۆزیسیۆندا) پڕ بوو لە هەڵچوونی توند، دروشمی ڕەهاگەرایانە و جەمسەرگیریی توندوتیژانە، شەرەفکەندی بەدوای زمانی بەڵگەهێنانەوە، دیالۆگ و لێکتێگەیشتنی بناغەییدا دەگەڕا.

کیمیازانبوونی ئەو بە مانای دابڕان لە کۆمەڵگە نەبوو، بەڵکوو بە مانای جۆرێک تێڕوانینی قووڵ بوو بۆ کێشەکان؛ تێڕوانینێک کە تێیدا هەر گۆڕانکارییەک، پێویستی بە کاتالیزۆرە کۆمەڵایەتییەکان و ئامادەکردنی ژێرخانی هزری و

تێگەیشتن هەبوو، نەک تەڤینەوەی کوێرانە و پڕ لە بیرتەسکی و ئایدۆلۆژی. ئەو بە وردبینییەکی تاقیگەییانە و مامۆستایانە، باجە مرۆیی و سیاسییەکانی بڕیارەکانی دەپێوا و لەنێو ڕووداو و ئاژاوەکانی سەردەمدا لەسەر بنەمای ڕاستییە مێژوویی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکان بەدوای ئووسوولێکی پێناسەکراودا دەگەڕا. تایبەتمەندییەکی دەگمەن کە جیهانی سیاسیی ئێران بە درێژایی مێژووی هاوچەرخ، هەمیشە بە دەست کەمییەوە ناڵاندوویەتی.

تاقیگەی مرۆیی و فۆرموڵەکانی سیاسەت

پایتەختی ئۆتریش لە هاوینی ١٣٦٨دا، شایەتی یەکێک لە هەژێنەرترین تیرۆرە سیاسییەکانی مێژووی هاوچەرخی ئێران بوو؛ دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو و هاوڕێکانی لەسەر مێزی دانوستان لەلایەن نوێنەرانی ڕژێمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە تیرۆر کران. قاسملوو بۆ بەشێکی گەورەی نەتەوەی کورد و ڕەوتە دێموکراسیخوازەکان، تەنیا ڕابەرێکی سیاسی نەبوو؛ ئەو «ئایدیا» و هێمای کاریزمایەکی بێهاوتا بوو کە گوتاری مۆدێرنی داواکارییە نەتەوەییەکانی لەگەڵ چەمکی دێموکراسیی سەرانسەری لە ئێران گرێ دەدایەوە و خاڵی وەرچەرخانی یەکگرتوویی هێزە دژبەرەکانی ڕژێمی تاران بوو.

مەرگی دوکتور قاسملوو لە لووتکەی هەڵچوونە سیاسییەکان و خەباتی دژی کۆماری ئیسلامی، هەم لەنێو پێکهاتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هەم لە بازنەی دژبەرانی ڕژێمی دەسەڵاتداردا، وەک بوومەلەرزەیەکی بەهێز بوو. لە خاڵێکی وەرچەرخانی وا هەستیاردا، حیزبی دێموکرات پێویستی بە کەسێک بوو کە ڕێبەریی پێکهاتەکە لەو قەیرانەدا بە ئەستۆ بگرێت و بە دیسپلینێکی ورد، ئارامی و دووربینی، زیانەکانی لایەنی دەروونی، پێکهاتەیی و سیاسی بگەیەنێتە کەمترین ئاست. هەڵبژاردنی دوکتور سادق شەرەفکەندی وەک سکرتێری گشتیی نوێی حیزب، هەڵبژاردنێکی مێژوویی و زۆر پڕمانا بوو؛ ئەو بوو بە میراتگری کورسییەک کە پێش ئەو دوو جار بە خوێن ڕەنگین کرابوو.

شەرەفکەندی بەباشی دەیزانی کە پەسەندکردنی ئەم بەرپرسیارێتییە، واژۆکردنی بڕیارێکی نەنووسراو لەسەر نێوچاوانی خۆیەتی و قبووڵکردنی ئەم ئەرکە، بە مانای ڕازیبوون بە هەر جۆرە گۆڕانکارییەک لە ڕێڕەوی چارەنووسی سیاسی و کەسیی خۆیدایە. لەگەڵ ئەوەشدا و بە پێچەوانەی چاوەڕوانییە باوەکان لە جیهانی سیاسەتدا، ئەو نەکەوتە داوی گۆشەگیری و کردەوەی توندی بەرپەرچدانەوە، بەڵکوو بە ئەندازیارییەکی زیرەکانە و ورد، وەک ئەندازیارێکی ئارام و پراگماتیک لە تاقیگەکانی کیمیادا، هەوڵی دا گوتاری حیزب بەرەو دیالۆگ لەگەڵ هێزە سیاسییەکانی تری ئۆپۆزیسیۆنی ئێران ئاراستە بکات؛ لە کۆتاییدا بوو بە یەکێک لە ئەندازیارە سەرەکییەکانی کۆبوونەوە هاوبەشەکانی نێوان ڕەوتە جیاوازەکانی ئێران، تاکوو نیشان بدات کە بزووتنەوە دێموکراتیکەکانی کورد، بەشێکە لە پازڵی گەورەتری ئازادی و گەشەپێدانی سیاسی لە

سەرچاوە
Serchawe

سەرانسەری ئێراندا.

لەو سەردەمەدا، شەرەفکەندی لە قاڵبی مامۆستایەکی ئارامی زانکۆ دەرچوو و بوو بە ڕێبەرێکی پراگماتیک کە لەنێو مەترسیيە ئەمنییەکانی سەرووی سنووردا، دیپلۆماسیی نهێنی و ئاشکرای بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی نەتەوەی کورد بەڕێوە دەبرد. ئەو دەیزانی کە تاقمی تاوانکاری تاران، ستراتیژی لەنێوبردنی فیزیکیی ڕێبەرە شۆڕشگێڕ و هۆشیارەکانی لە بەرنامەدایە، بەڵام پێداگریی ئەو لەسەر هاوتەریبکردنی خەباتی شۆڕشگێڕانە لەگەڵ ڕێڕەوی مەدەنی و دیپلۆماسی، باجێکی گرانی هەبوو کە خۆی لە هەر کەسێکی تر زیاتر ئاگای لێ بوو.

ئەو ڕێستۆرانەی مێژووی یاسای نێودەوڵەتیی گۆڕی

لە ٢٦ی خەرمانانی ساڵی ١٣٧١ی هەتاویدا و لە ڕێستۆرانتی میکۆنۆس، دوکتور سادق شەرەفکەندی لەگەڵ چەند کەسێک لە هاوکاران و چالاکانی سیاسی (هومایون ئەردەڵان، فەتاح عەبدولی و نووری دێهکوردی) کۆبوونەوەیەکیان ڕێکخستبوو تاکوو لە بەرەبەری کۆنگرەی نێونەتەوەیی سۆسیالیست لە بێرلین، ستراتیژییەکانی داهاتووی بزووتنەوەکە هەماهەنگ بکەن. بەڵام فەرمانبەران و ئەنجامدەرانی ئەو تیرۆر و کوشتارە، پێشتر ڕێگەی خۆیان لە تارانەوە تا پایتەختی ئاڵمان کردبووەوە.

تیرۆریستەکان بە چەکی بێدەنگکەرەوە چوونە ژوورەوە و کەشوهەوای ئارامی ڕێستۆرانەکەیان، هەر وەک کۆتاییەکانی جەنگی جیهانیی دووەم، کرد بە مەیدانی تیرەبارانکردنی سەرشەقامەکان. دوکتور شەرەفکەندی و هاوڕێکانی تەنیا لە چەند چرکەیەکدا شەلاڵی خوێن کران. تیرۆریستە چەکدارەکان دوای ئەنجامدانی تاوانەکە ڕایانکرد، بەڵام دۆسیەی ئەم تیرۆرە وەک دۆسیەی تیرۆری ڤییەن لە بێدەنگیی دیپلۆماتیک و ڕێڕەوە نهێنییەکانی مامەڵە ڕەشەکاندا ون نەبوو. سیستەمی دادی ئاڵمان، پێداگریی پارێزەران و شایەتحاڵەکان، بوو بە دەستپێکی یەکێک لە درێژخایەنترین، ئاڵۆزترین و پڕهەراترین دۆسیە دادوەرییەکانی مێژووی ئورووپا.

دادگاییەکەی میکۆنۆس نزیکەی پێنج ساڵ و نزیکەی ٢٤٧ دانیشتنی خایاند. زیاتر لە ١٧٠ شایەتحاڵ لە دادگادا ئامادە بوون و شایەتییان دا. ئەم دادگایە تەنیا لێکۆڵینەوەیەکی تاوانکاریی ناوخۆیی نەبوو؛ بەڵکوو بوو بە دادگایەک بۆ دادگاییکردنی پێکهاتەی بڕیاردانی نیزامێکی سیاسی. لە ٢١ی خاکەلێوەی ١٣٧٦ی هەتاویدا، دادوەر فریچۆف کوبش بڕیارێکی دەرکرد کە لە مێژووی یاسایی نێودەوڵەتیدا بە زیندوویی و هەمیشەیی مایەوە.

کۆمەڵێک وتارو لێدوان

دادگای بێرلین بە ڕاشکاوی ڕایگەیاند کە تیرۆری میکۆنۆس کردەوەیەکی خۆسەرانە نەبووە، بەڵکوو لە بەرزترین ئاستەکانی پێکهاتەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا داڕێژراوە و جێبەجێ کراوە. لە دەقی بڕیارەکەی دادگادا، بە ڕاشکاوی ناوی «کۆمیتەی کاروباری تایبەت» هێنرا کە ڕوکنە باڵاکانی ڕێژیم - لەوانە ڕێبەر، سەرۆککۆمار و وەزیری ئیتلاعاتی ئەوکات - ئەندامی بوون و فەرمانی ئەم تیرۆرەیان دەرکردبوو.

دەرکردنی ئەم حوکمە، گەردەلوولێکی گەورەی لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا دروست کرد. وڵاتانی ئەندامی یەکێتیی ئورووپا لە ناڕەزایەتی بەم تیرۆریزمی دەوڵەتییە ئاشکرایە، باڵیۆزەکانی خۆیان لە تاران کشاندەوە و قەیرانێکی دیپلۆماتیکی بێوێنە بەرۆکی ڕێژیمی دەسەڵاتداری تارانی گرت. بۆ یەکەم جار لە مێژووی مۆدێرندا، دادگایەکی ڕۆژاوایی توانیبووی بە پێشکەشکردنی بەڵگەی حاشاهەڵنەگر، بەڵگەنامەی فەرمیی تیرۆریزمی دەرەوەی سنووری دەوڵەتێک واژۆ بکات و ئەو بانگەشەیە بسەلمێنێت کە ڕەوایی بەدەستەوەبوونی دەسەڵات، بەتەنیا ڕەنگدانەوەی ڕەوایی دەسەڵاتداری نییە. تیرۆری دوکتور شەرەفکەندی و چۆنیەتیی هەڵسوکەوتی یەکلاکەرەوەی دەزگای دادی ئاڵمان، پەردەی لەسەر ڕێچکەیەک هەڵدایەوە کە دەیان ساڵ بە شێوەیەکی سیستەماتیک بۆ لەنێوبردنی ڕەخنەگران و نەیاران لە دەرەوەی سنوورەکان جێبەجێ دەکرا.

میراتی بەجێماو لە تاقیگەی زەمەندا

زیاتر لە سێ دەیە بەسەر تیرۆری خوێناویی میکۆنۆسدا تێپەڕیوە و کاتێک سەیری کارنامەی دوکتور سادق شەرەفکەندی دەکەین، ئەو نەک تەنیا وەک قوربانیی تیرۆرێک، بەڵکوو وەک هێمای ڕێگەیەکی پڕتێچوو لە مێژووی سیاسیی ئێراندا دەبینرێت؛ ڕێگەیەک کە تێیدا هزر، دیالۆگ، دیسپلینی هزری و پابەندبوون بە مافە مرۆییەکان، باجێکی گرانی لە بەرامبەر لۆژیکی لەنێوبردن و توندوتیژیدا هەیە.

دوکتور شەرەفکەندی لەو ڕابەرە دەگمەنانە بوو کە نیشانی دا دەکرێ لە زانکۆ و جیهانی فۆرموڵەکانەوە هەڵسێت و بچێتە نێو تۆزاویترین مەیدانی سیاسەتەوە، بەڵام دیپلۆماسی و زمانی گفتوگۆ بکاتە سەنگەری خەبات. ئەو تا دوایین ساتەکانی ژیانی، لەسەر چارەسەریی ئاشتیانە و دیموکراسیخوازیی گشتگیر لە چوارچێوەی مافی نەتەوەکاندا پێداگری دەکرد.

دۆسیەی میکۆنۆس ڕەنگە بە حوکمی زیندانیی جێبەجێکاران و قەیرانە کاتییە دیپلۆماتیکەکان بە رواڵەت داخرا بێت، بەڵام پرسیارە سەرەکییەکەی هێشتا زیندووە: دەسەڵاتێک کە وەڵامی کەسایەتییە هزرپەروەرەکان، کیمیازانە چاکسازەکان و

کۆمەڵێک وتارو لێدوان

ڕێبەرە شۆڕشگێڕەکان لە ڕێستۆران و شەقامەکانی پایتەختەکانی جیهاندا بە گوللە دەداتەوە، چ داهاتوویەک بۆ دیالۆگ دەهێڵێتەوە؟

وەڵامی ئەم پرسیارە نە لەنێو دۆکیومێنتە ئەمنییەکان، بەڵکوو لە درێژەی هەمان ئەو ڕێڕەوەدا دەبێت بگەڕێین کە دوکتور شەرەفکەندی لەسەر تەختەڕەشی هۆڵەکانی وانەوتنەوە و مێزەکانی وتووێژ کێشابووی؛ ڕێڕەوێک کە تێیدا، ئەگەرچی فیزیکی مرۆڤەکان دەکرێ بە گوللە لەنێو ببرێن، بەڵام ئایدیای ئازادی و دادپەروەری، لە چینە قووڵەکانی مێژوودا وەک فۆرموڵە جێگیرەکانی کیمیا، دەستلێنەدراو دەمێنێتەوە.

٧ی ڕەزبەری ٢٧٢٦

سەرچاوە
Serchawe

ئێمە پتر خۆمان بە ئێرانی دەزانین!



مستەفا مەولوودی

دوکتور سادق شەرەفکەندی لە وتووێژ لەگەڵ «چشم انداز»دا کە لە ژمارەی ١١ی ئەو گۆڤارە لە ساڵی ١٣٧١ی هەتاویدا بڵاو کراوەتەوە، ئاماژە بە ڕستەیەک دەکا کە ئەگەر هەر بە تەنیا ئەو دێڕە کورتە بخوێنینەوە، کەمێک ڕادەمێنین و دەڵێین بۆ دەبێ ناوبراو ئەو بابەتەی بەم جۆرە فۆرمۆلە کردبێ؛ بەتایبەت کە لە ئامانجە گشتییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا، بە ڕوونی هاتووە کە «حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران تێدەکۆشێ بۆ دیاریکردنی مافی چارەی

خۆنووسینی خەڵکی کوردستان .»

ئەگەر لە بابەتەکە ورد بینەوە، باسەکە لەسەر کەمینە و زۆرینە لە پێکهاتە و نەتەوەکانی دانیشتووی قەوارەی ئێران کراوە و سەرانسەری مێژووی قەوارەی ئێران نیشان دەدات کە فارس، ئازەری، کورد، بەلووچ، تورکمەن و عەرەبی تێدا بوون و هەر بەو پێیە ناوبراو،

ئێرانیبوون بە واتای فارسبوون نازانێ و ڕوونی دەکاتەوە، چونکە فارس بە ژمارە و حەشیمەت لە نەتەوەکانی دیکە زیاترن، بەو مانایە نییە ئەوان ئێرانیی ڕەسەن و خاوەنی مافی زیاترن.

دوکتور سەعید دەڵێ: «خەڵکی هیچ کام لە ناوچەکانی دیکەی ئێران، سەبارەت بە پرسێک کە پێوەندیی بە خەڵکی کوردستانەوە هەیە، نابێ خۆیان بە نوێنەر و دەمڕاستی خەڵکی کوردستان بزانن؛ وەک خودموختاریی کوردستان کە دەبێ پێشتر پرس بە خەڵکی کوردستان بکرێ .»

هەروەها دوکتور سەعید لە وتووێژ لەگەڵ ڕۆژنامەی «فیدایی»دا دەڵێ: «هەڵبەت من قەت فارسەکانم پێ شۆڤێنیست نەبووە و تەنیا مەبەستم دەسەڵاتی ناوەندە کە تۆمەتی جیاخوازی لە جووڵانەوەی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەدات .»

دوکتور سەعید لە وەڵامی پرسیاری ڕۆژنامەی «فیدایی»دا دەڵێ: «کوردەکان ڕەسەنترین دامەزرێنەری ئێرانن، بۆیە پێویست ناکا کەسانی دیکە ئامۆژگاریی کورد بکەن و ڕووناکبیری ئێرانی دەبێ ڕوانینێکی دێموکراتیکی هەبێ؛ سەبارەت بە ئێران دەبێ وا بیر بکەنەوە و تێ بگەن کە پێکهێنانی وڵاتێک و ژیان لە چوارچێوەیەکی جوگرافیاییدا، تەنیا لە ڕووی ویست و مەیل و هەستێکی قووڵ و ئارەزوومەندانەوە مسۆگەرە، نەک لە ڕووی زەخت و چوارچێوەیەکی لەپێشدا دارێژراو. »

دوکتور سەعید دەڵێ: «واقیعییەت ئەوەیە کە کوردەکانی ئێران ئەگەر شتێکیان زیاتر لە نەتەوەکانی ئێران نەوێ، کەمتریان ناوێ. ئەوە ڕاستە ئێران بە درێژایی مێژوو لە یەکگرتوویی نەتەوە جیاجیاکان پێکهاتووە، بەڵام هیچ شتێک هەتاهەتایی نییە. چ هۆیەک هەیە بۆ ئەوەی کە ئەگەر چەند نەتەوە، هەزار و پێنجسەد ساڵ پێکەوە ژیابن، ئێستا ناتوانن لێک جیا ببنەوە و بە جیا بژین؟ دونیا لە حاڵی ئاڵوگۆڕدایە و شتێکی سروشتییە کە دۆستایەتییەکان، ڕێکەوتنەکان و پێکەوەژیانەکان و ڕوانینەکان هەر هەموویان دەگۆڕێن .»

دوکتور سەعید دەڵێ: «هیچ واقیعییەتێکی مێژوویی ناتوانێ ئەوە بسەلمێنێ کە نەتەوەکانی ئێران، هەمیشە بەیەکەوە ژیاون.» لەو بابەتەدا نموونە بە ئەفغانستان و تاجیکستان دێنێتەوە و دەڵێ: «ئەوانە جیا بوونەوە و دونیاش خراپ نەبووە؛ بۆچی ئێستا ناکرێ جیابوونەوە بکرێت؟»

کاتێک کۆی ئەو وتوویژ و لێدوانانەی دوکتور سەعید کە لە کاتی خۆیدا کردوویەتی، لەسەر یەکیان کۆ بکەینەوە و لە پەنا یەکتریان دابنێین، بە ڕوونی دیارە کە ئێرانیبوون بە مێژوو دەبەستێتەوە و مانەوەی کورد لە چوارچێوەی جوگرافیای ئێراندا بە دابینکردنی مافی سیاسی و کۆمەڵایەتیی خەڵکی کوردستان و ئیرادەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبەستێتەوە؛ و لە درێژەی ئەو جۆرە تێفکرین و سیاسەتەدا، مافی بە خەڵکی هیچ کام لە ناوچەکانی ئێران نەداوە کە خۆیان بە نوێنەر، وەکیل و دەمڕاستی گەلی کورد بزانن.

١١ی ڕەزبەری ٢٧٢٦

پەیامی سوپاس و پێزانینی دوکتور سادق شەرەفکەندی جێگری سکرتێری گشتیی حیزب،

بە بۆنەی هاودەردیی خەڵک و دۆستان و دڵسۆزانی حیزبی دێموکڕات بە دوای شەهیدبوونی دوکتور قاسملووی نەمردا



هاونیشتمانانی بەشەرەف !
خەڵکی دڵسووتاو و ئەمەگناسی کوردستان!

بە ئەرکی سەرشانی خۆم دەزانم بە ناوی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران، لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی و ئەندامان و کادر و پێشمەرگەکانی ئەم حیزبەوە سوپاسی گەرمی ئەو هاودەردی و هاودڵیەتان بکەم کە بە بۆنەی شەهیدبوونی ڕێبەری خۆشەویستی حیزبەکەمان دوکتور قاسملووی نەمر خۆی نواندو بە شێوەیەکی بەربڵاو و بێوێنە هەروا خۆی دەنوێنێ.

ئاشکرایە کە ئەو هاودەردییە بێخەوشە ئەو هەستە پاکە نیشانەی ئەمەگناسییە کە لە بیروباوەڕەوە سەرچاوە دەگرێ. بیروباوەڕ بە ڕێبازی خەباتگێڕانە و لەعەینی کاتدا ئوسووڵی و سەربەخۆی حیزب و، بیروباوەڕ بەو ئامانجانە کەڕێبەری هەڵکەوتوومان لە پێناوی وەدیهاتنیاندا سەری داناو گیانی بەخت کرد. ئەم هاودەردییە نیشانەی ئەوەیە کە ئێوە خەڵکی تینووی ئازادی و دێموکڕاسی حیزبی دێموکڕات بەڕۆڵەی بەحەق و خۆشەویستی خۆتان چاو لێدەکەن.

ئەمە، دیارە هەر لەو کاتەدا کە بۆ ئێمە ئەندامانی حیزبی دێموکڕات بە گشتی جێگای فەخرو شانازییەکی گەورەیە، ئەرکێکی زۆر قورسیش دەخاتە سەرشانمان: ئەرکی درێژەدانی سادقانە و لێبڕاوانەی ڕێگای شەهیدان و، ئەرکی هەوڵدانێکی بێوچان بۆ ئەوەی هەروا جێگای بیروبڕوا خۆشەویستی بمێنینەوە.

هەر بۆیە بە پێویستی دەزانم لەم هەلومەرجە ناسک و مێژوویی‌یەدا جارێکی دیکە ئێوە خەڵکی بەشەرەف و ئازادی‌خوازی سەرانسەری ئێران بەگشتی و کوردستان بە تایبەتی، دڵنیا بکەم کە ئێمە تێکۆشەرانی حیزبی دێموکڕات، حیزبی شەهیدان، ئەم ئەرکە گرانە کە کەوتۆتە سەرشانمان زۆر باش هەست پێ‌دەکەین و زۆر بە ئاگاهی‌یەوە بڕیاری یەکجاریمان داوە کە هەموو هێزو توانای خۆمان تەرخانی پێوانی ڕێگای دوکتور قاسملوو، یانی ڕێگای خەباتی کوڵنەدەرانە لە پێناوی ئازادی و دێموکڕاسی و مافە ئینسانی‌یەکاندا بکەین تا لەم ڕێگایە دا - کە ڕێگای سووری شەهیدانە - یان سەربکەوین، یان بە شانازی‌یەوە وەک شەهیدە ئازیزەکانمان سەر دابنێین.

هاونیشتمانانی ئازدی‌خوازی ئێران!

ڕێژیمی خوێنڕێژو خوێنخۆری ئاخوندی بە شەهیدکردنی دوکتور قاسملوو دەری‌خست کە نایهەوێ لە نێوەرۆکی ڕەش و، لەڕەفتارو کردەوەی دژی گەلی و دژی ئێرانیی‌خۆی دا ئاڵوگۆڕێک پێک‌بێنێ. چونکە مەگەر دوکتور قاسملوو لە چ ڕێگایەکداو بە دوای کام ئامانجدا لە داوی ئەو ڕێژیمە جەللادە کەوت و تێرۆر کرا؟

دوکتور قاسملوو دەیهەویست خەڵکی کوردستانی ئێران بە وەرگرتنی خودموختاری لە پێش هەموو شتێکدا هەست بەشەخسییەتی خۆیان بکەن. گەلی کورد لەکوردستانێکی خودموختاردایە کە بەڕاستی و بەکردەوە دەتوانێ هەست بە برایەتی‌و یەکسانی لەگەڵ گەلانی دیکەی ئێران بکا. ئینجا بەدڵێکی گەرمەوە ئەرکی نیشتمانیی خۆی بەو جۆرە کە لەسەرشانی نیشتمانپەروەانی ڕاستینە، بە ئەنجام بگەیەنێ و لە ئاوەدانکردنەوەی وڵاتی خۆشەویستی خۆی ئێرانی وێران و پەرێشانی ئەمڕۆدا نەخشێکی کاریگەر بگێڕێ.

دوکتور قاسملوو ئاواتی ئەوە بوو کە چ زانایی و ئەزموون و لێوەشاوەیی خۆی وەک ڕۆڵەیەکی هەڵکەوتووی ئەم ئاوو خاکە، چ خەباتگێڕی و ماندوویی‌نەناسیی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکڕات کە لەهەڵکەوتووترین و دڵسۆزترین ڕۆڵەکانی کوردستانی ئێرانن و، بەدوای ئەواندا هەموو هێزو توانای گەلی کورد لە کوردستانی ئێران لە خزمەت سەربەخۆیی سیاسی و بەرەوپێش‌بردنی ئێران لە باری ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و عیلمی و سەنعەتی و بوارەکانی دیکە دابنێ.

بەڵام پەروەردەکراوانی خوێن و خەیانەت بەم جینایەتە گەورەیە نیشانیان دا کە نە لەفکری ئێراندان و نەگەلی کورد لەئێران بەئێرانی دەزانن. ئەوان جارێکی دیکە بەروونی ڕایانگەیاند کە هیچ بایەخێک بە ئوسووڵی ئەخلاقی و ئینسانی نادەن و چووکترین نرخ بۆ ڕێوشوێنی نێونەتەوەیی و پێوەندییەکانی گەلان و دەوڵەتانی جیهان دانانێن.

ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەرەڕای ئەوە کە بەکردەوە چالاکترین هێزی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لە مەیدانی خەبات چەکدارانە لەنێوخۆی ئێراندا بووین و هەین، ئاشتیخوازین و ئەگەر دەستمان بۆ چەک بردوە، بۆ دیفاع لە خۆمانە، چونکە شەڕیان بەسەردا سەپاندووین. ئێمە لە شەڕو خوێنڕێژی بێزارین، چونکە مانای شەڕ باش دەزانین و هەر بۆیە هەمیشە لەسەر ئەو باوەڕە بووین کە مەسەلەی کوردستان هەتا بگونجێ لە ڕێگای ئاشتیخوازانەوە چارەسەر بکەین. بەڵام کۆنەپەرستانی دوور لە ئینسانییەت و عەقڵی سەلیم، بەو کارە دڕندانەیە سەلماندیان کە بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی ئەمڕۆی ئێران هیچ ڕێگایەک بە ناوی ڕێگای ئاشتیخوازانە ناناسن و لەنێوان خۆیان و خەڵکی ئێراندا تەنیا زۆرو "خشونت" بە حاکم دەزانن و بەس!

بەڵێ، ڕێژیمی ئاخوندی، گەلانی ئێران بە ئاشکرا بۆ مەیدانی شەڕو بەربەرەکانی لەگەڵ خۆی بانگ دەکا و ئێستا ماوەتەوە سەر ئێمە کە کەنگێ و چۆن لەشکاننەهاتوویی هێزی یەکگرتووی خۆمانی پێ نیشان بدەین و تامی تاڵی شکست و تێکڕووخانی پێ بچێژین.

ڕۆڵەکانی گەلی بەوەفاو خەباتگێڕی کورد!

ئێوە هەستی نیشتمانپەروەری و ئەمەگناسیی خۆتان سەبارەت بە ڕێبوارانی ڕێگای ئازادی و ڕزگاری زۆر باش سەلماندوە، بەڵام هەست هەرچەند زۆر گرنگە، بەتەنیا بەس نیە. هەست دەبی شکڵێکی ماددی و دەستگر بە خۆیەوە بگرێ کە بتوانێ لە مەیدانی کردەوەدا بە شێوەیەکی کاریگەر خۆی بنوێنێ.

ئێمە هەر لەسەرەتاوە کە پێمان لە ڕێگای دژوارو پڕهەورازونشێوی خەبات ناوە، بڕیارمان داوە هەتا ئاخرنەفەس و ئاخردڵۆپی خوێن درێژەدەری ئەو ڕێگایە بین. ئەم بڕیارەشمان دیارە دڵگەرم بە پشتیوانیی ئێوە داوە. ئێستاش بەهەموو هەست و وجوودمانەوە ئەم بڕیارەتان لەگەڵ نوێ دەکەینەوە و دڵنیاین کە بە پشتیوانیی ئێوە سەرەنجام سەردەکەوین.

چونکە دەزانین کە هێزی یەکپارچەی گەل لەبڕاننەهاتوویە و قەت نابەزێ.

ئێمە گەلێکی مەزڵوومین و زۆرمان زوڵم لێدەکرێ. زۆرداران بە کوشتنی دوکتور قاسملوو دەیانەوێ بە ئێمە بڵێن کە تەنیا

کۆمەڵێک وتارو لێدوان

کاتێک مافی نەفەسکێشانمان هەیە کە ژێردەست و ژێر چەپۆکەیان بین. بەڵام لە مێژە گوتوویانە کە قبووڵی زوڵم لە خودی زوڵم خراپترە. ئەگەر بمانەوێ هەموو دەرسەکانی دوکتور قاسملووی نەمر لەیەک دەرسدا کورت بکەینەوە ئەم دەرسە ئەوەیە کە سەرنجی ئێمەی بۆ لای هێزی خۆمان ڕاکێشاو تێیگەیاندین کە ئەگەر دڵنیاییمان بە خۆمان بێ و، پشتی یەکتر بگرین خاوەنی چتوانایەکی گەورەین کە پەیکەری زۆرداران وەلەرزین دەخاو تووشی پەلەقاژەی مەرگیان دەکا!

دەبا ئەم دەرسە بەنرخەمان هەروا لەبەرچاو بێ.

با دایکانی کوردستان ڕۆڵەکانیان لە باوەشی گەرم و پڕلەخۆشەویستیی خۆیاندا بە هەستی گەرمی نیشتمانپەروەری و ئازادیخوازی پەروەردە بکەن و چیرۆکی ژیانی دوکتور قاسملوو و شەهیدانی ڕێگای ڕزگارییان بە گوێدا بخوێنن.

با باوکانی کوردستان دەرسی ئازایەتی و خەباتگێڕی فێری منداڵەکانیان بکەن و تێیان بگەیەنن کە چەندە خۆشە جێگای هیوا و هومێدی کۆمەڵەکەیان و گەلەکەیان بن.

با لاوانی کورد – کوڕ و کچ – باش بزانن کە ژیان لە ئەسیری و ژێردەستیداو، بەسەرشۆڕی و شەرمەزارییەوە چەندە بێقەدروقیمەتە و لەبەرامبەردا هەڵمژینی هەوای پاک و بێگەردی سەربەرزی و ئازادی چەندە خۆش و دڵڕفێن.

دەبا ڕۆڵە نەبەزەکانی کوردستان ریزەکانی حیزبی دێموکرات بەهاتنی خۆیان جوانتر لە پێشوو بڕازێننەوە و بە هەڵگرتنی چەکی شەرەف و سەربەرزی، هێزی پێشمەرگە زۆر لە ئێستا بەهێزتر و لەشکاننەهاتووتر بکەن.

ئاشکرایە کە گەلی کورد وەجاخ کوێر نیە و خاوەنی دەیان و سەدان قاسملوو بووە و هەیە. تایبەتمەندیی قاسملوو ئەوە بوو کە لێوەشاویی و زانایی خۆی لە خزمەت ڕزگاری و ئازادیی گەلەکەی دانابوو. بۆیە ئێستا لەم کاتەدا کە بێگومان کاتێکی زۆر گرنگ لە مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورددایە، بە هەموو هەستەوە داوا لە لاوانی خوێنگەرم و ڕووناکبیری کوردستان دەکەم کە بێنە مەیدانی خەبات و جێگای بەتاڵی قاسملوو پڕ کەنەوە. ئەگەر دوژمنانی ئازادی ئاوا لە قاسملوویەک دەترسن دەبێ لە بەرامبەر دە قاسملوودا وەزعیان چۆن بێ؟

ئێمە هەموومان باش دەزانین کە لەو فەزا پڕزەبروزەنگ و سەرەڕۆیی و ڕەشەکوژییەی ئەمڕۆی ئێراندا هیچ داهاتوویەکی روون بۆ هیچ کەس بەدی ناکرێ و هەتا سایەی ئەو دیکتاتۆرییە کۆنەپەرستانەیە بمێنێ ژیانێکی ئاسایی بێدەنگ و بێدەردی سەر بۆ کەس مومکین نیە. ئەگەریش بەڕواڵەت مومکین بێ لەسەر هەر ئینسانێکی واقیعی پێویستە ئەو ژیانە -

هەرچەندەش درێژ - بە سەرەنجامەکەیەوە لەگەڵ ژیانی کورت بەڵام پڕلەشانازی و لەمێژووتۆمارکراوی تێکۆشەرانی مەیدانی خەبات و شەهیدانی ڕێگای ئازادی گەل، وەک دوکتور قاسملوو و عەبدوڵڵا قادری هەڵسەنگێنێ و بڕیاری خۆی لە بارەی ڕیگەی ژیانیدا بدا.

هاونیشتمانانی ئەویندراری ئازادی !

– دوکتور قاسملوو لە سەرانسەی ژیانیدا وەک مەلێکی لەهێلانەدەرکراو دڵی بۆ نیشتمانە خۆشەویستەکەی و تێیدا حاسانەوە لێی دەدا. بەڵام بەداخ و کەسەرەوە ئەو نیشتمانە خۆشەویستەمان لە وەزعێکی وادا نەدیت کە پەیکەری پاکی شەهیدانی ئازیزمانی بە دڵنیاییەوە پێبسپێرین. هەر بۆیە جارێ بەئەمانەت لە جێگایەکی دوور لە کوردستان دامان‌ناون هەتا ئەو ڕۆژەی کە لەسایەی خەبات و تێکۆشانی ئێمەدا خاکی پاکی نیشتمانە جوانەکەمان نەک هەر باوەشی بۆ ڕۆڵە فیداکارو بەئەمەگەکانی خۆی، بەڵکوو بۆ هەموو ئینسانێکی خەباتگێڕی شەیدای ئازادی ئاواڵە بکاتەوە.

بەهیوای ئەو ڕۆژە پیرۆزە.

ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ١٥٢ - رادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران - ڕێکەوتی: ٢ی ٥ی ١٣٦٨

تایپ کردنەوەی لەرۆژنامەی کوردستان ژمارە ١٥٢: ڕەحمان نەقشی



سەرچاوە
Serchawe

مانگرتنی گشتیی ٢١ی خەرمانان ١٣٩٧ = ٨ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

мووشەک بارانی بنکە و بارەگای حیزبی دێموکرات لە قوڵایی خاکی هەرێمی کوردستان

بەیاننامە: پەلاماری هەوایی و مووشەکیی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان

خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان!
هێز و ڕێکخراوە سیاسییە کوردستانی و ئێرانییەکان!
ناوەند و کۆڕ و کۆمەڵە مرۆڤدۆستەکان!

کۆماری ئیسلامیی ئێران هەر چی زیاتر لە نێوخۆی وڵات لە گەڵ پەرەگرتنی ناڕەزایەتییەکانی خەڵک و، لە دەرەوە لە گەڵ گوشارە سیاسی و ئابوورییە نێودەوڵەتییەکان بەرەوڕوو دەبێ، پتر پەنا بۆ سەرکوت و دەستدرێژی و تاوان و تیرۆر

سەرچاوە
Serchawe

لە دژی ئازادیخوازانی کوردستان و ئێران لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات دەبا.

هەر وەک لە ڕاگەیەندراویی خەبەریی نیوەڕۆی ئەمڕۆمان دا هاتبوو، کاتژمێر ١٠:٤٥ ی ئەمڕۆ شەممە ٨ی سپیتامبر(١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧) قەڵای دیموکرات، بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان، لە حاڵێک دا پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی لێ بەڕێوە دەچوو، کەوتە بەر پەلاماری هەوایی و مووشەکیی سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران. پێویستە بگوترێ بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزب کە لە نزیک شاری کۆیە و لە قووڵایی خاکی هەرێمی کوردستان دا هەڵکەوتووە، هەر ئەو شوێنەیە کە لە شەوی یەلدای ١٣٩٥ (٢١ی دیسامبری ٢٠١٦)، بوو بە ئامانجی هێرشی تیرۆریستیی کۆماری ئیسلامی کە بە داخەوە شەهید بوونی ٧ کەسی لێ کەوتەوە.

هاوکات لە گەڵ ئەم پەلامارە مووشەکی و هەواییەی ئەمڕۆ بۆ سەر بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان، فڕۆکەی بی سەرنشینی سوپای پاسداران لە ئاسمانی ئەو ناوچەیە دا دەخولایەوە. بە هۆی ئەو پەلامارە مووشەکییە، بە داخێکی گرانەوە ١٤ تێکۆشەری حیزبی دیموکراتی کوردستان شەهید و پتر لە ٣٠ کەسیشیان بریندار بوون. (ناو و زانیاریی پێوەندیدار بە شەهیدەکان هەر لە درێژەی ئەم بەیاننامەیە دا هەیە.) بەو هۆیەوە کە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزب ناوەندی چالاکیی کۆمەڵێک ڕێکخراو و دامەزراوەی مەدەنییە، ژمارەیەک لە ژنان و منداڵان، کەسانی پیر و بەساڵداچوو و کەم ئەندام بە هۆی ئەم پەلامارەوە بریندار بوون و بنکە و دامەزراوەکانی تایبەت بەوانیش زیانی ماڵی و وێرانییەکی زۆریان بەر کەوت.

پەلاماری دڕندانەی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ سەر بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە کاتێک دا ڕێکخرابوو کە شەوی ڕابردووش ٣ بەندیی سیاسیی کورد بە ناوەکانی زانیار و لوقمان مرادی و ڕامین حوسێن پەناهی، سەرەڕای داواکاریی کۆڕوکۆمەڵە مرۆڤدۆستەکان بۆ هەڵوەشانەوەی حوکمی ئێعدامیان، بە هۆی جەللادەکانی ئەو ڕێژیمە خوێنڕێژە ئێعدام کران. شایانی وەبیر هێنانەوەیە کە دەستدرێژیی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر خاکی هەرێم لە ڕۆژانی ڕابردووەوە بە شێوەی تۆپبارانی ناوچە سنوورییەکانی نێوان سۆران و پیرانشار، دەستی پێ کردبوو.

دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان، وێڕای مەحکوومکردنی دەستدرێژی و پەلاماری مووشەکیی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر بنکەکانی حیزب لە خاکی هەرێمی کوردستاندا و هەر وەها نوێترین تاوانی ئەو ڕێژیمە بەرامبەر ٣ بەندیی سیاسیی کورد، سەرەخۆشی و هاوخەمیی قووڵی خۆی بە بنەماڵە وهاوسەنگەرانی شەهیدەکان وسەرجەم خەڵکی کوردستان ڕادەگەیەنێ و چاکبوونەوەی هەر چی زووتری بریندارەکان بە ئاوات دەخوازێ.

ئەگەر چی شەهید بوونی پۆلێکی گەورە لە ئەندامانی ڕێبەری و ژنان و پیاوانی پێشمەرگە و تیکۆشەری دێرین وبەووج، بۆ حیزبی دیموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی ئازادیخوازی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، زیانێکی گەورە و زەبرێکی بە ژانە، بەڵام حیزبی دیموکراتی کوردستان دڵنیایی بە هەموو دلسۆزانی خۆی و سەرجەم خەڵکی کوردستان دەدا کە ئەم جۆرە تاوانانە، ئەم حیزبە لە سەر خەبات بۆ ئامانجە لەمێژینەکانی و بەربەرەکانی لە گەڵ ڕێژیمی دیکتاتۆر و خوێنرێژی کۆماری ئیسلامیی ئێران شێلگیرتر دەکا. حیزبی دیموکراتی کوردستان، ڕاهاتوە کە زەبر و پەلاماری کۆماری ئیسلامی بۆ سەر ڕێبەران و تێکۆشەرانی - هەر چەندیش گەورە و بە ژان بن - بە چۆکی دانەهێنن و لە خەبات ساردی نەکەنەوە. ڕۆڵە بە هەست و دلسۆزەکانی گەلی کوردیش وەک هەمیشە نیشانیان داوە کە ناهێڵن چەکی خەباتکارەکانی کورد بکەوێتە سەر ئەرز و ڕێگەی تیکۆشەرانی شەهید بی ڕێبوار ناهێڵنەوە.

ئێمە وێڕای دەربڕینی پێزانینی خۆمان بەرامبەر بە بە دەنگەوەهاتنی خەڵکی دلسۆز و دامو دەزگا تەندروستی و خزمەتگوزارییەکانی شاری کۆیە بۆ بە فریاکەوتنی بریندارەکان و خەڵکی ئاوارەبووی کەمپەکانی دیموکرات بە دوای ئەو پەلامارە مووشەکیەدا ، ڕادەگەیەنین کە دەیان بریندارى ئەو ڕووداوە وسەدان بنەماڵەی دانیشتووی کەمپەکانی سەر بەحیزبی دیموکرات کە بە هۆی ئەو پەلامارە مووشەکی و هەواییەوە، مال و حاڵی خۆیان بە جێ هێشتوە، پێویستییان بە هاوکاری و پێڕاگەیشتنی مرۆڤدۆستانەی بە پەلە هەیە.

چاوەڕوانین نوێترین تاوانی کۆماری ئیسلامی لە دژی حیزبی دیموکرات و ڕۆلە بەندکراوەکانی کورد، ببێتە هەوێنی مانگرتنی گشتی و نارەزایەتیدەربڕینی یەکگرتووانەی خەڵک لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. لە هێزولایەنە سیاسی و خەباتکارەکانی کورد و ئێرانی لە هەرێمی کوردستان و دەرەوەی وڵاتیش داوا دەکەین بە ڕێپێوان و کۆبوونەوە و ئاکسیۆنی جۆراوجۆری دیکە، دژی نوێترین تاوانەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەنگ هەڵبڕن.

داوا لە ناوەند و کۆڕ و کۆمەڵە نێودەوڵەتییەکان و بیروڕای گشتی جیهانیش دەکەین بەرامبەر بە دەستدرێژی و تاوانەکانی کۆماری ئیسلامی لە دژی ئازادیخوازانی کورد لە نێوخۆی ئێران و لە دەرەوەی سنوورەکان بە تایبەتی بەرامبەر کۆمەڵکوژیی ئەمڕۆ لە قەلای دیموکرات بە دەستی ئەو ڕێژیمە، بیدەنگ و بێهەلویست نەبن.

ئەوە کە کۆماری ئیسلامی لە دوو تاوانی نوێ دا، هاوکات گیانی چەندین تێکۆشەر و خەباتکاری کورد لە حیزب و ڕێکخراوی سیاسیی جۆراوجۆری ڕۆژهەلاتی کوردستانی کردوەتە ئامانجی کردەوەی جینایەتکارانەی خۆی، جێی خۆیەتی هاندەری هەموو لایەکمان بێ بۆ یەکگرتوویی، هاوپشتی وهاوخەباتی لە گەڵ یەکتر و، بەهێزکردنی خەبات تا کۆتایی هێنان بە تەمەنی پڕ لە سەرکوت و تاوانی ئەو ڕێژیمە.

سڵاو لە گیانی نوێترین شەهیدانی حیزبی دیموکرات و گەلی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان،

ڕسوایی و مردن بۆ ڕێژیمی دیکتاتۆر و خوینڕێژی کۆماری ئیسلامیی ئێران.

حیزبی دیموکراتی کوردستان

دەفتەری سیاسی

ئیوارەی سەمە ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧

٨ی سیپتامبری ٢٠١٨

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٨ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

لە پەلاماری مووشەکیی ئەمڕۆی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر قەڵای دیموکرات بە داخەوە ١٦ کادر و تیکۆشەری بە وەجی دیموکرات شەهید بوون و نزیک بە ٤٠ کەسیش بریندار بوون. شەهیدەکان بریتیین لە:

خەرمانە خەمی خەرمانان

نووسینی: ئەحمەد ڕەحمانی

مانگی خەرمانانە مانگی بەشینەوەی خەمە، مانگی هەژانی ناخ و ئاخ هەڵکێشان و حەسرەت و تەمە، چ مانگێکی پڕ لە ناسۆرە ئەم خەرمانانە، هەر کەژاوەی تەرمی شەهیدانە بەڕێوەن بەرەو مەزاری یارانە.

چ مانگە خەمێکی جەرگبڕە ئەم خەرمانانە، هەر گلکۆیەو داپۆشراو بە ئاڵای ڕەنگینی کوردستانە

خوشک و هاوڕێ شەهیدەکەم زۆری نەماوە خەرمانەی خەمت لە خەرمانان دا بۆ بگرمەوە، زۆری نەماوە خەونەکانی منداڵی و گەورەبوونی نێو شۆڕشمان پەڕ پەڕ ببن و بژاکێنەوە، خوشک و هاوڕێ شەهیدەکەم ئەو زەمەنەی لاوێکی تازە پێگەیشتووی نێو شۆڕش بووین بیرتە لە "گەورەدێ" لە سەر تاشە بەردێک نووسیمان کە گەورەش بووین وەفادار بە شۆڕش بمێنینەوە.

خوشک و هاوڕێ شەهیدەکەم تۆ پەیمانی خۆت بردە سەر و کفنی سوورت کرد بە خەڵات، منیش هێشتا وەفادار ماوم لە ڕێبازەکەت دا فرمێسکە وشەت بۆ دەهۆنمەوە.



کاتێ لە سیمای پێشمەرگانەو جوانتان دەڕوانم چاوەکانم دادەوەستێن لە گۆمیلکەی فرمێسک، خەم هەموو جەستەم دەتەنێ، پەنجەکانم دەلەرزن کاتێ دەمهەوێ وەفانووسێکتان بۆ بنووسم، وشەکانم نەزۆک و سەغیرە پیت دەبن.

تەنیا شتێ کە دەتوانم و لە دەستم دێ، بەڵێن و پەیمان بێ تاکو هەناسەم لە ژیاندا بێ، ڕێبازتان ڕێبازم بێ.

سەرچاوە
Serchawe



کاکە گیان بیرمە پێش شەهید بوونتان کۆچەری ئاسا

بە وڵاتی نیشتەجێ بوونمان دا هاتن و تێپەڕین، باشم لە بیرە لە کافەیەک دا دانیشتین...
لەپڕ خاتوونێکی قژ زەردی چاو شین دەستی منداڵێکی لە ناو دەست دا بوو بە پێش ئێمە ڕابردوو تێپەڕی،
باشم لەبیرە بۆ ساتێکی باش چوویتە ژوانی بیرێکی قوڵەوە، پێتم وت کاکە گیان بیری باجی کەژاڵ و جگەرگۆشەکانت دەکەیت؟
وەک هەمیشە بە زەردەخەیەکەوە وڵامت دامەوە وتتان:
ئەحمەد بۆ کەس هەیە بیری خۆشەویستانی نەکات...



لە هەناوی پێنووسم دا وشە فرمێسکتان بۆ دەنووسم شەهیدانی ١٧ی خەرمانان، لە بیرو هزرمدا پەیمان و بەڵێنی بە درێژەدانی ڕێگاتان دەبەستم، لە نێو مەکۆی پڕ لە شانازی خەباتدا بەنکیلە گریانە پیت و وشە و ڕستە لە سەر گلکۆتان دەنووسم.

١٧ی خەرمانان خەم دەنیشێتە سەر پەلکی گوڵە ژاکاوەکانی قەڵانی بەرخودان، ئەو قەڵایەی بوو قەڵای دێموکڕات و باوەڕی خۆڕاگری.



خەرمانانە و خەرمانی شین و گریانە، خەرمانانە و ناخەکان بۆ شەهیدانی قەڵای مێرانی دێموکرات لە کوڵە لە گریانە، کەژاوەی سووری شەهیدان لە سەر شانانن نە یەکن نە دوان و سێیانن، فرمێسک جۆگەتیان لێداوە، ئاخر بەم مانگی گەرمی خەرمانانە کەی کاتی جۆگەتی وەرزی زستانە، ئاپۆڕای خەمانی خەرمانان بەڕێوەن و ڕوویان لە مەزارگەی شەهیدانە.



هەموو جارێ کە دادە سووڕەییا دێتە سەرگڵکۆتان و بەنکیلە فرمێسکەکانی جگەرگۆشەکانتان لە سەر گڵکۆتان هەڵدەورێنێ و لە ئاسۆی ڕوونی سەرکەوتنی حیزبەکەتان دەڕوانێ، دەزانم چەندە ناخی پڕ لە ژان و ناسۆرە بۆ شەهیدبوونتان و کۆزیلکەی خەم بە دیار کێلی گڵکۆتانەوە دەگرێ.

لێ دادە سووڕەییا بە چاوی داوەستاو لە گۆمیلکەی گەرمەفرمێسکەوە هەرگیز بێ هیوا نابێ لە گەیشتن بە ئامانجی بەرزو پیرۆزتان. باش دەزانێ ڕۆژێ هەر دێتەدی ئەم ئامانجە لە مێژینەتان.



چ مەرگەساتێ بوو ١٧ی خەرمانانی قەڵای خۆڕاگری دێموکڕات، چ شین و ڕۆ ڕۆیەک بوو بۆ شەهیدانی لە خوێن شەڵاڵی دێموکڕات.

گەلەری پێڵاوە بێ جەستەکانی شەهیدان چ تراژیدیا دیمەنێکی خەمگینی دەنواند، خوێنی سووری قەو دیوارەکانی قەڵای میران چ تابلۆیەکی سووری نەخشینی خوێنینی دەنەخشاند.

لەو هەورە کۆچەریانە دەڕوانم کە لە دیوی کوێستانەوە بەرەو دیوی گەرمێن دێن و لە سەر باواجی و هەیبەت سوڵتان بەرەو مەزاری شەهیدانی دێموکڕات هێور هێور بە فرمێسکەبارانەوە بەڕێوەن و لەم گەرمای خەرمانانەدا دادەدەنە ڕێژنەی گریان، ئەم هەورە کۆچەریانە ئارام ناگرن، ژیر نابنەوە، هەڵدەوەرێنن فرمێسکە خەمی خەرمانە خەمی خەرمانان.

له بەرزی بەرزترین لوتکەی چیاو کۆسار دەچێ بەژن و باڵای جوانی پێشمەرگانەت، سەر دێڕی کامە ڕۆمانە شۆڕشی کە هێشتاش دوا دێڕو ڕستەت نەنووسراوەو دەیانساڵی دیکەش لە مەکۆی خەباتا دەنووسرێیتەوە. سەرچۆپی گێڕی کامە سەرکەوتنی چالاکی پێشمەرگانەی، دەسرۆکەی سەرچۆپیت هێشتاش لە ئاسمانی قەڵای دێموکڕاتدا بە ڕەنگی سووری خوێنینەوە بە دەم دەنووکی کۆترێکی سپییەوە دەشەکێتەوە



کام پێنووس دەتوانێ وەسفت بکا، کام وشە دەتوانێ لە خۆشمەشرەفیت بدوێ، کاک ڕستە دەتوانێ قاڕەمانیەتی و پێشمەرگەبوونت بنووسێ، کام پەڕتووک و کتێب دەتوانی هەڵگری ناوی بەرزو پیرۆزی شەهید بوونت بێ.

خەرمانە خەمی خەرمانانتان هێندەی تر خەمین و جەرگبڕتر کرد بە شەهیدبوونتان مام شیرکۆ گیان.

چۆن ئەم زەمەنە چۆن دڵی هات بژاکێنی گوڵی جوانی تەمەنت کاکەی شەهیدم، چۆن خوێنی سووری و گەشت ڕەنگاڵە بوو بۆ دیوارەکانی قەڵای خۆڕاگری کاکەی شەهیدم. ڕێبازتان هەر ئاوەدان و پڕ ڕێبوارە، دڵنیابن لە درێژەدانی ڕێبازتان کاکەی شەهیدم،

بەخشیم گیانم لە پێناو ئازادی، ڕزگاریت نیشتمانم، بێ باک بووم لەوەی بۆسەی مەرگ ها لە ڕێی تێکۆشانم، ئامانجی پیرۆزی منی پێشمەرگە درێژەدان بوو بە ڕێبازی پڕ لە سەروەری شەهیدان.

سەرەنجامی منیش شەهید بوون بوو، هێنامەدی بەڵێنی و پەیمانم کە درێژەدەری ڕێبازی شەهیدانم.

سەرچاوە
Serchawe

ئەو کاتەی هاتم بۆ پێشمەرگایەتی، لە شانم کرد چەکی شەڕەف و ئازایەتی، سۆزمدا بپارێزم نیشتمانم، سینگم بکەم بە قەڵغانی پاراستنی زێدو خاکم.

ئەو کاتەی هاتم بۆ پێشمەرگایەتی، پۆشیم جل و بەرگی پڕ لە شانازی، پەیمانم دا تاکو کاتی شەهیدبوونم بێ وچان نەسرەوتن بێ ڕێگای تاسەرکەوتنم.

ئەو ڕۆژەی گرتمەبەر ڕێگای تێکۆشان، سۆزمدا بە کوردستان تاکو کفنی سووری خوێناوی نەبێ بە خەڵاتم دەست هەڵنەگرم لە تێکۆشان و خەباتم.

ئەو ڕۆژەی هاتم بۆ پێشمەرگایەتی، دەستم لە سەر دڵم دانا لە گەڵ وتنەوەی سرودی ئەی ڕەقیب، بەڵێنیم دا مەکۆی خەباتم ئاوەدان بهێڵمەوە، دژی ڕەقیب و نەیار، ببم بە پێناسە بۆ کوردستانم.

کۆمەڵێک وتارو لێدوان

ئەو ڕۆژەی بەرەو چیا هەنگاوم نا، بیری ئازادی نیشتمانم بوو بە توێشەبەرەی ڕێی خەباتم، لە دەفتەری پێشمەرگایەتیم دا نووسیم گیانم بەخت دەکەم بۆ گەلم بۆ وڵاتم.

ئەو ڕۆژەی بەڵێنی و پەیمانم دا بە خاکی پیرۆزی کوردستان لەوە دڵنیا بووم داری ئازادی نایەتەبەر بێ خوێندان و قوربانیدان.

سەرچاوە: فیسبووکی نووسەر - سێپتەمبەری ٢٠٢٦

پەیامی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان دوای ڕووداوی هێرشە موشەکییەکەی سەر قەڵای دێموکرات

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان!
خەڵکی تێکۆشەری کوردستان!
دۆستانی گەلی کورد!

هەروەک ئاگادارن، بەیانیی ڕۆژی ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاوی لە کاتێکدا کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە کۆبوونەوەدا بوو، کۆماری ئیسلامی بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی ئێمە و ڕاست شوێنی بەڕێوە چوونی کۆبوونەوەکەی مووشەک باران کرد. لە ئاکامدا بەداخەوە پۆلێک لە ئەندامانی ڕێبەریی حیزب و کادر و پێشمەرگەکانی حیزب شەهید بوون و ژمارەیەکیش لە هاوڕێیان بریندار بوون.

ئەمە یەکەم جار نیە ڕێژیمی ئێران لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆی و لە دەرەوەی مەیدانی ئەسڵیی خەباتی ئێمە لەگەڵ ئەو ڕێژیمە، ڕێبەریی حیزبی دێموکڕات بە ئامانج دەگرێ. تەنیا شتی نوێ ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی بەهۆی ئەو مەترسییانەی ئەم ڕۆژانە لەسەر ئایندەی خۆی هەستی پێ دەکا، لێ بڕاوە دڕندانەتر لە هەر کاتێک و بە بەزاندنی هەرچی زیاتری سنوورە یاسایی و ئینسانییەکان زەربە لە ئێمە بوەشێنێ. ئەوەش کە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و ڕێبەریی حیزبی ئێمە بۆتە ئامانجی ئەم هێرشە بێ وێنەیە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە کۆماری ئیسلامی ئەوەندەی لە فشارە دەرەکییەکان نیگەرانە،

چەند ئەوەندەش هێزی خەڵک و بزوتنەوەی سیاسیی کوردستان بەتایبەتی حیزبی ئێمە وەک ئاڵاهەڵگری خەباتی فرەچەشن بەدژی ئەم رێژیمە بە مەترسی بۆ سەر مانەوەی خۆی دەزانێ.

مووشەک بارانی رێژیم بۆ سەر دەفتەری سیاسیی حیزبی ئێمە بە هەموو پێوەرێک مەحکوومە. لەگەڵ ئەوەدا حیزبی ئێمە بە شانازییەوە لە بەرامبەر هێرشی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر خەڵکی کوردستان خۆڕاگریی چەکدارانەی کردووە و وەک حیزبێکی شۆڕشگێڕ بۆ پارێزگاری لە مان و مەوجودیەتی گەلەکەمان خاوەنی هێزی پێشمەرگەیە، بەڵام ئێمە هەمیشە لایەنگری چارەسەری سیاسیی پرسی کورد لە ئێران بووین و بۆ یارمەتیدان بە دروستبوونی بەستێنێکی سیاسی و دێموکڕاتیک لەو وڵاتەدا تێچووی زۆر گەورەشمان داوە. کەچی کۆماری ئیسلامی هەمیشە وەڵامی خواستی رەوا و ئاشتیخوازانەی خەڵکی کوردستان و حیزبی ئێمەی بە تێرۆر و ئێعدام و سەرکوتی بەربڵاو نەک هەر بەدژی تێکۆشەرانی حیزبی ئێمە بەڵکوو بەدژی چالاکانی مەدەنی لە نێوخۆی وڵاتیش داوەتەوە.

لەم هەلومەرجە هەستیارەدا کە بەهۆی ئەو هێرشە دڕندانەیەوە هاتۆتە پێش، لەلایەن رێبەریی حیزب و هاورێیانی دەفتەری سیاسییەوە ئەو ئەرکەم پێ سپێردراوە کە لە رێگای ئەم پەیامەوە لەپێشدا پڕبەدڵ سوپاسی خۆمان بە خەڵکی نیشتمانپەروەری کوردستان بەتایبەتی خەڵکی شاری کۆیەی خۆشەویست، دامودەزگاکانی ئەمنی و فریاکەوتن و تەندروستیی حکومەتی هەرێم و بە گشتی هەموو ئەو لایەن و کەسانە بکەم کە لە یەکەمین ساتەکانی رووداوی ئەم جینایەتەوە هەتا ئێستا بە هانامانەوە هاتوون و لە یارمەتیدانمان بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەو کارەساتە هەرچی لەتوانایان دا بووە دریغییان نەکردوە. ئەوان بەهەق نیشانیان دا کە ئەولاتر لە بەرپرسایەتیی ئەخلاقی و ئینسانی، پاڵنەرێکی گەورەتریشیان هەیە کە هاونەتەوەبوونە. هەروەها سوپاس بۆ هەموو ئەو تێکۆشەر و نیشتمانپەروەرانە لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات و هەموو دۆستانی حیزب کە لە کۆستی لەدەستدانی پۆلێک لە باشترین تێکۆشەرانی حیزبەکەماندا هاوخەمییان لەگەڵ کردووین و هاوپێوەندی و پشتیوانیی خۆیان پێ راگەیاندووین.

چەند و چۆن و دەرەنجامەکانی قۆناغی نوێی هێرش و دەستدرێژییەکانی کۆماری ئیسلامی و کاریگەریی لەسەر دۆخی خەباتی ئێمە پێویستی بە بەدواداچوون و لەقاودان و دەرس لێ وەرگرتنی زیاتر هەیە. بۆ هەموو ئەو کارانە ئێمە پێویستیمان بە هەوڵ و هیممەتی هەرچی زیاتری تێکۆشەرانی دێموکڕات و هەماهەنگی و یەکگرتنی زیاتری هێز و لایەنەکان و بەدەنگەوە هاتنی دۆستانی گەلی کورد لەنێو کۆڕ و کۆمەڵە مێدیایی و سیاسییەکانی ئێران و ناوچە و جیهان هەیە.

هەروەک هەموو لایەک دەزانن حیزبی ئێمە عادەتی کردوە کە زەبری زۆر گەورە تەحەمول بکا. ئەمجارەش حیزبی ئێمە، دڵگەرم و پشتگەرم بە ئیمان و ئیرادەی تێکۆشەرانی دێموکڕات و پشتیوانیی خەڵکی کوردستان، لەگەڵ هەموو قورسی و جەرگبڕیی کارەسات و جینایەتەکە، لە خەبات و تێکۆشانی شێلگیرانە هەتا گەیشتن بە ئامانجە رەواکانی گەلی کورد بەردەوام دەبێ و ناهێڵێ مەشخەڵی دەستی رەفیقە شەهیدەکانمان بۆ ساتێکیش بکەوێتە سەر عەرز.

سڵاو لە گیانی پاکی شەهیدانی مووشەکبارانی قەڵای دێموکڕات.

ریسوایی و نەمان بۆ کۆماری ئیسلامی.

سەرکەوتن بۆ خەباتی رەوای گەلی کورد و بزوتنەوەی ئازادیخوازانەی ئێران.

مستەفا مەولوودی

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

٢٠ی خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاوی

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٨ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

وانەکانی ١٧ی خەرمانان و شکۆی حیزبی دێموکرات

عەلی بداغی

ئەمڕۆ ١٧ی خەرمانان، ٨ ساڵ بەسەر هێرشی مووشەکیی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ سەر بنکەکانی حیزبی دێموکراتدا تێپەڕی. کۆماری ئیسلامیی ئێران لەو هێرشەدا بە ٥ مووشەکی بالیستیک و دوو مووشەکی «فاتیحی ١١٠»، پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان و چەند بنکەیەکی دیکەی حیزبی دێموکراتی کردە ئامانج کە بووە هۆی شەهیدبوونی ١٦ کادر، پێشمەرگە و ئەندامی ڕێبەریی حیزب و برینداربوونی دەیان تێکۆشەری دیکەی حیزبی دێموکرات.

هۆکارەکانی ئەم هێرشە چەندلایەنە بوون. لەگەڵ ئەوەدا کە حیزبی دێموکرات هەمیشە دوژمنی ژمارە ١ی کۆماری ئیسلامی و چقڵی چاوی ڕێژیم بووە، بەڵام حیزبی دێموکرات لە ماوەی ساڵانی پێش ئەم هێرشەدا تێکۆشانی سیاسی و سەربازیی خۆی لە نێوخۆی کوردستاندا پەرە پێدابوو.

مەبەستێکی دیکەی ڕێژیم چاوسوورکردنەوە لە ئۆپۆزیسیۆنی کورد و گەیاندنی پەیامێکی ڕوون بۆ وڵاتانی ناوچەکە بوو کە دەتوانێت هەر کاتێک بیهەوێت، ئاسایش و سەقامگیریی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بخاتە مەترسییەوە. هەروەها گوشار بۆ سەر هەرێمی کوردستان و عێراق مەبەستێکی دیکەی کۆماری ئیسلامی بوو بۆ ئەوەی توانا و چالاکییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کوردی، بەتایبەت حیزبی دێموکرات سنووردار بکرێت.

پێشاندانی توانای مووشەکی و بەکارهێنانی مووشەکی بالیستیکی خاڵپێک ڕوویەکی دیکەی ئەو ئامانجە بوو کە سەرەڕای هاوار و دیپلۆماسیی زۆری حیزبی دێموکرات، بەداخەوە جیهان نەیبیست و ئەو هەڕەشە و مەترسییەی بە هەند وەرنەگرت؛ کە ئێستا لەسۆنگەی کۆماری ئیسلامییەوە بەئاشکرا باڵی بەسەر ئاسایش و سەقامگیریی هەموو ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و جیهاندا کێشاوە.

هێرشی ١٧ی خەرمانان تاقیکردنەوەیەکی دیکە بوو بۆ بزووتنەوەی کورد، حیزبی دێموکرات و کۆمەڵگەی کوردستان. لەسۆنگەی ئەم هێرشەوە زیانی گیانی و ماددیی زۆر بەر حیزبی دێموکرات کەوت، بەڵام حیزبی دێموکرات وەک قەڵای لەگیراننەهاتووی ئیرادە و مافخوازیی کورد بەچۆکدا نەهات و هەتا ئێستاش شێلگیرانە درێژەی بە خەبات و تێکۆشانی خۆی داوە. لایەنێکی دیکەی ئەو تاقیکردنەوەیە، وەڵامدانەوەی کۆمەڵگەی کوردستان بوو بەو دەستدرێژییەی کۆماری ئیسلامی. کۆماری ئیسلامی کە بەردەوام بانگەشەی ئەوەی دەکرد حیزبە کوردییەکان پێگە و خۆشەویستییان لە کۆمەڵگەی کوردستاندا نەماوە و کەلێن و مەودای نێوان خەڵک و حیزبەکان بە هیچ پڕ نابێتەوە، بەسەر مانگرتنەکەی ٢١ی خەرماناندا کەوتن.

کوردستان چوار ڕۆژ دوای هێرشەکە و هەر لەسەر داوای حیزبە سیاسییەکانی، گەورەترین مانگرتنی شوناسخوازانەی بەڕێوە برد. لەو ڕیفراندۆمەدا کوردستان پێشانی دایەوە کە گرتن، لەسێدارەدان، تیرۆر، مووشەکباران و سەرکوتی هەمەلایەنەش ناتوانێت ئیرادەی سیاسیی کورد تێکبشکێنێت و بە پێچەوانەوە کۆمەڵگەی کوردستانی پێگەیشتووتر کردووە. پەیامی ئەو ڕیفراندۆمە ڕاستەقینەیە ئەوە بوو: «زەویی ئێمە دانی ئێوەی لێ شین نابێت، بارکەن بڕۆن...». ئەم مانگرتنە پێشانی دایەوە کە پێگەی سیاسیی حیزبە سیاسییەکان، بەتایبەت حیزبی دێموکرات لە کۆمەڵگەی کوردستاندا زۆر قایم و تۆکمەترە

لەوەی ڕێژیم بیری لێ کردبووەوە. لە ڕووی فۆرمی مانگرتنەکەشەوە، داخستنی دووکان، بازاڕ و شوێنە گشتییەکان و «نا»گوتنی جەماوەری بە کۆماری ئیسلامی، ئاستی بەرزی هۆشیاریی سیاسی و خەباتی مەدەنیی کوردی لە ئێران و پێشەنگایەتیی بزووتنەوەی کورد پێشان دایەوە. ئەم پێشەنگایەتییە لە مانگرتنەکانی دواتردا و دواجار لە بزووتنەوەی «ژن، ژیان، ئازادی»دا گەیشتە لووتکەی خۆی، و ئەم پەیامە شوناسخوازییە لە کەرنەڤاڵە نەورۆزییەکان، بەتایبەت نەورۆزی خاکیپۆشاندا دووپات کرایەوە.

مووشەکبارانی ١٧ی خەرمانان درێژەی سیاسەتی دوژمنکارانەی کۆماری ئیسلامی و سەرکوتی خوێناویی بزووتنەوەی کورد بوو؛ درێژەی سیاسەتی لەسێدارەدان و تیرۆری تێکۆشەرانی سیاسی و درێژەی سیاسەتی بێئاکامی کۆماری ئیسلامی بوو بۆ نەهێشتنی پرسی کورد و هەڵوەشاندنەوەی حیزبی دێموکرات. ئەوەی کۆماری ئیسلامی نەیدیت و نەیزانی ئەوە بوو کە حیزبی دێموکرات تەنیا ڕێکخراوێکی سیاسیی خاوەن هێزی پێشمەرگە نییە، بەڵکوو هێمای مافخوازی و خەباتگێڕیی کورد و ناسنامەی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. خێرابوونی ڕەوتی یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات دوای هێرشەکەی ١٧ی خەرمانان، بەردەوامیی خەبات و تێکۆشانی فرەڕەهەندی حیزب لە هەموو ئاستەکاندا و نوێبوونەوەی ڕیزەکانی حیزب بە هاتنی لاوانی خەباتکار، سەرەڕای هەموو ئەو کۆست و کارەساتانەی بەسەر حیزبی دێموکراتدا هاتوون، نیشانەی ئەو ڕاستییەیە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان دوای هێرشی ١٧ی خەرمانان، چەند جاری دیکەش بە چڕی هێرشی مووشەکی کراوەتە سەر: لە ڕەزبەر و خەزەڵوەری ١٤٠١ دا پاش یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی حیزب و سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ژینا، و پاش شەڕی ئەمریکا و ئێران لە ڕەشەمەی ساڵی ڕابردووەوە هەتا ئێستا. کۆماری ئیسلامی هەر لەم ماوەیەدا نزیکەی ١٦٠ جار بە درۆن و مووشەک هێرشی کردووەتە سەر حیزبی دێموکرات و لە سیاسەتی دوژمنکارانەی بەرامبەر بە بزووتنەوەی کوردستان نەوەستاوە. بەڵام حیزبی دێموکرات لە قووڵایی کۆمەڵگەی کوردیدا ڕەگاژۆی کردووە و ئەو پیرەدارە بە هیچ بۆمب و مووشەکێک لە بن نایەت.

١٦ی خەرمانانی ٢٧٢٦

٢١ی خەرمانان؛ ناسنامەی سیاسیی کوردستان

عەلی لەیلاخ

کاتێک دەگوترێت کوردستان بە بەراورد لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی ئێراندا سیاسیترە و لە خەباتی جەماوەریدا پێشەنگە، بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستییە حاشاهەڵنەگرە، نموونەی زۆر لەبەر دەستدان؛ هەر لە کۆچی مێژوویی و مەدەنییانەی خەڵکی مەریوان و سنە لە ساڵی ١٣٥٨دا بۆ دژایەتیکردنی پەلاماری سەربازیی سوپای کۆماری ئیسلامی، تا دەیان شێوازی شیاو و داهێنەرانەی هاوپشتیی جەماوەری و خۆڕاگری لە هەمبەر زۆرداریی دەسەڵاتدا، کە دەتوانین ئاماژەیان پێ بکەین.

بەڵام ئەووی هەشت ساڵ لەمەوبەر، لە ڕۆژی چوارشەممە ٢١ی خەرمانانی ١٣٩٧دا ڕووی دا، لە چەندین ڕەهەندی جیاواز و ستراتیژیکەوە شایەنی وردبوونەوە و ئاوڕلێدانەوەیە.

تەنیا چوار ڕۆژ پاش کارەساتی تیرۆریستیی ١٧ی خەرمانانی هەمان ساڵ، کۆمەڵگەی تاساو و خەمباری کوردستان بە دەم بانگەوازی «ناوەندی هاوکاری» و هەڵمەتی هاوبەشی لایەنە سیاسییەکان، چالاکوانان و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤەوە چوون و لە هەڵوێستێکی بێوێنەدا، حەماسەی ٢١ی خەرمانانیان خوڵقاند. بە واتایەکی دیکە، داخستنی سەرتاسەریی زۆرینەی دووکان و بازاڕەکان لە هەر چوار پارێزگای ڕۆژهەڵاتی کوردستان و سەرجەم شار و شارۆچکەکاندا - کە تەنانەت شەپۆلی ئەو تووڕەیی کۆمەڵایەتییە هەندێک لە گوندەکانیشی گرتەوە - هەتا ئێستاش وەک خاڵێکی وەرچەرخان لە مێژووی خەباتی جەماوەریی گەلی کورددا دێتە ئەژمار.

ئاوڕێک لە کارەساتی ١٧ی خەرمانان؛ هۆکار و لێکەوتەکانی

لە ساڵی ٢٠١٨دا، کۆماری ئیسلامی بەپێی نەریتی دێرین و هەمیشەیی خۆی، لە یەک ڕۆژدا دوو کردەوەی تاوانکارانەی ئەنجام دا و کۆمەڵگەی کوردستانی تووشی شۆک کرد: لە بەرەبەیانیی ڕۆژی شەممەدا، بە پەتی سێدارەی ئازادیکوژیی خۆی، گیانی پاکی سێ لاوی تێکۆشەری کوردی ئەستاند و نزیکەی کاتژمێر ١١ی پێشنیوەڕۆی هەمان ڕۆژیش، پەلامارێکی مووشەکیی دڕندانەی کردە سەر کۆبوونەوەی ڕێبەری و بنکەکانی حیزبی دێموکرات.

ئەم هاوکاتکردنەی دوو تاوان لە یەک ڕۆژدا، تۆڵەسەندنەوەیەکی ڕقئەستوورانە بوو لە بزاڤی ڕزگاریخوازیی کورد و هەوڵێکی بێبەزەییانە بوو بۆ سەرکوتی ئەو لایەنانەی کە دەسەڵات هەمیشە بوونیانی ڕەت دەکردەوە؛ هەمان ئەو لایەنانەی کە ساڵانە بە پڕوپاگەندە و شەڕی نەرم، دەیویست لە ڕێگەی ناوزڕاندن و تۆمەتبارکردنەوە، لە جەستەی کۆمەڵگەی کوردستانیان دابڕێت.

ڕاستە کارەساتی ١٧ی خەرمانان زەبرێکی یەکجار قورس بوو، بەتایبەت بۆ حیزبی دێموکرات کە ١٦ سەرکردەی بەئەزموون و کادر و پێشمەرگە فیداکارەکانی لە دەست دا؛ بێگومان، هێرش بۆ سەر کۆبوونەوەی ڕێبەری کە بە مانگ و ساڵ پلانی بۆ داڕێژرابوو، بە ئامانجی پەکخستنی یەکجارەکیی ئەو حیزبە ئەنجام درابوو؛ بەڵام هەر ئێوارەی ئەو ڕۆژە خوێناویە، لە حەساری قەڵای برینداری دێموکراتدا، دووبارە سروودی «ئەی ڕەقیب» بەرز و دلێر دەنگی دایەوە.

یەکێک لە مەبەستە سەرەکی و نەگریسەکانی ئەو دوو تاوانە دڵتەزێنە، دروستکردنی کەشێکی تۆقێنەر و ترس خستنە نێو دڵی خەڵک بوو، تا پێشان بدات کە گوایە هەم لە نێوخۆی وڵاتدا دەستی لەسێدارەدانی هەیە و هەم دەستی درێژی مووشەکیشی دەگاتە بنکە و بارەگای حیزبەکان.

پاش تێپەڕبوونی چوار ڕۆژ بەسەر ئەو کارەساتەدا، بەپێی بانگەوازی «ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران» کە تازە دامەزرابوو، ئێمە شاهیدی کردەیەکی بەکۆمەڵی سیاسی بووین لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، کە لە یەک کاتدا هەم هیوابەخش بوو و هەم قورسایی ئەو ئازارە ناخهەژێنەی بەسەر گشت کوردستاندا دابەش کرد؛ چونکە بۆ یەکەمین جار بوو هاوئاهەنگییەکی وەها بێوێنە لە نێوان حیزبە سیاسییەکان، ڕێکخراوە مەدەنییەکان و چالاکانی مافی مرۆڤدا بێتە ئاراوە و کارەساتەکە ببێتە هەوێنی شوناسێکی نەتەوەیی و گشتگیر.

بانگەوازی مانگرتنی سەرتاسەری، هەر زوو لە لایەن سەرجەم چین و توێژەکانی کوردستانەوە پێشوازیی گەرمی لێ کرا. لە یەکەم ساتەکانی بەرەبەیانیی ڕۆژی چوارشەممە ٢١ی خەرماناندا، کوردستان بۆ جارێکی دیکە باوەشی بۆ برینەکانی خۆی کردەوە و بە تەواوەتی پشتی لە «تارانی تاوان» کرد.

ئەم مانگرتنە، لە سەرەوە هەتا خوارووی کوردستان، پەیامێکی زۆر ڕوونی بۆ دەسەڵات و ناوەندە ئەمنییەکان پێ بوو؛ ئەویش ئەوە بوو کە حیزبەکانی کوردستان، سەرەڕای بوونی ڕەخنە و ناکۆکییەکان، لە هەناوی مێژووی خەباتی ئەم خاکەوە لەدایک بوون و گیانێکی سیاسی و خەباتکارانەن لە جەستەی ئەم نیشتمانەدا.

ئەوەی لە مانگرتنی ٢١ی خەرماناندا بەدی دەکرا، یەکڕیزی و یەکگرتوویی تەواو بوو؛ هیچ کەلێنێک لە نێوان خواستی شەقام و هێزە سیاسییەکاندا نەهێڵدرایەوە، بەڵکوو هەمووان لەو ڕۆژە مێژووییەدا لە سەنگەری یەکگرتوویی و شەرمەزارکردنی کۆماری ئیسلامیدا، هەنگاوی کرداری و بوێرانەیان هەڵگرت.

لە زانستی سیاسیدا، لێکەوتە دەروونییەکانی تیرۆر وەک هۆکاری چەقاندنی ترس و بێهیوایی لە نێو کۆمەڵگەدا سەیر دەکرێن؛ بەڵام ئەگەر سەرنجی لێکەوتەکانی ١٧ی خەرمانان بدەین، لووتکەی خۆڕێکخستن و بڕوابەخۆبوون لە ٢١ی خەرماناندا دەبینین، کە بە پێچەوانەی ئەو تیۆرییە، ترس و خەمۆکی ساز نەکرد، بەڵکوو ئیرادەیەکی پۆڵایینی هاوبەشی خولقاند و نەخشاند.

ئاسان نییە لە ماوەی کەمتر لە چوار رۆژدا، بەبێ ئەوەی لەسەر خاکی خۆت بیت و بەبێ بوونی ئامرازی ئاشکرای رێکخستن لە نێوخۆدا، بتوانیت خوار و ژووری کوردستان لە دەوری بازنەی «نا» گوتن بە دیکتاتۆری و بۆ هەڵگرتنی ئەم زامە نیشتمانییە بەو پەڕی هێزەوە کۆ بکەیتەوە.

ئەمە بەبێ بوونی ڕەگ و ڕیشەیەکی قووڵ لە ناخی کۆمەڵگەدا مەحاڵە؛ و لە جوگرافیای سیاسیی ئێراندا، تەنیا کوردستان و بزووتنەوە ڕەسەنەکەیەتی کە خاوەنی ئەم سەرمایە کۆمەڵایەتی و سیاسییە یەکجار بەهێزەن.

دواتریش، تەوژمی هەمان مانگرتنی ٢١ی خەرمانان گەیشتە قۆناغی شۆڕشی ژینا و چەندین وێستگەی شکۆداری لێ کەوتەوە کە سنووری سیاسی، ئیرادەی جەماوەری و هۆشیاریی کوردستانی لە ناوچەکانی دیکەی ئێران بە تەواوی جیا کردەوە.

دیارە کوردستان و بزووتنەوەکەی لە تەمەنی پڕ لە تاوانی کۆماری ئیسلامیدا خەسار و زیانی گیانی و مرۆیی یەکجار زۆریان بەرکەوتووە، بەڵام ئەوەی دوای ١٧ی خەرمانان، مانگرتنی سەرتاسەریی ٢١ی خەرمانانی لێ کەوتەوە - سەرەڕای دڵتەزێنیی ڕووداوەکە - هاوپشتیی بەرەیی، گرینگیدانی حیزبی دێموکرات بە خەباتی جەماوەری و پاشخانی دەوڵەمەندی ڕەفتاری مەدەنییانەی خەڵکی هۆشیار بوون.

لەمێژساڵ بوو بانگەشەی چەواشەکارانەی ئەوە دەکرا کە گوایە حیزبەکان تەنیا لە ناوچەی موکریاندا پێگەیان هەیە؛ کەچی دیتمان لە ٢١ی خەرماناندا، کاتێک دیمەنەکانی داخستنی بازاڕ لە کرماشان و ئیلام تا دەگاتە خوی و سەڵماس بڵاو بوونەوە، وەڵامی ئەو تێڕوانینە چەوت و شۆڤێنییە بە سیاسیترین و ئەرێنیترین شێواز درایەوە. ڕەنگە نەبوونی بارەگای ئاشکرای حیزبەکان لە نێوخۆی وڵاتدا هەست پێ بکرێت، بەڵام مادام ئەوان لە هەناوی ئەو کۆمەڵگەیەوە هەڵقوڵاون، خەڵکیش بە شێوەیەکی خۆڕسک و سروشتی هەمیشە خۆی بە بەشدار لە خەم و شادییەکانی لایەنە سیاسییەکانی خۆیدا دەزانێت.

پەیامە ڕوونەکانی ٢١ی خەرمانان بۆ دوژمنانی گەلەکەمان ئەوەندە بەس بوو کە کوردستان سنوور، ناسنامە و ئیرادەی نەتەوەیی خۆی بە کردەوە کێشا؛ نەیارانیش لەو پەیامە گەیشتن کە کۆمەڵگەی کوردستان و حیزبەکان دوو چەمکی لەیەکدابڕاو نین، بەڵکوو تەواوکەری یەکترین.

کۆماری ئیسلامی بۆ لێدان لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد، تەنیا پەنای بۆ ڕێگای دڕندانەی تیرۆر و سڕینەوەی فیزیکی

نەبردووە؛ بەڵکوو پاش شۆکبوون و دەستەوسانبوونی لە بەرپەرچدانەوەی شەقامەکانی کوردستان لە ٢١ی خەرمانانندا، پەنای بردە بەر سازکردنی دۆکیۆمێنتارییەکی پڕ لە چەواشەکاری (مستند بەنام خلق کرد)، تا پێشان بدات گوایە گورزێکی کوشندەی وەشاندووە، و بەم شێوەیە دەستی تاوانکاری تیرۆریستیی خۆی بە سەر و شانی بزووتنەوەی کورددا بسڕێتەوە.

کۆماری ئیسلامی وەک سەرەکیترین دوژمنی ئازادی و بەها دێموکراتیکەکان، هەمیشە فرچکی بە تیرۆر و کوردکوژی گرتووە و هیچ چاوەڕوانییەکی دیکەی لێ ناکرێت؛ بەڵام ئەوەی پێویستە لە ٢١ی خەرمانانەوە تا ئەمڕۆ و تەنانەت بۆ داهاتووش زیاتر بایەخی پێ بدرێت و بخرێتە خزمەت پرۆژە نەتەوەییەکانمانەوە، ئەو وزە و توانستە لەبنەنەهاتووەیە کە حیزبەکانی کوردستان لە نێوخۆی وڵاتدا هەیانە. ئەمەش بەو مەرجەی وەک چۆن ئەو کارەساتە لە یەکیانی نزیک کردەوە و تەنانەت پرۆسەی یەکگرتنەوەی باڵەکانی حیزبی دێموکراتیشی خێراتر کرد، ببێتە وانەیەکی هەمیشەیی بۆ کاری هاوبەش، دوورکەوتنەوە لە پەرتەوازەیی و پێشخستنی بەرژەوەندییە باڵا و چارەنووسسازەکانی نەتەوە.

خەڵکی کوردستان لە ٢١ی خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاویدا، جارێکی دیکە سەلماندیان کە پشتیوانی ڕاستەقینەی یەکڕیزی و هاودەنگیی هێزە سیاسییەکانن. هەروەها دەرکەوت ئەو سیاسەتەی ڕێژیم کە هەوڵی تکۆڵێکردن لە پرسی کوردی دەدا، سەرەڕای هەموو تێچووە ئەمنی، سەربازی و ئاژاوەگێڕییەکانی، بێئاکام ماوەتەوە و ئیرادەی خۆڕاگری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا قەڵایەکی داگیرنەکراوە.

لە مێژووی نەتەوە زیندووەکاندا، کارەساتەکان تەنیا خاوەنی ڕەهەندی سۆزداری و شین و ماتەم نین، بەڵکوو دەبنە هەوێنی یەکگرتوویی و هاوسەنگەری لە بەرامەر داگیرکەراندا. لە ٢١ی خەرماناندا، ئەم شوناس و ڕوانگە پێشکەوتنخواز و سەردەمییە بە جوانترین شێوە نەخشێندرا؛ ئەزموونێکی مەزن کە دەبێت بۆ هەمیشە وەک سەرمەشقێک وانەی لێ وەربگیرێت.

٢١ی خەرمانانی ٢٧٢٦

٢١ی خەرمانان؛ دەنگی شاخ و شکۆی شار



مەنسوور مروەتی

له مێژووی بزووتنەوەی ئازادیخوازانە و مافخوازانەی گەلی کورددا، زۆر ڕۆژ و بۆنە هەن کە هەرکام بە جۆرێک دەرخەری ڕووداوێکی گەورەی مێژوویین و لە یادەوەری نەتەوەییماندا پێگەیەکی تایبەتییان هەیە. زۆربەی ئەو ڕۆژ و ڕێکەوتانە دووانەیەکن لە کارەسات و بەرەنگاری؛ واتە جاری وا بووە کارەساتێکی دڵتەزێن ڕووی داوە، بەڵام گەلەکەمان بە گشتی هەڵوێستێکی وەهای نواندووە کە نەک هەر لە کارەساتەکەدا نەچەقیون و نەوەستاون، بەڵکوو لە هەناوی ئەو کارەساتەدا

ژیانەوە، بووژانەوە و بەرەنگارییان خوڵقاندووە، کە ئەو هەڵوێستە مێژوویی و بوێرانەیە خۆی بووەتە لاپەڕەیەکی زێڕین لە مێژووی خەباتی گەلەکەماندا.

کارەساتی ١٧ی خەرمانان، واتە مووشەکبارانکردنی قەڵای دێموکرات و شوێنی بەڕێوەچوونی کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە بووە هۆی شەهیدبوونی شازدە کادر و پێشمەرگەی حیزب، ڕووداوێکی دیکەی لەم چەشنە بوو کە سەرەتا کۆست و خەمێکی گەورە بوو، بەڵام دواجار شکۆی ٢١ی خەرمانانی بەدوای خۆیدا هێنا. دیارە ئەگەرچی لە ماوەی ئەم چل و حەوت ساڵەی دەسەڵاتداریی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا ئەوە یەکەم جار نەبوو کە تێکۆشەرانی کورد بکەونە بەر پەلاماری تیرۆریستیی ئەم ڕێژیمە و لەم سۆنگەیەوە زەبریان بەر بکەوێت، بەڵام کارەساتی ١٧ی خەرمانان یەکێک لەو دەگمەن ڕووداوانە بوو کە دەکرێت بڵێین لە مێژووی بزووتنەوەی کورد و تەنانەت ناوچەکەشدا ڕووداوێکی یەکجار گرینگ و کەموێنە بوو؛ کەموێنە لەم بارەوە کە ئەوە یەکەم جار و لەو دەگمەن حاڵەتانە بوو کە ڕێژیمێک لەم ناوچەیە و بگرە لە جیهانیشدا، سەرکردایەتیی حیزبێکی ئۆپۆزیسیۆنی خۆی بە مووشەکی دوورهاوێژ، ئەویش لە نێو خاکی وڵاتێکی دیکەدا بکاتە ئامانج. هەروەها ئەوە یەکەم جاریش بوو کۆماری ئیسلامیی ئێران زۆر بە ڕووهەڵماڵراوی بەرپرسایەتیی ئەو پەلامارەی گرتە ئەستۆ و ڕاشکاوانە ڕایگەیاند ئامانجیان لەو پەلامارە، لەنێوبردنی سەرکردایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بووە.

ئەگەرچی ئەو تاوانە تیرۆریستییە گورزێکی یەکجار قورس بوو لە حیزبی دێموکراتی کوردستان کەوت و شەش ئەندامی لێهاتوو و بەئەزموونی ڕێبەری و دە کادر و پێشمەرگەی بەئەمەکی ئەم حیزبەی لە بزووتنەوەی کورد ستاند، بەڵام ئەوە هەر حیزبی دێموکرات بوو کە توانی سەرەڕای هەڵگرتنی ئەو برینە قورسە، لەسەر پێی خۆی ڕابوەستێت و بۆ تاقە یەک ڕۆژیش لە کار و تێکۆشان نەوەستێت.

ئەم کارەساتە تەنیا برینێک نەبوو کە حیزب بە تەنیا هەڵیگرێت، بەڵکوو لە ڕاستیدا نیشتمانێکی زامدار کردبوو؛ بۆیە هەر چوار ڕۆژ دوای ئەم تاوانەی ڕێژیم، ئەوە خەڵک و بزووتنەوەی مافخوازانەی کوردستان بوون کە لە هەڵوێستێکی ئازایانەدا، ڕۆژێکی پرسەروەریی دیکەیان خستە سەر لاپەڕەکانی مێژووی سیاسیی گەلەکەمان. ٢١ی خەرمانان و مانگرتنی بەربڵاوی خەڵکی کوردستان، هەر بۆ ڕیسواکردنی کۆماری ئیسلامیی ئێران و پشتیوانی لە حیزب و ڕۆڵە خەباتکارەکانی خۆیان نەبوو، بەڵکوو لەوەش زیاتر، ڕێفراندۆمێکی مەدەنی بوو بۆ ئەوەی بە هەمووان بڵێت کوردستان چ پێگەیەکی هەیە و خاوەنەکانی کێن! بەڵێ، ٢١ی خەرمانان تەنیا ڕۆژێک و مانگرتنێکی ئاسایی نەبوو، بەڵکوو ڕووبەڕووبوونەوەیەکی یەکلاکەرەوە و چارەنووسسازی نێوان بزووتنەوەی کورد و کۆماری ئیسلامی بوو لە ئێراندا، کە دیار بوو دواتر کامیان براوە

دەبێت!

کۆماری ئیسلامی لە تەواوی دەسەڵاتداریی خۆیدا، بۆ کەلێن خستنە نێوان خەڵک و حیزبەکان و هەروەها شکاندن و بەچۆکداهێنانی بزووتنەوەی کوردستان، هەرچی لە دەستی هاتووە کردوویەتی؛ هەر لە هەڵگیرساندنی شەڕی بەربڵاو لە کوردستانەوە، تا تیرۆری سەرکردەکان، کادرەکان و پێشمەرگەکانی کوردستان. جگە لەوەش، کۆماری ئیسلامی هەمیشە هەوڵی داوە حیزبەکان لە خەڵکی کوردستان داببڕێت و بە دنیای دەوروبەر و دەرەوەش بڵێت کە شتێک بە ناوی پرسی کورد لە ئێراندا بوونی نییە. هەڵبەت لەو ململانێ دووردرێژەدا، دۆڕاوی سەرەکیی ئەو مەیدانە هەر کۆماری ئیسلامی بووە و حەماسەی ٢١ی خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاویش بەڵگەی زیندووی ئەم ڕاستییەیە.

دیارە بە درێژایی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردستان و بەتایبەتی لەم چل و حەوت ساڵەی ڕابردوودا، ئەوە یەکەم جار نییە کە خەڵکی کوردستان لە بەرامبەر ڕووداوە جۆربەجۆرەکاندا هەڵوێست دەنوێنن. دەکرێت بڵێین سەرەڕای هەموو زەبروزەنگ، گوشار، گرتن و ڕاودوونانی چالاکوانان و ڕێکخەرانی ئەو جۆرە جووڵانەوانە، خەڵک بەردەوام لەسەر پێ و خاوەن هەڵوێستی بوێرانە بوون. ئەو هەڵوێستەی خەڵک جاری وا بووە بە هاتنە سەر شەقام، تەنانەت بۆ پشتیوانی لە خەباتی بەشەکانی دیکەی کوردستان نیشان دراوە، و جاری واش بووە بە مانگرتن و داخستنی دووکان و بازاڕ بووە لە بەرامبەر ئەو زۆرداری و سەرەڕۆییانەی کۆماری ئیسلامی کە لە کوردستاندا پێڕەوی کردوون. بۆ نموونە دەکرێت ئاماژە بە هەڵوێستی خەڵکی کوردستان لە سەرەتای پەلاماری سوپای پاسداران و ئەرتەشی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کوردستان، کۆچی مێژوویی خەڵکی مەریوان، ناڕەزایەتیدەربڕین بەرامبەر بە تیرۆری شەهید د. قاسملوو، بەرگری لە زیندانیانی سیاسی و چەندین ڕووداوی دیکەی لەو شێوەیە بکرێت؛ بەڵام ئەو هەڵوێستنواندنە و ئەو خەباتە یەکگرتوو و هەمەلایەنەی خەڵک، لە ٢١ی خەرماناندا گەیشتە لووتکەی خۆی.

٢١ی خەرمانان کە زۆرێک لە چاوەدێرانی سیاسی بە «ڕێفراندۆمی خەڵکی کوردستان» ناویان برد، پەیامێکی زۆر ڕوون، ئاشکرا و بێپەردە بوو بۆ هەموو لایەک؛ بەتایبەت پەیامی ئەو ڕۆژە بۆ دەسەڵاتدارانی تاران و هەروەها بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی ئەوە بوو کە ئەم گەلە هەرگیز پشت لە ڕۆڵە خەباتکارەکانی خۆی ناکات و هیچ چەشنە ئامراز و شێوازێکی سەرکوت ناتوانێت ئەوان لە مەیدان وەدەربنێت، و بە تیرۆر و مووشەکی بالیستیکیش چاوترسێن نابن. ٢١ی خەرمانان و مانگرتنەکانی دواتری خەڵکی کوردستان لە دوای سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ژیناوە تا ئەمڕۆ، سەلمێنەری ڕادەی توانایی بزووتنەوەی کوردستانە لە خەباتی سیاسی و مەدەنیدا، و نیشاندەری هاوئاهەنگیی تۆکمەی نێوان خەڵک و حیزبەکانییەتی؛ هەروەها وەڵامێکی یەکلاکەرەوەش بوو بۆ ئەو کەسانەی کە بە مەبەست، حیزبەکانی کوردستان تەنیا وەک

«چەند حیزبێکی چەکدار» ناوزەد دەکەن. لە بەرامبەردا، ئەم ڕووداوە پرسیارێکی زۆر سادە و لە هەمان کاتدا سەنگی خستە بەردەمیان: ئێوە کە بزووتنەوەی کوردستان تەنیا بە چەند گرووپێکی چەکدار ناو دەبەن، ئایا لە مێژووی خۆتاندا بۆ تاقە یەک جاریش بوویێت، ئەو توانایەتان تێدا بووە لە سەرانسەری ئێراندا وەک نیشانەی ناڕەزایەتی بەرامبەر بە تاوانەکانی کۆماری ئیسلامی، جووڵەیەکی لەم چەشنە وەڕێ بخەن؟ وەڵامەکە زۆر ڕوونە؛ نە توانست و نە ڕادەی پێگە و کاریگەریی ئەوان لە نێو خەڵکدا، هەرگیز لەگەڵ حیزبەکانی کوردستاندا بەراورد ناکرێت.

هەڵبەت لەو ڕۆژەدا، خەڵکی کوردستان لە وەڵامی داواکاریی حیزبەکان بۆ مانگرتنی سەرتاسەری، وێڕای بەدەمەوەچوونی داواکەیان و خوڵقاندنی ئەو حەماسە شکۆدارە، لە ڕاستیدا پەیامێکی ڕاشکاوانەشیان بۆ خودی حیزبەکان پێ بوو، ئەویش ئەوە بوو: «ئەگەر ئێوە یەکگرتوو و پاڵپشتی یەکتر بن، ئێمەش بێ سڵەمینەوە لەگەڵتانین».

لە یەک دێڕدا: ڕۆژی ٢١ی خەرمانان و ڕێفراندۆمە مەدەنییەکەی ئەو ڕۆژە، بۆ هەمیشە وەک لاپەڕەیەکی زێڕین لە مێژووی بزووتنەوەی کورددا دەمێنێتەوە و تابلۆیەکی جوان و پڕواتایە لە هاوئاهەنگیی شکۆی شاخ و هاواری شار.

٢١ی خەرمانانی ٢٧٢٦

ژنان لە سەنگەری ورە و باوەڕدا: چیرۆکی خۆڕاگری لە بەرامبەر زۆرداری

نەسرین یوسفزادە

لە مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورددا، ژن تەنیا وەک دایک، هاوژین یان خوشک بەشدار نەبووە، بەڵکو وەک بڕبڕەی پشتی خەبات و هێمایەکی پۆڵایینی خۆڕاگری، لە هەموو قۆناغە سەختەکاندا سەلماندوویەتی کە ڕۆحی ئازادیخوازانە، لە ڕەگەزی پۆڵا و ئاگرە. ئەو ژنانەی لێرەدا باسیان دەکەین، لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، نموونەی زیندووی ئەو ژنانەن کە لە تاقیگەی مەزنی ژیاندا، بە دڵێکی پڕ لە ژان و ورەیەکی بێکۆتایی، زامە قووڵەکانی شەهیدبوونی ئازیزانیان کردووە بە هەوێنی بەردەوامی و تێکۆشان.

١٧ی خەرمانان؛ ڕۆژی خوێن و خۆڕاگری

لە ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧دا، کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ یەکەمجار بە مووشەکی بالستیک هێرشی کردە سەر قەڵای دێموکرات؛ هێرشێک کە نەک هەر پێشێلکارییەکی ئاشکرای یاسا نێودەوڵەتییەکان بوو، بەڵکو برینێکی هەمیشەیی خستە سەر جەستەی بنەماڵەی دێموکرات. لەو ڕۆژەدا کۆمەڵێک لە تێکۆشەرانی کورد بە کاروانی نەمران پەیوەست بوون و ژمارەیەکی زۆریش بریندار بوون، کە زۆربەیان ژنان بوون.

ژنانی بریندار؛ شەهیدە زیندووەکان

لەو هێرشە دڕندانەیەدا، ژمارەیەک لە ژنانی تێکۆشەری دێموکرات کە ئەرکی ڕاپەڕاندنی کاروباری حیزبی و ڕێکخراوەییان لە ئەستۆ بوو، بریندار بوون. ئەو ژنانە نەک هەر ئازاری جەستەییان چەشت، بەڵکو لە خەمی لەدەستدانی هاوژین و ئازیزانیشیان بەشدار بوون:

سوریا پەیرەوان، کەژاڵ عەزیزی (هەردووکیان کچە شەهید بوون)، نەزیرە مەهدەوی، فەریدە شاوەیسی، خونچە عەبدوڵڵاپوور و حەلیمە ئەحمەدی کە هاوژینەکانیان شەهید بوو؛ خەدیجە پوورمەند کە لە کاتی کارکردنیدا کەوتە بەر پەلامار و هاوسەرەکەی گیانی بەخشی؛ شەوبۆ وەنەوشە، ژنێکی لاو کە خۆی بریندار بوو و هاوژینەکەی شەهید بوو؛ گوڵاڵە محەممەدی کە خۆی بریندار بوو و دوو برایشی شەهیدی ڕێگای ئازادین؛ سنوور خزری، ئامینە مەحموودی، تامان محەممەدی و شەهلا کاوە کە بە قووڵی بریندار بوون، بەڵام هەتا ئێستا لە خەبات و تێکۆشانی خۆیان بەردەوامن.

لەم نێوانەدا، ئەو خاتوونانەی دوای شەهیدبوونی هاوسەرەکانیان، بە ورەیەکی پۆڵایینەوە لە بەردەم کامێراکاندا پەیامی بنەماڵەی شەهیدانیان خوێندەوە و بەردەوام بە چەپکە گوڵەوە سەردانی مەزارگەی شەهیدانیان کرد، وێنەیەکی ڕوونی خۆڕاگریی ژنانی کوردن. ئەوان نموونەی ئەو ژنانەن کە سەرەڕای ئازاری قووڵی بێبەشی لە نازی هاوسەر، ئەرکی پەروەردەی ڕۆڵەکانیان بە شێوازێک گرتووەتە ئەستۆ کە درێژەدەری ڕێبازی شەهیدان بن.

هێرشەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر قەڵا و بنکەکانی حیزبی دێموکرات، نەک هەر نەبووە هۆی سستبوونی ئیرادەی ئەم ژنانە، بەڵکو وای کردووە کە ئەوان بە ئاگاییەکی زیاترەوە درێژە بە خەبات بدەن. ئەم ژنانە ئەوەیان سەلماندووە کە «شەهیدبوونی خۆشەویستان» زامێکە هەرگیز ساڕێژ نابێت، بەڵام دەبێتە چرایەک بۆ ڕێنوێنیی خەباتی نەتەوەیی، تا لاوازی ئیرادە ڕێگری لە گەیشتن بە ئامانجەکان نەکات.

ئەمڕۆ، یادکردنەوەی تاڵی شەهیدانی ١٧ی خەرمانان، تەنیا پرسەیەک نییە بۆ لەدەستدانی ئازیزان؛ بەڵکو نوێکردنەوەی پەیمانە لەگەڵ ئەو ژنانەی کە لە نێوان «خوێن و فرمێسک» و «ورە و خەبات»دا، ڕێگای دووەمیان هەڵبژاردووە. ئەو ژنانە، پارێزەری ئەو کتێبخانەیەن کە بە خوێنی خۆیان و هاوسەرانیان ڕەنگ کراوە و میراتگری ئەو خەباتەن کە تا سەرکەوتنی یەکجاریی گەلی کورد بەردەوام دەبێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی یەکیەتیی ژنان - ڕێکەوتی: ٨ی سێپتەمبەری ٢٠٢٦

سەرچاوە
Serchawe

ڕۆژی ١٧ی خەرمانان و شەهیدانی دێموکرات.

حەمەڕەسووڵ کەریمی

لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوو دا لە سەر شەهیدانی قەڵای دێموکرات و ١٧ی خەرمانان "٨ی سپتامبری ٢٠١٨ی زائینی" زۆر نووسراوەی بە پێز و جوان نووسراون و هاوکات ژیان و بە سەرهاتی شەهیدەکان وەرد دراوەتەوە و بە بەرزی یادیان کراوەتەوە.

کاتی خۆی چەند بابەتم لە سەر ئەو شەهیدانە نووسیووە کە لەگەڵ هەر کام لەو شەهیدانە، بیرەوەری خۆش و ناخۆشمان بە یەکەوە هەبوون و دەکرێ بڵێم کە لەگەڵ چەند کەس لەو مەزنەشەهیدانە بە دڵ و بە گیان یەک جەستە بووین.

پێشمەرگە شەهیدەکان نەسرین حەدداد و سوهەیلا قادری بە خوێنی خۆیان، ڕووباری شۆڕش بە خوڕتر و بە تەوژمتر دەکەن، ئەوان گیانی خۆیان بەخشی، بەڵام خەون و ئامانجەکانیان لە دڵی نەتەوەکەیان دا لە لای شەهید ژینا ئەمینی و بزووتنەوەی "ژن ژیان ئازادی" دا بە زیندوویی ماوەتەوە و دەمێنێتەوە.

شەهیدان کەریم سەقزی، هاشم عەزیزی و ڕەحمان پیرۆتی تەنیا جەستەیان بە خاکی پیرۆزی نیشتمان سپارد، بەڵام بیر و هزر و ڕووناکیان لە دڵی بە مێلیۆنان کورد دا ڕیشەی داکوتاوە، شەهیدان برایم زێوەیی و محەممەد حەسەنپوور و مام شێرکۆ

کۆمەڵێک وتارو لێدوان

وەک پێشمەرگە و ڕێبەر خزمەتیان کرد بۆ ئەوەی ژیانێکی باشتر و ئازادتر و سەربەرزانە بۆ نەتەوە و گەلەکەیان بە دیاری بێنن، شەهیدان عوسمان، فاروق حەسەن خەبات، قالە ڕیشە، هاوڕێ کارساز لە سەنگەر بەرگری دا خۆیان کردە قوربانی بۆ ئەوەی منداڵانی کورد لە ژێر ئاڵای بەرزی کوردستان دا بە سەربەرزی بژین و ببنە ئەستۆندەکی تاوڵی موڕادی کوردان.

ئێستا شەهیدان موختار قادرپوور، پێشەوا سەید عومەر، مەنسوو ئەکبەرپوور و جەمال ئەکبەری بەشێکن لە ڕووحی نەتەوەی کورد، چوونکە شەهیدەکان بوونە ڕەمز و سیمبوولی خۆڕاگری و بوونە چرای ڕووناکی دەری ڕێگەی خەبات و تێکۆشان.

ئەو کات کە گەلەگورگی هاری دەوڵەتانی داگیرکەر، گورگی پیری جەماران، کەڵپی گڕ و خوێناویان نیشانی منداڵی کورد دەدا و پۆل پۆل کیژ و لاوی کورد و ٥٩ لاوی مەهاباد و زیندانیانی سیاسی "ڕامین حوسەین پەناهی" و، "لوقمان مورادی" و "زانیار مورادی" لە زیندان و گرتووخانەکان دا لە سێدارە دەدا، ئەوە پێشمەرگەی کوردستان بوو کە بە هەڵمەتی خۆیان، بە بیر و هزری شۆڕشگێریان خەویان لە چاوی دوژمنان تاراند بوو، پێشمەرگەکانی کوردستان بە خوێن و خەبات و خۆڕاگری خۆیان، دوژمنیان زراو تۆقێن کرد بوو، هەر بۆیەش دوژمنانی گەلی کورد لە ماوەی چەندین ساڵی ڕابردوو دا لە هیچ چەشنە جینایەتێک دەستیان لە گەلی کورد و هێزی پێشمەرگەی کوردستان و حیزبی دێموکرات نەپاراستوە و تەنانەت لەبەر چاوی دونیای دەرەوە و ڕێکخراوی بەناو نەتەوە یەکگرتووەکان و لە خاکی هەرێمی کوردستان بە مووشەکی بالستیکی هێرش بکەنە سەر پلنۆمی کۆمیتەی ناوەندی و پۆلێک کادر و پێشمەرگەی قارەمان و شۆڕشگێڕ و ڕێبەر شەهید بکەن.

ئەگەر ئەو کات ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و زلهێزەکان هەڵوێستێکی جیددی و بوێرانەیان لە ئاست جینایەتی ١٧ی خەرمانان لە خۆیان نیشان دابا، ئەوە بە دڵنیاییەوە ئێستا ڕژێمی ئێران ئاوا نەدەبوو بە مەترسییەکی جیهانی و گرانی وماڵوێرانی و شەڕی چەندین دەوڵەتی ناوچەکەی لێ نەدەکەوتەوە، بەڵام مخابن جیهانی سەرمایەداری و کاپیتالیستی دەبێ زەڕبە و زەرەر لە خۆیان بکەوێ جا ئەوجار بە درەنگەوە خەریکی قەرەبوو کردنەوەی کاتی لە دەستچوویان دەبن.

ڕووڕەشی بۆ ڕژێمی پەت و سێدارەی ئێران

ڕووحی شەهیدان شاد و یاد و ناویان لە دڵان دا هەردەم زیندوو بێ.

سەرچاوە: ماڵپەری گیاڕەنگ - ڕێکەوتی: ٧ی سێپتەمبەری ٢٠٢٦

بە یادیٚ ١٦ شەهیدی رۆژی ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧

ئەحمەد مەکڵاویی

کۆتەرازوو،هەموو شەویٚ لەسەرقەڵا ،لەنگەردەگرن
وەک بروسکە بەگوڕن ، تارکایی شەق دەکەن
هێندەگەش و جوانن، بە پۆل رووناکایی دەپرژێنن
لەجەمارانی تاران، خەولەچاوی دوژمن دەزڕێنن

بەیانی رۆژی حەڤدەی خەرمانانی ١٣٩٧ بوو، هەروەک هەموو رۆژانی رابردوومان، هەمووان بە دڵخۆشیەوە لە لە کامپەکان دەرکەوتین و، بەرەو قەڵا رێمان گرتەبەر

هەرکەس لە شوێنی کاری خۆیان دەست بەکار بوون، ئێمەش لە گەڵ کاک رەسووڵی مووسا پوور و، دادە عیسمەت نستانی،لە شوێنی کارمان، لە ژووری کاری تەشکیلاتی ئاشکرا دانیشتین و بێ خەبەرلەوکە: لە نێو قەڵادا کۆبوونەوەی کومیتە ناوەندیە

و دەستمان بەکار کرد.

کاتژمێر دەورو بەری یازدەی بەیانی بوو، کاک رەسووڵ بۆ هێنانی ئاوی خواردنەوە، چوو بۆ دیوی ئاشپەزخانە، ئێستا گەڕابۆوە، لە بەر دەرگای دیوی خۆمان بوو،

دادە عیسمەت لە سەر مێزو سەندەڵی دانیشتبوو، لە نێو دەفتەری ئەندام گیریدا، خەریکی یاداشت کردنی چەند ناوێک بوو.

ئەمن لە دەم پەنجەرەی دیوی کارمان دانیشتبووم، لەو کاتەدا، لە پڕ زرمبێکی یەکجار توند هات، دەتگووت بە دووهەزار کەلاشینکۆف لە ژوورەکەی ئێمە دەدەن و، هەر خرمەی دارو، بەردو، شووشەو، ئاسن دەهات.

دادەعیسمەت خۆی هاویشتە بن مێزو سەندڵی، کاک رەسووڵ لە هاڵەکەدا راکشا، کەوشەکانی کاک رەسوول بە سەوتی مووشەک چووبوونە دەرێ، خێرایەک کەوشەکانم بۆ هاویشتوو، گوتم وەرنە دەرێ.

هەرسێکمان لە ژوور هاتینە دەرێ، دوو هەنگاومان هەڵگرت بوون، مووشەکێکی تری لێدایەوە، بەرە و بن قادرمەکان رۆیشتین، ئیستا نەگەیشتبووینە بن قادرمەکان، موشەکی سێهەمی لیدایەوە. لەوکاتەدا، دیتم کاک خالید عەزیزی و سۆران نووری، لە بەری سکرتاریاوە، بەرەو لای ئێمە دێن.

کاک سۆران نووری، قۆڵی کاک خالیدی گرتبوو، کە ئاوام دیتن، بەرەو پیریان چووم، کە نزیک بووم لێیان، دیتم کاک خالید دەستی خۆی گرتووە، کەمێک بریندار بوو، بەڵام چونکە لیباسی رەش بوون، خوێنیان پێوە دیار نەبوو.

لەوکاتەدا خالیدی زاوای مام رەحمان ئاخکەندی، لەوێ پەیدابوو، لە گەڵ کاک سۆران نووری، کاک خالیدیان بەرەو دەرەوەی قەڵا برد.

باجە شنۆ، هاوسەری شەهید جەعفەر زەمانی، ئاشپەز بوو، ئاگاداری پلینۆم بوو، پێیان گوتبوو بۆ نیوەڕۆ چی سازکات، هەر بۆیە لە ئاشپەزخانە هاتبووەدەرێ، رووبەرووی سکرتاریا راوەستابوو، دەگریاو دەیگوت: دەک کوێربم، هەموویان شەهید بوون.

کە ئەوەم لە دادە شنۆ بیست، لە تاوان بەرەو سکرتاریا رۆیشتم، لە رێدا، تووشی کاک فەتاحی ئیلخانی زادەبووم، لە ژووری پلینۆم دەهاتەدەر، نارەحەت، کزو خۆڵاوی و غەمبار بە پرتاو رۆیشتم، جەوێکی یەکجار زۆر ناخۆش بوو، شەهید و

بریندارلەوێ کەوتبوون.

حەسـەن خۆشکەلام، حەسـەن جەزایرچـی، فەتحـووڵا، سـەلاح خـزری، هـێمن شـێخ ئاغـایی، رەحـیم مەحمـوودی دوکانـدار، عەبدووڵا سادقی، خالید شەمۆلەیی و، دواتریش وریا عوسمان لەوێ پەیدا بوون.

بۆ دیتنەوەی شەهید و بریندارکان دەستکرا بە گەڕان، پۆلێک شەهید کەتبوونە بن دیوارە رووخاوەکان، جەنازەکان دەرهێندران، لە نێو پەتوان نران و، بەرەو نەخۆشخانەی کۆیە بەڕێ کران.

سەرچاوە: ماڵپەری گیارەنگ - رێکەوتی: ٧ی سێپتەمبەری ٢٠٢٦

کەماڵ کەریمی: مانگرتنی ٢١ی خەرمانانی ڕۆژهەڵات هاوکێشەی مووشەکەکانی قەڵای دێموکراتی پێچەوانە کردەوە

وتووێژ: **شەهرام سوبحانی**

ئاماژە:

١٧ی خەرمانان، ئەگەر لە مێژووی هاوچەرخی ڕۆژهەڵاتدا بە وەرچەرخانێکی ئەمنی و سەربازی هەژمار بکرێت، لە ناخی ئەو کەسانەی لە ناو هۆڵی پلینۆمەکەدا لە نێوان دووکەڵ، دار و پەردوو و خەڵتانی خوێندا ژیانەوە، داستانێکی پڕ لە خۆڕاگری و ڕاپەڕینەوەیە. لەم وتووێژەدا کاک کەماڵ کەریمی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکرات و شاهیدێکی زیندووی ئەو چرکەساتە سامناکانە، پەردە لەسەر لایەنە نادیارەکانی ئەو کارەساتە هەڵدەداتەوە. ناوبراو بە وردی جەخت لەوە دەکاتەوە کە چۆن ڕێژیم بە پیلانێکی داڕێژراو و لە ڕێگەی خیانەتکارانەوە ئامانجی سڕینەوەی جەستەیی ڕێبەریی حیزب بوو، بەڵام چۆن ئیرادەی ڕاپەڕیوی شاری کۆیە و وەڵامی ئاگرینی شەقامەکانی ڕۆژهەڵات، هاوکێشەکەیان پێچەوانە کردەوە. ئەم وتووێژە تەنیا گێڕانەوەی ڕووداوێک نییە، بەڵکوو خوێندنەوەیەکی قووڵە بۆ وانە ئەمنی و سیاسییەکانی حیزبێک کە لە نێو ئاگر و مووشەکدا، دووبارە خۆی داڕشتەوە.

شەهرام سوبحانی: لە کۆبوونەوەی پلینۆمدا، کاتێک دەنگی تەقینەوەکە هۆڵەکەی داگرت و هەمووان لە نێوان مان و

نەماندابوون، یەکەم وێنە یا بڕیارێک کە لە مێشکتاندا خێرا بووەوە چی بوو؟ لەم ساتە سەختەی ناو دووکەڵ و وێرانییەکەدا، چۆن توانای خۆتان و هاوڕێکانتان کۆکردەوە بۆ ئەوەی کۆنترۆڵی مەیدانەکە بکەن و کارەساتەکە قووڵتر نەبێتەوە؟

کەماڵ کەریمی: سپاس بۆ ڕۆژنامەی «کوردستان» و زەحمەتی ئێوەش بۆ یادکردنەوەی کارەساتی زیانباری ١٧ی خەرمانان. لە ڕاستیدا لەوانەیە ئاسان نەبێت بتوانم بە قسە ئەو هەستە دەروونییە دەرببڕم کە لەو چرکەساتەدا تووشی بووم. پێشتر ناوەندی ئەمنییەتی حیزب ئاگادار بوو لەوەی کە مەترسیی هێرش بۆ سەر حیزب هەیە. بەپێی ئەزموون لە شێوازەکانی هێرشی ڕێژیم، لە دەرەوە و دەوروبەرمان ڕێوشوێنی پاراستن ڕەچاو کرابوو، بەڵام لە هۆڵێکی داپۆشراودا و سەرقاڵی باس لەسەر ئەرک و بەرپرسیارەتیی ڕێبەریی حیزب بووین کە کتوپڕ دەنگێکی سامناکی چاوەڕواننەکراو هات و دار و پەردوو بەسەر هاوڕێیاندا دەباری؛ هەستم کرد شتێک گەورەتر لەوەیە کە چاوەڕوان دەکرا. مووشەکبارانێک کە کەس بیری لێ نەدەکردەوە، ئەویش بەو شێوازە! بە دەنگی یەکەم نەماندەزانی چی ڕووی داوە. کاتێک زانیمان لەژێر بارانی مووشەکەکانی ڕێژیمداین و هاتینە دەرەوە، زانیمان لە ناو قەڵادا زۆر کەس لە هاوڕێیانی ڕێبەری، کادر و پێشمەرگە شەهید بوون و ژمارەیەکیش بریندار بوون. هەروەها زانیمان لە فێرگەش دوو هاوڕێی کادری حیزب شەهید بوون، کە سەرجەم بوونە ١٦ شەهید و دەیان کەسیش کە ژن و منداڵیشیان تێدا بوو، بریندار بوون.

لەو کاتەدا تەنیا شتێک کە دەتوانی بیری لێ بکەیتەوە، خۆڕاگری و لەسەر پێ بوونە. کاتێک لە نێو کەسانێکدا خۆت دەبینیتەوە کە سەرەڕای سامناکیی ئەو جینایەتە و لە نێو وێرانی و دیتنی ئەو هەموو قوربانییەدا پێشمەرگانە خەم لە چارەسەر دەخۆن و بە وەرەبەرزی و ئەرکوەخۆگرییەوە لە دەوروبەرت دەمێننەوە، دەبێ بە شێوەیەکی کاتی خەمەکان لەبیر بکەیت. بیری خۆڕێکخستنەوەیەکی نوێ، هەناسەیەکی تازەت وەبەر دێنێتەوە. ئەمە لەگەڵ ناخۆشییەکانی کارەساتەکەدا، دڵخۆشییەکی گەورە بوو. ئەمە ئەو ساتانە بوو کە لەگەڵ ئەو هاوڕێیانەی لەوێ بوون بیرمان دەکردەوە دەبێ چی بکەین. لە پاراستنی قەڵا و ئۆرگانەکان و کەلوپەلە پێویستەکانەوە تا ئاگاداربوون لە حاڵی برینندارەکان و پێڕاگەیشتن بە ڕاگەیاندنەکان، ئەرکی ئەو هاوڕێیانە بوو کە لە قەڵا کۆ ببوونەوە و هەر کەس و گرووپێک بە ئەرکێک ڕادەسپێردرا.

شەهرام سوبحانی: پێکان و وردبینیی ئەو هێرشە دەریخست کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ڕێگەی دوو سیخوڕەوە ئامێری GPS ی لە شوێنی کۆبوونەوەکە جێگیر کردووە؛ حیزب چۆن پەردەی لەسەر شێوازی دزەکردن و خیانەتی ئەو دوو کەسە هەڵدایەوە و کەشفبوونی ئەم درزە ئەمنییەتییە چ گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە سیستەمی پاراستنی حیزبدا دروست کرد؟

کەماڵ کەریمی: لە ڕاستیدا کاتێکی زۆری برد تا توانرا ئەو خائینانە دەستبەسەر بکرێن. هەر زوو هەست بەوە کرا کە ئەو

دوو خائینە دەستیان لەو کارەدا هەیە و بە جۆرێک هاتووچۆ و هەڵسوکەوتیان لەژێر چاوەدێریی هاوڕێیانی کۆمیتەی ئەمنییەتدا بوو؛ ئەوان دڵنیا بوون لە بەشداریی ئەو دوو کەسە لەو خیانەتەدا. بەڵام بۆ ئەوەی بەڵگەی حاشاهەڵنەگر دەست کەوێت کە نەتوانن حاشای لێ بکەن، لە ڕێگەی جۆراوجۆر و کۆنترۆڵکردنی هاتووچۆ و پەیوەندییەکانیانەوە بۆ دۆزینەوەی سەرداوی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ڕێژیم کەڵک وەرگیرا؛ دوای بەدەستهێنانی کۆمەڵێک بەڵگە و دڵنیابوون لە خیانەتەکەیان، دەستبەسەر کران.

لە سیستەمی پاراستنی حیزبدا پێشتر بەهۆی شێوازی پیلانەکانی ڕێژیمەوە، زیاتر سەرنج لەسەر دەوروبەری شوێنی پێشمەرگە و بنکەکانی حیزب بوو. بەڵام ئەم ڕووداوە وای کرد کە لە پاڵ ئەوەدا بیر لە شێوازی نوێی بەرەوڕووبوونەوە و پووچەڵکردنەوەی پیلانەکان بکرێتەوە و وردتر بڕواننە هەموو ڕەوت و جووڵەکانی ڕێژیم لە دژی حیزب، لە دوور و لە نزیکەوە.

شەهرام سوبحانی: لەم ڕووداوەدا ژمارەیەک لە بەئەزموونترین کادر و ئەندامانی ڕێبەرایەتیی حیزب شەهید بوون؛ وەک کەسێک کە لە نزیکەوە شاهیدی ئەو لەدەستدانە بوون، ئەم ڕووداوە تا چەند کاریگەری لەسەر بەتاڵبوونی درێژخایەنی ناوەندی بڕیاردان و گواستنەوەی ئەزموون بۆ نەوەی نوێی حیزب بەجێهێشت؟

کەماڵ کەریمی: ئەوەی جێی خۆشحاڵییە، لە حیزبی دێموکراتدا ئێمە هەمیشە شاهیدی بوونی بڕوا و پەروەردەیەکی شۆڕشگێڕانە بووین. حیزبی دێموکرات بەوەوە ناسراوە کە لە هەلومەرجە سەختەکاندا لەسەرپێ وەستاوە و چۆکی دانەداوە. ڕاستە لەو ڕووداوە تاڵەدا ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامانی ڕێبەریی حیزب شەهید بوون و جێگەی بەتاڵیان لە کار و بەڕێوەبەریدا دیار بوو، بەڵام ئەو هەستە شۆڕشگێڕییەی لە باقیی ئەندامانی ڕێبەری و کادر و پێشمەرگەکاندا بەدی دەکرا، ئەو بەتاڵاییەی کەمڕەنگ کردبووەوە. ئەوەی من بەبیرم بێت، هەر لە ساتەکانی دوای مووشەکباران و ڕۆژانی دواتر، ئەو جموجووڵەی لە حیزبدا دەبینرا کەموێنە بوو. هەستت دەکرد سەرەتای شۆڕشێکی نوێیە و بۆ هەر ئەرکێک کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی حیزب ئامادە بوون. بەڵام ئاسان نەبوو لەو هەلومەرجەدا کە نیوەی ئەندامانی ڕێبەری شەهید و بریندار ببوون، هەست بە قورسایی ئەرکەکان نەکرێت. لەژێر ئەو بارە قورسەدا، بەخۆشییەوە زۆری نەبرد ڕێبەریی حیزب توانی بەرپرسیارەتی و جێگەی خاڵیی هاوڕێیانی شەهیدمان لە ئۆرگانەکانی حیزبدا پڕ بکاتەوە و درێژە بە بەڕێوەبردنی ئەرکەکان بدرێت. دواتریش لە کۆنگرەدا جێگەی ئەوان ئەسپێردرا بە کۆمەڵێک لەو کادرە گەنجانەی کە ساڵانێک بوو لەگەڵ هاوڕێیانی شەهیدیان کاریان کردبوو و لە نزیکەوە لێزانی و چۆنیەتیی ئەرکی بەڕێوەبەرییان لەگەڵیان ئەزموون کردبوو.

شەهرام سوبحانی: ئێران لەو هێرشەدا بۆ یەکەم جار بە ئاشکرا مووشەکی دوورهاوێژی بەکارهێنا بۆ سەپاندنی هاوکێشەیەکی نوێی سەربازی. بە بڕوای ئێوە، ئایا ئامانجی تاران تەنیا لێدانی فیزیکی بوو یا دەیویست جۆرێک لە تۆقاندنی ستراتیژیک بەسەر خەباتی ڕۆژهەڵاتدا بسەپێنێت؟ حیزب چۆن ئەو هاوکێشەیەی بەرپەرچ دایەوە؟

کەماڵ کەریمی: لەو پەیوەندییەدا زۆر شت هەیە باس بکرێت و زۆر پرسیاریش هەبوو. بەدوور لە هەموو ئەو باسانە، ئەوەی ڕاستی بێت و ئێمە زانیاریمان لەسەری هەبوو، هێرشێکی ئامانجدارانە و بەرنامەداڕێژراوی ڕێژیم بوو کە ئەو ڕۆژە ئەنجامی دا. ئەوەی کە ئەو جۆرە مووشەکە دووربڕ و خاڵپێکەی بەکارهێنا کە پێشتر لە هیچ شوێنێک تاقی نەکرابووەوە، پرسیاری زۆری لەسەر بوو. بەڵام ئامانجی هێرشەکەی ڕێژیم دەریخست کە تەنیا بۆ تاقیکردنەوەی مووشەکەکانیان نەبووە، بەڵکوو بۆ دڵنیابوونیان بووە لە پێکانی ئامانجەکەیان؛ هەروەک دیتمان بە باشی شوێنی مەبەستیان پێکا. ئەگەر ئاوڕێک لە ماڵپەڕ و پەیجەکانی سوپای پاسداران بدەینەوە و تەنانەت لانی کەم بۆ جارێک لە دەنگ و ڕەنگی ئێران، فەرماندەکانی سوپا ماوەیەک بەر لەو هێرشە تاوانکارییە، هەڕەشەیان لە حیزبی دێموکرات دەکرد و بە ئاشکرا دەیانگوت ئێمە لە سەری سەرکردایەتییەکەیان دەدەین و ئەو کارەشیان کرد. خۆ ئەگەر ئەو جۆرەی ویستیان بوو نەیانتوانی بە ئامانجەکەیان - کە وەک خۆیان دواتر گوتیان لەناوبردنی تەواوی سەرکردایەتیی حیزب بوو - بگەن، بەڵام توانییان هەم تاقیکردنەوەکەیان بکەن و هەم بە بەشێک لە ئامانجەکەیان بگەن.

دیارە لە ڕووی سەربازییەوە خۆدەرخستنێکی نوێ بوو، نەک تەنیا بۆ حیزب و بزووتنەوەی چەکداریی کوردستان، بەڵکوو بۆ ئەو لایەنە دەرەکییانەش کە ساڵانێکە کۆماری ئیسلامی کێشەی لەگەڵیان هەیە و هەڕەشە لە یەکتر دەکەن، کە ئاکامەکەی دوو شەڕی یەک ساڵی ڕابردوو بوو لە ئێران و ناوچەکەدا. سەبارەت بە کێشەی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان، حیزبی دێموکرات کە ئاساییە توانای سەربازیی لە شەڕی مووشەکیدا نەبێت، ئەوەی هەیە توانا و بەرهەڵستکاریی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە کە لە پشتیوانیی حیزبی دێموکراتدا، گۆڕان بەسەر هاوکێشەکان لە نێوخۆدا دێنێت. هەروەک دیتمان تەنیا چەند ڕۆژ دواتر و بەدوای پەیامی کاک خالیدی عەزیزی کە دوای مووشەکبارانی قەڵا ڕایگەیاند ئێمە لە شەقامەکانی ڕۆژهەڵات وەڵامی کۆماری ئیسلامی دەدەینەوە، مانگرتنێکی سەرتاسەریی سەرکەوتوو لە شارەکانی ڕۆژهەڵات بەڕێوە چوو کە دەسەڵاتدارانی ڕێژیمی تووشی شۆک کرد و دانیان پێدا نا کە دوای ئەو مووشەکبارانە چاوەڕوانی شتێکی وایان لە هەڵوێستی خەڵکی ڕۆژهەڵات نەدەکرد. ئەوان پێیان وابوو بەو تاوانە و ئەو زەبرەی لە حیزبیان داوە خەڵک دەتاسێنن، کە پێچەوانەکەیان دیت.

شەهرام سوبحانی: بە پێچەوانەی چاوەڕوانیی کۆماری ئیسلامی کە پێی وابوو حیزب تووشی ئیفلیجبوونی ڕێکخراوەیی دەبێت،

ڕۆژانی دوای ١٧ی خەرمانان شوێنەواری سیاسی و دەروونیی ئەم ڕووداوە لەسەر خەڵکی ڕۆژهەڵات و وەرەی پێشمەرگە چۆن ڕەنگی دایەوە؟

کەماڵ کەریمی: بە دیتنی خۆم ئەو مووشەکبارانەی کە زیانی گیانیی زۆری بە ئێمە گەیاند، نەتەنیا نەبووە هۆی دابەزینی وەرەی پێشمەرگە، بەپێچەوانەوە وەک پێشتریش باسم کرد ڕۆحی شۆڕشگێڕی لە بیر و زەینی تاکتاکی ئەندامان و پێشمەرگەکانی حیزبدا گەشەی سەند. لەو ڕۆژانەدا ڕۆحی کارکردن و ئەرکوەئەستۆگری لە بوونی هەمووانددا دەبینرا. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش نەک تەنیا بە مانگرتن، بەڵکوو بە شێوازی جۆراوجۆری چالاکییەکانیان بوونی خۆیان بۆ جارێکی دیکە سەلماند.

باشە باس لەوە بکەین کە چوار ساڵ دواتر و بەدوای شەهیدکردنی ژینای بێتاواندا چۆن ئەو ڕقە پەنگخواردووەی خەڵک بە ڕووی ڕێژیمدا تەقییەوە و جگە لە کوردستان هەموو ئێرانیشی گرتەوە؛ ئەو خەڵکە شۆڕشگێڕە بەم شێوازە بە ڕێژیمیان سەلماند کە هیچ جینایەتێک ئەو نەتەوەیە لێک دانابڕێت و هەروەک حیزبی دێموکرات گوتوویەتی: «مەیدانی ڕاستەقینەی خەباتی ئێمە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە»، ئەوان لەو مەیدانەدا سەربەرزانە دەمێننەوە.

شەهرام سوبحانی: دوای تێپەڕبوونی ساڵانێک بەسەر ئەو جینایەتەدا، کاتێک وەک شاهیدێکی زیندووی ناو هۆڵی پلینۆمەکە ئاوڕ لە ١٧ی خەرمانان دەدەنەوە، گرنگترین وانەی سیاسی، ئەمنی و فەرماندەیی کە حیزبی دێموکرات لەو تاقیکردنەوە سەختەوە وەریگرت چی بوو؟

کەماڵ کەریمی: ئەگەر لە سیاسەت بدوێین، دەبێ ئەو ڕاستییە لەبیر نەکەین کە حیزبی دێموکرات لە کاتی دامەزرانییەوە بە ڕێبەریی پێشەوا قازی محەممەد، بووەتە نوێنگەی بیری ڕێکخراوی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان؛ بیرکردنەوەیەک کە ڕێژیمەکانی پاشایەتی و ئیسلامی، سەرەڕای هەموو تاوانێک کە دەرهەق بەو نەتەوەیە لە ٨٠ ساڵی ڕابردوودا کردوویانە، نەیانتوانیوە لە مێشکی خەڵک دووری بخەنەوە. بەپێچەوانەوە، ساڵ بە ساڵ ئەم بیرکردنەوەیە وەک بیرێکی نەتەوەیی و نیشتمانی و بە شێوازێکی زانستییانەتر خۆی نوێ کردووەتەوە و خەڵکێکی زیاتری لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستانی پێ گۆش کراوە.

لەو ماوەیەدا حیزبی دێموکرات، وەک ئاڵاهەڵگری ئەم بیرە نەتەوەییە، توانیویەتی سوکانی ڕێبەری لە هەناوی بزووتنەوەی کورددا بەدەستەوە بگرێت. لەم پێناوەدا و لە قۆناغە جۆراوجۆرەکاندا، لاوان و کەسایەتییەکانی ڕۆژهەڵاتی لە ڕیزەکانی خۆیدا پەروەردە کردووە. بەم جۆرە و بە پشتیوانیی خەڵکی ڕۆژهەڵات، حیزبی دێموکرات وەک هێزێک سەیر

دەکرێت کە دەتوانێت کاریگەریی لەسەر گۆڕانکارییەکان هەبێت؛ دژایەتیی توندی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیش دەبێ لەم سۆنگەیەوە سەیر بکرێت.

کاتێک لە ١٧ی خەرمانانەوە چاو لەو مەبەستە بکەین، بۆمان دەردەکەوێت کە کۆماری ئیسلامی بۆ بەچۆکداهێنانی خەڵک و لاوازکردنی حیزب، جیاواز لە پەلاماری هەمەلایەنە بۆ سەر تێکۆشەرانی گەلەکەمان، پەلاماری ڕێبەرانی حیزب دەدات؛ لە شەهیدکردنی دوکتور قاسملووەوە هەتا دوکتور شەرەفکەندی و هەتا دواتریش. بۆیە دەبێ بە وردبینی و تێگەیشتنێکی قووڵترەوە لە ڕوانینی کۆماری ئیسلامی بەرامبەر بە بزووتنەوەی کورد و حیزبی دێموکرات بڕوانین. لەو جۆرە ڕوانینەدا هیچ شوێنێک بۆ بیرکردنەوە لە مەسەلەی کورد و چارەسەری کێشە سیاسی و نەتەوەییەکانی نییە، بەڵکوو ئەوان تەنیا بیر لە ئەمنییەتیکردنی زیاتری کوردستان، سەرکوت و بەرەبەرە ئاسیمیلاسیۆنکردنی کوردستان دەکەنەوە. لێرەوە پێویستە وردبینییەکی زیاتر لە دارشتنی سیاسەت و شێوازی خەبات و ڕووبەڕووبوونەوە لە بەرامەر کۆماری ئیسلامیدا بکرێت بۆ بەرپەرچدانەوەی هەموو پیلانەکانیان لە دژی حیزب و نەتەوەکەمان.

لە بواری ئەمنییەت و پاراستنی حیزبیشدا ئەوەی بۆمان دەرکەوتووە، ڕێژیم لە هەموو شێوازێک کە پێوەندیی بە بەرنامە تێرۆریستییەکانییەوە هەیە کەڵک وەردەگرێت؛ لە کاری سیخوڕی و تێرۆرەوە بگرە تا بۆمبنانەوە و مووشەکبارانکردن و هەر کارێکی دیکە کە بۆی بێتە ئاراوە. ئەم کارانە لە بنکەی جیاوازەوە لە دوور و نزیکەوە چاودێری و ئاراستە دەکرێن. ئەمەش سەلماندی کە حیزبیش پێویستە لە هەموو شوێنێک چاودێرییان بکات.

پێداچوونەوە بە ڕابردووی ئەو کەسانەی پێوەندی بە حیزبەوە دەکەن و لە کار و چالاکییەکاندا بەشدارن، خاڵێکی گرنگە بۆ ناسینی باشتری ئەو کەسانەی کە لەوانەیە لەلایەن ڕێژیمەوە ئەرکدار کرابن. بەگشتی، دەبێ لە بازنەیەکی بەربڵاوتردا گرنگی بە پاراستن و ئەمنییەتی حیزب بدرێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا ٣١ی خەرمانانی ٢٧٢٦

ناسر باباخانی: هێرشەکانی ٦ی ڕەزبەر، نیشانەی دەستەپاچەیی و داماویی کۆماری ئیسلامی بوو نەک باڵادەستی

وتووێژ: شەهرام سوبحانی

ئاماژە:

لەم وتووێژەدا کە لەگەڵ شرۆڤەکاری سیاسی، کاک ناسر باباخانی ئەنجام دراوە، تیشک دەخرێتە سەر ڕەهەندە جیاوازەکانی هێرشە مووشەکی و درۆنییەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات لە هەرێمی کوردستان. باباخانی بە شیکردنەوەیەکی زانستییانە و سیاسی، پێشێلکارییەکانی سەروەریی خاکی عێراق و هەرێمی کوردستان لەلایەن تارانەوە هەڵسەنگاندووە و ئاماژە بەوە دەکات کە ئەم هێرشانە نیشانەی باڵادەستیی ئەمنی نین، بەڵکوو گوزارشت لە دەستەپاچەیی و داماویی ڕێژیم لەبەرانبەر کۆنترۆڵکردنی شۆڕشی ژینا دەکەن. هەروەها، ناوبراو تیشک دەخاتە سەر پەیوەندییە ئۆرگانیک و قووڵەکەی نێوان شەقامی ڕاپەڕیو لە نێوخۆی کوردستان و هێزە سیاسییەکانی دەرەوەی وڵات، و جەخت لەوە دەکاتەوە کە سەرەڕای هەموو هەوڵێکی دەسەڵات بۆ چەواشەکردنی گوتاری شۆڕشەکە و پچڕاندنی ئەم پەیوەندییە، هاوخەمی و هاوکاریی نێوان «شاخ و شار» ڕۆژ بە ڕۆژ پۆڵاییتر و بەهێزتر دەبێت.

شەهرام سوبحانی: لە سۆنگەی شیکاریی زانستیی سیاسییەوە، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی چۆن گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە هێرشی سەربازی بۆ سەر بنکەکانی حیزب لە قەڵای دێموکرات لە جەرگەی شۆڕشی ژینادا، دەتوانێت هاوکێشەی هێز لە نێوخۆی

کوردستان بگۆڕێت؟ ئایا ئەم هەنگاوە نیشانەی باڵادەستیی ئەمنی بوو یان گوزارشت بوو لە دەستەپاچەیی لە کۆنترۆڵکردنی شۆڕشە جەماوەرییەکەدا؟

ناسر باباخانی: کاتێک دەسەڵاتێکی سیاسیی جێگیر لە وڵاتێک، هێرشی دەرەکی بۆ دەرەوەی سنوورەکانی خۆی دەکا، بۆ سەر ئۆپۆزیسیۆنێک کە دوور خراوەتەوە، ئەو ئۆپۆزیسیۆنەی کە دەمێک ساڵە شەڕی چەکداری و ڕاستەوخۆی لەگەڵ دەسەڵات وەستاندووە، لە ڕاستیدا ئەمە ناکرێ وەک ئامرازێک سەیر بکرێ کە هاوکێشەی سیاسی لە نێوخۆدا گۆڕیوە. ڕێک بە پێچەوانەوە، چونکە بینیمان کە لە نێوخۆدا جۆرێک لە هاوڕایی، هاوتەریبی و جۆرێک لە هاوئاهەنگی لە نێوان خەڵکی نێوخۆ و هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دەرەوەی سنوورەکانی ڕۆژهەڵات ساز بوو!

بەم واتایە کە لە ماوەی ئەم شۆڕشەدا بەردەوام دەبینیت جۆرێک لە پەیوەندییەکی پتەو لە نێوان خەڵک و حیزبەکاندا دیارە. بۆ وێنە دەنگهەڵبڕین، خۆپیشاندان و مانگرتنەکان لە هەموو ئەم ماوەیەدا - کە پێموایە شەش یان حەوت جار ئەو داوایە هاتە گۆڕێ - خەڵک بێ سڵکردنەوە و بێ دوودڵی بەدەم بانگەوازی حیزبەکانەوە هاتن. بۆیە پێموایە لە ڕاستیدا ئەمە نەیتوانی هاوکێشەکە لە نێوخۆدا بگۆڕێ و مەبەستی کۆماری ئیسلامی زیاتر ئەوە بوو کە بڵێ ئەم شۆڕشە لە دەرەوەی سنوورەکان لەلایەن هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە ڕێنمایی دەکرێ و هان دەدرێ!

لە ڕاستیدا ڕێژیم دەیویست بە «پەردەپۆشکردن و لادان» لە ئامانجەکانی شۆڕش، زەینی کۆمەڵگەی نێوخۆ و بەتایبەتی کۆمەڵگەی غەیرەکوردی و هەروەها کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەرەو ئاقارێکی تر بەرێ و بڵێ ئەمە کێشەیەکی ئەمنی-نەتەوەییە. ئەمە ئەو لۆژیکە بوو بۆ هێرشی دڕندانە بۆ سەر بنکەکانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە پێموایە زیاتر لە حەفتا مووشەکی بالیستیک و درۆنی خۆکوژ بەکار هاتن و لە ئەنجامیدا چەند کەسێک، تەنانەت سیڤیل، شەهید بوون. بۆیە من پێموایە ئەمە نیشانەی باڵادەستیی ئەمنی نەبوو. دیارە لە باری سەربازییەوە تۆ مووشەک و چەکوچۆڵت هەیە و دەتوانی بڵێی بە جۆرێک باڵادەستیت، بەڵام باڵادەستیی ئەمنی بەو واتایەی کە بتوانی تەناهی و ئاسایش مسۆگەر بکەی، نا، نەبوو. هەروەک خۆشت لە کۆتایی پرسیارەکەتدا ئاماژەت پێکردووە، گوزارشت بوو لە جۆرێک دەستەپاچەیی و داماوی بۆ کۆنترۆڵکردنی شۆڕشەکە.

سەیر بکە لە شەقامەکان دروشمی «قاسملوو قاسملوو ڕێگات درێژەی هەیە» ببوو بە مۆتیڤی سەرەکی. کەوابوو زۆر ئاساییە کە خاوەنی ئەم دروشمە کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە، بخرێتە بەر ڕەهێڵەی مووشەک و درۆنی دەسەڵاتەوە. بۆیە من ئەو هێرشە - کە دیارە ئێستاش هەر بەردەوامە، بۆ وێنە لە کاتێکدا کە شەڕ لە نێوان ئەمریکا و ئێران وەستاوە یان هێرشەکانی کە ئەوەی لەلای ئێمە پێی دەوترێ شەڕی «شەلم، کوێرم، ناپارێزم» بۆ وڵاتانی کەنداویش ڕاگرتووە، بەڵام

لە هێرشکردنە سەر بنکە و بارەگاکانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەوەستاوە - ئەمە نیشاندەری ئەوەیە کە کێشەی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ پرسی کورد کێشەیەکی جەوهەرییە و هەر بۆیە ئێستاش بەردەوامە.

شەهرام سوبحانی: کۆماری ئیسلامی هەمیشە هەوڵی داوە ڕاپەڕینە ڕەوا و جەماوەرییەکانی نێوخۆ وەکوو «بزووتنەوەیەکی هاندراو لە دەرەوە» یان «دابەشکاری» فۆرمۆڵە بکات. هێرشی ٦ی ڕەزبەر تا چەند هەوڵێک بوو بۆ چەواشەکاریی گوتاری شۆڕشی ژینا و گۆڕینی نێڕاتیڤی شەقام بۆ شەڕی چەکداری و ئەمنی؟

ناسر باباخانی: ئەمە ئەو قەوانە کۆنەیە کە ئیتر پێمـوایە لەنێـو کـۆڕ و کۆبـوونەوە سیاسییەکاندا بە تەواوی سواوە، بە حوکمی ئەوەی کە لە گوتـاری کۆمـاری ئیسـلامیدا بەردەوام هەنـدێک کلیلەوشە و مۆتیـڤ هەن کە بەردەوام دووبـارە دەبـنەوە. تەنانەت کەسێکی وەک خامنەیی، ئەگەر لەبیرمان بێ، بەردەوام لە قسەکانیدا وشەی «دوژمن»ی بەکار دەبرد و باسی لەوە دەکرد کە ئەوەی لە نێوخۆدا وەک خۆپیشاندان ڕووی دەدا، هۆکارەکە و هاندەرەکەی دوژمنە! بۆیە سیاسەتەکە لەسەر بنەمای چەواشەکردنی گوتاری شۆڕش بوو، بە چ واتایەک؟

بەو واتـایەی کە ئەگەر تـۆ سـەیری ڕاگەیەنـدراوەکانی سپای پاسـداران و میـدیای حکوومەت بـکەی، ئەو هێرشـەیان وەکوو لێدانی بنکەی تیرۆریستی پێناسە دەکرد و دەیانگوت ئەم بنکانە بەرپرسی سازبوونی لەمەترسیکەوتنی ئاسایشی نەتەوەیین و سەرچاوەی ئەم ڕاپەڕین و شۆڕشە هێزە سیاسییەکانی کوردستانن.

دیـارە ئەم فۆرمـۆلەکردنە، فۆرمـۆڵەیەکی لەمێژینەیە؛ واتە سـەرجەم ئەم وردەبـزووتنەوانەی لە نێوخـۆدا سـەریان هەڵـداوە بەتایبەتی لە کوردستان، بەردەوام دەسەڵات هەوڵی داوە بە جۆرێک هاوتایـان بکـا لەگەڵ هانـدراوی دەرەوە، تەنـانەت ئەو چەمکەی پێی دەوترێ تەجزیەتەڵەبی یان جیاخوازی، بۆیە هەمیشە ئەو فۆرمۆلاسیۆنە بوونی هەبووە و ئێستاش هەر هەیە! لە ڕاسـتیدا ئامانجەکەشـی هەر ئەوە بـوو؛ تـۆ کاتێـک دێـی شۆڕشـی «ژن، ژیـان، ئـازادی» پێناسـە دەکەی و ئێلێمـانە گرینگەکانی لێ هەڵدەکرێنی، دەبینی کە ڕاستە ئەم شۆڕشە بە شەهیدبوونی کیژۆڵەیەکی کورد لە تاران دەستی پێکرد و لە گۆڕستانی ئایچی خەڵک دروشمی «ژن، ژیان، ئازادی»یان بەرز کردەوە، بەڵام دواجار لە هەنـاوی بـزووتنەوەی نەتەوەییدا جێ دەگرێ!

بـۆیە دەسـەڵات بە تەواوی هێـزەوە خەریکە گوتـاری شۆڕشـی ژینـا چەواشـە بکـا. هۆکـارە سـەرەکییەکەی وەک باسـم کـرد دەگەڕێتەوە سەر ئەوەی کە ئەم شۆڕشەی کە سازبوو، لە ڕاستیدا ناکرێ وەک شۆڕشێکی تەریککەوتوو یان ئیـزۆلە لە گوتـاری بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی سەیر بکەی. واتە ئەو ویست و خواستەی کە لە شۆڕشی «ژن، ژیـان، ئـازادی»دا بەدی دەکرا

سەرچاوە
Serchawe

بەتایبەتی لە کوردستان، هەر ئەو کلیلەوشانەن کە لەنێو بزووتنەوە گەورەکەدا، کە بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردییە - و ئەو گوتارە دەکرێ بڵێین بەجۆرێک هەڵگرەکەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە - بەدی دەکرا.

کەوابوو ئەم شۆڕشە سەرەڕای ئەوەی کە سەرانسەری ئێرانی گرتەوە و تەنانەت تەشەنەی کرد بۆ دەرەوەی سنوورەکان، بە حوکمی ئەوەی کە لە هەناو و پێناسەی خۆیدا لە گوتاری بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی زۆر نزیکە، ئەوە بوو کە ڕێژیم هەوڵی دا، وەکوو ئاماژەم پێکرد لە پرسیاری پێشووشدا، ئاراستەکە بەرەو شەڕی چەکداری ببات و جلوبەرگێکی ئەمنی لەبەر ئەم شۆڕشە بکا بۆ ئەوەی کە دەستی ئاواڵەتر بێت لە نێوخۆی وڵات و لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ سەرکوتی زیاتر. بۆیە ئەمە قەوانێکی کۆنە، فۆرمۆلاسیۆنەکە هەمان فۆرمۆلاسیۆنە و هەرچەشنە بزووتنەوەیەک وەک بزووتنەوەیەکی سەر بە هاندەری دەرەکی سەیر دەکا، و مەبەستەکە ئەوە بوو کە ئەم شۆڕشە کە بەشێوەیەکی مەدەنییانە دەستی پێکرد و تەنانەت درێژەی هەبوو، بەرەبەرە ئەوە کۆماری ئیسلامی بوو کە زیاتر توندوتیژی لەخۆی نیشان دا و ببووە هۆکارێک بۆ ئەوەی کە شۆڕشەکە بەرەو دۆخێکی خوێناوی بڕوا تا وا پێناسەی بکات کە ئەوە هاندەرانی دەرەکین ئەم شۆڕشە بەڕێوە دەبەن.

شەهرام سوبحانی: ئەم هێرشە مووشەکییە لە ڕوانگەی مافی نێودەوڵەتی و پێگەی ژیۆپۆلیتیکی هەرێمی کوردستانەوە چۆن شرۆڤە دەکەن؟ ئایا ڕێژیم توانی لە بۆشایی دیپلۆماسی و ئەمنیی ناوچەکە کەڵک وەربگرێت، یان ئەکتەرە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان تا ڕادەیەک ئامادەیی نیشاندانی کاردانەوەی جیدییان نەبوو؟

ناسر باباخانی: ئەمە زۆر پرسیاری چاکە، بە حوکمی ئەوەی کە بەڵێ، لە پێش هەمووو شتێکدا دەتوانین بڵێین لە ڕوانگەی مافی نێودەوڵەتییەوە، هێرشەکە پێشێلکردنی سەروەریی سیاسیی عێراق و هەرێمی کوردستان بوو، ئەمە هیچ شک و گومانی تێدا نییە. دیارە بەپێی ئەو ڕاپۆرتانەی کە لەلایەن ڕێکخراوەکانی چاوەدێریی مافی مرۆڤەوە ئاماژەیان پێ کرا، شوێنی مەدەنیش هێرشی کراوەتە سەر، کە ئەمە بەخۆی چیرۆکێکی تایبەت بەخۆی هەیە کە چۆن دەکرا بەرامبەر بە هێرشێکی لەم چەشنە لەباری یاسایی و مافی مرۆڤەوە بوەستیت!

بەڵام ئەوەی ڕاستی بێت، کۆماری ئیسلامیی ئێران ئەمە یەکەم جاری نییە کە بەم شێوازە تەواوی یاسا نێودەوڵەتییەکان و مافە نێونەتەوەییەکان پێشێل دەکا؛ ئەمە لە سەرەتای هاتنەسەرکارییەوە بە شێوازی جۆراوجۆر دەبینرێ. ئەوەی کە شوێنێک وەکوو وڵاتێک بە ناوی عێراق و هەرێمی کوردستان، کە یەکەیەکی دانپێنراوە لە باری نێونەتەوەیی و نێودەوڵەتییەوە، دەکرێتە ئامانج، لە ڕاستیدا دەگەڕێتەوە سەر ئەوەی کە عێراقێکی لاواز هەیە و هەرێمێکت هەیە کە توانای بەرگریکردنی لە خۆی نییە، واتە وڵامی سەربازیی هاوسەنگی پێ نییە و لەو کاتیشدا سەرنجەکان لە باری نێودەوڵەتییەوە زیاتر لەسەر ئۆکراین و پرسی ناوکی بوو.

با لە کەوانەیەکیشدا باس بکەین کە ئێستا کە ئێمە خەریکی ئەو گفتوگۆیەیین، بە حوکمی ئەوەی ئەمریکا عێراقی چۆڵ کرد و دوایین سەربازەکانی لە هەرێمی کوردستان ڕۆیشتن، نیگەرانی و مەترسیی ئەوە هەیە کە جێپێی کۆماری ئیسلامی لە نێوخۆی عێراقدا قایمتر بێت. ئەمە دەبێتە هۆکارێک بۆ ئەوەی کە هێژمۆنیی کۆماری ئیسلامی بەسەر عێراقدا زیاتر مسۆگەر بێت، بە حوکمی ئەوەی کە حکوومەتێکی شیعییش وەکوو هەمیشە لەسەر کارە، و ئەمە بە بڕوای من لە داهاتوودا ئەگەر نەڵێین مەترسی، سەرئێشەی جیدی بۆ سەر هەرێمی کوردستانیش ساز دەکا!

بۆیە بە گشتی دەتوانم بڵێم ئەوەی کە ڕووی دا، هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە سەر ئەوەی کە عێراق بە تەواوی لەژێر هێژمۆنیی کۆماری ئیسلامیدایە، هەرێم توانای سەربازی و هێزی هاوسەنگی نییە کە لە بەرامبەر کۆماری ئیسلامیدا ڕابوەستێت، و دنیای دەرەوەش (بەتایبەتی ئەمریکا و ئورووپا) سەرنجیان لەسەر پرسەکانی دیکە بوو؛ وەکوو پرسی ناوکیی ئێران و هەروەها پرسی ئۆکراین.

سەرسووڕهێنەرە لە ماوەی ئەم شەڕەی دواییدا — چل ڕۆژە، دوازدە ڕۆژە و ئەو هەڕەشانەی ئێران و ئەمریکا و ئیسرائیل لە یەکتری دەکەن - زۆر بە دەگمەن باسی مافی مرۆڤ لە نێوخۆی ئێراندا دەکرێ.

ئەوەی کە لە کۆتایی وڵامی ئەم پرسیارەتدا دەمەوێ ئاماژەی پێ بکەم ڕەنگە بۆت سەرنجڕاکێش بێت، نیکی هێیلی باڵوێزی ئەوکاتی ئەمریکا لە نەتەوە یەکگرتووەکان، لە پاش هێرشی دڕندانەی کۆماری ئیسلامی، بۆ یەکەم جار ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی لە سەحنی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هێنا گۆڕێ و باسی لەوە کرد کە چەند کەسێک شەهید بوون. ئەمە دەیتوانی پۆتانسیەلێکی زۆر باش بێ بۆ ئەوەی لە کۆڕ و کۆبوونەوە نێودەوڵەتییەکاندا بەدواداچوونی بۆ بکرێ، بەڵام بەهەرحاڵ بەدواداچوونی بۆ نەکرا و پشتگوێ خرا. ڕاستە دنیا سەرنجی نەدا سەر ئەم تاوانەی کە کۆماری ئیسلامی کردی، بەڵام بۆخۆشمان دەمانتوانی بەڕاستی زیاتر کاریگەر بین و زیاتر ئەو دەرفەتە لە کۆڕ و کۆبوونەوەکانی مافی مرۆڤدا بورووژێنین کە بەداخەوە نەکرا.

شەهرام سوبحانی: هێرشەکە ئامانجی لێکترازانی پەیوەندیی نێوان سەرکردایەتیی حیزب و شەقامی ڕاپەڕیو بوو؛ بەڵام لە کاردانەوەکاندا بە پێچەوانەوە هاوپەیوەندییەکی بەهێزتر بینرا. لە ڕوانگەی ئێوەوە ئەم دیاردەیە چۆن شرۆڤە دەکرێت و هۆکاری شکستخواردنی حیساباتی ئەمنیی ڕێژیم لەم خاڵەدا چی بوو؟

ناسر باباخانی: لەو کاتەوە کۆماری ئیسلامی هاتووەتە سەر کار، بەردەوام ئامانجەکەی ئەوە بووە کە پەیوەندیی نێوان

ڕێبەرایەتیی حیزب یان بزووتنەوەی نەتەوەیی لەگەڵ شەقامی ڕاپەڕیو بپچڕێنێ. بەتایبەتی لە دۆخێکی نائاساییدا کە شەقام هەڵدەستێ، جۆرێک پەیوەندیی «ئەمئەویتی» ساز دەبێ؛ واتە هەر کات شەقام ڕادەپەڕێ لەوبەریشەوە حیزبەکان دەکەونە جموجۆڵ، و بە پێچەوانەوە، کاتێک دەبینی بۆ وێنە شۆڕش لە هەشتاکاندا لە لووتکەدایە، ئەوا خەڵکیش بە هەمان شێوە دەبنە پاڵپشت و یارمەتیدەری هێزی پێشمەرگە.

ئەو هەڵەحیساباتییەی کە کۆماری ئیسلامی بەردەوام کردوویەتی لەوێشدا ڕەنگی داوەتەوە. کێشەکە لەسەر ئەوە بوو کە نەیدەتوانی - یان لە ڕاستیدا باشتر وایە بڵێم دەیزانی کە - ئەو سەرهەڵدانە لە نێوخۆی وڵاتدا لەگەڵ ڕێبەرایەتیدا پەیوەندییەکی ئۆرگانیکی هەیە؛ نەک لە باری ڕێکخراوەییەوە، بەڵکوو لە باری گوتارییەوە. وەک عەرزم کردی، ئەمە دوو گوتاری هاوتەریب بوون.

کۆماری ئیسلامی نایهەوێ لەو هێما هاوبەشانە تێبگات؛ واتە جیاکردنەوەی خەڵک لە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەمان هەڵەحیساباتییە کە بە ئەنقەست دەیکا. دیارە شکم لەوەدا نییە خەڵکانێک هەن کە سەمپاتیی حیزبەکانیان نییە یان خولیاکانیان لە نێو ئەو حیزبانەدا نابیننەوە و ئەمەش شتێکی ئاساییە، بەڵام بە متمانەیەکی زۆر باڵاوە دەڵێم کە ئەم حیزبانە شیلەی ئەم خەڵکەن کە لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندان.

بۆیە من بە گشتی پێم وایە چونکە ڕێژیم نەیتوانی لەمە بگات، دیسان تووشی شکست بووەوە. باڵادەستیی سەربازی لەگەڵ باڵادەستیی گوتاری زۆر زۆر جیاوازە. ئەوەی کە ئێستا کۆماری ئیسلامی دەیکات ئەوەیە کە لە ڕێگەی سەربازییەوە خەڵک کۆنترۆڵ دەکات، ئەمانە هەموو بەجێگەی خۆی، بەڵام تۆ کاتێک هێما سیاسی و فەرهەنگییەکان، بۆ وێنە ئەو ڕووداوە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییانەی کە لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتدا ڕوو دەدەن - بۆ وێنە ڕووداوێکی وەک نەورۆز، کە من وەک وردەبزووتنەوەیەک لە هەناوی بزووتنەوەی نەتەوەییدا سەیری دەکەم - ئەمانە هەمووی نیشاندەری ئەوەن کە ڕاستە لە باری باڵادەستیی سەربازییەوە ڕەنگە هێژمۆنی هەبێت، بەڵام ئاکامی ئەو باڵادەستییە لە کوردستاندا بە چی گەیشتووە؟

جگە لەوەی کە خەڵک هەر ئەمساڵ لە ساڵوەگەڕی شەهیدبوونی ژینادا دیسان بەدەم بانگەوازی حیزبەکانەوە هاتن؛ سەرەڕای ئەوەی کە خۆت دەزانی دۆخی ئابووری چەندە ئەستەم و دژوارە، بەڵام خەڵک لەم حیزبانە دانەبڕاوە. هەرچەند ئەوەش دەسەلمێنم کە لە ڕوانگەی خەسارناسییەوە دەکرێ بێین و باس لە کەموکوڕیی هێزە سیاسییەکانمان بکەین، بەڵام بەهەرحاڵ دەبێ پۆتانسیەلی ئەم هێزانە ڕەچاو بکرێت.

من بە پێچەوانەوە، بەردەوام ئەو هاوپەیوەندییە بە پەیوەندییەکی بەهێزتر دەبینم؛ و هەر کات کە زەبروزەنگ و زۆرەکە زیاتر دەبێت، ئەو هاوپەیوەندی و هاوخەمییە لە نێوان ئەم دوولایەنەدا زیاتر دەبێت. من پێشتر وتارێکم نووسیبوو بە ناوی «سێکوچکەی خەبات»؛ بڕوام وایە کە خەڵک لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هێزە سیاسییەکان لە باشوور، و کوردی دیاسپۆڕا لە دەرەوەی وڵات، سێکوچکەی ئەم خەباتەن کە هەر یەک لە کات و شوێنی خۆیدا پەیوەندییەکی پۆلاییینیان هەیە و دەتوانن لەسەر هاوکێشەکان بە شێوازی جۆراوجۆر شوێندانەر بن.

شەهرام سوبحانی: ئەگەر بە دیدێکی ڕەخنەگرانە و شرۆڤەکارانە سەیری ڕووداوەکە بکەین، ٦ی ڕەزبەر چ دەرسێک یان مۆدێلێکی نوێی لە پەیوەندیی نێوان خەباتی چەکداری/سیاسی لە دەرەوەی سنوور و خەباتی مەدەنی لە نێوخۆدا خستە بەردەم حیزبە ڕزگاریخوازەکانی ڕۆژهەڵات؟

ناسر باباخانی: ڕەنگە سەرەکیترین دەرس و وانە ئەوە بێت کە حیزبەکان - کە لەوەپێشیش کردوویانە - دەتوانن پشتگیریی سیاسی، میدیایی و مرۆیی شەقام بکەن. واتە شاخ وەک پشتیوانیی شار!

پێموایە یەکەم جار من بووم ئەو دەستەواژەیەم بە ئەمانەتەوە لە قسەکانی شەهید مامۆستا شەرەفکەندی هێنایە نێو ئەدەبیاتی ڕۆژنامەوانی و میدیایی کوردییەوە. لە سەرانسەری ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا شاخ دەتوانێت ئەو پشتگیرییە سیاسی، میدیایی و مرۆییە بکا، بێ ئەوەی خۆی خاوەندارێتیی ڕاستەوخۆی بزووتنەوە مەدەنییەکە بکات.

تۆ سەیر بکە، ئەو هێزانەی کە کۆماری ئیسلامی وەکوو هێزی هاندەر پێناسەیان دەکا (هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان)، بەبێ ئەوەی کە دوورێکی ئەوتۆ ببینن لە باری ڕێکخراوەییەوە بەس ئەمە دەکاتە بیانوو بۆ ئەوەی ئەم ڕاپەڕینە مەدەنییە بە شێوەیەکی خوێناوی سەرکوت بکا و دواتر هێرش بکاتە سەر بنکەکانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. لەگەڵ ئەوەشدا کە هێزە سیاسییەکانی کوردستان هەتا ئەمڕۆ لە ماوەی ئەم چارەکە سەدەی ڕابردوودا هیچ جووڵەیەکی چەکداریی ئەوتۆیان نەکردووە کە کۆماری ئیسلامی دواتر وەکوو ئامرازێک کەڵکی لێ وەربگرێت و بیەوێت ئەم شۆڕشە مەدەنییە بە چەواشەکاری بە شۆڕشێکی دەرەکی نێودێر بکا.

بۆیە ئەمە گرنگترین دەرسە؛ بوونی هێزە سیاسییەکانی کوردستان پاڵپشتییەکی گەورەیە بۆ ئەم بزووتنەوە مەدەنییانەی کە لە نێوخۆی وڵاتدا ڕوو دەدەن. ئێستا ئێمە ڕێکخراوە مەدەنییەکانمان لە نێوخۆی وڵاتدا - لە ئەنجومەنە ئەدەبییەکانەوە بگرە هەتا ژینگەپارێزی، فیلم، مۆسیقا، فێرگەکانی زمانی کوردی و زۆر شتی دیکە - دەبینین کە چەندە توانیویانە بەرامبەر بەم هێژمۆنییەی کە دەسەڵات لە یەکەم ساڵەکانی هاتنەسەرکارییەوە دەیەوێت لەنێوی ببات، ڕابووەستن و

بەپێچەوانەوە بوون بە هێمای ناسنامەی نەتەوەیی.

واتە لە ئەدەب، شێعر، مۆسیقا، پەیکەرسازی و زمانی کوردیدا دەبینیت کە خەڵک ڕەنگدانەوەی ناسنامەی نەتەوەییانە لەژێر زەخت و گوشاری دەسەڵاتی فەرمانڕەوادا. ئەوە سەرنجڕاکێشە کە ئەم بزووتنەوانە بەبێ ئەوەی پاڵپشتییەکی ڕاستەوخۆی هێزەکانیان هەبێت، خۆڕسکن لە نێوخۆیاندا، هەرچەند حاشا لەوەش ناکەم کە ئینتیمای نەتەوەیی و ڕەنگە ئینتیمای حیزبیش لە گۆڕێدا هەبێت.

بۆیە بە بڕوای من ئەوە گرنگترین دەرسە و دەتوانێت بەردەوام بێت. لە هەموویان گرنگتر ئەوەیە کە ئەم «دەرەوە» و «نێوخۆ»یە لێک دانەبڕاون. کاتێک بارەگاکانی هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکرێنە ئامانج، تۆ شەپۆلی هاوسۆزی و هاوخەمیی ئەم خەڵکە دەبینی؛ و بەپێچەوانەوە، کاتێک خەڵک دەکەوێتە ژێر زەخت و گوشارەوە، ئەوە هێزەکانن کە لە دەرەوەی سنوورەکان لە ڕێگەی جۆراوجۆری سیاسی و میدیاییەوە هەوڵ دەدەن ببنە دەنگی ئەم خەڵکە.

١٦ی ڕەزبەری ٢٧٢٦

کۆمەڵێک وتارو لێدوانی نووسەران

لە چوار ساڵ بەسەر شەهیدکردنی ژینا ئەمینی و سەرهەڵدانی بزووتنەوەی «ژینا - ژن، ژیان، ئازادی»

بانگەوازی مانگرتنی گشتی لە ٢٥ی خەرماناندا

خەڵکی خۆڕاگری کوردستان!

هاونیشتمانییانی تێکۆشەر!

چوار ساڵ بەسەر شەهیدکردنی ژینا ئەمینی و سەرهەڵدانی بزووتنەوەی «ژینا – ژن، ژیان، ئازادی» تێدەپەڕێت.

شەهیدبوونی ژینا بووە خاڵی وەرچەرخانێکی مێژوویی، کە تێیدا کاردانەوەی بێوێنە و بوێرانەی خەڵکی تێکۆشەر و ئازادیخوازی کوردستان و ئێران، بناغەکانی ڕێژیمی سەرکوتگەری کۆماری ئیسلامیی هەژاند و دەنگی ئازادیخوازیی

نەتەوەکەمان و هەموو ئازادیخوازانی ئێرانی بە جیهان گەیاند.

ئەمڕۆ لە کاتێکدا لە ساڵیادی ئەو سەرهەڵدانە سەرتاسەرییە نزیک دەبینەوە کە دۆخی خەڵک و پرسی ئازادییەکانیان لەوپەڕی خراپیدایە؛ بەتایبەت دوای شەڕی ئێران لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیل، سەرجەم قەیرانە سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان بە شێوەیەکی بەرفراوان قووڵ بوونەتەوە. دەسەڵات بۆ شاردنەوەی شکستەکانی لە ئاستی دەرەوە و لاوازییەکانی نێوخۆی، گوشارە ئەمنی و ئابوورییەکانی بۆ سەر خەڵکی وەزاڵەهاتووی کورد و ئێرانی چەند هێندە کردووە، بە جۆرێک کە هەژاری، گرانی، بێکاری و نەبوونی ئازادی و ئاسایش تەنگی بە ژیانی ڕۆژانەی هاووڵاتییان هەڵچنیوە.

سەرەڕای پەرەسەندنی نارەزایەتییەکان و زیندوویی بزووتنەوە جۆراوجۆرەکان، ڕێژیم بەردەوامە لە سیاسەتی کوشتار و سەرکوتکردن. شەپۆلی دەستبەسەرکردنی خەباتکارانی سیاسی، چالاکانی مەدەنی، داکۆکیکارانی مافی ژنان، چالاکانی کولتووری، ژینگەپارێزان، کرێکاران و مامۆستایان بەردەوامە و لە هەڵکشاندایە. سەپاندنی سزای قورسی بەندکردن و زیادبوونی بێوێنەی سزای سێدارە، لەلایەکەوە نیشانەی ترسی ئەم ڕێژیمەیە لە ئیرادەی خەڵک و لەلایەکی دیکەش ئاماژەیە بە پێداگری لە توندوتیژی کە بنەمای دەسەڵاتەکەیەتی.

گەلی کورد کە لە مێژووی هاوچەرخی ئێراندا هەمیشە پێشەنگی تێکۆشان بۆ ئازادی بووە، لەم هەلومەرجە هەستیارەشدا ڕۆڵێکی مێژوویی لە ئەستۆیە. تێپەڕاندنی ئەم قۆناغە و تێپەڕبوون لەم ڕێژیمە، تەنیا بە یەکگرتوویی و ئیرادەی یەکلاکەرەوەی خەڵک دەکرێت. کاریگەریی هەبوون و بەردەوامیی تێکۆشان لە بوارە جیاوازەکان و دەوری خەباتی مەدەنی و سەرتاسەری لەلایەن کۆمەڵگەوە، بۆ بەچۆکداهێنانی دەسەڵات و هەروەها نیشاندانی ئیرادە و یەکگرتوویی سەرجەم چین و توێژەکان بابەتێکی سەلمێندراوە.

بەڕێوەچوونی نارەزایەتیی سیاسی و مەدەنی و بەتایبەت مانگرتنە گشتییەکانی کوردستان هەر لە دەستپێکی بەدەسەڵات گەیشتنی کۆماری ئیسلامییەوە تا بە ئەمڕۆ، ئەوەی نیشان داوە کە ڕەوتی داواکارییە نەتەوەیی و ئازادیخوازییەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات لە هێڵی سیاسی و بنەماکانی ئەو دەسەڵاتە جیاواز بووە. نەتەوەکەمان لە مێژووی تێکۆشانی خۆیدا بە بەڕێوەبردنی مانگرتنی گشتی و مێژوویی، جگە لە جەختکردنەوە لەسەر مافەکانی خۆی، دژی توندوتیژی و سەرکوتیش وەستاوە و پەیامی سیاسیبوون و مەدەنییانەی تێکۆشانی خۆی نیشانی جیهانیان داوە.

بە لەبەرچاوگرتنی دۆخی ئێستا، وەک «هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران» داوا لە سەرجەم چین و

تویژەکانی خەڵک دەکەین، ڕۆژی ٢٥ی خەرمانان و لە چوارەمین ساڵرۆژی تاوانی کوشتنی ژینا ئەمینی، مانگرتنێکی سەرتاسەری و گشتی لە بەرامبەر بەردەوامیی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامیدا بەڕێوە ببەن. ئەم مانگرتنە جگە لە وەبیرهێنانەوەی یادی سەرجەم شەهیدان و نرخەکانی شۆڕشی «ژینا - ژن، ژیان، ئازادی»، تێکۆشانێکی مەدەنی و وەڵامێکی جەماوەرییە دژی قەیرانە ئەمنی و ئابوورییەکان و دەبێتە پەیامی زیندووبوونی خەباتی مەدەنی و خۆڕاگریی خەڵکی کوردستان.

داوا لە هەموو خەڵکی تێکۆشەر و ئازادیخواز دەکەین ڕۆژی چوارشەممە ٢٥ی خەرمانان بە داخستنی دووکان و بازاڕەکان و مانەوە لە ماڵەکانیاندا پێوەستی ئەم مانگرتنە گشتییە بن و هەمووان پێکەوە بە هەڵوێستێکی یەکگرتوو دووپاتی بکەینەوە کە گەلەکەمان لە هەر دەرفەتێک بۆ گەیشتن بە مافە ڕەواکانی خۆی کەڵک وەردەگرێت و هەرگیز تەسلیمی زوڵم نابێت. ئەم مانگرتنە گشتییە، هەنگاوێکی گرنگ و پەیامێکی ڕوونی بەرەنگاربوونەوە دەبێت بۆ چەسپاندنی ئیرادەی سیاسی و نەتەوەییمان.

هەر بۆیە داواش لە سەرجەم لایەن و ڕێکخراوە سیاسی و مەدەنییەکان دەکەین پشتیوانی لە بەڕێوەچوونی ئەم مانگرتنە گشتییە بکەن، تاوەکوو بە یەکڕیزی و بە هێزی خەباتی مەدەنیی خۆمان نیشانی بدەین کە سیستەمی سەرکوت و سێدارە هەرگیز ناتوانێت پێش بە تێکۆشانە ڕەواکانمان بگرێت.

هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران

٢٢ی خەرمانانی ٢٧٢٦ی کوردی

١٣ - ٩ - ٢٠٢٦

٢٢ی خەرمانانی ٢٧٢٦

سەرچاوە
Serchawe

دوابەدوای بانگەوازی مانگرتنی گشتی لە ٢٥ی خەرمانانی "هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران" کۆمەڵێک پشتیوانیی حیزب و ڕێکخراوە مەدەنییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لێکەوتەوە، بەشێک لەم پشتیوانانە بریتن لە:

پشتیوانیی ناوەندی ڕێکخراوە مەدەنییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە مانگرتنی گشتیی ٢٥ی خەرمانان

هاونیشتمانییانی خۆشەویست!
کۆڕ و کۆمەڵە مەدەنییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان!
تێکۆشەران و چالاکانی مەدەنی!

لە کاتێکدا بەرەو یادی چوارەمین ساڵڕۆژی دەستپێکی بزووتنەوەی شوناسخوازانە و جەماوەریی ژینا هەنگاو دەنێین، کە وەبیرهێنەرەوەی ڕۆژانێکی پڕشکۆ لە خەباتی نەپساوە و بەردەوامی ئازادیخوازانی نەتەوەکەمان بەرامبەر بە دەسەڵاتی پاوانخواز و خۆسەپێنی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە.

ئەو سەرهەڵدانە مێژووییە سەرەتا لە کوردستانەوە سەری هەڵدا و پاشان هەموو ناوچەکانی ئێرانی گرتەوە و

گشتئازادیخوازانی جیهانیشی هێنایە سەر هێڵ و لاپەڕەی بزووتنەوەیەکی سەردەمیانە و پێشکەوتووی لە مێژووی خەباتی ئازادیخوازاندا بۆ هەمیشە تۆمار کرد.

بزووتنەوەی ژینا کە بە درووشمی سەرەکیی «ژن، ژیان، ئازادی» هەموو چین و توێژەکانی کوردستان و ئێرانی هێنایە سەر شەقام و «نا»یەکی بەرزیان بە دەسەڵاتی خۆسەپێنی کۆماری ئیسلامی وت؛ لە ژنانەوە کە رۆڵی بەرچاویان گێڕا هەتا لاوان و خوێندکارانی زانکۆکان، هەموو یەکدەنگ و یەکهەڵوێست لە بەرامبەر درندەیی هێزە سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامیدا وەستانەوە و ئەو رێژیمەیان تووشی گەورەترین رووبەڕووبوونەوە و قەیرانی مێژووی دەسەڵاتدارییەکەی کرد.

هەموو ئەو کەسانەی وا کەڵکەڵەی رزگاری و ئازادییان هەیە و چاوەڕوانی نەمانی دیکتاتۆرانن، ئێستاش چاوی هیوایان لەسەر خەڵکی تێکۆشەر و مافویستی کوردستان و ئێرانە بۆ ئەوەی بۆ هەمیشە لە لەمپەرێک بە ناوی کۆماری ئیسلامی تێپەڕ بن.

هەر بەم بۆنەیەوە، «هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران» لە بەرەبەری ساڵرۆژی بزووتنەوەی «ژن، ژیان، ئازادی»دا بانگەوازی مانگرتنێکی گشتیی بڵاو کردووەتەوە کە بۆ رۆژی ٢٥ی خەرمانانە و لەوێدا داوا لە خەڵکی کوردستان کراوە بە داخستنی دووکان و بازاڕەکان پەیوەستی ئەو مانگرتنە بن و جارێکی دی نیشانی بدەن کە خوێنی رۆڵەکانی خۆیان لەبیر نەکردووە، و ئەو پەیامە بە کۆماری ئیسلامی بدرێت کە دەسەڵاتێکی ناڕەوایە و ناتوانێت بە گرتن و سەرکوت، هەڕەشە و ئەشکەنجە و ئێعدام، خەونی ئازادی لە چاوی خەڵکی چاونەترس بتارێنێت.

ئێمە وەک ناوەندی رێکخراوە مەدەنییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان، وێڕای پشتیوانی لە بانگەواز بۆ بەڕێوەچوونی مانگرتنی گشتیی خەڵکی کوردستان، داوا لە هەموو چالاکانی مەدەنی، توێژەکانی ژنان، لاوان، خوێندکاران، رووناکبیران، مامۆستایان و رێکخراوە مەدەنی و ناحکوومییەکان دەکەین بەوپەڕی توانای خۆیانەوە پەیوەستی ئەم مانگرتنە بن و لاپەڕەیەکی زێڕینی تر لە خەباتی مەدەنییانە و ئازادیخوازانەی خۆیان تۆمار بکەن.

سەرکەوێت خەباتی نەپساوەی نەتەوەکەمان.

ناوەندی رێکخراوە مەدەنییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان

٢٢ی خەرمانانی ١٤٠٥ی هەتاوی

٢٢ی خەرمانانی ٢٧٢٦

ئەنجومەنی پیشەیی مامۆستایانی کوردستان: ئازادیی تاکەکەسی، یەکسانیی کۆمەڵایەتی، کەرامەتی مرۆڤ و مافی دیاریکردنی چارەنووس لە ئامانجەکانی بزووتنەوەی ژینا بوون

ئەنجومەنی پیشەیی مامۆستایانی کوردستان لە سنە، سەقز، مەریوان، سەوڵاوا و زیویە بەبۆنەی ٤ەمین ساڵیادی شەهیدکرانی ژینا ئەمینی و شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی بەیاننامەیەکیان بڵاو کردەوە و ڕایانگەیاند کە بزووتنەوەی ژینا بووە هۆی دووبارە پێناسەکردنەوەی پەیوەندییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان لەسەر بنەمای مافی یەکسانی هەموو هاووڵاتییان و چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگە.

لەو بەیاننامەدا هاتووە "ئەگەرچی گیانلەدەستدانی ژینا ئەمینی، بەهۆی حیجابەوە کە ئەمڕۆ زۆر ئاسایی و باوە، تاسێنەر و تاڵ بوو، بەڵام بزووتنەوەی ژینا تەنیا کاردانەوەیەکی ناڕەزایەتی نەبوو؛ بەڵکوو دەربڕینی ناڕەزایەتییەکی قووڵ بوو کە لە درێژایی دەیان ساڵدا لە چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی فرەچەشنی ئێراندا دروست ببوو."

هەروەها لەبارەی بزووتنەوەی ژیناوە هاتووە "جیاوازیی بزووتنەوەی ژینا لەگەڵ زۆرێک لە بزووتنەوەکانی پێش خۆی لەوەدا بوو کە ئیتر تەنها ڕوو لە ناوەند و چاکسازی لە پێکهاتەی دەسەڵات نەبوو، بەڵکوو نوێنەرایەتیی ئەو داواکارییانەی دەکرد کە لە ماوەی سەد ساڵی ڕابردوودا، لە ئەنجامی ڕوانینی ئەمنییەتی و گوتارە ناوەندگەراییەکان،

پەراوێز خراون یان لە گۆڕەپانی گشتیدا سڕاونەتەوە."

لە بەشێکی دیکەدا ئاماژە بەوە کراوە کە "ئەم بزووتنەوەیە، فرەچەشنیی بەردەست لە کۆمەڵگەی ئێراندا بە شێوەیەکی ئاشکرا پیشان دا و داوای پێداچوونەوەی لە پێناسەکردنی ئێران و دووبارە پێناسەکردنەوەی پەیوەندییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان لەسەر بنەمای مافی یەکسانی هەموو هاووڵاتییان و چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگە کرد."

هەروەها لەو بەیاننامەدا نووسراوە کە "لکاندنی سێ وشەی ژن، ژیان، ئازادی بە یەکەوە، وێنەیەکی نوێی لە خواستی بەشێکی گەورەی کۆمەڵگەی ئێران پێشکەش کرد؛ وێنەیەک کە تیایدا ئازادیی تاکەکەسی، یەکسانیی کۆمەڵایەتی، کەرامەتی مرۆڤ و مافی دیاریکردنی چارەنووس لێک جیا ناکرێنەوە."

هەروەها لەبارەی ڕۆڵی ژیان لەو بزووتنەوەدا هاتووە کە "ژنان نەک تەنها وەک یەکێک لە چینە ناڕازییەکان، بەڵکوو لە زۆرێک لە ناوچەکان بوون بە هێزی بزوێنەری نارەزایەتییەکان. خۆڕاگری بەرانبەر حیجابی زۆرەملێ و شێوازەکانی دیکەی کۆنترۆڵکردنی جەستە و ژیانی ژنان، بوو بە بەشێک لە خۆڕاگرییەکی مەدەنیی فراوانتر."

٢٣ی خەرمانانی ٢٧٢٦

کۆڕبەندی هاوکاریی زاگرۆس پشتیوانیی لە بانگەوازی مانگرتنی سەرتاسەریی ٢٥ی خەرمانان کرد

کۆڕبەندی هاوکاریی زاگرۆس بە بۆنەی چوارەمین ساڵیادی شەهیدبوونی ژینا ئەمینی و دەستپێکی بزووتنەوەی "ژن، ژیان، ئازادی"، بەیاننامەیەکی فەرمیی بڵاو کردەوە.

لەم بەیاننامەیەدا، کۆڕبەندەکە وێڕای ڕێزلێنان لە شەهیدان، پشتیوانیی تەواوی خۆی بۆ بانگەوازی هاوبەشی هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەمەڕ مانگرتنی سەرتاسەریی ٢٥ی خەرمانان دەربڕی.

ئەم ڕێکخراوە مەدەنییە ئاماژەی بەوە کردووە کە شەهیدبوونی ژینا ئەمینی، بووە وەرچەرخانێکی مێژوویی و کاریگەر لە خەباتی مەدەنیی خەڵکی کوردستان و ئێراندا.

لە ڕەوت و پاشهاتی ئەم ڕاپەڕینەدا، ژمارەیەکی زۆر لە هاووڵاتییان لە کوردستان و ناوچەکانی تری ئێران لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە شەهید و بریندار کران، یان خرانە ژێر لێپرسینەوەی یاسایی و دەسبەسەرکران.

کۆمەڵێک وتارو لێدوان

کۆڕبەندی زاگرۆس ئاماژەی بەوە کرد کە یادی هەموو قوربانییانی ڕێگەی ئازادی و کەرامەتی مرۆیی، شایستەی ڕێزگرتنی بەردەوامە.

لە بەشێکی تری بەیاننامەکەدا، جەخت لەسەر مافی سەرەتایی و مرۆیی هاووڵاتییان بۆ ئازادیی ڕادەربڕین، پێکهێنانی کۆبوونەوەی ئاشتییانە، دروستکردنی ڕێکخراو و بەدواداچوونی داواکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان بە ڕێگەی مەدەنی و دوور لە توندوتیژی، کراوەتەوە.

هاوکات جەخت لە گرنگیی ڕێزگرتن لە یەکسانیی هەموو پێکهاتەکان ، بە بێ جیاوازیی نەتەوە، زمان، ڕەگەز و بیروباوەڕی سیاسی کرایەوە.

لە کۆتاییدا، کۆڕبەندی هاوکاریی زاگرۆس، چوارەمینساڵیادی بزووتنەوەکەی بە دەرفەتێک بۆ بەرزڕاگرتنی یادی شەهیدان، بەرگری لە مافی زیانپێکەوتووان و بنەماڵەکانیان و جەختکردنەوە لەسەر بەهای پیرۆزی ئازادی، دادپەروەری، یەکسانی و کۆتاییهێنان بە سەرکوتکاری زانی.

٢٣ی خەرمانان ٢٧٢٦

کۆمیتەی سەرانسەریی خوێندکارانی کوردستان پشتیوانیی خۆیان بۆ مانگرتنی گشتیی ٢٥ی خەرمانان دەربڕی

کۆمیتەی سەرانسەریی خوێندکارانی کوردستان لە دووتوێی بەیاننامەیەکدا پشتیوانی و پاڵپشتیی تەواوی خۆیان بۆ مانگرتنی گشتیی ڕۆژی چوارشەممە ٢٥ی خەرمانان دەربڕی و ڕایانگەیاند ئاگری بەتینی بزووتنەوەی ژینا گڕی لە جەستەی دوژمن بەردا و ئێستاش هەر بڵێسە دەستێنێت.

لە سەرەتای بەیاننامەکەدا هاتووە کە "ئەگەرچی چوار ساڵ بەسەر ساڵیادی شەهیدبوونی ژینا ئەمینی، کچە کوردی بێتاوان، بە دەستی هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا تێدەپەڕێت؛ بەڵام هێشتا ئەو ئاگرە بەتینەی ئەم ڕاپەڕینە کە بە دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" هەڵگیرسا و جەستەی دوژمنی خستە لەرزە، زیندووە و نەکوژاوەتەوە."

هەروەها باس لەوە کراوە کە "بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادی، دەنگی نەوەیەکە کە ئازادی، کەرامەت، دادپەروەری و مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی دەوێت."

هەروەها ئاماژە بەوە کراوە کە "لەم ڕاپەڕینە کە خاڵێکی زێڕینە لە مێژووی خەباتی نەتەوەکەمان، خوێندنگە و زانکۆ

کۆمەڵێک وتارو لێدوان

سەلماندیان کە تەنیا شوێنێک نین بۆ فێربوونی زانست، بەڵکوو دەتوانن ببنە ناوەندی هۆشیاری، ڕۆشنبیری و خۆڕاگری کۆمەڵایەتی و ڕاوەستان لەهەمبەر زوڵم و بێدادیدا."

لە بەشێکی دیکەی ئەو بەیاننامەیە هاتووە کە "پشتیوانیی لە مانگرتن تەنیا پشتیوانی لە یەک ڕۆژی نارەزایەتی نییە؛ پەیامێکە بۆ ئەوەی تێبگەین کە کۆمەڵگەی کوردستان هێشتا لەسەر داواکارییەکانی «ڕاپەڕینی ژینا» سوورە و سەرکوت ناتوانێت ئەو دەنگە بێدەنگ بکات."

لە کۆتاییدا بەیاننامەکەدا نووسراوە "وەک کۆمیتەی سەرانسەریی خوێندکارانی کوردستان داوا دەکەین لە خوێندکارانی ئازادیخواز، مامۆستایان، چالاکانی مەدەنی و فەرهەنگی و هەموو ئەو کەسانەی کە بڕوای قووڵیان بە ئازادی و دادپەروەری هەیە، کە بە هەموو شێوەیەکی مەدەنییانە و گونجاو، پشتیوانی خۆیان لە ڕاگەیەندراوی مانگرتنی «ناوەندی هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران» دەربڕن."

٢٤ی خەرمانانی ٢٧٢٦

پلاتفۆرمی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان - ژینا بەبۆنەی چوارەمینساڵیادی شەهیدکرانی ژینا ئەمینییەوە ڕاگەیەندراوێکی بڵاو کردەوە

پلاتفۆرمی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان - ژینا ڕاگەیەندراوێکی لەژێر ناوی "ژینا؛ ناوی شۆڕشێک کە هێشتا بەردەوامە" بڵاو کردەوە و ڕایانگەیاند؛ شەهیدکرانی ژینا بووە هۆی دەستپێکی شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی کە سنوورەکانی ئێرانی تێپەڕاند و دەنگی ئازادیخوازیی کوردستانی گەیاندە جیهان.

لە بەشێکی ئەو ڕاگەیەندراوەدا هاتووە کە "«ژن، ژیان، ئازادی» تەنیا دروشمی نارەزایەتی نەبوو، بەڵکوو دەنگی ڕاپەڕین دژی سیستەمێک بوو کە ساڵانێکە بە سەرکوت، جیاوازی، سێدارە، کپکردنی دەنگەکان، زیندان و پێشێلکردنی مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ، بە تایبەتمەندیی ژنان، دەسەڵاتی خۆی بەسەر کۆمەڵگەدا سەپاندووە."

لە بەشێکی دیکەدا هاتووە کە "بزووتنەوەی ژینا تەنیا نارەزایەتییەک لە دژی حیجابی زۆرەملێ نەبوو؛ بەڵکوو هەوڵێکی گەورە بۆ هەڵتەکاندنی بناغەکانی سیستەمێک بوو کە هەناسەی ئازادیی لە هیچ توێژێکی کۆمەڵگە نەهێشتووەتەوە."

لە بەشێکی دیکەی ئەو ڕاگەیەندراوەدا هاتووە کە "ئەم بزووتنەوەیە دەرخەری هۆشیاریی قووڵی ژنان بوو و بووە خاڵێکی

سەرچاوە
Serchawe

وەرچەرخان لە مێژووی خەباتی ژنانی کورد و گەلانی ئێران بەگشتی."

هەروەها ئەو پلاتفۆرمە ئاماژەی بەوە داوە "لە گرینگترین تایبەتمەندییەکانی ئەم بزووتنەوەیە ئەوە بوو کە ژنی کورد بوو بە داینەمۆی ڕاپەڕینێکی بەرفراوان و هەڵگری دروشمێک کە واتای ئازادی، یەکسانی و ژیان لە خۆیدا کۆ کردەوە."

هەروەها پلاتفۆرمی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان - ژینا، پشتگیریی تەواوی لە بڕیار و بانگەوازی هاوپەیمانیی حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەمەڕ مانگرتنی گشتیی ٢٥ی خەرمانان دووپات کردووە.

ئەو پلاتفۆرمە ڕایگەیاند: "داوا لە ژنان و لاوانی پێشەنگ دەکەین کە ڕۆژی ٢٥ی خەرمانان، بە بەشداریی چالاکانە لە مانگرتنی گشتیدا و بە داخستنی دووکان و بازاڕەکان، ئیرادەی بەرزی خۆیان بۆ بەردەوامیی شۆڕش نیشانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ڕێژیمی داگیرکەر بدەن."

لە کۆتایی ڕاگەیەندراوەکەدا جەخت لەسەر ئەوە کراوەتەوە کە "شۆڕشی «ژن، ژیان، ئازادی» کۆتایی پێ نەهاتووە و تا گەیشتن بە مافە ڕەواکان و هەڵتەکاندنی سیستەمی زۆرداری و داگیرکاری بەردەوامە."

٢٤ی خەرمانانی ٢٧٢٦

سەرچاوە
Serchawe

کۆنگرەی ئازادیی ئێران پشتیوانیی لە مانگرتنی سەرانسەریی کوردستان کرد

لە بەردەوامیی ئامادەکارییەکان بۆ چوارەمین ساڵیادی قەتڵی حکوومەتیی ژینا ئەمینی، "کۆنگرەی ئازادیی ئێران" پشتیوانیی خۆی بۆ بانگەوازی هاوپەیمانیی حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ مانگرتنی سەرانسەری لە ٢٥ی خەرمانان لە شارەکانی کوردستان ڕاگەیاند.

کۆنگرەی ئازادیی ئێران لە ڕاگەیەندراوێکدا جەختی کردەوە کە ئەم مانگرتنە سەرانسەرییە هەنگاوێکی مەدەنی و کاریگەر بۆ دەربڕینی داواکارییەکانی جەماوەر و بەرهەڵستبوونی ڕێژیمە.

ئەو کۆنگرەیە ئاماژەی بەوەش کرد کە ئەزموونی مانگرتنەکانی ڕابردوو دەریخستووە بانگەوازی حیزبەکانی کوردستان بەهۆی پێگەی بەهێزی جەماوەرییانەوە پێشوازییەکی فراوانی لێ دەکرێت.

لەم پەیامەدا بە ئاماژەدان بە پەیامی ئەمجەد ئەمینی، باوکی ژینا، کە جەختی لەسەر ئاشکرابوونی ڕاستییەکان و دادپەروەری کردووەتەوە، کۆنگرەی ئازادی هاتووەتە سەر ئەو باوەڕەی کە ڕێزلێنان لە یاد و ڕێبازی شەهیدان و دادخوازی بۆ قوربانییان بەشێکی دانەبڕاو لە خەباتی ڕوخاندنی کۆماری ئیسلامییە.

کۆمەڵێک وتارو لێدوان

ڕاگەیەندراوەکە ئاماژەی بە سەرکوتکارییە خوێناوییەکانی ڕێژیم لە بەرانبەر بزووتنەوەی "ژن، ژیان، ئازادی" و خۆپیشاندانەکانی بەفرانباری ١٤٠٤ کردووە و جەختی کردووەتەوە کە وەدیهاتنی ئامانجەکانی بزووتنەوەی ژینا پێویستی بە کۆتاییهێنان بە کۆماری ئیسلامی و تێپەڕین بەرەو سیستمێکی دیموکراتیکی فرەڕەهەند و بەند لەسەر مافەکانی مرۆڤ، یەکسانی و نەهێشتنی جیاکارییە.

کۆنگرەی ئازادیی ئێران لە کۆتاییدا داوای لە سەرجەم هاووڵاتییان و هێزە مەدەنی و سیاسییەکانی دیکەی ئێران کرد پشتیوانی لەم بانگەوازە بکەن و بە شێوازی جیاواز یاد و ئامانجەکانی شۆڕشی ژینا بەرز ڕابگرن.

٢٤ی خەرمانانی ٢٧٢٦

پشتیوانیی ئەنجومەنی برینداران و دادخوازان لە مانگرتنی سەرانسەری لە کوردستان

"ئەنجومەنی برینداران و دادخوازانی بزووتنەوەی ژینا" وەک یەکێک لە ناوەندە مەیدانییە سەرەکییەکانی قوربانییانی سەرکوت، بە بڵاوکردنەوەی پەیامێک هاتە ڕیزی پشتیوانانی مانگرتنی سەرانسەریی ٢٥ی خەرمانان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

لەو پەیامەدا هاتووە کە دەستەی هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ئاماژەدان بە چڕبوونەوەی گوشارە ئەمنییەتییەکان، دارمانی ئابووری، فڕینی نرخەکان، هەژاری، بێکاری، دەسبەسەرکردنی چالاکوانان و بەرزبوونەوەی ڕێژەی سێدارەکان، جەختی لەسەر ڕۆڵی خەباتی مەدەنی و مانگرتنی سەرتاسەری بۆ بەرجەستەکردنی ئیرادە و یەکگرتوویی جەماوەری کردووەتەوە.

ئەو هاوپەیمانییە داوای لە خەڵک کردووە بە داخستنی دووکان و بازاڕەکان و مانەوە لە ماڵەکانیاندا، پەیوەندی بەم مانگرتنەوە بگرن و بیکەنە پەیامێکی ڕوون لە دژی سەرکوت، سێدارە و بەردەوامیی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی.

لەم چوارچێوەیەدا، ئەنجومەنی برینداران و دادخوازانی شۆڕشی ژینا بە دەربڕینی پشتیوانیی تەواو، داوای لە سەرجەم چین

و توێژەکانی کوردستان، بازاڕییان، کرێکاران، ڕێکخراوە پیشەییەکان و هاووڵاتییان کردووە بە بەشداریی چالاکانەیان لەم مانگرتنەدا، یاد و ڕێبازی شەهیدان بەرز ڕابگرن و ناڕەزایەتیی خۆیان لە بەرانبەر سیاسەتە سەرکوتکارییەکانی کۆماری ئیسلامی نیشان بدەن.

ئەم ئەنجومەنە جەختی کردووەتەوە کە مانگرتن و بەرھەڵستبوونی مەدەنی، بەشێکی دانەبڕاوە لە تێکۆشانی جەماوەر بۆ وەدەستهێنانی ئازادی، دادپەروەری و کەرامەتی مرۆیی؛ هەروەها دووپاتی کردەوە کە دەنگی دادخوازیی بنەماڵەی شەهیدان و بریندارانی بزووتنەوەی ژینا تا بەدەستهێنانی ئامانجەکان پێداگرانە بەردەوام دەبێت.

٢٤ی خەرمانانی ٢٧٢٦

پشتیوانی بەرەی نەتەوەکان لە مانگرتنی سەرانسەریی ٢٥ی خەرمانان لە کوردستان

"بەرەی نەتەوەکان بۆ مافی دیاریکردنی چارەنووس" (پیام جبهه ملل برای حق تعیین سرنوشت "ایران") پشتیوانیی خۆی بۆ بانگەوازی هاوپەیمانیی حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ مانگرتنی سەرانسەری لە ٢٥ی خەرمانان ڕاگەیاند و داوای یەکگرتوویی خەڵکی کرد.

بەرەی نەتەوەکان لە پەیامێکدا بەبۆنەی چوارەمین ساڵیادی شەهیدکرانی "ژینا ئەمینی"، ئاماژەی بەوە کرد کە کۆماری ئیسلامی تووشی قەیرانی ڕەوایی و دابڕانی نێوخۆیی بووە و سیاسەتی سەرکوتکاری و لەسێدارەدان، نیشانەی ترس و تۆقینی ڕێژیم لە ئیرادەی نەتەوەکانی ئێرانە.

ئەم بەرەیە جەختی کردەوە کە کۆماری ئیسلامی گەیشتووەتە ڕۆژانی کۆتایی خۆی و لەم بارودۆخە هەستیارەدا فراوانکردنی خەباتی مەدەنی و بەهێزکردنی هاوپەیمانیی نەتەوە بندەستەکان زەروورەتێکی مێژووییە.

بەپێی پەیامەکە، مانگرتنی سەرانسەریی ٢٥ی خەرمانان جگە لە ڕێزلێنان لە یاد و ڕێبازی ژینا و شەهیدانی ئازادی، پەیامێکی ڕوونیشە کە دەڵێ سەردەمی سەرکوت و ئینکارکردنی مافی نەتەوەکان بەسەر چووە.

سەرچاوە
Serchawe

کۆمەڵێک وتارو لێدوان

بەرەی نەتەوەکان داوای لە سەرجەم چینەکانی کۆمەڵگە و هێزە سیاسییەکان کرد بە بەشداریی چالاکانەیان لەم مانگرتنەدا، ئیرادەی خۆیان بۆ بەدەستهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووس ڕابگەیەنن و ڕووبەڕووی داگیرکەران ببنەوە.

٢٤ی خەرمانانی ٢٧٢٦

پشتیوانیی دوو هاوپەیمانیی سیاسیی سەرانسەریی ئێران لە مانگرتنی ٢٥ی خەرمانان

کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدراڵ و هاوپێوەندیی گشتگیر بۆ ئازادی و یەکسانی لە ئێران، لە دووتوێی ڕاگەیەندراوێکی هاوبەشدا، پشتیوانیی تەواوی خۆیان بۆ مانگرتنی ڕۆژی چوارشەممە ٢٥ی خەرمانانی خەڵکی کوردستان لەسەر داواکاریی هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران دەربڕی.

لەو بەیاننامەیەدا وێڕای پشتیوانیی تەواو لەو مانگرتنە هاتووە کە "ئەو مانگرتنە بە هەنگاوێکی گرنگ لە بەهێزکردنی خەباتی مەدەنی و پەرەپێدانی هاودڵی سەرانسەریی خەڵکی ئێران دەزانین."

لە بەشێکی دیکەی بەیاننامەکەدا هاتووە کە "کوردستان لە ساڵانی ڕابردوودا چەندین جار نیشانی داوە کە مانگرتنی گشتی دەتوانێت ببێتە یەکێک لە کاریگەرترین شێوازەکانی چالاکیی بەکۆمەڵ دژی کۆماری ئیسلامی."

ئەو دوو هاوپەیمانییە ڕایانگەیاند کە "گرنگیی بانگەوازەکەی ٢٥ی خەرمانان لەوەدایە کە ئەزموونی تێکۆشانی خەڵکی کوردستان بە خەباتی خەڵکی سەرانسەری ئێرانەوە ببەستێتەوە و بیگۆڕێت بۆ هەنگاوێکی نارەزایەتی و مەیدانێک بۆ بەهێزکردنی هاوخەباتی و چالاکیی هاوبەش."

سەرچاوە
Serchawe

هەروەها ئاماژە بەوە کراوە کە "بەرگریکردن لە مافی خەڵکی کوردستان بۆ ڕێکخستن و خەباتی مەدەنی و مافی دیاریکردنی چارەنووس، و هەوڵدان بۆ بەستنەوەی ئەم خەباتە بە خەباتە گشتییەکانی خەڵکی ئێران، بەشێکە لە خەباتی هاوبەش بۆ گۆڕانکاریی بنەڕەتیی سیاسی لە ئێران و هاتنەدیی داهاتوویەک لەسەر بنەمای ئازادی، یەکسانی و مافی یەکسان بۆ هەموو نەتەوەکانی ئێران."

هەروەها لە کۆتایی بەیاننامەکەدا جەخت لەسەر ئەوە کراوەتەوە کە "٢٥ی خەرمانان دەتوانێت نیشان بدات کە هاوخەباتی و یەکڕیزیی نێوان کورد و بەلووچ، عەرەب، تورک، فارس و گیلەک و...، نەک دروشمێکی سیاسی، بەڵکوو توانا و دەرفەتێکی ڕاستەقینەیە بۆ چالاکیی هاوبەش. پشتگیریکردن لەم مانگرتنە، پشتگیریکردنە لەم دەرفەتە و لە مافی کۆمەڵگە، بۆ ڕێکخستن و جێبەجێکردنی ئیرادەی گشتیی خۆی بەرانبەر بە کۆماری ئیسلامی."

هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران بەبۆنەی ٤ـەمین ساڵڕۆژی شەهیدکرانی ژینا ئەمینی و بزووتنەوەی "ژن، ژیان، ئازادی" داوایان لە خەڵکی کوردستان کرد کە ڕۆژی چوارشەممە، ٢٥ی خەرمانان وەک ناڕەزایەتییەک دووکان و بازاڕەکان دابخەن و مان بگرن.

٢٤ی خەرمانانی ٢٧٢٦

سەرچاوە
Serchawe

بەشێک لەو وتارو لێدوانی نووسەران:

پەیامی مستەفا هیجری: سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات بەبۆنەی ساڵیادی بزووتنەوەی ژینا و مانگرتنی گشتیی ٢٥ی خەرمانان

خەڵکی خەباتکار و ئازادیخوازی کوردستان!
خوشک و برا ئازیزەکانم!

چوار ساڵ لەمەوبەر لە ڕۆژی ٢٥ی خەرمانان، ئێوە گەلی ڕۆڵەکوژراو و ماف پێشێلکراوی دەستی کۆماری ئیسلامی، ڕێژیمی ئازادیکوژ و دژەمرۆڤ؛ لە تۆڵەی خوێنی بەناحەقڕژاوی ژینا ئەمینی بە دەستی بەکرێگیراوانی ئەو ڕێژیمە لە تاران، مانگرتن و ڕێپێوانێکی سەرانسەریتان دەست پێکرد کە بوو بە هەوێنی ڕێپێوانی نارەزایەتی لە سەرانسەری ئێران و تەنانەت هەموو دنیا و، بزووتنەوەی (ژن، ژیان، ئازادی) کە ئێستاش وێردی زمانی کورد و هەموو ئازادیخوازانی ئێرانە لە سەرانسەری جیهاندا.

کۆمەڵێک وتارو لێدوان

پەیامی روونی بزووتنەوەی ژینا بۆ حکوومەتی سێدارە لە تاران، بریتی بوو لە دەربڕینی ڕق و بێزاریی پەنگخواردووتـان لە زیندانیکردن، ئێعدام، کوشتن و سووکایەتیکردن بە ڕۆڵە خۆشەویستەکانتان، کە خواستیان ئازادی و ڕزگاری نەتەوەکەیـان و هەموو خەڵکی ئێران لە چنگی خوێناوی ئەو ڕێژیمەیە و، هاواری مافخوراوی و زوڵملێکراوییان بە گوێی هەموو دنیا.

ئێستاش کاتی ئەوەیە کە لە ڕۆژی چوارشەممە، ۲۵ی خەرمانانـدا و لە چـوارەمین سـاڵڕۆژی ئەم بـزووتنەوەیەدا، هاودەنگ لەگەڵ هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران، داواتان لێ دەکەم هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردستانی ئازیز لەو ڕۆژەدا بە مانەوە لە ماڵەکانتان و نەچوونەوە بۆ شوێنی کار، لە مانگرتنێکی گشتگیردا بەشدار بن و، بەم کردەوە نیشتمانییە جارێکی دیکە بە ڕێژیمی شەڕ و برسیەتی بڵێن کە ژینا و ژیناکان لە دڵماندا زیندوون. ئێمە نە فیداکاری و خوێنی شەهیدەکانمان لەبیر دەچێتەوە نە جینایەت و خوێنڕشتنەکانی ئێوە.

سەرکەوتن بۆ ئێوە گەلی سەرفیراز

بەردەوام بێ بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادی.

مستەفا هیجری

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

۲۳ی خەرمانانی ۱٤٠٥

۲٤ی خەرمانانی ۲۷۲٦

مانگرتنی گشتیی ٢٥ی خەرمانان، دەستمایەیەک بۆ بزووتنەوەی کوردستان

سمایل شەرەفی

لەسەر داوای حیزبەکان و لە چوارەمین ساڵیادی دەستپێکردنی بزووتنەوەی ژینادا، کوردستان ئەکت(ڕەفتار)ێکی دیکەی جەماوەریی لە خۆی نیشاندا.

مانگرتنی گشتیی خەڵکی کوردستان لە ٢٥ی خەرمانانی ئەمساڵ و لە زۆرێک لە شارەکانی کوردستاندا، بۆ جارێکی دیکە

سەلماندی کە؛ کوردستان خاوەنداریێتی لە پرسەکانی خۆی دەکات، کۆمەڵگە لەسەر هەست و زیندوویە، سیاسەتی سەرکوتی سیستماتیکی رێژیم نەزۆک و ژەنگاوییە، حیزبەکان جێی هیوا و متمانەی کۆمەڵگەن و یەکڕیزی و یەکگرتوویی هەمیشە هەوێنی سەرکەوتنە.

لە ڕاستیدا ڕەساڵەتی مانگرتنەکەش هەر بۆ گەیاندنی ئەو پەیامانە بوو؛ پەیامێک ڕوو بە دوژمن کە بزووتنەوەی ژینا و بەگشتی بزووتنەوە گەورە مافخوازانەکەمان هەروا لەسەرپێ و بەردەوامە و هەوڵەکانتان بۆ لەپێخستنمان نەزۆک و فاشلن، پەیامێک ڕوو بە حیزبەکان کە جێی متمانەی کۆمەڵگەن و پێکەوەبوونتان هیوابەخشە و، پەیامێک ڕوو بە دۆست و دوژمن کە کوردستان خاوەنی هێز و پۆتانسێلگەلی قووڵ و بەرینی خەباتکارانەی خۆیەتی.

بەڵام ئەوەی دوای ئەم ئەکت و ڕەفتارە مانادارە جەماوەرییە مەدەنییەی خەڵکی کوردستان گرینگ و جێی بایەخپێدانە، جۆری بەدەستمایەکردنیەتی لە پێناو بەرەوپێشبردنی بزووتنەوەی مافخوازانەی کوردستاندا. ئەرکێک کە دەکەوێتە سەرشانی حیزبەکان، کۆمەڵگەی مەدەنی، نووسەران، ڕووناکبیران و ئەدیبان و میدیاکاران و گشت چالاکانی بوارە جۆراوجۆرەکان کە بتوانن هەرکام بەشی خۆی لەم دەستمایە عەزیمە هەڵکرێنێ و کاری لەسەر بکات.

ئەوەی لێرەدا زیاتر سەرنج دەخرێتەسەر، ئەرکی حیزبە سیاسییەکانی کوردستان و کۆمەڵگەی مەدەنیی کوردستانە لەبۆ ئەوەی چۆن لەم سەرمایە جەماوەرییە هەرکام لە بواری کار و چالاکییەکانی خۆیاندا کەڵک وەربگرێت.

گەیاندنی پەیامەکانی مانگرتنە گشتییەکەی ٢٥ی خەرمانان بەو شوێنانەی پێویستە گوێیان لێ بێت و لێی تێبگەن، ئەرکی حیزبەکانە. پێویستە کۆڕوکۆمەڵە نێونەتەوەییە پێوەندیدارەکان بە پرسی ئێران و کوردستان، بزانن کە کوردستان خاوەنی چ هێز و ئیستعدادێکی سیاسی و کۆمەڵایەتییە کە نادیدەگرتن و پشتگوێخستنی لە هاوکێشە سیاسییەکانی داهاتوودا چ خەتایەکی گەورەیە. پێویستە کۆڕ و کۆمەڵە ئێرانییەکانی سەر بە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لە دەرەوەی وڵات کە لە زۆریاندا حیزبەکان حزووری بەرچاویان هەیە و هەروەها ئۆپۆزیسیۆنی نێوخۆ، دەرک بە لێبڕاوبوونی کوردستان لە خەبات و لەسەرپێبوون و ڕژدبوونی کورد لەسەر ماف و داخوازییە نەتەوەییەکانی بکەن و تێبگەیەندرێن کە بزووتنەوەی کوردستان چ قورساییەکی کرداری و ڕێکخستنێکی بەهێزی جەماوەری لە پشتە. پێویستە حیزبەکانی کوردستان پشتقایم بەم دەستمایە مەزنە سیاسییەوە لەگەڵ ڕەقیبەکان بێنە گۆ و پشتئەستوور بەم پشتیوانییە کردارییەی خەڵکی کوردستان، نوێنەرایەتیی ڕاستەقینەی پرسی سیاسیی کورد بکەن.

حیزبەکان دەبێ بە قووڵی لە ماناکانی ئەم جوابوەرگرتنەوانەیان لە خەڵک تێبگەن کە کوردستان وەک کۆمەڵگەیەکی هۆشیار و زیندوو، وەک چۆن بەرانبەر بە داواکارییە یەکگرتووەکانیان ئامادەن بە بێ گوێدان بە هەرچەشنە هەڕەشەیەکی دەسەڵاتی خۆسەپێن ئیرادە بنوێنێ، لە ئاست کەمایەسی و هەڵە و پەڵەکانیشیاندا چاوکراوە و خاوەن هەڵوێستن.

کۆمەڵگەی مەدەنیی کوردستان کە لە بیچمدانی ئەم جۆرە لە ڕەفتاری مەدەنی و جەماوەریی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا ڕۆڵی بەرچاوی ڕێکخراوەیی و ڕۆشنگەرانەی هەبووە، لایەکی دیکەی بەدەستەوگرتنی ئەم سەرمایە کۆمەڵایەتییەیە. ڕێکخراوە مەدەنییەکانی کوردستان کە توانیویانە ببنە جێی متمانەی کۆمەڵگەی کوردستان و هێز و وزە لە کۆمەڵگە وەردەگرن، ئەرکی سەرشانیانە کە لە پێناو هۆشیاری و بەهێزکردنی کۆمەڵگەدا، پەرە بە چالاکییەکانیان بدەن، ئاستی بەشداریی تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردستان لە بزووتنەوەی شوناسخوازانەدا کە لە چەند دەیەی ڕابردوودا ڕەوتێکی باشی پێواوە، بەهێزتر بکەن. بانگەواز و داوای حیزبەکان لە خەڵک بۆ مانگرتن و، بەڕێوەچوونی مانگرتنە گشتییەکەی ٢٥ی خەرمانان، پێوەندییەکی زیندووی دیالکتیکیی نێوان بزووتنەوەی سیاسیی کورد و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە کە کۆمەڵگەی مەدەنیی کوردستان وەک بەشێک لەم دووانە لێکدانەبڕاوە دەتوانێ لە بەهێزترکردنی ئەم پێوەندییەدا ڕۆڵی قووڵتر بگێڕێ. ڕێکخراوە مەدەنییەکانی کوردستان بە پێوەندیگرتن لەگەڵ کۆمەڵگەکانی مەدەنیی کۆمەڵگەکانی دیکەی ئێران و نەتەوەکان، پێویستە لەسەر بنەمای نێوەڕۆک و ماهییەتی سیاسی، مەدەنی و مافخوازانەی ئەم جۆرە ڕەفتارانەی خەڵکی کوردستان بکەونە دیالۆگ و پیلانی دوژمن لەسەر لێکترازانی ئەم کۆمەڵگە هاوبەشانە پووچەڵ بکەنەوە.

ئەوەی ڕۆڵ و پێگەی حیزبەکان و کۆمەڵگەی مەدەنی دیاری دەکات، ئەکت و ڕەفتار(پشتیوانی)ی کۆمەڵگەیە؛ کۆمەڵگەی کوردستان لە ٢٥ی خەرمانانی ١٤٠٥ی هەتاویدا بە بەڕێوەبردنی مانگرتنی گشتی، بۆ جارێکی دیکە ئەم ئێعتبارەی پێ بەخشینەوە.

بۆیە ئێستا نۆرەی ئەوان (حیزبەکان و کۆمەڵگەی مەدەنی)یە کە لەم دەستمایە جەماوەرییە لە پێناو بەرەوپێشبردنی بزووتنەوەی کوردستاندا ئەرک و ڕەسالەتی خۆیان بەڕێوەبەرن.

٢٦ی خەرمانانی ٢٧٢٦

سەرچاوە
Serchawe

دیسان کوردستان!



عەلی لەیلاخ

ڕۆژی چوارشەممە، ٢٥ی خەرمانانی ١٤٠٥ی هەتاوی، کوردستانە کۆڵنەدەرەکەمان، هاوشێوەی ٢١ی خەرمانانی هەشت ساڵ لەمەوبەر، لە مانگرتن و بێدەنگییەکی مانادارا، پەیام و دەنگی خۆی سەرلەنوێ بە گوێی جیهاندا دا.

بانگەوازی مانگرتنی گشتیی ئەمجارەی کوردستان لە کاتێکدا بوو کە هەم چوار ساڵ بەسەر شۆڕشی «ژینا» و شەهیدانی ئەم ڕاپەڕینەدا تێپەڕیبوو، هەمیش بەهۆی دڵەڕاوکێ و لێکەوتەکانی شەڕی ئێران و ئەمریکاوە، چاوەڕوانییەکی ئەوتۆی لێ

نەدەکرا لە ئاستێکی بەرفراواندا بەڕێوە بچێت. بەڵام خەڵکی تێکۆشەری کوردستان جارێکی دیکەش سەلماندیان کوردستان، جیاواز لە ناوچەکانی دیکەی ئێران، هەمیشە خاوەن ماتەوزەی خەبات و هێزی مەدەنییانەیە. ئەو کۆمەڵگە وشیارە زۆرجار بە هەڵوێست و ڕەفتاری خۆیان، ژیرانەترین دەربڕینی سیاسییان هەبووە، کە نموونەی هەرە نزیک و بەرچاوی، مانگرتنی گشتیی ڕۆژی ۲۵ی خەرمانان بوو.

ئەو مانگرتنە کە لەلایەن هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانەوە بانگەوازی بۆ کرابوو، لە ڕۆژی دیاریکراودا، واتە دوێنێ چوارشەممە ۲۵ی خەرماناندا بەشکۆوە بەڕێوە چوو. ئەویش لە کاتێکدا کە پاش بڵاوبوونەوەی ئەو بانگەوازە، ناوەندە ئەمنییەکان یەکەم لایەن بوون بە جدی وەریانگرت و بە سەپاندنی هێز و میلیتاریزەکردنی زۆربەی هەرە زۆری شار و ناوچەکانی کوردستان، ویستیان ڕێگری لە سەرگرتنی ئەو بانگەوازە بکەن. بەڵام ئەوەی بینیمان، سەرلەنوێ پشتکردنی کوردستان بوو لە دەسەڵاتی سەرکوتگەری تاران و هەر بەو شێوەیەی لە دروشمەکاندا هاتبوو، «نا گوتنەوەیەک»ی دووبارە و مانادار بوو بە دیکتاتۆری.

بەرچاوترین پەیامی هەر هەرەوەزێکی کۆمەڵایەتی، پەیامێکە بۆ دەسەڵات؛ کەواتە خەڵکی کورد جارێکی دیکە بەو ڕەفتارە ژیرانە و سەردەمیانەیان بە کۆماری ئیسلامییان گوت کە: نە مل بە زۆرملی و زۆرداری نەوی دەکات و نە زام و برینە مێژووییەکانی لەبیر دەچنەوە.

پەیامێکی دیکەی ئەم مانگرتنە زیندووبوونی کۆمەڵگەی کوردستان بوو. سەرەڕای ئەو قەیران و مەینەتییانەی کۆماری ئیسلامی لەباری ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە بەسەر ئەو خەڵکەی هێناوە، هەم دیسان بە زیندوویییەوە پێشانی دایەوە، کە لە ئاستی ئێراندا پێشەنگی خەباتی جەماوەرییە.

پەیامێکی دیکەی مانگرتنی ئەمجارە واتە ۲۵ی خەرمانان، سنووربەندیی سیاسییانە بوو لەگەڵ سیاسەتی خۆفەرزکردن و مەزنخوازییەکان، جا چ دەسەڵاتی ئێستا بێت یان هەر شێوە ڕوانینێکی هاوشێوە لە داهاتوودا. جێی خۆیەتی لەمڕۆوە ئەم ڕووداوە گرنگە زیاتر شی بکرێتەوە و لایەنە سیاسییەکان بە پشتبەستن بەو دەستمایە مرۆیی و مەعنەوییە، لە گۆڕەپانی سیاسەتدا بوێرتر و وردتر جووڵەی سیاسییان هەبێت.

پەیامێکی دیکەی مانگرتنی ۲۵ی خەرمانان لە هەلومەرجێکی هەستیاری ئاڵەنگارییەکانی بەردەم پرسی سیاسیی کوردستان ئەوە بوو کە هەم «قائیم بە زات»ە و هەم نامۆیە لەگەڵ هەر جۆرە فاکتێکی بێگانە لەگەڵ ڕەوتی خەبات و مێژووی ئەو

پارچەیە. ئەوان هاوکات کە دەرفەتێکی زێڕینن بۆ پێکەوەژیان لەگەڵ گەلانی دیکە، بەڵام بە خوێن و خەباتی خۆیان جیاوازیی کولتوور و چییەتیی ویستە سیاسییەکانی خۆیانیان پاراستووە. هەر بۆیە لە دەرفەتێکی دیکەدا بەناوی ٢٥ی خەرمانان بۆ یاد و ڕێزگرتن لە خەرمانی زامەکانی نیشتمان، هەم «دەرفەتبوونی» خۆیانیان بۆ ژیانی مەدەنییانە سەلماندەوە، هەم بە تۆخی سنووری سیاسی و خواستەکانی خۆیانیان دیاری کرد.

لە ڕاستیدا ئەو مانگرتنە بەرزترین پەیامەکەی ڕوو بە لایەنە سیاسییەکان بوو کە داوای مانگرتنیان کردبوو، کە ئەویش وەڵامی شیاوە! نۆرەی ئێوەیە زیاتر ڕێز لەو یەکگرتووییەی شەقامی کوردی بگرن کە زامنی هەر جۆرە سەرکەوتنێک هەر ئەو یەکڕیزی و پێکەوەبوونەیە و «بەرژەوەندیی نەتەوەیی» لە سەرووی هەموو سیاسەتێک بێت.

ئەگەرچی کوردستان و پرسەکانی تایبەت بە کوردستان زۆرجار لەلایەن میدیا غەیرەکوردەکانەوە پەردەپۆش دەکرێت، بەڵام پێکەوەبوونمان سەلماندی کە سەرەڕای ناداد پەروەریی ڕاگەیاندن کە هەیە، ئەگەر ئێمە پێکەوە دەنگێکی «ڕەسا» بین، ئەوانیش ناچارن باسمان بکەن.

ڕاستییەکە ئەوەیە خەڵکی کوردستان دیسانەوە بە بەشداریی بەشکۆیان لە مانگرتنەکەدا، وەک ڕیفراندۆمێکی سەرکەوتوو لە هەموو ناوچەکانی کوردستان، سەلماندیان کە چاوسوورکردنەوە و هێزهێنان و دەستبەسەرکردن و تۆقاندن، نیشانەی هێز و شکۆمەندی نییە، بەڵکوو ڕێک بە مانای ترس، دڵەڕاوکێ و ئەژنۆلەرزۆکیی شەرعییەتییەتی. ئەوان بە ڕۆڵەکانی خۆیان گوت «بەڵێ» و بە نەیارانی خۆسەپێنەریان گوت «نا». وەرگرتنی ئەم «بەڵێ» و «نا» گوتنەی شەقام و کاری پێکردنی ژیرانە، بێگومان ئەرکی سەرەکیی هێزە سیاسییەکانی کوردستان و پتەوکردنی گیانی «هاوپەیمانی»یە.

دواجار، ناکرێ لەو سەرکەوتنەدا لەسەر هێڵ بوون و ڕاستگۆیی کوردکاناڵ و پلاتفۆرمەکانی دیکەی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکرات بە ماندووبوونی ناوەندی تەشکیلاتی ئەم حیزبەوە نادیدە بگیرێت لە نواندنی ڕاستییەکان و خۆدوورگرتن لە پڕوپاگەندە و وەشانی ناڕاست.

٢٦ی خەرمانانی ٢٧٢٦

مانگرتنی سەرانسەری؛ وەڵامێکی مەدەنی بە بنبەستی سیاسی و قەیرانی هەمەلایەنەی ئێران!

ئیبراهیم لاجانی

چوار ساڵ بەسەر کوشتنی حکوومەتیی ژینا ئەمینی و دەستپێکی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی «ژن، ژیان، ئازادی»دا تێدەپەڕێت، بەڵام کۆمەڵگەی ئێران هێشتا نەیتوانیوە بەری ئەم بزووتنەوەیە هەڵبگرێتەوە و داوا و ئامانجەکانی ئەم بزووتنەوەیە هەر لە جێی خۆیانن؛ واتە ئازادی، یەکسانی، کەرامەتی مرۆیی و مافی خەڵک بۆ دیاریکردنی چارەنووسی سیاسیی خۆیان و لابردنی هەڵاواردنی سیاسی، ئایینی، نەتەوەیی، ڕەگەزی و ناوچەیی.

بانگەوازی هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران بۆ مانگرتنی گشتی، لە چوارەمین ساڵوەگەڕی بزووتنەوەی ژینادا، دەبێت لە چوارچێوەی ئەم ڕاستییەدا هەڵسەنگێندرێت؛ ڕاستییەک کە تێیدا قەیرانی شەرعییەتی سیاسیی ڕێژیم، لەگەڵ هەژاری، هەڵاوسان، بێکاری، سەرکوت و نائەمنیی سەرچاوەگرتوو لە شەڕ و ئاڵۆزییە ناوچەییەکان تێکەڵ بووە.

کوشتنی ژینا تەنیا ڕووداوێک یان هەڵەی تاکەکەسیی کاربەدەستێک نەبوو، بەڵکوو دەرخەری تایبەتمەندییەکانی نیزامێکی سیاسی بوو کە کۆنترۆڵکردنی جەستە، هەڵبژاردن و شێوازی ژیانی ژنان، بە بەشێک لە میکانیزمی دەسەڵاتداریی خۆی دەزانێت. بەردەوامیی کاریگەریی ئەم بزووتنەوەیەش پیمان دەڵێ ئەگەرچی کۆماری ئیسلامی بە زەبری سەرکوت خۆی لە دەسەڵاتدا هێشتووەتەوە، بەڵام نەیتوانیوە خواستی ئازادی لە کۆمەڵگە بسڕێتەوە.

بانگەوازی مانگرتن لە چوارەمین ساڵوەگەڕی بزووتنەوەی ژینادا، لەسەر ئەو ڕاستییە بنیات نراوە کە قەیرانی ئێستا تەنیا هەر سیاسی نییە. ئابووریی ئێران لەژێر باری بەڕێوەبردنی ناکارادا، گەندەڵیی سیستەماتیک، گەمارۆکان، تێچووی سیاسەتی دەرەوە و نەمانی متمانەی گشتی، بەردەوام هەتا هاتووە لاوازتر بووە. دابەزینی توانای کڕین، بڵاوبوونەوەی هەژاری، ناسەقامگیریی پیشەیی، قەیرانی نیشتەجێبوون و قووڵبوونەوەی کەلێنی چینایەتی و کۆمەڵایەتی، ژیانی ملیۆنان کەسی لەگەڵ سەختی و دژواری بەرەوڕوو کردووە. گوشاری ئەم دۆخەش، زیاتر لە هەمووان، لەسەر شانی کرێکاران، مامۆستایان، خانەنشینان، مووچەخۆران، ژنانی سەرپەرشتیاری بنەماڵە و چین و توێژە زەحمەتکێش و پەراوێزخراوەکان لە نەتەوە بندەستەکاندا قورسایی دەکات.

هاوکات ئاڵۆزییە ناوچەییەکان و شەڕی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیل، قەیرانەکانیان قووڵتر کردووەتەوە؛ کە دیارە بەرپرسیارەتیی هەموو ئەوانەش هەر لە ئەستۆی کۆماری ئیسلامییە. هەژاری و گرانی و بێکاری و نەبوونی ئەمنییەت و تەرخانکردنی سەرچاوە گشتییەکان بۆ دامەزراوە نیزامییەکان لە نێوخۆی ئێران، و سیاسەتی دەستێوەردان لە کاروباری ناوچە و نائەمنکردنی ئەمنییەتی ناوچە، سیاسەت و هەڵبژاردەی خودی ڕێژیمن. کۆمەڵگەی ئێران نابێت ناچار بکرێت لە نێوان ستەمی نێوخۆ و شەڕی دەرەکیدا یەکێکیان هەڵبژێرێت، بۆیە لە دۆخێکی ئاوادا، مانگرتن یەکێک لە گرنگترین ئامرازەکانی خەباتی مەدەنی و ئاشتییانەیە.

مانگرتن، بە پێچەوانەی توندوتیژی، لەسەر ڕاگرتنی هاوکاریی ڕۆژانە لەگەڵ سیستەمێک بنیات دەنرێت کە بەبێ کار، خوێندن، بازرگانی و بەشداریی ئاسایی هاووڵاتییان ناتوانێت بەردەوام بێت. ئەم شێوازە دەرفەت بە کۆمەڵگە دەدات نارەزایەتیی خۆی بە ئاشکرا دەرببڕێت، بەبێ ئەوەی بە ناچاری بچێتە نێو پێکدادان و توندوتیژییەوە. هێزی مانگرتن لە

سەپاندن و زۆرەملێدا نییە؛ بەڵکوو لە هاودەنگیی ئاگادارانە، ئازادانە و بەربڵاوی خەڵکدایە.

بانگەوازی مانگرتنی گشتی بۆیە گرنگە، چونکە داخوازیی چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی بەیەکەوە گرێ داوەتەوە: خواستی بازاڕییان بۆ سەقامگیریی ئابووری، ناڕەزایەتیی مامۆستایان بەرانبەر بە هەڵاواردن و قەیرانی پەروەردە، داواکاریی کرێکاران بۆ مووچەی دادپەروەرانە، خەباتی ژنان دژی هەڵاواردن، نیگەرانیی خوێندکاران سەبارەت بە ئازادیی زانکۆ و داخوازیی لاوان بۆ داهاتوویەکی شایان، هەروەها داوای گەلانی بندەست بۆ مافە ڕەواکانیان، لێک جیا نین. ڕەگی هاوبەشی بەشێکی زۆر لەم کێشانە دەبێت لە نەبوونی دەسەڵاتێکی وەڵامدەر، هەڵاواردنی سیستەماتیک و بێبەشکردنی خەڵک لە بەشداریی کاریگەر لە بڕیارداندا ببینرێت.

لە ڕوانگەی یاساییشەوە، کۆبوونەوە، خۆڕێکخستن و دەربڕینی ئاشتییانەی ناڕەزایەتی، لە بنەما سەرەکییەکانی کۆمەڵگەیەکی ئازادن. ماددەکانی ١٩، ٢١ و ٢٢ی پەیماننامەی نێودەوڵەتیی مافە مەدەنی و سیاسییەکان کە ئێرانیش تێیدا ئەندامە، پشتیوانی لە ئازادیی ڕادەربڕین، کۆبوونەوەی ئاشتییانە و ئازادیی ڕێکخراوبوون دەکەن.

بانگەوازەکە هەروەها ڕۆڵ و پێگەی مێژوویی کوردستان لە خەباتی ئازادیخوازانەدا دەخاتە بەرچاو. کوردستان لە بزووتنەوەی ژینادا ڕۆڵێکی پێشەنگ و چارەنووسسازی هەبوو، بەڵام پەیامی ئەم بزووتنەوەیە لە چوارچێوەی ناوچەیەکی دیاریکراودا نەمایەوە. بەهای سیاسیی دروشمی «ژن، ژیان، ئازادی» لە پەیوەستکردنی ڕزگاریی ژن، ئازادیی تاک و ژیانێکی شایستەی مرۆڤدایە. هاوپشتی و هاوپێوەندیی نێوان کوردستان و ناوچەکانی دیکەی ئێران، کاتێک پایەدار دەبێت کە لەسەر بە فەرمی ناسینی مافەکانی یەکتر، قبووڵکردنی فرەچەشنیی نەتەوەیی و کولتووری و ڕەتکردنەوەی هەموو جۆرە هەڵاواردنێک بنیات بنرێت.

پەیامی سەرەکیی ئەم بانگەوازە ئەوەیە کە سەرکوت، لەسێدارەدان و بەئەمنییەتیکردنی کۆمەڵگە نەیانتوانیوە داخوازییە بنەڕەتییەکانی خەڵک لە نێو بەرن یا لە بیریان بەرنەوە؛ بۆیە کوردستان جارێکی دیکە دەبێتەوە پێشەنگ و سەرقافڵەی ناگوتنەوە بە کۆماری ئیسلامی.

٢٣ی خەرمانانی ٢٧٢٦

سەرچاوە
Serchawe

ژینا، ناوێک کە بووە هێمای تێکۆشان بۆ ئازادی

حەسەن قارەمانی

هەندێک ناو هەر هی مرۆڤەکان خۆیانن، بەڵام هەندێکی تریان بەهۆی ڕووداوە ئازاربەخش و مێژووییەکانەوە، لە خودی کەسەکە گەورەتر دەبن. «ژینا ئەمینی» یەکێکە لەو ناوانەیە کە بووەتە هێمای تێکۆشان بۆ ئازادی.

دوای چوار ساڵ لە گیانلەدەستدانی، ناوی ژینا لە کوردستان و ئێراندا دەزرینگێتەوە. لە گۆرانی، بیرەوەری، دەنگی ژنان و

لەنێو نەوەکاندا دەبیستریێت؛ نەوەیەک کە ڕەتی دەکاتەوە ئازادی وەک بەخشیشێک ببینێت. ژینا کچە گەنجێکی کوردی خەڵکی سەقز بوو. ژیانێکی لە پێش بوو، بنەماڵەکەی لە دەوروبەریدا بوون و خەونەکانی هەرگیز دەرفەتی بەدیهاتنیان نەبوو؛ بەڵام گیانبەختکردنی، ئاراستەی مێژووی گۆڕی.

ئەوەی بە خەم و پەژارەی ژینا دەستی پێ کرد، زۆر زوو بوو بە بزووتنەوەیەک کە سنووری بنەماڵە و کوردستانی تێپەڕاند.

«ژن، ژیان، ئازادی» بوو بە یەکێک لە بەهێزترین دروشمەکانی بەرەنگاربوونەوەی زۆرداری لە سەردەمی ئێمەدا.

بۆیە دوای چوار ساڵ، پرسیارەکە تەنیا ئەوە نییە کە چی بەسەر ژینادا هات؛ پرسیارەکە ئەوەیە: ناوی «ژینا» چی بەسەر ئێمەدا هێناوە؟

ڕەنگە هەر ئەمەش وای کردبێت چیرۆکەکە ئەوەندە بەئازار بێت. لە پشت هەموو هێمایەکی مێژووییەوە، مرۆڤێک هەیە: ڕووخسارێک، دەنگێک، ماڵێک، بنەماڵەیەک و ژیانێک کە دەکرا بەردەوام بێت.

لە سەروبەندی یادی چوارەمین ساڵوەگەڕدا، ئەمجەد ئەمینی و موژگان ئیفتخاری، باوک و دایکی ژینا، بەرگری لە یادەوەریی کچەکەیان دەکەن. پەیامەکەیان هەم خەم و پەژارەی کارەساتی لەدەستدانی ژینا لەخۆدەگرێت و هەم ئەو قەناعەتەی کە نابێت ناوەکەی لە مێژووی کوردستاندا بسڕدرێتەوە.

ژینا چیتر پێویستی بە ناونیشانێکی سیاسی نییە بۆ ئەوەی مێژوویی بێت. ئەو کچە بوو بە بەشێک لە مێژوو، چونکە خەڵک ناوی ئەویان کردە داواکاری بۆ کەرامەت. بنەماڵەکەی هەڵگری خەم و پەژارەن، خەڵکیش هەڵگری یادەوەرییەکەن؛ یادەوەرییەک کە بووەتە بەشێک لە خەباتی ئازادیی داهاتوو.

ژینا لە کوردستان لەدایک بووە؛ هەر بۆیە مەحاڵە چیرۆکی گیانبەختکردنی ئەو کچە بگێڕدرێتەوە بەبێ ئەوەی باسی کوردستان بکرێت. بۆ کورد، «ژن، ژیان، ئازادی» زیاترە لە دروشمێکی سیاسی؛ پوختەی ئەزموونێکی دووروودرێژی خەباتە بۆ شوناس و کەرامەتی مرۆیی.

کاتێک خەڵک پاش گیانبەختکردنی ژینا، دروشمی «ژن، ژیان، ئازادی»یان بردە سەر شەقامەکان، وێنەی ژینا لە نێو

کۆمەڵگەی کوردستان، ئێران و جیهانیشدا گۆڕا. ژینا ئیتر تەنیا کەسێک نەبوو کە مێژوو کاریگەریی لەسەر دابنێت؛ بەڵکوو بوو بەو کەسەی کە داوای گۆڕینی مێژووی دەکرد. ڕەنگە ئەمە گەورەترین گرنگیی میراتی ژینا بێت.

ژینا تەنیا بۆ ژنان نەبوو بە هێما، بەڵکوو بوو بە سیمای ئەگەری یەکخستنی ئازادیی ژنان، کەرامەتی تاکەکەسی و مافی کۆمەڵگەیەک بۆ ژیانێکی شایستەتر.

ئایا کوردستان دەتوانێت ببێتە هێزێکی پێشەنگ بۆ داهاتووی ئێران؟ ئایا کوردستان دەتوانێت ببێتە یەکێک لە گرنگترین هەڵگرانی بیرۆکەکان بۆ ئێرانێکی ئایندە، دێموکراتیک و فرەیی؟

ڕەنگە وەڵامی ئەو پرسیارە «بەڵێ» بێت. کوردستان لە ڕێگەی «ژن، ژیان، ئازادی»یەوە، بیرۆکەیەکی سیاسیی دارشتووە کە مانایەکی زۆر لەودیوی دانیشتووانی کوردەوە هەیە. پەیوەندی بەو ڕاستییەوە هەیە کە ئازادی لەسەر ژێردەستەیی ژن بنیات نانرێت، کەرامەتی مرۆڤ ناتوانێت پشت بە ڕەگەز و نەژاد ببەستێت و کۆمەڵگەیەکیش ناتوانێت بەڕاستی ئازاد بێت ئەگەر هەندێک کەس ناچار بکرێن بەبێ مافی سیاسی و کولتووری بژین.

ئەگەر ڕۆژێک ئێران گۆڕانکارییەکی قووڵی دیموکراتیکی بەسەردا بێت، ئەزموونەکانی کوردستان دەتوانن ڕۆڵێکی بەرچاو بگێڕن.

میراتی ژینا تەنیا بۆ کوردستان نییە؛ ژینا کورد بوو و دەبێت ڕێز لە ناو، بنەچە و ناسنامەی کوردیی ئەو بگیرێت، بەڵام دەرەنجامی مەرگی ئەو، زۆر لە دەرەوەی سنوورەکانی کوردستان دەنگی دایەوە.

خەڵکی تاران، شیراز، ئیسفەهان، بەلووچستان، ئازەربایجان و چەندین ناوچەی تری ئێران، دروشمی «ژن، ژیان، ئازادی»یان بیست. خەڵکی سەرانسەری ئێران، دەستیان کرد بە بەرزڕاگرتنی ناوی ژینا.

ئەمە بەو مانایە نییە کە ناکۆکیی نێوان پێکهاتەکانی ئێران نەماوە، بەڵکوو بەو مانایەیە کە ناوی ژینا ئەگەری خوڵقاندنی چیرۆکێکی هاوبەشی دروست کردووە.

ئایندەی ئێران بە جێگرتنەوەی شوناسێک بە شوناسێکی تر دروست نابێت، تەنیا بە ڕێگەدان بە بوونی شوناسە جیاوازەکان بە کەرامەتەوە دەتوانرێت بنیات بنرێت:

کورد دەبێ کورد بێت؛
بەلووچەکان دەبێ بەلووچ بن؛
ئازەرییەکان دەبێ بتوانن بە ناسنامەی خۆیانەوە بژین؛
عەرەب، فارس، تورکمان و گەلانی تر دەبێ بتوانن بەبێ ترس زمان و کولتووری خۆیان بپارێزن؛
و ژنان بتوانن بژین بەبێ ئەوەی جەستەیان ببێتە موڵکی دەوڵەت.

چوار ساڵ کاتێکی زۆرە لە ژیانی مرۆڤدا، بەڵام لە مێژوودا چوار ساڵ دەتوانێت سەرەتای شتێکی زۆر گەورەتر بێت. مەرگی ژینا بزووتنەوەیەکی دروست کرد، بەڵام بزووتنەوەکان دەبێت لە شوێنێکدا ببن بە بیرۆکە، دامەزراوە و دیدگای داهاتوو. ئەگەر «ژن، ژیان، ئازادی» وەک زیاتر لە هاوارێکی مێژوویی بمێنێتەوە، دەبێت جەوهەری ئەم وشانە لەو کۆمەڵگەیەدا ڕەنگ بداتەوە کە نەوەکانی داهاتوو دەیانەوێت بنیاتی بنێن.

واتە: دیموکراسی، سەروەریی یاسا، مافی تەواوی ژنان، پاراستنی زمان و کولتووری نەتەوەکان، ئازادیی ئایین و ئازادبوون لە زۆرەملێی ئایینی و فەرییی سیاسی. لە سەرووی هەمووشیانەوە، واتە: هیچ حکوومەتێک بۆی نەبێت کەرامەتی مرۆڤ وەک دیارییەک مامەڵەی لەگەڵدا بکات کە دەوڵەت بتوانێت هەر کاتێک بیەوێت، لێی وەربگرێتەوە.

کوردستان دەتوانێت لەم ڕووەوە بەشدارییەکی گرنگ بکات. ڕەنگە میراتی سیاسیی ڕاستەقینەی ژینا لێرەدا بێت: نەک لەوەی کێ دەبێت لە دەسەڵاتدا بێت، بەڵکوو لەوەی دەسەڵات دەبێ خزمەت بە چ جۆرە کۆمەڵگەیەک بکات.

ئەگەر ئێرانی ئایندە دیموکراتیک بێت، دەوڵەت دەبێت هی هەموو نەتەوەکان بێت، نەک بە پێچەوانەوە. نابێت هیچ ژنێک ناچار بێت لەسەر مافی جەستەی خۆی لەگەڵ دەوڵەت دانوستان بکات. نابێت هیچ بنەماڵەیەک بترسێت لەوەی ڕۆژێک ناوی منداڵەکەیان ببێتە پاساوێک بۆ تاوانبارکردنی سیاسی.

کوردستان دەتوانێت ببێتە نموونەیەکی گرنگ و هێزێکی سیاسی لەم دیدگایەدا، بەڵام ئەمە بەرپرسیارێتیشی دەوێت.

دوای چوار ساڵ، هێشتا پرسیارێک ماوە کە کەس ناتوانێت پەردەی بەسەردا بپۆشێت: ئێمە دەمانەوێت داهاتوو چۆن بێت؟

ئایا ژن دەبێت بتوانێت بەبێ ترس بە شەقامدا بڕوات؟ ئایا مرۆڤەکان دەبێت بتوانن بە زمانەکەی خۆیان قسە بکەن بەبێ ئەوەی شەرم بکەن؟ ئایا کوردستان دەبێت وەک کوردستان بمێنێتەوە بەبێ ئەوەی ناسنامەکەی وەک هەڕەشە ببینرێت؟ ئایا

ئێران دەبێ وڵاتێک بێت کە هەموو نەتەوەکان و کولتووره جیاوازەکان بۆ مانەوەیان ناچار نەبن شەڕی یەکتر بکەن؟

ئەمانە ئەو پرسیارانەن کە ناوی ژینا زیندوو دەکەنەوە.

مێژوو کۆتایی نەهاتووە. شەهیدبوونی ژینا جێی خەم و پەژارەیە، بەڵام ناوەکەی بووەتە هێمای تێکۆشان بۆ ئازادی و متمانە بە داهاتوو.

دوای چوار ساڵ، کەس ناتوانێت بە وردی بڵێت ئێران لە داهاتوودا بە چ ئاقارێکدا دەچێت، یان کوردستان چ ڕۆڵێک دەگێڕێت، بەڵام حەقیقەتێک ئاشکرایە: ژینا ئەمینی بووەتە هێمایەکی نەبڕاوە. دوای شەهیدبوونی ژینا نەوەیەک هاتە دەنگ، ژنان ڕاپەڕین، لە هەموو جیهان دەنگی کورد بیسترا و خەڵکێکی زۆر لە ئێران تێگەیشتن کە ئازادیی ژن، لە ئازادیی کۆمەڵگە جیا ناکرێتەوە.

هەر بۆیە میراتی ژینا لە مردن گەورەترە. میراتەکەی دیدگایەکە بۆ کۆمەڵگەیەک کە تێیدا ژنان ئازادن، ژیان خاوەن بەهایە و مرۆڤەکان بڕیاردەری چارەنووسی خۆیانن؛ هەر لەبەر ئەوەیە دروشمی «ژن، ژیان، ئازادی» هەمیشە بە زیندوویی دەمێنێتەوە.

بۆ تێگەیشتن لە زەینی حکوومەتە دەسەڵاتدارەکان و پێکهاتەکانی دەسەڵاتی حاکم لە ئێراندا، دەبێت سەد ئەوەندەی ئەوان، ئێمە وڵاتی خۆمان، کوردستانمان خۆشبوێت. ئەمە پێویستی بەوەیە کە ئێمە بە قووڵی وڵات، مێژوو و گەلەکەمان بناسین؛ ئەو کات دەزانیت بەرامبەرەکەت چۆن بیر دەکاتەوە، ئەوکاتەیە کە دەبێت لە هەموو ساتێکدا خاوەندارێتی لە خاک و زمانەکەت و کوردستان بکەیت. تێگەیشتن لە نەیارەکەمان، واتە تێگەیشتن لە چۆنیەتیی کارکردنی سیاسەتەکانیان، ئەو ئامانجانەی بەدوایانەوەن و ئەو شێوازانەی کە بەکاریان دەهێنن.

بۆیە دەبێت بەرپرسیارێتیی ئێمە ڕوون بێت: پاراستنی ناسنامەی نەتەوەیی و هەروەها پتەوبوون لەسەر مافە مێژوویی و سیاسییەکانمان بۆ کوردستان.

٢٤ی خەرمانانی ٢٧٢٦

بەکاتی ژینا؛ جەستە و جێندەر لە ئۆبژەی دەسەڵاتەوە بەرەو سوژەی ئازادی

شاهۆ حوسێنی

هەندێک ڕووداو تەنیا لە زەماندا ڕوو نادەن؛ بەڵکوو مێژوویەک دەخوڵقێنن و زەمان و کات بە دوو بەش دابەش دەکەن: پێش خۆیان و دوای خۆیان. گرنگیی ئەم جۆرە ڕووداوانە تەنیا لە ڕێژە، بەربڵاوی یان بەردەوامیی ڕووداوەکاندا نییە، بەڵکوو لەو گۆڕانەدایە کە لە شێوازی تێگەیشتنی مرۆڤ لە خۆی، جەستەی خۆی، کۆمەڵگە و دەسەڵات بەرهەمی دێنن. «بەکاتی ژینا» لە کوردستاندا دەشێ لەگوێن یەکێک لەم ساتە مێژووییانە بخوێندرێتەوە؛ ساتێک کە تێیدا ژن، ژیان،

ئازادی لە دروشمێکی سیاسی تێپەڕی و بوو بە دەربڕینی دابڕاوێکی قووڵتر لە نێو سۆبژێکتیڤیتەی کۆمەڵگەدا. هەربۆیەش، پرسیاری بنەڕەتی ئەوە نییە کە دوای ژینا چ ئاڵوگۆڕییەک لە ڕواڵەت و فۆرمی پۆشینی ژناندا ڕووی دا، بەڵکوو ئەوەیە: دوای ژینا، ژن چۆن تێگەیشتن، فام و پەیوەندییەکانی خۆی بە جۆرێکی تر لەگەڵ خۆی، جەستەی خۆی، جێندەر و دەسەڵات دارشتەوە؟ ئەگەر ئەم گۆڕانە تەنیا لە کردەدا نەبێت و لە خودی شێوازی تێگەیشتن لە خۆ و خۆپێناسەکردنیشدا ڕووی دابێت، ئەوا ئێمە لەبەردەم گۆڕانێکی عەینی بە تەنیا نین؛ لەبەردەم گۆڕانێکی سۆبژێکتیڤ، کولتووری و تەنانەت ئەنترۆپۆلۆژیکداین.

لەچکەسووتاندن لە ڕووی فیزیکییەوە کردارێکی سادەیە: پارچە قوماشێک لە جەستە دادەماڵرێت و دەخرێتە نێو ئاگر. بەڵام واتای مێژوویی کردارێک هەرگیز لە ماتریالی کردارەکەدا قەتیس نامێنێتەوە. لەو ساتەدا کە ژنێک لە ساحەی گشتیی کوردستاندا لەچکە لە سەر دادەماڵێت و دەیسووتێنێت، ئەوەی دەکەوێتە نێو ئاگر تەنیا قوماش نییە؛ پەیوەندییەکی مێژوویی نێوان جەستە، جێندەر و دەسەڵاتە. واتایەک دەکەوێتە ژێر پرسیار کە بۆ ماوەیەکی درێژ دەیویست دیاری بکات جەستەی ژن چۆن دەربکەوێت، چۆن بجووڵێت، چی پیشان بدات، چی بشارێتەوە و لەبەردەم کێدا و چۆن خۆی ببینێت. پەیوەندیی دەسەڵات لەگەڵ ژن هەرگیز لە دەرەوەی جێندەر و جەستەدا نەبووە. دەسەڵات کاتێ بەهێزترین شێوەی بوونی خۆی دەسەپێنێت کە لە یاسا و زۆر و هێزەوە تێپەڕێت و بچێتە نێو زەین، ویژدان، شەرم، ترس، نەریت و تێگەیشتنی مرۆڤ لە خۆی. لەو ساتەدا پێویست ناکات هەمیشە پاسەوانێک لەبەردەم ژندا بوەستێت؛ چونکە چاوی دەسەڵات لە هەناو و زەینی خودی سوژەدا جێگیر بووە. ژن خۆی چاودێریی جەستەی خۆی دەکات، خۆی سنووری جووڵەی خۆی دیاری دەکات و هەندێک جار ئەو فەرمانانەی لە دەرەوە بەسەریدا سەپێنراون وەک بەشێک لە «سروشت و ناسنامەبوونی» خۆی دەناسێت. لێرەدا جەستە تەنیا جەستە نییە؛ دەبێتە شوێنی نووسینی دەسەڵات.

بۆیە، گۆڕانی ڕاستەقینە لەو ساتەدا دەست پێ ناکات کە یاسایەک دەگۆڕدرێت؛ بەڵکوو کاتێ دەست پێ دەکات کە شەرعییەتی ئەو یاسایە لە نێو سوژەدا دەشکێت. ئەمە ئەو خاڵەیە کە «بەکاتی ژینا» لە ڕووداوێکی سیاسیی ئاسایی جیا دەکاتەوە. لە کوردستان، هەڵدان و سووتاندنی لەچکە تەنیا ڕەتکردنەوەی یاسای حیجاب نەبوو؛ دەتوانرێت وەک ڕاگەیاندنی گۆڕانێک لە پەیوەندیی نێوان ژن و ئەو دەسەڵاتە بخوێندرێتەوە کە دەیویست جەستەی ژن پێناسە بکات. لەم ساتەدا ژن دەڵێت: ئەو واتایەی تۆ بە جەستەی منی دەبەخشیت، چیتر بە ناچاری واتای من نییە. ئەمە ساتی دابڕانی سۆبژێکتیڤە.

لە ڕاستیدا دابڕانی سۆبژێکتیڤ بەو مانایە نییە کە هەموو پێکهاتە کۆمەڵایەتی، ئایینی، خێزانی و سیاسییەکان لەناکاو ون دەبن. بە پێچەوانەوە، ڕەنگە زۆربەیان هەر لە شوێنی خۆیان بمێننەوە. بەڵام شتێکی بنەڕەتی گۆڕاوە: ئەو سوژەیەی

پێشتر خۆی لە نێو ئەو سیستەمەی واتادا دەناسییەوە، دەستی کردووە لە دەرەوەی ئەو سیستەمەوە سەیری خۆی بکات. دەسەڵات هێشتا هەیە، بەڵام ئەوەی دەستی بە لەناوچوون کردووە، بەدیهیبوونی دەسەڵاتە. لێرەوە جێندەر دەبێتە بەشێکی بنەڕەتیی پرسیارەکە. چونکە ئەوەی لە بەکاتی ژینادا کەوتە ژێر پرسیار، تەنیا پارچە قوماشێک یان شێوازی جلوبەرگ نەبوو؛ بەڵکوو ئەو ڕێکخستنە کۆمەڵایەتییە بوو کە بۆ ژن و پیاو شوێن، ڕۆڵ، سنوور و شێوازی بوونی تایبەتی دیاری دەکرد. لەم ڕوانگەیەوە جێندەر تەنها ناسنامەیەکی تاکەکەسی نییە؛ مەیدانێکە کە لە نێویدا دەسەڵات جەستەکان ڕێک دەخات، ڕۆڵەکان دابەش دەکات و بڕیار دەدات کێ مافی قسەکردن، دیاربوون، هەڵبژاردن و دیاریکردنی خۆی هەیە.

ژن، ژیان، ئازادی لەم ڕوانگەیەوە سێ وشەی جیاواز نین. پەیوەندییەکی فەلسەفی لە نێوانیاندا هەیە. ژن لێرەدا تەنیا ئاماژە بە ڕەگەزێکی بایۆلۆژیک ناکات، بەڵکوو ئاماژەیە بۆ ئەو سوژەیەی کە مێژوویەک لە ئۆبژەکراوی لەگەڵ خۆی هەڵگرتووە. ژیان تەنها مانەوە و بەردەوامبوونی بایۆلۆژیک نییە؛ مافی ژیانی خۆت بە شێوەیەک کە خۆت واتای پێ دەبەخشیت. ئازادیش تەنیا نەبوونی زنجیر نییە؛ توانای بەرهەمهێنانی شێوازی بوونی خۆتە. بەم مانایە، ئەم دروشمە بانگەوازێکە بۆ گواستنەوە لە بوونێکی بەرهەمهاتوو بۆ بوونێکی خۆبەرهەمهێناو.

بەڵام گرنگترین پرسیار لێرەدا ئەوەیە: ئایا ئەم دابڕانە تەنیا لە ژناندا ڕووی دا؟ ئەگەر بەکاتی ژینا وەک گۆڕانێکی کولتووری بخوێنینەوە، وەڵام دەبێت نەخێر بێت. چونکە کاتێ ژن پەیوەندیی خۆی بە جەستە و جێندەر دەگۆڕێت، پیاویش ناچارە پەیوەندیی خۆی بە ژن، خێزان، ناموس، دەسەڵات و خۆی لە نوێوە پێناسە بکاتەوە. ئازادبوونی سوژەی ژن تەنیا ژن ناگۆڕێت؛ پێکهاتەی ئەو جیهانە دەگۆڕێت کە پیاویش لە نێویدا پیاو بووە. لەبەر ئەوە، ئەم وتارە هەوڵ نادات تەنها بپرسێت «لە بەکاتی ژینادا چی ڕووی دا؟»؛ بەڵکوو دەیەوێت پرسیارێکی قووڵتر بخاتە ڕوو: لە بەکاتی ژینادا چی لە نێو سوژەدا ڕووی دا؟ لەوانەیە لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا بتوانین واتای قووڵتری ئەو وێنە مێژووییە دەربخەین؛ ژنێک لەچکەی لە سەر دادەماڵێت و دەیخاتە نێو ئاگر. چونکە لەو ساتەدا تەنیا لەچکە نەدەسووتا؛ ئەو مافەی دەسەڵات کە خۆی بە خاوەنی واتادانان بۆ جەستەی ژن دەزانی، دەکەوێتە نێو ئاگر. جەستەیەک کە بۆ ماوەیەکی درێژ مەیدانی فەرمان، چاودێری و پێناسەکردن بوو، دەستی کرد بە قسەکردن بە زمانی خۆی.

لەوێوە جەستە چیتر تەنیا ئۆبژەی دەسەڵات نییە؛ لەمەوبەدوا دەبێتە سوژەی ئازادی.

١- جەستە؛ یەکەم مەیدانی دەسەڵات

ئەگەر بمانەوێت لە قووڵایی «بەکاتی ژینا» تێبگەین، نابێت جەستە تەنیا وەک پێکهاتەیەکی بایۆلۆژیک ببینین. جەستە

هەرگیز دەرکەوتەیەکی ڕواڵەتی نییە؛ بەڵکوو جەستە شوێنی نووسینی واتا، نەریت، ئەخلاق، ئایین، یاسا و دەسەڵاتیشە. هەر کۆمەڵگەیەک هەوڵ دەدات جەستە بە شێوەیەکی دیاریکراو ڕێک بخات: چۆن بپۆشرێت، چۆن بجووڵێت، لە کوێ دەربکەوێت، چۆن دابنیشێت، چۆن قسە بکات، چۆن خۆی پیشان بدات و تەنانەت لە چی شەرم بکات. بەتایبەت جەستەی ژن، لە کۆمەڵگە پاتریارکیەکاندا، لە خاوەنداریێتیی خۆیدا نەماوەتەوە؛ خێزان، نەریت، ئایین، دەسەڵاتی سیاسی و کۆمەڵگە هەریەک بە شێوەیەک داوای خاوەنداریێتییان لەسەری هەیە. جەستەی ژن دەبێتە شوێنی پاراستنی «شەرەف»، «ناموس»، «ڕەوشتی گشتی»، «ئابڕوو» و «ناسنامەی کۆمەڵگە». بەم شێوەیە، لە دیاردەیەکی زۆر سروشتییەوە - «جەستەی تاک» - دەگۆڕدرێت بۆ دیاردەیەکی گشتی کە هەموان خۆیان بە مافداری دەزانن و لەسەری بڕیار دەدەن. لێرەدایە کە جەستە لە سوژەی خۆی دوور دەخرێتەوە و دەبێتە ئۆبژە. ئۆبژەبوون تەنیا بەو مانایە نییە کە کەسێکی تر سەیری جەستە بکات؛ بەڵکوو بەو مانایەیە کە مافی واتادانان بە جەستە لە خاوەنی جەستە وەردەگیرێت. کەسێکی تر بڕیار دەدات ئەم جەستەیە چییە، چی دەبێ بێت و چۆن دەبێت لە جیهانی گشتیدا دەربکەوێت. لەبەر ئەوە، کاتێ لە بەکاتی ژیناندا ژن لەچکە لە سەر دادەماڵێت، کردارەکە لە سنووری «پۆشاک» تێدەپەڕێت. ئەو دەستەی لەچکەی لە سەر دادەماڵێت، لە هەمان کاتدا داوای مافێکی بنەڕەتی دەکات: مافی خاوەنداریێتیی واتای جەستەی خۆی.

٢- لە فەرمانبەرداریی جەستەوە بۆ خاوەنداریێتیی جەستە

دەسەڵات تەنها کاتێ سەرکەوتوو نییە کە بتوانێت بە زۆر ئەمر بە مرۆڤ بکات؛ بەهێزترین ساتی دەسەڵات ئەو کاتەیە کە مرۆڤ فەرمانی دەرەکی دەگۆڕێت بە فەرمانی ناوخۆیی (واتە ئەمری دەسەڵات ناوخۆیی دەکات). واتە دەسەڵات چیتر پێویستی بەوە نییە هەر ساتێک لەبەردەم تاکدا بوەستێت؛ تاک خۆی دەبێتە چاودێری خۆی. لێرەدا «شەرم» ڕۆڵێکی بنەڕەتی دەبینێت. ژن تەنیا لە سزا ناترسێت؛ فێر دەکرێت لە جەستەی خۆی شەرم بکات. تەنیا پێی ناگوترێت «ئەمە مەکە»، بەڵکوو هێواش هێواش ئەوەی فێر دەکرێت کە «ئەگەر ئەمە بکەم، ئەکتێکی ئانۆمیکم کردووە». بەم شێوەیە یاسای دەرەکی دەگوازرێتەوە بۆ نێو خودی سوژە. ئەمە قووڵترین شێوەی دەسەڵاتە؛ چونکە سنووری دەسەڵات و سوژە تێکەڵ دەبن. لەبەر ئەوە، دابڕانی ڕاستەقینەش پێویستە لە هەمان شوێندا ڕوو بدات: لە هەناوی سوژەدا. کاتێ ژن لەچکە لە سەر دادەماڵێت و لە شوێنێکی گشتیدا دەیسووتێنێت، ئەو کردارە تەنیا یاخیبوون بەرامبەر فەرمانێکی دەرەکی نییە؛ دەتوانێت یاخیبوونێک بێت بەرامبەر ئەو دەنگەی کە دەسەڵات پێشتر لە نێو خودی سوژەدا جێگیری کردبوو. بەم مانایە، ئاگر دوو شت دەسووتێنێت: ئەمرێکی دەرەکی و واتایەکی سەپێندراوی دەرەکی کە ناوخۆیی کراوە.

٣- سووتاندنی لەچکە؛ لە کردارەوە بۆ ڕەمز

هەموو کردارێک نابێتە ڕەمز. کردارێک کاتێ دەبێتە ڕەمز کە بتوانێت واتایەکی زۆر گەورەتر لە خودی خۆی هەڵبگرێت. سووتاندنی لەچکە لە بەکاتی ژیناادا بەم مانایە ڕەمزی بوو، چونکە هێرش کرایە سەر شەرعییەتی ماف و هێژمۆنیی دەسەڵات: کێ مافی ئەوەی هەیە بڕیار لەسەر جەستەی من بدات؟ ئەم پرسیارە زۆر لە پرسیاری حیجاب گەورەترە. چونکە کاتێ سوژە مافی دەسەڵات بۆ دیاریکردنی پۆشاکی خۆی دەخاتە ژێر پرسیار، لۆژیکی پرسیارەکە دەتوانێت بەرەو هەموو بوارەکانی ژیان بڕوات: کێ بڕیار دەدات من کێم؟ کێ بڕیار دەدات کێم خۆش بوێت؟ کێ بڕیار دەدات هاوسەرگیری بکەم یان نەکەم؟ کێ بڕیار دەدات لە کوێ بژیم؟ کێ بڕیار دەدات چۆن قسە بکەم؟ کێ بڕیار دەدات «ژنێکی باش» چییە؟ لێرەدا کردارێکی سادە دەبێتە دەرگایەک بۆ پرسیارکردن لە تەواوی سیستەمی واتا. ئەمەیە هۆکاری ئەوەی سووتاندنی لەچکە نابێت تەنیا وەک دژایەتیی حیجاب بخوێندرێتەوە؛ ئەگەر تەنیا لە ئاستی حیجابدا بیهێڵینەوە، واتا فەلسەفی و کولتوورییەکەی زۆر بچووک دەکەینەوە.

٤- جێندەر؛ کاتێ کۆمەڵگە دەچێتە نێو جەستە

جێندەر لێرەدا دەبێتە چەمکێکی ناوەندی. جێندەر تەنیا ئەوە نییە کە کۆمەڵگە بڵێت «ئەمە ژنە» و «ئەوە پیاوە». جێندەر سیستەمێکە کە کۆمەڵگە لەو ڕێگەیەوە وێنای زەینی و مانای ژنبوون و پیاوبوون دروست دەکات. کچێک لە منداڵییەوە تەنیا جەستەیەکی مێینە نییە؛ بەرە بەرە ڕادەهێنرێت چۆن «ژن» بێت: چۆن دابنیشێت، چۆن قسە بکات، چۆن هەڵسوکەوت بکات بە گشتی، چی لەبەر بکات، لە چی شەرم بکات، چەندە دەنگی بەرز بێت، لەگەڵ کێ بڕوات و تەنانەت چۆن ئارەزوو بکات. پیاویش بە هەمان شێوە ڕادەهێنرێت. فێر دەکرێت «بەهێز و هێژمۆن» بێت، نەگرییێت، خاوەنداریێتی بکات، بپارێزێت، کۆنترۆڵ بکات و لە هەندێک کۆمەڵگەدا شەرەفی خۆی بە کۆنترۆڵکردنی ژن و خێزانەکەی ببەستێتەوە. کەواتە پاتریارکی تەنیا ژن بەند ناکات؛ پیاویش لە نێو فۆرمێکی دیاریکراوی پیاوبووندا بەند دەکات. کاتێ ژن دەڵێت «من جەستەی خۆم پێناسە دەکەم»، پیاویش ناچار دەبێت بپرسێت: ئەگەر من چیتر خاوەنی جەستەی ئەو نیم، ئەوا پیاوبوونی من چییە؟ ئەمە پرسیارێکی زۆر گەورەیە. چونکە ئازادیی ژن تەنها زنجیر لە دەستی ژن ناکاتەوە؛ ناسنامەی ئەو پیاوەش دەخاتە ژێر پرسیار کە خۆی لە ڕێگەی خاوەنداریێتی و کۆنترۆڵکردنی ژنەوە پێناسە کردووە.

سەرچاوە
Serchawe

٥- ژینا و دابڕانی سۆبژێکتیڤ

لێرەدا دەگەینە ناوەندی تیژی ئەم نووسینە: «دابڕانی سۆبژێکتیڤ». دابڕانی سۆبژێکتیڤ واتە ساتێک کە تاک یان کۆمەڵگە هێشتا لە ژێر هەمان پێکهاتەی دەسەڵاتدا دەژی، بەڵام چیتر بە هەمان شێوە خۆی لە نێو ئەو پێکهاتەیەدا نابینێت. یاسا ڕەنگە هێشتا هەبێت؛ بەڵام شەرعییەتی یاسا لە زەینی سوژەدا شکاوە. نەریت ڕەنگە هێشتا هەبێت؛ بەڵام نەریت چیتر «سروشتی و ئاسایی» نییە. پاتریارکی ڕەنگە هێشتا بەهێز بێت؛ بەڵام چیتر ناتوانێت بە سانایی بڵێت: «هەر وابووە و هەرواش دەبێت.» چونکە سوژە فێری یەک کردار بووە کە بۆ هەموو دەسەڵاتێک مەترسیدارە: پرسیارکردن. بۆچی جەستەی من دەبێت بەم شێوەیە بپۆشرێت؟ بۆچی شەرەفی خێزان دەبێت لە جەستەی ژندا کۆبکرێتەوە؟ بۆچی پیاو دەبێت چاودێری ژن بێت؟ بۆچی ئارەزووی ژن دەبێت لە ژێر چاودێریی کۆمەڵگەدا بێت؟ بۆچی ئەو شتەی بۆ پیاو مافە، بۆ ژن دەبێتە شەرم؟ هەر بۆچییەک کەلێنێک لە دیواری بەدیهیبوونی دەسەڵات دروست دەکات. شۆڕشی سۆبژێکتیڤ لێرەوە دەست پێ دەکات.

٦- ژن، ژیان، ئازادی؛ لە دروشمەوە بۆ فەلسەفەیەکی بوونخوازانە

چما ژن، ژیان، ئازادی تەنیا وەک دروشم بخوێنینەوە، بەشێکی زۆر لە توانای هزریی ئەم دەربڕینە لەدەست دەدەین. «ژن» لێرەدا سوژەیەکە کە داوای گەڕاندنەوەی مافی پێناسەکردنی خۆی دەکات. «ژیان» تەنیا مانەوە نییە. مرۆڤ دەتوانێت زیندوو بێت، بەڵام ژیانی خۆی نەژیت. دەتوانێت هەناسە بدات، بەڵام شێوازی بوونی خۆی هەڵنەبژێرێت. لەم ڕوانگەیەوە، ژیان واتە مافی ئەوەی ژیانی خۆت بەرهەم بهێنیت. «ئازادی»ش تەنیا شکاندنی قۆرغکارییەکان نییە. ئازادی ئەگەر تەنیا «نەخێر» بێت، هێشتا نیوەی ڕێگایە. لە ڕاستیدا ئازادی لەو ساتەدا کامڵ دەبێت کە «نەخێر» بگۆڕدرێت بۆ «من دەخوازم». نەخێر بۆ فەرمان، بەڵام دوای ئەوە: من چۆن دەخوازم بژیم؟ من کێم؟ چۆن دەخوازم جەستەی خۆم ببینم؟ چۆن دەخوازم پەیوەندی لەگەڵ ئەوی تر دروست بکەم؟ لێرەدا ئازادی لە ڕەتکردنەوەی دەسەڵات تێدەپەڕێت و دەبێتە توانای دامەزراندنی خۆ.

٧- ئازادیی ژن و قەیرانی پیاوی نەریتی

لە گرنگترین ئەنجامەکانی ئەم گۆڕانە ئەوەیە کە ئازادیی ژن بە ناچاری پیاوی نەریتخواز دەخاتە نێو قەیران. ئەم قەیرانە نابێت بە مانای ئانۆمی یان کارەسات فام بکرێت؛ قەیران لێرەدا واتە ئەو فۆرمە کۆنەی پیاوبوون چیتر ناتوانێت

بە بێ پرسیار بەردەوام بێت. ئەگەر پیاوبوون بە خاوەندارێتی، فەرماندان، چاودێری و پاراستنی «ناموس» پێناسە کرابێت، ژنی خودبنیادنەر و سەربەخۆ بناغەی ئەم پێناسەیە دەخاتە ژێر پرسیار. لەبەر ئەوە، لە بەکاتی ژینادا تەنها ژن نەچووە نێو پرۆسەی گۆڕان؛ پیاویش بانگهێشت کراوە بۆ گۆڕان. پرسیار چیتر تەنها ئەوە نییە: «ژنی نوێ چۆن ژنێکە؟»؛ پرسیارێکی هاوتا هەیە: پیاو لە جیهانێکدا کە ژن موڵکی ئەو نییە، چۆن دەبێت پیاو بێت؟ ئەمە دەکرێت یەکێک بێت لە قووڵترین پرسیارە کولتوورییەکانی کوردستانی دوای ژینا.

٨- لە شۆڕشی سیاسییەوە بۆ شۆڕشی کولتووری

شۆڕشی سیاسی دەتوانێت دەسەڵاتێک بگۆڕێت، حکوومەتێک بڕووخێنێت یان یاسایەک هەڵبوەشێنێتەوە. بەڵام شۆڕشی کولتووری پرسیارێکی ڕادیکاڵتر دەکات: مرۆڤ خۆی چۆن دەبینێت؟ ئەگەر لە کوردستانی پاش ژینا شێوازی تێگەیشتن لە جەستە، ژن، پیاو، ناموس، خێزان، ئارەزوو، ئازادی و مافی تاک گۆڕابێت، ئەوا ئێمە تەنها لەبەردەم کاریگەریی سیاسیی ڕووداوێکدا نین؛ لەبەردەم گۆڕانێکی کولتووریداین. بەڵام نابێت ئەم گۆڕانە بە ڕۆمانسی ببینین. دابڕانێکی سۆبژێکتیڤ بە مانای مردنی دەسەڵاتی کۆن نییە. بە پێچەوانەوە، دەسەڵاتی کۆن دەتوانێت دوای ئەم دابڕانە توندتر بێت. خێزان دەتوانێت زیاتر کۆنترۆڵ بکات، پاتریارکی دەتوانێت بە شێوەی نوێ خۆی ڕێک بخاتەوە، شەرم دەتوانێت بە زمانی نوێ بگەڕێتەوە و تەنانەت بەشێک لە ژنان و پیاوان دەتوانن بەرگری لە سیستەمی پێشوو بکەن.

بەڵام جیاوازییەک هەیە: چیتر شەڕ تەنها لەسەر کردار نییە؛ شەڕ لەسەر واتای کردارە. ئایا ژن کەسێکە کە کۆمەڵگە پێناسی دەکات، یان کەسێکە کە مافی بەشداری لە پێناسەکردنی خۆیدا هەیە؟ ئەمە ناوەڕۆکی قەیرانی نوێیە.

٩- ژینا؛ لە ناوی تاکێکەوە بۆ ناوی ساتێکی مێژوویی

لە کۆتاییدا، «ژینا» تەنیا لەگوێن ناوی کەسێک نامێنێتەوە. ناوی ژینا لە بیرەوەریی کۆمەڵایەتیدا دەتوانێت ببێتە ناوی ساتێک؛ ساتێکی پێش و دوا. بەم مانایە، کاتێ دەڵێین «پێش ژینا» و «دوای ژینا»، مەبەستمان تەنها ڕێکەوتێکی تەقویمی نییە. مەبەست دوو شێوازی تێگەیشتنە لە خۆ، جەستە و دەسەڵات. ئەگەر ئەم تێزە ڕاست بێت، ئەوا میراتی قووڵی بەکاتی ژینا لە ژمارەی خۆپیشاندانەکان، دروشمەکان یان تەنانەت گۆڕانی یاساکاندا بە تەواوی ناپێورێت. پێوەرێکی قووڵتر هەیە: چی لە نێو سوژەی کورددا گۆڕا؟ ئاخۆ ژن هێشتا جەستەی خۆی بە هەمان چاو دەبینێت؟ ئاخۆ پیاو هێشتا پەیوەندیی خۆی بە ژن بە هەمان شێوە دەفامێت؟ ئاخۆ «ناموس» هێشتا هەمان دەسەڵاتی واتایی پێشووی هەیە؟

سەرچاوە
Serchawe

ئاخۆ نەوەی نوێ هێشتا هەمان سنوورەکانی شەرم و قەدەغە بە سروشتی دەزانێت؟ ئەگەر وەڵامی تەنانەت بەشێک لەم پرسیارانە «نەخێر» بێت، ئەوا شتێک ڕووی داوە کە لە گۆڕانی سیاسی قووڵترە. لەبەر ئەوە،

لەوانەیە باشترین شێوە بۆ خوێندنەوەی بەکاتی ژینا ئەوە نەبێت کە بپرسین: ژینا چی گۆڕی؟ بەڵکوو بپرسین: دوای ژینا، چیتر چی ناتوانێت وەک پێشوو «بەدیهی» بێت؟ لەوانەیە شۆڕش، پێش ئەوەی دەسەڵات بگۆڕێت، لەم خاڵەوە دەست پێ بکات: لە مردنی بەدیهیات.

١٠- لە دابڕانی سۆبژێکتیڤەوە بۆ گۆڕانی ژیانی ڕۆژانە

دابڕانی سۆبژێکتیڤ ئەگەر تەنیا لە ئاستی هۆش و بیرکردنەوەدا بمێنێتەوە، هێشتا نەبووەتە گۆڕانێکی کولتووری. گۆڕانی کولتووری لەو ساتەوە دەست پێ دەکات کە ئەو شتەی لە زەیندا گۆڕاوە، کارتێکەری بکاتە نێو پەیوەندییەکانی ڕۆژانە، واتە دیالێکتیکی پەیوەندییەکانی ڕۆژانە بگۆڕێت. لێرەدایە بەکاتی ژینا لە مەیدانەکانی خۆپیشاندان دەچێتە نێو ماڵ؛ دەچێتە نێو گفتوگۆی نێوان باوک و کچ، دایک و کچ، برا و خوشک، ژن و مێرد. دەچێتە نێو قوتابخانە و زانکۆ. دەچێتە نێو شەقام، کافێ، بازاڕ، گۆڕەپان و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان. واتە ئەو پرسیارەی لە سەر شەقام بە دەنگی بەرز دەگوترێت، هێواش هێواش دەبێتە پرسیاری ژیانی ڕۆژانە: کێ بۆ کێ بڕیار دەدات؟ ئەم پرسیارە لە ڕواڵەتدا سادەیە، بەڵام دەتوانێت تەواوی پێکهاتەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بلەرزێنێت. چونکە زۆربەی دەسەڵاتە کولتوورییەکان بە شێوەی فەرمانی ڕاستەوخۆ کار ناکەن؛ لە عادەتدا دەژین. لە وشەی «نابێت»دا، لە نیگای خێزاندا، لە قسەی دراوسێدا، لە ترسی «خەڵک چی دەڵێن؟»دا و لەو سنوورانەدا کە تاک پێش ئەوەی کەسێک پێی بڵێت، خۆی بۆ خۆی دیاری دەکات. گۆڕانی کولتووری کاتێ قووڵ دەبێت کە ئەم وردەدەسەڵاتانە دەکەونە ژێر پرسیار. بۆیە ناشێ بە شوێن میراتی ژینادا تەنیا لە گۆڕەپانی سیاسیدا بگەڕێین؛ دەبێت لە بچووکترین شوێنەکانی ژیانی ڕۆژانەشدا لێی بگەڕێین: **لەو کچەی کە بۆ یەکەم جار بە باوکی دەڵێت «من خۆم بڕیار دەدەم»، لەو دایکەی کە چیتر بە کچەکەی ناڵێت «خەڵک چی دەڵێن؟»، و لەو پیاوەی کە دەست لە خاوەندارێتیی ژنی ژیانی خۆی هەڵدەگرێت و بە چاوی هاوبەشی ژیان و شەریکی هاوتەریبی ژیان دەیبینێت. شۆڕش هەمیشە بە دەنگی تەقە نایەت؛ هەندێک جار بە وشەیەکی سادە دەست پێ دەکات: «خۆم».**

١١- لە پەیوەندیی خاوەندارێتییەوە بۆ پەیوەندیی هاوتەریب

ئازادیی ژن بەبێ گۆڕانی پەیوەندی و شێوازی هەڵسوکەوت ناتوانێت ببێتە گۆڕانێکی تەواوی کۆمەڵایەتی، چونکە جێندەر پەیوەندییە. ئەگەر یەک لایەنی پەیوەندی بگۆڕدرێت، لایەنی تر ناتوانێت بێگۆڕان بمێنێتەوە. لەم ڕوانگەیەوە یەکێک لە

سەرچاوە Serchawe

پرسیارە هەرە گرنگەکانی پاش ژینا ئەوەیە: پیاوی کورد چۆن دەتوانێت خۆی لە نوێوە پێناسە بکاتەوە؟ ئەگەر پیاوبوون چیتر بە خاوەنداریێتیی ژن، کۆنترۆڵکردنی خوشک و کچ، فەرمانداان بە هاوسەر، زاڵبوون بەسەر جەستەی ئەوی تر و پاراستنی ناموس و بە گشتی هێژمۆنی پێناسە نەکرێت، ئەوا پیاوبوون چی دەبێت؟ لێرەدا دەکرێت لە پەیوەندیی خاوەنداریێتییەوە بەرەو پەیوەندیی هاوبەش و هاوتەریب بڕۆین. پەیوەندیی هاوبەش پەیوەندییەک نییە کە ئازادی بە ژن دەبەخشێت، چونکە ئەم دەربڕینە خۆی هێشتا لۆژیکی خاوەنداریێتی لەخۆ دەگرێت. ئەگەر من ئازادی بە تۆ ببەخشم، واتە پێشتر خۆم بە خاوەنی ئەو ئازادییە زانیوە. پەیوەندیی هاوبەش دەزانێت کە ئازادیی ئەوی تر شتێک نییە ئەو بیبەخشێت؛

ئەو تەنیا دەست لە داگیرکردنی مافێک هەڵدەگرێت کە هەر لە بنەڕەتەوە هی ئەوی تر بووە. ئەم جیاوازییە وردە، بەڵام لە ڕووی فەلسەفییەوە بنەڕەتییە.

١٢- بەرگریی پاتریارکی؛ کۆن هەر بە ئاسانی نامرێت

بەڵام گۆڕان هێڵێکی سەرڕاست نییە. هیچ هۆکارێک نییە وا بزانین دوای ژینا کۆمەڵگە بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی بەرەو ئازادیی زیاتر دەڕوات. بە پێچەوانەوە، هەر دابڕانێکی گەورە دەتوانێت بەرگریی گەورەش بەرهەم بهێنێت. کاتێ پێکهاتەیەکی کۆن هەست دەکات بنەمای واتایی خۆی لەدەست دەدات، دەتوانێت توندتر ببێت. دەکرێت «ناموس» بە زمانی نوێ بگەڕێتەوە. دەکرێت کۆنترۆڵی جەستە بە ناوی کولتوور بگەڕێتەوە. دەکرێت سنووردارکردنی ژن بە ناوی «پاراستن» بگەڕێتەوە. تەنانەت دەتوانێت هەندێک شێوەی نوێی سۆشیال میدیا ببێتە ئامرازێکی نوێ بۆ کۆنترۆڵ، شەرمەزارکردن و سزادانی ژن. کەواتە پاتریارکی هەمیشە بە جلوبەرگی کۆن ناگەڕێتەوە؛ دەتوانێت مۆدێرن بێت، مۆبایلی بەدەستەوە بێت، لە تۆڕی کۆمەڵایەتیدا چالاک بێت و بە زمانی نوێ هەمان لۆژیکی کۆنی خاوەنداریێتی بەرهەم بهێنێتەوە. لەبەر ئەوە،

شۆڕشی سۆبژێکتیف پرۆسەیەکە، نە ساتێکی تەواوبوو. ژینا دەرگایەکی کردەوە؛ بەڵام کراوەبوونی دەرگا بە مانای ئەوە نییە کە کۆمەڵگە بە ناچاری لێی تێدەپەڕێت.

١٣- لە ئازادیی نێگەتیڤەوە بۆ ئازادیی پۆزەتیف

لێرەدا دەبێت جیاوازییەکی گرنگ بکەین. ئازادی دەتوانێت لە سەرەتادا بە شێوەی «ڕەتکردنەوە» دەربکەوێت: لەچکە لە سەر ناکەم. فەرمانەکەت قبووڵ ناکەم. خاوەنداریێتیت بەسەر جەستەمدا قبووڵ ناکەم. ئەم «نەخێر»ە بێگومان بنەڕەتییە؛ چونکە سوژە بەبێ توانای نەخێرگوتن ناتوانێت لە ئۆبژەبوون دەربچێت. بەڵام ئازادی لێرەدا کۆتایی نایەت. دوای «من

ئەوە نابم کە تۆ دەڵێیت»، پرسیاری دووەم دێت: «کەواتە من چی و چۆن دەخوازم ببم؟» ئەمە گواستنەوەیە لە ئازادی وەک ڕەتکردنەوە بۆ ئازادی وەک بەرهەمهێنان. سوژە تەنیا زنجیرەکەی ناپسێنێت؛ دەبێت فێر بێت بەبێ زنجیر چۆن بڕوات.

ئەم قۆناغە لەوانەیە لە خودی یاخیبوون دژوارتر بێت. چونکە ئازادی تەنیا بێسنووری نییە؛ بەرپرسیارێتییە. کاتێ چیتر کەسێکی تر بۆ من بڕیار نادات، من دەبێت بەرپرسیاری هەڵبژاردنی خۆم بم. بەم مانایە، سوژەی ئازاد تەنیا سوژەی «ماف» نییە؛ سوژەی بەرپرسیارێتیشە.

١٤- ئاخۆ ئێمە لەبەردەم شۆڕشێکی ئەنترۆپۆلۆژیکدایین؟

لێرەدا دەگەینە گەورەترین پرسیاری ئەم وتارە. ئاخۆ بەکاتی ژینا تەنیا شۆڕشێکی سیاسی بوو؟ یان دەتوانین قسە لە دەستپێکی شۆڕشێکی کولتووری بکەین؟ یان تەنانەت دەتوانین هەنگاوێک زیاتر بنێین و بپرسین: ئاخۆ ئێمە لەبەردەم دەستپێکی شۆڕشێکی ئەنترۆپۆلۆژیکدایین؟ شۆڕشی ئەنترۆپۆلۆژیک لێرەدا بە مانای گۆڕانی بایۆلۆژیکی مرۆڤ نییە. مەبەست گۆڕانە لە وێنەی مرۆڤ لە خۆی؛ لەوەی مرۆڤ خۆی چی دەزانێت، پەیوەندیی خۆی بە ئەوی تر چۆن پێناسە دەکات و بە چ شێوەیەک مافی بوونی خۆی و ئەوی تر دەناسێت. ئەگەر پێشتر ژن لە چوارچێوەی شێوازی پەیوەندییەکەی لەگەڵ پیاو، خێزان و نامووس پێناسە کرابێت و ئێستا بەرەو خۆپێناسەکردن هەنگاو بنێت؛ ئەگەر پیاو پێشتر خۆی لە چوارچێوەی خاوەنداریتی و چاودێریدا پێناسە کردبێت و ئێستا ناچار بێت پیاوبوون لە نوێوە پێناسە بکاتەوە؛ ئەگەر خێزان لە شوێنی فەرمانەوە بەرەو شوێنی گفتوگۆ بجووڵێت؛

ئەگەر نامووس لە جەستەی ژن دابماڵرێت؛ ئەگەر جەستە لە ئۆبژەی دەسەڵاتەوە بەرەو سوژەی خۆبنیادنەری بجووڵێت؛ ئەوا ئێمە تەنیا باس لە گۆڕانی سیاسی ناکەین. ئێمە باس لە گۆڕانی فۆرمی بوونی مرۆڤ دەکەین.

کۆتا پەیڤ

لە کۆتاییدا دەتوانین هەموو ئەم باسە لە دەوری مافێکی بنەڕەتی کۆبکەینەوە: مافی بەرهەمهێنانی «خۆ». دەسەڵات تەنیا خواستی لە جەستە و جێندەر، گوێڕایەڵی و ملکەچی نییە؛ هەندێک جار دەیەوێت دیاری بکات تۆ کێ بیت. دیاری دەکات: تۆ ژنیت، کەواتە دەبێت ئاوا بیت. تۆ پیاویت، کەواتە دەبێت ئاوا بیت. تۆ کچیت، کەواتە ئەمە بۆ تۆ شەرمە. تۆ برا یان باوکیت، کەواتە دەبێت ئەو کۆنترۆڵ بکەیت. بەم شێوەیە دەسەڵات تەنها کردار بەرهەم ناهێنێت؛ سوژە بەرهەم دەهێنێت. لەبەر ئەوە، ئازادیی قووڵیش تەنیا شکاندنی فەرمان نییە؛ گەڕاندنەوەی مافی بەرهەمهێنانی خۆیە بۆ خودی

مرۆڤ. «من کێم؟» ئەگەر وەڵامی ئەم پرسیارە هەمیشە لە دەرەوە بێت، سوژە هێشتا بە تەواوی ئازاد نییە. بەڵام کاتێ مرۆڤ خۆی دەبێتە بەشدار لە بەرهەمهێنانی وەڵامەکەدا، ئازادی لە مەفهوومێکی سیاسییەوە دەگۆڕدرێت بۆ فۆرم و شێوازێکی بوون. لەم ڕوانگەیەوە، میراتی قووڵی بەکاتی ژینا لەوانەیە هەر ئەمە بێت: گەڕاندنەوەی پرسیاری «من کێم؟» بۆ خودی سوژە.

بەم شێوەیە دەگاتە کۆتایی: لە سووتانی لەچکەوە بۆ سووتانی بەدیهیات. لە سەرەتای ئەم وتارەدا لە وێنەیەکەوە دەستمان پێکرد: ژنێک لەچکەکەی لە سەر دادەماڵێت و دەیخاتە نێو ئاگر. ئەگەر تەنیا بە چاو سەیری ئەو وێنەیە بکەین، پارچە قوماشێک دەبینین کە دەسووتێت. بەڵام ئەگەر بە چاوێکی فەلسەفی سەیری بکەین، شتێکی زۆر گەورەتر دەردەکەوێت: لەو ئاگرەدا یەکێک لە کۆنترین پەیوەندییەکانی دەسەڵات کەوتووەتە ژێر پرسیار؛ پەیوەندیی نێوان جەستە و خاوەندارێتی. ئەو جەستەیەی کە دەسەڵاتی سیاسی دەیویست پۆشاکەکەی دیاری بکات؛ خێزان دەیویست سنوورەکانی دیاری بکات؛ پاتریارکی دەیویست شەرەفی پیاوی لەسەر بنیاد بنێت؛ نەریت دەیویست شێوازی جووڵە و دیاربوونی دیاری بکات؛ لە ساتێکدا دەستی کرد بە قسەکردن بە زمانی خۆی و وتی: «من ئۆبژەی تۆ نیم».

ئەم ڕستەیە، ئەگەر بە تەواوی واتاکەی بگرین، تەنیا ڕستەیەکی فێمینیستی نییە؛ ڕستەیەکی ئەنترۆپۆلۆژیکە. چونکە لە پشتیدا ڕاگەیاندنێکی بنەڕەتی هەیە: مرۆڤ نابێت تەنیا بەرهەمی پێناسەی ئەوی تر بێت. لەو ساتەدا جەستە تەنیا شتێک نییە کە دەسەڵات کاری لەسەر بکات؛ جەستە خۆی دەبێتە دەنگ. جێندەر تەنها چارەنووسێکی پێشوەختە نییە؛ دەبێتە مەیدانی گفتوگۆ و خۆپێناسەکردن. ژن تەنیا ئەو کەسە نییە کە دەسەڵات سنووری بۆ دیاری بکات؛ دەبێتە سوژەیەک کە خۆی پرسیار لە سنوورەکان دەکات. پیاویش چیتر ناتوانێت خۆی تەنیا لە چوارچێوەی هێژمۆنیی خاوەندارێتیی ئەوی تردا پێناسە بکات؛ دەبێت فێری هاوبەشی بێت. خێزانیش ناچارە لە فەرمانەوە بەرەو گفتوگۆ بجووڵێت. و کوردستانیش ناچارە پرسیاری ئازادی سەرلەنوێ پێناسە بکاتەوە: ئاخۆ ئازادی تەنیا ئەوەیە هیچ نەتەوەیەکی تر بۆ من بڕیار نەدات، یان ئەوەشە کە منیش فێر بم بۆ ئەوی تر بڕیار نەدەم؟

لێرەدایە بەکاتی ژینا لە ڕووداوێکی سیاسی تێدەپەڕێت و دەبێتە ئاوێنەیەک کە کۆمەڵگەی کوردی ناچار دەکات سەیری خۆی بکات؛ نەک تەنیا سەیری ئەو دەسەڵاتەی لە دەرەوەی خۆیەتی، بەڵکوو سەیری ئەو دەسەڵاتانەش بکات کە لە نێو خۆیدا بەرهەمی هێناون: لە نێو خێزان، لە نێو پەیوەندیی ژن و پیاو، لە نێو چەمکی ناموس و تەنانەت لە نێو زمانی هەر تاکێکدا. لەوانەیە هەر ئەمە دژوارترین قۆناغی ئازادی بێت. دژایەتیی دەسەڵاتی دەرەکی ئاسانترە لە دۆزینەوەی ئەو دەسەڵاتەی کە لە نێو خۆماندا نیشتەجێ بووە. بەڵام ئەگەر بەکاتی ژینا واتایەکی قووڵی مێژوویی هەبێت،

ڕەنگە لێرەدا بێت: ژینا تەنیا پرسیاری «کێ بەسەر ئێمەدا دەسەڵات دەکات؟»ی نەهێنایە ئاراوە؛ بەڵکوو پرسیاری «ئێمە چەندە دەسەڵات لەسەر یەکتر بەرهەم دەهێنین؟»یشی خستە بەردەممان.

ئیتر لێرەوە ئازادی مانایەکی نوێ وەردەگرێت. ئازادی تەنیا ڕزگاربوون لە دەسەڵاتی ئەوی تر نییە؛ ئازادی توانای ئەوەیە خۆت بیت، بەبێ ئەوەی بۆ بوونی خۆت پێویستت بە ئۆبژەکردنی ئەوی تر بێت. بۆیەش، ئەو ئاگرەی لە دەستی ژنێکدا لەچکەکەی سووتاند،

لەوانەیە لە مێژووی کوردستاندا وەک ئاگرێکی زۆر گەورەتر بمێنێتەوە: ئاگری سووتاندنی بەدیهیات. چونکە شۆڕشی قووڵ لەو ساتەدا دەست پێ ناکات کە مرۆڤ تەنیا بە دەسەڵات دەڵێت «نەخێر»؛ شۆڕشی قووڵ لەو ساتەدا دەست پێ دەکات کە سوژە سەیری خۆی دەکات و دەڵێت: «من چیتر ئەو کەسە نیم کە تۆ پێناسەت کردبووم.» لەو ساتەدا جەستە لە ئۆبژەبوون دەردەچێت. جێندەر لە چارەنووسبوون دەردەچێت. ژن لە خاوەندارێتی دەردەچێت. پیاو لە پێویستیی خاوەنداربوون دەردەچێت. و ئازادی لە دروشمبوون دەردەچێت و دەبێتە شێوازێکی بوون لە جیهاندا.

ئەمەیە یەکگرتوویی نێوان دەستپێک و کۆتایی: لە سەرەتادا پارچە قوماشێک دەکەوێتە نێو ئاگر، و لە کۆتاییدا دەردەکەوێت کە ئەوەی سووتاوە تەنیا قوماش نەبووە؛ بەدیهییەکی مێژوویی بووە. بەدیهیی ئەوەی جەستەی ژن پێش ئەوەی هی خۆی بێت، هی دەسەڵاتە. بەکاتی ژینا ئەم بەدیهییەی شکاند. و هەر لەو شکانەوە، جەستە و جێندەر لە ئۆبژەی دەسەڵاتەوە هەنگاویان نا بەرەو سوژەی ئازادی.

---

1 - Judith Butler: Das Unbehagen der Geschlechter. Suhrkamp Verlag, 1991
2 - Karl Marx: Ökonomisch-philosophische Manuskripte, Suhrkamp Verlag, 2009
3 - Ernst Cassirer: Philosophie der symbolischen Formen. Meiner Verlag, 2023
4 - Judith Butler: Körper von Gewicht: Die diskursiven Grenzen des Geschlechts. Suhrkamp Verlag., 2024.
5 - Søren Kierkegaard: Der Begriff Angst, Übersetzt von: Gisela Perlet, Reclams Universal-Bibliothek, 2023.
6- Pierre Bourdieu: Die männliche Herrschaft. Suhrkamp Verlag, 2012
7 - Isaiah Berlin: Vier Versuche über die Freiheit. Fischer Verlag, 2006
8 - Helmuth Plessner: Die Stufen des Organischen und der Mensch : Einleitung in die philosophische Anthropologie, 1975.

٢٥ی خەرمانانی ٢٧٢٦

سەرچاوە
Serchawe

شۆڕشی ژینا؛ شۆڕشێکی نەسرەوتوو تا لووتکەی سەرکەوتن

سۆما ناسری

هەندێک ناو تەنیا بۆ ناسینەوەی کەسەکانن، بەڵام هەندێکی دیکە لە سنووری ناو تێدەپەڕن و دەبنە ناسنامە و ڕەمزی مێژوو. کاتێک ناوێک دەبێتە هێمای نەتەوەیەک و دەنگی سەردەمێک، ئیتر مەرگ ناتوانێت کۆتایی پێ بهێنێت. «ژینا ئەمینی» ئەو ناوەیە کە چوار ساڵە لە لاپەڕە زێڕینەکانی مێژووی ئازادیخوازیدا، نەک وەک ناوێکی بێدەنگ، بەڵکوو وەک هاوارێکی پڕ لە ورە و کۆڵنەدان بەردەوام زایەڵەی دێت.

کۆمەڵێک وتارو لێدوان

چوار ساڵ لەمەوبەر، ناوی کچێکی کوردی خەڵکی شاری سەقز بوو بە هەوێنی وەرچەرخانێکی مێژوویی کە نەک تەنیا ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران، بەڵکوو ویژدانی مرۆڤایەتی لە سەرتاسەری جیهاندا هەژاند. ژینا ئەمینی ئەو ڕۆژەی بە دڵێکی پڕ لە هیواوە وێڕای براکەی بۆ سەردانێکی ئاسایی چوو بۆ تارانی پایتەختی ئێران، بێخەبەر بوو لەوەی شێرکۆ بێکەس گوتەنی: «تاران بەدەم کەسەوە پێ ناکەنێ، بە دەم مەرگەوە نەبێ». پاش ئەوەی پۆلیسی بەناو ڕەوشتی ئێران (گەشتی ئیرشاد) بە بیانووی دیاربوونی چەند تاڵێکی قژی دەستبەسەری کرد، پاش سێ ڕۆژ بەهۆی ئەو زەبرە قورسەی بەر سەری کەوتبوو، لە ٢٥ی خەرمانانی ١٤٠١ی هەتاویدا دڵی ژینا لە نەخۆشخانەی کەسرای تاران لە لێدان کەوت؛ بەڵام لە لێدان کەوتنی دڵی ئەو کچە کوردە، دڵی ملیۆنان مرۆڤی ئازادیخوازی لە سەرتاسەری جیهاندا خستە یەک لێدان و کردنیە یەک دەنگ.

ژینا؛ ناوێک کە بوو بە ناسنامە

ناوی «ژینا» بە مانای ژیان دێت؛ لە ڕاستیشدا مەرگی ژینای کوردان بوو بە سەرەتای بووژانەوەی ئیرادەی گەلێک کە زیاتر لە چوار دەیە بوو لەژێر چەپۆکی حکوومەتی ئایینیدا بە هەموو شێوەیەک سەرکوت دەکرا. دروشمی «ژن، ژیان، ئازادی» کە لە گۆڕستانی ئایچیی سەقزەوە چەکەرەی کرد، تەنیا دروشمێکی سیاسیی ئاسایی نەبوو، بەڵکوو دیسکۆرس و فەلسەفەیەکی نوێی خەبات بوو کە تێیدا ڕزگاریی کۆمەڵگە گرێدراوی ڕزگاریی ژن کرا. ئەم دروشمە سنووورە جوگرافی و نەتەوەییەکانی بەزاند، بوو بە زمانی هاوبەشی سەرجەم نەتەوە بندەستەکان و وەک مانیفێستی شۆڕشێکی مۆدێرن و ڕزگاریخواز چەسپا.

شکان و هەرەسی دیواری ترس

لە ماوەی ئەم چوار ساڵەدا، دەسەڵاتی زاڵ و دژەمرۆیی ئێران بە دڕندانەترین شێواز و لە ڕێگەی زەبروزەنگ، گرتن، ئەشکەنجە، پەتی سێدارە و تۆقاندنەوە هەوڵی دا ئەم دەنگە کپ بکات؛ بەڵام جیهان بینی کە خۆڕاگری و گیانفیداییی ڕۆڵە ئازادیخواز و مافویستەکانی کوردستان و سەرانسەری ئێران دیواری ترسی بۆ هەمیشە درز تێخست و هەرەسی پێ هێنا. لەو کاتەوە تا هەنووکە، ئیرادەی گۆڕانخوازی و ڕزگاریخوازی بە شێوەیەکی نەسرەوتوو لە هەموو هەل و دەرفەتێکدا سەرهەڵدەداتەوە و ڕووبەڕووی داگیرکەران و دەسەڵاتی خۆسەپێن دەبێتەوە.

سێ دەستکەوتی ستراتیژیی ئەم چوار ساڵە بریتین لە:

١- **وەرچەرخان لە وشیاریی کۆمەڵایەتیدا:** گەورەترین دەستکەوت، شۆڕشی هزری لە ناخی تاکەکانی کۆمەڵگەدا بوو. پاش

ئەم ڕاپەڕینە، چیتر مافی ژن و ئازادییە بنەڕەتییەکان بابەتی لاوەکی نین، بەڵکوو بوونەتە جەمسەری سەرەکیی هەموو هاوکێشە و دیالۆگێکی سیاسی. ژنان بە کردەوە سەلماندیان کە پێشەنگی بێڕکابەری مەیدانن و دروشمی «ژن، ژیان، ئازادی» بوو بە پەیامێکی گەردوونی کە ئێستاش لە گۆڕەپان و ناوەندە جیهانییەکاندا بە شکۆوە دەگوترێتەوە.

٢- دەرکەوتنی نەوەی بوێر و یاخی(نەوەی Z) ئەم قۆناغە سەلماندی کە نەوەی نوێ بە هیچ ئایدۆلۆژیایەکی دواکەوتووانە دەستەمۆ ناکرێت. ئەوان لە نێو جەرگەی مەترسیدا بەدوای ژیانێکی شایستە و ئازادیدا دەگەڕێن؛ بوێریی بێوێنەی ئەم نەوەیە بووەتە مۆتەکە بۆ ستەمکاران و بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانیان لە هیچ ڕێگرییەک پاشەکشە ناکەن.

٣- بەدەستهێنانی ڕەوایی لە ئاستی نێودەوڵەتیدا: پرسی ژینا دۆسیەی ئێرانی لە «تەوەری تەناهی و چەکی ئەتۆمی»یەوە گواستەوە بۆ «تەوەری پرسی مرۆڤایەتی و مافی مرۆڤ». ژینا بوو بە سیمبولی جیهانیی بەرەنگاری دژ بە فاشیزمی ئایینی، و لەو کاتەوە ئیتر پرسی ئێران لە مەلەفی وزەی ناوکیدا قەتیس نەمایەوە، بەڵکوو ماف و ئازادییەکانی مرۆڤ بووە پێوەری سەرەکیی ململانێکان.

باجی گران و پشکۆی بن خۆڵەمێش

لەو چوار ساڵەدا، ڕێگای ئازادی بە خوێنی دەیان هەزار گەنج سوور کرا؛ هەزاران چاو کە بینایی خۆیان بەخشییە نیشتمان و هەزاران تێکۆشەر کە لە تاریکخانەی زیندانەکاندا وەک چیا خۆڕاگر ماونەوە. لە درێژەی ئامانجە بەرزەکانی شۆڕشی ژینادا، لە نێوان ڕۆژەکانی ١٧ و ١٨ی بەفرانباری ساڵی ڕابردووش بە دەیان هەزار کەس بە دەستی مرۆڤکوژانی کۆماری ئیسلامی خەڵتانی خوێن کران. ڕۆژهەڵاتی کوردستان، وەک هەمیشە سەنگەری پێشەنگی ئەم خەباتە بوو و سەلماندی کە ئیرادەی گەل لە فیشەک و پەتی سێدارە بەهێزترە.

ئەمساڵ کە چوار ساڵ بەسەر ئەو کارەساتەدا تێدەپەڕێت، «ژینا» تەنیا ناوێکی سەر کێلی گۆڕێکی ئاسایی نییە، بەڵکوو قیبلەگەی ئازادی و ڕۆحی شۆڕشێکی بەردەوامە. ئەو نیشانی دا کە دەکرێت لە نێو جەرگەی تاریکییەوە چرایەک دابگیرسێنرێت کە تەواوی جیهان بە تروسکاییەکەی ڕووناک بێتەوە. ئەگەرچی ڕێگاکە پڕ لە هەوراز و نشێوە و باجێکی گرانمان داوە، بەڵام مێژوو دەیسەلمێنێت کە هیچ زەبروزەنگێک ناتوانێت بەربەست لەبەردەم گەلێکدا دروست بکات کە بڕیاری داوە ئازاد بژی. ژینا ئەمینی چوار ساڵ لەمەوبەر شەهید بوو، بەڵام ئەو هەموو ڕۆژێک لەنێو هاواری «ژن، ژیان، ئازادی»دا، سەرلەنوێ لەدایک دەبێتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢٨ی خەرمانانی ٢٧٢٦

سەرچاوە
Serchawe

مانگرتن؛ تێچوو، دەستکەوت و تاکتیک

شاڕوخ حەسەنزادە

ئەم وتارە لە چوارچێوەی بیروڕای ئازاددا بڵاو دەکرێتەوە و مەرج نییە ڕەنگدانەوەی هەڵوێست و بۆچوونی «کوردستان میدیا» بێت.

مانگرتنی گشتی و ناڕەزایەتیی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ڕەگ و ڕیشەیەکی مێژوویی چەندین دەیەی هەیە و

بەردەوام وەک ئامرازێکی کاریگەری خەباتی سیاسی و بەیانکردنی ئیرادەی جەماوەری بەکارهێنراوە. ئەم جۆرە لە خەبات کە بە پلەی یەکەم لەسەر بنەمای هاوئاهەنگی و ڕێکخستنی ڕێکخراوە سیاسییەکان دارێژراوە، خاوەن پاشخانێکی دەوڵەمەند لە ئەزموونی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی و سیاسییە. لە مێژووی هاوچەرخی کوردستاندا خولی نوێی ئەم مانگرتنانە بە شێوەیەکی دیار و بەرچاو لە ٢١ی خەرمانانی ١٣٩٧ (دوای مووشەکبارانکردنی قەڵا و بارەگاکانی حیزبی دێموکرات لە کۆیە) دەستی پێکردەوە و لە ڕەوتی بزووتنەوەی "ژن، ژیان، ئازادی"دا گەیشتە لووتکەی پەرەسەندنی خۆی. لە نێوان ئەم چوار ساڵەدا، نزیکەی دە جار داوا و بانگەوازی مانگرتنی گشتی لەلایەن هێزە سیاسییەکانەوە کراوە؛ سەرەتا لەلایەن حیزبی دێموکراتەوە، دواتر بۆ هاوئاهەنگیی زیاتر و هێنانی هەموو هێزەکان بۆ بازنەی خەباتێکی گشتگیر لە ڕێگەی ناوەندی هاوکاری و ئێستاش لە چوارچێوەی هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران. سەرەڕای ئەم مێژووە پڕ لە ئەزموونە، شیکاریی مەیدانیی ڕەوتی دوایین مانگرتنە گشتییەکان ئاماژە بە گۆڕانکاریی جۆری لە ئاستی بەشداریی جەماوەر بەتایبەت لە کەرتی بازاڕ و کاسبکاراندا دەکات. بە شێوەیەک کە لە خولەکانی دواییدا ڕێژەی بەشداریی گشتی بەرەو دابەزین چووە و بازنەی جوگرافیی شارە بەشداربووەکانیش تەسکتر بووەتەوە، ئەم پاشەکشەیە بە پلەی یەکەم لە شارە بچووکتر بەڵام ستراتیژی و نیشتمانییەکانی وەک شنۆ، پیرانشار، نەغەدە، سەردەشت، مەریوان و بانەدا بە ڕوونی بەدی دەکرێت.

دابەزینی ئاستی بەشداری لە شارە بچووکەکان، پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە سروشتی ئەمنی و پێکهاتە و شێوەی هێزی سەرکوت و کۆنترۆڵکردنەوە هەیە، چونکە لە شارە بچووکەکاندا بەهۆی کەمیی ژمارەی دووکان و پاساژ و سنووردار بوونی کەرتی بازاڕ بە بەراورد دەگەڵ شارە گەورەترەکانی وەک سنە، کرماشان، بۆکان، مەهاباد و سەقز، ئامرازەکانی چاودێری و کۆنترۆڵی ئەمنیی زۆر ئاسانتر جێبەجێ دەکرێن. دەزگا ئەمنییەکان لەم شارە بچووکترانە بەکارهێنانی توندوتیژیی دەروونی و جەستەییان کردووەتە ئامرازێک بۆ شکاندنی کەرامەتی مرۆیی و ترساندنی بەکۆمەڵ؛ لەوانە دەسبەسەرکردنی بەکۆمەڵی کەسایەتی و چالاکانی دیاری بازاڕ، ئەشکەنجەی جەستەیی، بێڕێزی و سووکایەتیی ڕاستەوخۆ بە خێزان و ماڵبات، هەڵسوکەوتی ناشیاو بە مەبەستی ڕووخاندنی دەروون و ڕەوان و پێگەی کۆمەڵایەتییان، وەک ئەوەی لە خولی ڕابردوودا لە شاری شنۆ بە شێوەیەکی نامرۆڤانە بینرا. بۆیە ئەم میکانیزمەی سەرکوت و بێڕێزپێکردنە هۆکاری سەرەکیی دروستبوونی فەزایەک بووە کە تێیدا تێچووی ئابووری و کۆمەڵایەتیی مانگرتن لە ئاستی ئەرک و توانای بازاڕدا تێپەڕیوە.

لە شارە گەورەکاندا، وێڕای هەموو گوشار و زەبروزەنگێک، خەڵک هەتا ڕادەیەکی زیاتر توانیویانە بەربەرەکانی بکەن، بەڵام شیکاریی پرۆسەکە نیشان دەدات کە ڕێژەی بەشداری لە هەموو ڕووداوەکاندا یەکدەست نەبووە؛ بۆ وێنە لە مانگرتنی ١٨ی سەرماوەزی ١٤٠٤دا ئاستی بەشداری بە بەراورد دەگەڵ مانگرتنەکانی پێشووتر دادەبەزێت کە ئەمەش ئاماژە بە

بەهێزبوونی گوتاری تێچوو-دەستکەوت لەلایەن جەماوەرەوە دەکات کە دەپرسن بۆچی ناوچەیەک ببێتە پێشەنگ و تێچووی سەرەکیی سەرکوت بدات لە حاڵێکدا ئەگەری هەیە دەسەڵات ئەم چالاکی و هەڵوێستە بکاتە بیانوو بۆ دەستپێکردنی گەڕێکی تری سەرکوت؟ هاوکات ئامارەکان ئاماژە بە مەودایەکی بەرچاو لە نێوان شارەکانی پارێزگاکانی سنە و ورمێ دەگەڵ پارێزگاکانی کرماشان و ئیلامدا (ئەگەر باسی لۆڕستانیش نەکەم) دەکەن کە دەرخەری ئەوەیە ئاستی یەکگرتوویی و تۆڕبەندیی ڕێکخستنە سیاسی و کۆمەڵایەتییە ڕێکخراوەییەکان لە تەواوی جوگرافیای ڕۆژهەڵاتدا بە یەک ڕیتم ناپێوڕێت. ئەم ناهاوسەنگییە لە خولی پێشووی خۆپێشاندان و نارەزایەتییەکانی ١٨ و ١٩ی سەرماوەزی ١٤٠٤، بەروونی بەرچاو کەوت و کوردستانی بەسەر دوو کەرت دابەش کرد، هەروەها لە شارەکانی باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش پشکداریی کوردانی ئەم دەڤەرە لەبەر پێکهاتەی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووریی تایبەتی خۆیەوە، هەمووجارێ بەرچاوە.

جیاوازی لە جۆری ڕاگەیاندن و بەستەری سیاسی، کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر وەڵامدانەوەی شەقام هەبووە، بە شێوەیەک کە مانگرتنی بۆ وێنە خەزەڵوەری ١٤٠١، دوای هێرشە مووشەکی و درۆنییەکان بۆ سەر بنکەی حیزبەکان، وەڵامدانەوەیەکی بەربڵاوی بەدوای خۆیدا هێنا و سەلماندی کە کۆمەڵگەی کوردستان کۆمەڵگەیەکی ڕێکخراو، سیاسی و پەیوەندیی نێوان جەماوەر و حیزبەکان، بەتایبەت حیزبی دێموکرات پەیوەندییەکی مێژوویی و کۆمەڵایەتیی قووڵە، بەڵام ئەم ڕووداوە هاوکات پیشانی دا کە ڕادەی سەرکەوتنی مانگرتن بەستراوەتەوە بە کاتی گونجاو و تێگەیشتنی هاوبەش لە ڕەوایەتیی داواکارییەکە. کەمبوونەوەی پەرەسەندنی مانگرتنەکان لە خولەکانی دواییدا ئاماژە بە کۆتاییی کاریگەریی ڕەهای ئەم ئامرازە لەژێر دەسەڵاتێکی داپلۆسێنەردا دەکات، چونکە هێزە ئەمنییەکان کەلێنەکانی بازاڕیان دەستنیشان کردووە و لە ڕێگەی بلۆککردنی حیساباتی بانکی، پلۆمپکردنی دووکانەکان، ئەشکەنجە و زیندانی درێژخایەن، ترسێکی زۆریان لەسەر چینی بازاڕ دروست کردووە.

لە ڕوانگەیەکی کۆمەڵناسییەوە، پشتبەستن تەنیا بە کەرتی بازاڕ وەک تاقە ئەکتەری مەیدانیی خەباتی مەدەنی لۆژیکی نییە، چونکە کاسبکاران تەنیا بەشێکی زۆر بچووکی کۆمەڵگەن؛ بۆ نموونە لە شارێکی وەک شنۆ لە کۆی ٥٠ هەزار کەس حەشیمەتی ناو شار، تەنیا ٥٠٠,٢ دووکان هەیە کە دەکاتە ٥٪ی تەواوی حەشیمەتەکە، بۆیە کورتکردنەوەی بارگرانیی خەبات لەم ٥٪دا دەرئەنجامەکەی چەوسانەوەی زۆرتر و پاشەکشەی ئەم چینەیە. تێپەڕبوونی زیاتر لە دە خولی مانگرتن نیشانی دا دەزگا ئەمنییەکان توانیویانە مانگرتن لە دەستکەوتی بەهێزی ستراتیژی نەختێک کاڵ بکەنەوە و دووبارەکردنەوەی هەمان شێواز بەبێ گۆڕانکاری لە تاکتیکەکاندا دەبێتە هۆی ساردبوونی کۆمەڵگا و شەقام، بەڵام ئەمە بە مانای نەمانی توانای بەربەرەکانیی کۆمەڵگە نییە؛ بەڵکوو خەباتی مەدەنی ئامرازی زۆر فراوانتر لەخۆ دەگرێت کە دەکرێت جێگرەوە یان تەواوکەری مانگرتنی بازاڕ بن.

لەم چوارچێوەیەدا، خەباتی مەدەنی دەتوانێت بۆ شێوازی نوێی هاوشێوەی؛ "ڕۆژووی سیاسیی سەرتاسەری"، "مانگرتنی هێمنانە و خۆبواردن لە چوونە ناوشار"، "پۆشینی بەکۆمەڵی جلوبەرگی کوردی یان بەکارهێنانی هێمای دیاریکراوی نەتەوەیی لە ڕۆژانی تایبەتدا" بگوازرێتەوە، ئەمانەش وەک ئامرازێک بۆ بەیانکردنی نارەزایەتی لە بەرەورووبوونەوەی دەگەڵ دەسەڵات کە ئامرازەکانی سەرکوت تووشی پەککەوتن دەکات و تەواوی توێژەکانی کۆمەڵگەش لە خوێندکاران، مامۆستایان، کرێکاران، فەرمانبەران و ژنان بەشدار دەکات. بۆ تێپەڕاندنی ئەم قۆناغە، پێویستە هێزە سیاسییەکان لە تەنیا بانگەوازکردن بۆ داخستنی بازاڕ پێداچوونەوەیەک بکەن و مۆدێلی جۆراوجۆر و جیاوازی خەباتی مەدەنی بەکار بهێنن، هاوکات داواکاریی مانگرتنەکان ببەستنەوە بە کاتە زۆر هەستیارەکان تاوەکو ڕەوایەتیی خۆیان بپارێزن و وێژمانی کوردانە و ناسیۆنالیستیی خۆیان لە چوارچێوەی خواستە ڕاستەقینەکانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتدا بەهێزتر بکەنەوە و پەیوەندییان لەگەڵ نەبزی شەقام بپارێزن.

لەم دواییانەدا گوتارێک دروست بووە کە بەشێک لە ئالاهەڵگرانی، کەسانی بەناو ڕەخنەگری حیزبەکانن و لە مێژووی مانگرتنەکانی کوردستاندا بۆ یەکەم جار دژایەتی، بایکۆت و بانگەوازی دژ بە ئاشکرا لە سۆشیال میدیا بەرچاو کەوتووە. ئەم تاقمە کە بەشێکیان لە چینی هەڵبژاردە و نوخبەی کۆمەڵگەی کوردین و جیاوازن لەوانەی ڕقیان هەستاوە و هەستەکی دەجووڵێنەوە یان فێر دەکرێن؛ بانگەشەی ئەوە دەکەن کە حیزبەکان داواکاریی ناواقیعی لە خەڵک دەکەن و دەپرسن؛ "بەرنامەتان بۆ قۆناغی پاش مانگرتن چییە؟ بۆچی دەبێت بارگرانیی ئابووری و تێچووەکەی تەنیا لەسەر شانی بازاڕییان بێت؟ دەستکەوتی سیاسیی ئەم هەنگاوانە چی بووە و پێشتر چیمان لێ هەڵگرتووەتەوە؟ دۆخی گوزەرانی خەڵک، بەتایبەت کاسبکاران لەوپەڕی خراپیدایە و نابێت لەوە خراپتری بەسەردا بهێنرێت" و... . لە لایەکی ترەوە، بەشێک لەم ڕەخنەگرانە بە ئاماژەدان بە ڕووداوە سیاسییەکانی دوایی لە ڕۆژئاوای کوردستان، هەوڵی دروستکردنی گومان دەدەن و دەڵێن: "ئەگەر سبەی یەک-دوو کورسیی ڕاوێژکاری لە تاران بە حیزبەکان ببەخشرێت بەبێ هیچ دەستکەوتێکی نیشتمانی و نەتەوەیی چەک دادەنێن و تێکەڵی پرۆسەی سیاسیی ناوەند دەبن". هاوکات بە بەراوردکارییەک دەگەڵ ئەزموونی باشووری کوردستان و کێشەی گەندەڵی و ناتەبابوون، هەوڵی بێهیواکردنی کۆمەڵگە لەو حیزبانە دەدەن. بە ڕواڵەت ئەم چەشنە پێکگرتن و هەڵسەنگاندنانە کە بووەتە دیاردەیەکی باو و دوژمنیش لەو ئاوە لێڵە ماسیی خۆی دەگرێ! دەبێ لەبەر ئەوە بووبێ کە گۆیا؛ حیزبەکان بەتایبەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە بواری وێژمان و دیسکۆرسی سیاسییەوە کە پێوەندیی بە ناسیۆنالیزمی کوردی و مافی دیاریکردنی چارەی خۆنووسینەوە هەیە ڕوویان لە پاشەکشێ کردووە و پشتیان لە ڕەسەنایەتیی ڕێبازی کوردانەی خۆیان کردووە (ئەوە قسەی ئەو تاقمەیە). ئەمە لە حاڵێکدایە کە ئیرادەی گشتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەمیشە لەسەر بنەمای کوردایەتی، سەربەخۆیی فکری و جێگیرکردنی دەسەڵاتی خۆماڵی داڕێژراوە.

لە کۆتاییدا، لێکدانەوەی ڕەوتی ڕووداوەکان ئاماژە بەوە دەکات کە خەباتی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان گەیشتووەتە قۆناغێکی نوێ لە پێویستیی نوێبوونەوە لە تاکتیک و فراوانکردنی بەستەرەکانی بەشداری. مانگرتنی بازاڕ وەک هێمایەکی مێژوویی و دیاری ئیرادەی نەتەوەیی، هەمیشە قورسایی خۆی پاراستووە؛ بەڵام بۆ ئەوەی ئەم ئامرازە لەژێر گوشاری گران و بەردەوامی دەزگا ئەمنییەکاندا تووشی کاڵبوونەوە نەبێت، داوای پێداچوونەوەی بەردەوام و گونجاندنی شێوازەکانی خەبات بەپێی گۆڕانکارییە مەیدانییەکان دەکرێت. وەڵامدانەوە بە ڕەخنە و نیگەرانییەکانی چینی بازاڕ و نوخبەی کۆمەڵگە، بە مانای لاوازبوونی سەنگەری نارەزایەتی نییە، بەڵکوو نیشانەی زیندوویی و گەشەسەندنی عەقڵییەتی سیاسیی کۆمەڵگەیە.

بۆ تێپەڕاندنی ئەم ئاستەنگانە و پاراستنی گوڕوتینی شەقام، گرنگە هێزە سیاسییەکان بەستنەوەی مانگرتنەکان بە کاتە زۆر هەستیارەکان، هاوشان لەگەڵ بەکارهێنانی مۆدێلی جۆراوجۆری نارەزایەتی کە تەواوی توێژەکان لەخۆ بگرێت بکەنە بەرنامەی کار؛ تاوەکو بارگرانی لەسەر کەرتی بازاڕ کەم بێتەوە، هاوسەنگیی تێچوو و دەستکەوت بۆ جەماوەر بگەڕێتەوە، و پەیوەندیی مێژوویی و یەکگرتوویی نێوان پێشەنگانی سیاسی و جەماوەری کوردستان لە ئاستێکی بەرزتردا بپارێزرێت.

٢٩ی خەرمانانی ٢٧٢٦

مانگرتن؛ ڕاپرسییەکی بەردەوام

ئاسۆ مینبەری

لە ٢٥ی خەرمانانی ئەمساڵدا، ٤ ساڵ بەسەر قەتڵی حکوومەتیی ژینا ئەمینی و دەستپێکردنی شۆڕشی ژینا لەژێر دروشمی پێکهاتەشکێنی «ژن، ژیان، ئازادی»دا تێپەڕی.

بەڵام مانگرتنی سەرتاسەریی ئەمجارە، بابەتێکی دیکەشی زەق کردەوە. ئەم مانگرتنە سنووری نێوان شۆڕش و بزووتنەوەشی جارێکی دیکە بەرجەستە کردەوە.

بزووتنەوە دەتوانێ لە ماوەیەکی زەمەنیی تایبەتدا ڕوو بدات و لە شەقامەکاندا کۆتایی پێ بێت، بەڵام جووڵەیەک کە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی دەگۆڕێت و ویژدانی گشتیی کۆمەڵگە دەخاتە ژێر کاریگەرییەوە، شۆڕشە!

ئەم ڕاستییە دوای ٤ ساڵ ئەوەمان پێ دەڵێت کە پەیوەندیی سازماندراوی خەڵک لەگەڵ بنەماڵەی ژینا و باقیی شەهیدانی شۆڕشەکە نەک تەنیا نەپساوە، بەڵکوو بەردەوام لە فۆرمی نوێدا خۆی نیشان دەداتەوە و دەیسەلمێنێت کە «ژن، ژیان، ئازادی» تەنیا وروژانی هەستەکان لە قۆناغێکی تایبەتدا نەبوو، بەڵکوو گۆڕانێکی ئاگامەند بوو کە ناگەڕێتەوە دواوە. کۆمەڵگەی کوردستان، بیرۆکەی گشتیی خۆی پاراستووە و مافخوازیی وەکوو کەرەستەیەک بۆ خەبات، زیندوو ڕاگرتووە.

یەکێک لە گرینگترین ڕەخنەکان کە لە ماوەی چوار ساڵی ڕابردوودا لەسەر جووڵەی جەماوەریی ساڵی ١٤٠١دا هەبووە، بەکارهێنانی وشەی بزووتنەوە و باسکردن لە بێدەنگبوون و نیشتنەوەی ناڕەزایەتییەکانی سەر شەقام بوو.

بەڵام ڕووداوەکانی مانگی بەفرانبار و هەروەها چوارەمین ساڵیادی قەتڵی حکوومەتیی ژینا لە ڕۆژی چوارشەممە ٢٥ی خەرمانانی ئەمساڵدا، دەتوانێت وەڵامدەرێکی باش بۆ ئەم ڕەخنەیە بێت.

کۆماری ئیسلامی وەک سروشتی هەمیشەییی خۆی، لە بەرەبەری چوارەمین ساڵیادی قەتڵی حکوومەتیی ژینا ئەمینیدا، هەر لە دەستپێکی مانگی خەرمانانەوە بە شێوازی جۆراوجۆر ئامادەکارییەکانی خۆی بۆ دژایەتی لەگەڵ خەڵک و بەرزڕاگرتنی یادی ژینا و شۆڕشەکە دەست پێکرد.

لە دەستپێکردنی ڕەشبگیرییەکان بۆ چاوترسێنکردنی خەڵکەوە بگرە هەتا بەرفراوانکردنی کامێراکانی چاودێری لە گۆڕستانی ئایچی و میلیتاریزەکردنی شارەکانی کوردستان و لە هەمووشیان گرینگتر سەقز، زێدی ژینا ئەمینی؛ نیشانیان دا کە کۆماری ئیسلامی چەندە ترسنۆکانە دەیەوێت بە زەبری هێز و سەرکوتی دووبارە، پێش بە بەرزڕاگرتنی یادی شەهیدان و شۆڕشێک بگرێت کە هەتا ئێستاش هەر بەردەوامە.

لە ڕۆژی ٢٢ی خەرمانانەدا هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستان، بە خوێندنەوەیەک بۆ دۆخی ئێستای کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بانگەوازێکدا، داوای لە خەڵکی کوردستان کرد کە بەبۆنەی چوارەمین ساڵیادی شەهیدکرانی ژینا ئەمینی، بە داخستنی دووکان و بازاڕەکان و مانەوە لەماڵەکانیاندا پەیوەستی ئەم مانگرتنە گشتییە بن.

هاوپەیمانی ڕایگەیاندبوو کە: «ئەم مانگرتنە جگە لە وەبیرهێنانەوەی یادی سەرجەم شەهیدان و نرخەکانی شۆڕشی ژینا

– ژن، ژیان، ئازادی، تێکۆشانێکی مەدەنی و وەڵامێکی جەماوەرییە دژی قەیرانە ئەمنی و ئابوورییەکان و دەبێتە پەیامی زیندووبوونی خەباتی مەدەنی و خۆڕاگریی خەڵکی کوردستان. »

لەگەڵ دەرکردنی ئەم بانگەوازە، گوشارەکانی کۆماری ئیسلامیش زیاتر بوون، بەڵام کۆمەڵگەی کوردستان بە هەست بە بەرپرسیارەتی و بوێرانە، لە مەیدانی خەبات و تێکۆشاندا، ڕۆڵی خۆیان بۆ جارێکی دیکە بەرجەستە کردەوە.

لەکاتێکدا کە شارەکانی کوردستان و بەتایبەت شاری سەقز لەگەڵ یەکێک لە خەستترین شێوەکانی میلیتاریزم بەرەوڕوو بوونەوە و جێگیرکردنی هێزەکانی سەرکوتیش بە شێوەی بەربڵاو ئەنجام درابوو، مانگرتنی سەرتاسەریی خەڵک، وەڵامێکی کۆنکرێت بۆ ئەم بانگەوازە لە چەشنی ڕاپرسییەکی گشتی بوو.

ئەوەی کە خەڵکی کوردستان پاش چوار ساڵ لەگەڵ بنەماڵەی ژینا ئەمینی بوون، سەلماندی کە ئێمە نەک لەگەڵ «شەپۆلێکی نارەزایەتی» بەڵکوو لەگەڵ «ڕەوتێک لە شۆڕش» بەرەورووین. شۆڕش تەنیا داگیرکردنی شەقامەکان نییە، بەڵکوو پچڕانی تەواوی کۆمەڵگەیە لە نەزمێک کە بەسەر کۆمەڵگەدا زاڵە؛ فاکتەرێک کە لە مانگرتنەکەی ڕۆژی چوارشەممەدا، بە ڕوونی بینرا.

مانگرتن لە دۆخێکی وەک دۆخی ئەمڕۆی کوردستاندا کە نرخی دۆلار لە ٢٣٠ هەزار تمەن تێپەڕیوە و ئاستی هەڵاوسان بە شێوەیەکی هەوسارپچڕاو بەرز بووەتەوە و خەڵک بۆ دابینکردنی سەرەتاییترین پێداویستییەکانی ژیانیان دۆشداماون، کارێکی ئاسان نییە.

کاتێک کۆمەڵگەیەک لەژێر توندترین کەشی ئەمنییەتی و نیزامیدا، دەست دەداتە مانگرتنی گشتی و ئابووریی کۆمەڵگەکە دەکاتە ئامانج، ئامانجەکەی ئەوەیە کە «نە»یەکی بەهێز و هاوئاهەنگ بە دەسەڵات بڵێتەوە. لە ڕاستیدا لەو دۆخە ئابوورییە نالەبارەدا، ئەم مانگرتنە سەرتاسەرییە، وەک ڕاپرسییەکی بەردەوامە، بۆ ئەوەی کە جارێکی تر وەبیر دەسەڵاتی زاڵ بهێنرێتەوە کە سەرەڕای هەموو زەبروزەنگەکان، سەرەڕای هەموو سەرکوت و گوشارەکان، لە مەیدانی بەربەرەکانێ لەگەڵ خەڵکدا، ئەوە وەک هەمیشە خەڵکن کە براوەی مەیدانن.

ئەم مانگرتنە جارێکی دیکە نیشانی دا کە جووڵەی مەدەنی لە کوردستان هێشتا لە ئارادایە و ناوەندە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم، بە پێشکەوتووترین چەکە فیزیکییەکانی سەردەمیشەوە، هیچ ڕەواییەکیان لای خەڵک نەماوە.

لەم نێوانەدا ڕۆڵی لایەنە سیاسییەکان و قورسایی سیاسییان لە کۆمەڵگە، لە وەڵامی ئەرێنیی کۆمەڵگە بە بانگەوازەکەیاندا دەبینرێت کە سەرەڕای کەشی قورسی ئەمنییەتی، ئەوە ئاوەزمەندیی سیاسیی کۆمەڵگەی کوردستانە کە وا دەکات دووبارە خەڵک بینەوە بە ئەکتەر و مەیدانداری سەرەکیی گۆڕەپانەکە. ئەم هاوئاهەنگییەی نێوان کۆمەڵگەی مەدەنی و لایەنە سیاسییەکان، خۆی یەکێک لە بنەماکانی شۆڕشگێڕانەبوونی جووڵەکەیە، چونکە نیشانی دەدات کە کۆمەڵگە توانای بەرپەرچدانەوەی ڕێکخراو و هاوئاهەنگی هەیە.

ئەم نەمانی ڕەواییە، لە ئاستی نێودەوڵەتیشدا ڕەنگی داوەتەوە و هاوکات لەگەڵ چوارەمینساڵیادی قەتڵی حکوومەتیی ژینا، ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی بە بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتێکی تێروتەسەل و بەڵگەمەند، ڕایگەیاندووە کە هەڵسوکەوتی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ڕەوتی سەرکوتکارییەکانی ناڕەزایەتییەکانی «ژن، ژیان، ئازادی»دا، نیشانەی ئاشکرا و سیستماتیکی «جینایەت دژی مرۆڤایەتی» بووە. ئەم ڕاپۆرتە بە جەختکردنەوە لەسەر پێویستیی چەسپاندنی دادپەروەری و پێداگری لەسەر لێکۆڵینەوەی دادوەری لە دەیان بەرپرسی باڵای کۆماری ئیسلامیی ئێران، نیشانی داوە کە کۆمەڵگە نەک تەنیا لە شەقام و مانگرتنی گشتیدا بەردەوامە، بەڵکوو تێچووی سەرکوتی لە ئاستی نێودەوڵەتیدا بۆ دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی، گەیاندووەتە جێگایەک کە گەڕانەوەی بۆ نییە.

ڕاپۆرتی لێبووردنی نێودەوڵەتی دەریدەخات کە سەرکوتی سیستماتیکی کۆماری ئیسلامی دژی خەڵک، لایەنی تاوانکاریی نێودەوڵەتیی لەخۆ گرتووە و ئەم هەڵوێستە نێودەوڵەتییە، ئاکامی مافخوازیی بەردەوامی بنەماڵەی شەهیدان و بەردەوامیی خەباتی خەڵکە؛ بەڵگەگەلێک کە داوای دادگاییکردن و لێکۆڵینەوەی دادوەری لە بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی دەکەن و پەیوەندیی نێوان بەرخودانی نێوخۆیی و مافخوازیی نێودەوڵەتییان پتەوتر کردووە.

تێکەڵاوبوونی ئیرادەی ڕێکخراوی نێوخۆیی لە شێوەی مانگرتنی سەرتاسەری و تاوانبارکردنی کۆماری ئیسلامی بە جینایەت دژی مرۆڤایەتی بەپێی بەڵگەکانی ناوەندێکی نێودەوڵەتی، نیشانی دەدەن کە هاوکێشە گۆڕانی بەسەردا هاتووە و چیدی کۆماری ئیسلامی ناتوانێت بە ئاسوودەیی لە سەرکوتی خەڵک بەردەوام بێت. خەڵکی کوردستان گەیشتوونەتە ئاستێک کە هیچ ڕەشبگیری و سەرکوتێک ناتوانێت پاشگەزیان بکاتەوە و شۆڕشی ژینا لەسەر دەستی ئەوان بەرەو داهاتوو دەچێت. کۆمەڵگەی مەدەنی پێناسەی ئیرادەی خۆی دەکات و دەسەڵاتی خۆسەپێنیش ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر بەرەو داڕمانی ڕەوایەتی یەکجاری دەبات.

٢٩ی خەرمانانی ٢٧٢٦

د. کوێستان گادانی: ئێرانی داهاتوو دەبێت لەسەر بنەمای گرێبەستێکی کۆمەڵایەتیی نوێ و دێموکراسییەکی تەوافوقی داڕێژرێتەوە

ئاماژە:

ڕۆژی شەممە، ١٩ی سێپتەمبەری ٢٠٢٦ (٢٨ی خەرمانانی ١٤٠٥ی هەتاوی)، لە وڵاتی نۆرویژ کۆنفرانسێک لەلایەن یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران (بەڕێوەبەریی دەرەوەی وڵات) بەبۆنەی چوارەمین ساڵیادی شۆڕشی ژینا، بە بەشداریی نوێنەرانی کۆمەڵێک حیزب و لایەنی سیاسیی کوردستانی و ئێرانی بەڕێوە چوو. لەم کۆنفرانسەدا کە تەرخانکرابوو بۆ تاوتوێکردنی ئاسۆی داهاتووی سیاسیی ئێران و ڕۆڵی پێکهاتەکان، وتاری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەلایەن دوکتۆر کوێستان گادانی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزب لە دەرەوەی وڵات، پێشکەش کرا. ئەم وتارە بە خوێندنەوەیەکی قووڵ بۆ چوارەمین ساڵیادی شۆڕشی ژینا و هاوکات تاڵیادی تیرۆری میکۆنۆس، تیشک دەخاتە سەر پێویستیی بنیاتنانی داهاتوویەکی دێموکراتیک، فیدراڵ و سێکۆلار و گرێبەستێکی کۆمەڵایەتیی نوێ لە ئێراندا. ئەمەش دەقی تەواوی وتارەکەیە:

لە بزووتنەوەی ژیناوە بۆ بنیاتنانی داهاتوویەکی دێموکراتیک، فیدراڵ و سێکۆلار

چوار ساڵ لە شەهیدکرانی قەتڵی حکوومەتی ژینا و ڕابوونی نوێی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە دروشمی «ژن، ژیان، ئازادی»

تێدەپەڕێت. ساڵیادی ئەم بزووتنەوەیە بۆ ئێمە تەنیا بیرهێنەرەوەی سەرهەڵدانێکی مێژوویی مافخوازیی کورد دژی دەیان ساڵ سەرکوت نییە، بەڵکوو ئەم ساڵیادە دەرفەتێکە بۆ وردبوونەوە لە دەستکەوتی خەباتی ئەو چەند ساڵەی دواییمان و تێڕامان لە داهاتووی خەبات و نەخشەڕێی نوێ بۆ سەرخستنی جووڵانەوەکەمان.

سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ژینا لە تاڵیادی تیرۆری دوکتۆر سادق شەرەفکەندی و هاوڕێیانیدا بوو، بۆیە یادکردنەوەی تیرۆری میکۆنۆسیش بۆ ئێمە هەرتەنیا گەڕانەوەیەکی تاڵ بۆ تێچوویەکی قورس لە خەباتی رزگاریخوازیی کورد نییە. یادەوەریی ئەو دوو تاڵیادە لە نێوان میکۆنۆس و بزووتنەوەی ژینا لەسەر شەقام پێمان دەڵێن خەبات و تێکۆشان دژی دیکتاتۆریی رێژیمی ئێران لە پێنج دەیەی ڕابردوودا خەباتێکی سەخت و پڕتێچوو بووە و دەبێ لە خۆمان بپرسین چۆن دەتوانین لە دیکتاتۆرییەت و تۆتالیتاریزمی کۆماری ئیسلامیی ئێران تێپەڕین، بێئەوەی ئیزن بدەین دەسەڵاتێکی تر بە هەر ناو و فۆرم و شێوەیەک بەڵام بە هەمان لۆژیک و بە ڕووخسارێکی نوێ بێتە سەر کار؟

ئەم پرسیارە بۆ نەتەوەکانی ئێران لە ئێستادا لە هەر کاتێکی تر گرنگترە. چونکە قەیرانەکانی ئێران تەنیا دەسەڵاتداریی رێژیمێکی سەرکوتگەر نییە، بەڵکوو لە تەنیشت قەیرانە سیاسی و ئابوورییەکان، قەیرانە کۆمەڵایەتی و ئەمنییەتییەکان و نەبوونی مافی نەتەوەکان؛ قەیرانێکی دیکەش سێبەری خستووەتە سەر داهاتووی ئەم وڵاتە، ئەویش قەیرانی ئۆپۆزیسیۆن و ئاڵترناتیڤی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە.

کۆمەڵگەی ئێران بەگشتی و نەتەوە ژێردەستەکان بەتایبەتی لە ماوەی دەسەڵاتداریی پەهلەوی و کۆماری ئیسلامیدا تامی تاڵی هەموو جۆرە سەرکوت و نادادپەروەری و قەیرانێکیان چێشتووە و نکۆڵی لە هەبوون و مافە سەرەتاییەکانیان کراوە. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەو بەشمەینەتی، شەکەتی و زیان و خەسارەی بەری کەوتووە، کۆمەڵگەیەکی زیندوو و خاوەن ویست و توانای گۆڕانە. بۆیە ئێستا دەپرسن ئەگەر ئەم شێوازی حوکمڕانییە چارەسەر نەبووە، دەبێ چی جێی بگرێتەوە؟

ئەم پرسیارە و ئەم ویستە لە ڕووخانی ڕێژیم گرنگتر و بەبایەخترە. ڕووخانی حکوومەت دەتوانێت ساتێکی گرنگ بێت، بەڵام مەرج نییە دێموکراسی و دابینبوونی مافی هەمووانی تێدا مسۆگەر بێت. لە نێوان ڕووخانی دیکتاتۆرییەت و بنیاتنانی دێموکراسیدا کەلێنێکی گەورە هەیە. ئەگەر ئەو کەلێنە بە بیرکردنەوە و بڕیاری سیاسیی دێموکراتیک، بە دامەزراوەییکردنی پرۆژەی ڕوون لە بەرژەوەندیی هەموو پێکهاتەکانی وڵاتدا پڕ نەکرێتەوە، تەنیا دەسەڵات گۆڕاوە و دەستاودەست کراوە. بەڵام لۆژیکی حوکمڕانییەکانی پێشوو هەر لە جێی خۆیەتی؛ بەتایبەت کە خەڵکی ئێران ئەزموونی ڕێژیمی پاشایەتی و گۆڕینی بە کۆماری ئیسلامییان هەیە و ڕەوا نییە و ناشیانەوێ ئەزموونێک بۆ جارێکی دی تاقی بکەنەوە.

پرسیاری سەرەکیی ئێمە دەبێ ئەوە بێت کە دوای ڕووخاندنی ئەو نیزامە سیاسییە دیکتاتۆرە چ سیستەمێکمان دەوێت؟ دوای ئەزموونەکانی بزووتنەوەی مەشرووتە و ئاڵوگۆڕەکانی ساڵەکانی ١٣٣٢ و خۆماڵیکردنی نەوت، کودەتای دژی دەوڵەتی موسەدیق و هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی و سووڕانەوە لە بازنەی دیکتاتۆری و سەرەڕۆییدا؛ ئێستا ئیتر ئێران پێویستی بە پرۆژەیەکی سیاسیی دێموکراتیکی ئەوتۆ هەیە کە لەسەر بناغەی دابینبوونی مافە نەتەوەیی، سیاسی، مەدەنی و دێموکراتیکەکانی هەموو پێکهاتەکان، سەروەریی یاسا، دامەزراوەی سەربەخۆ، دابەشکردنی دەسەڵات، بەشداریی هاووڵاتییان لە هەموو کایە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان دامەزرابێت؛ پرۆژەیەکی سیاسیی دێموکراتیک کە سیستەمی ڕێکخراوەیی و دامەزراوەیی ڕێگە بە سەرهەڵدانی هیچ دیکتاتۆرییەک نەدات. ئێرانی داهاتوو دەبێ بە سەرنجدان و دانان بە ڕاستییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەم وڵاتە دابڕێژرێتەوە. ئەمەش دەمانگەڕێنێتەوە بۆ پرسی فرەچەشنیی ئێران. ئێران کۆمەڵگەیەکی یەکچەشن نییە؛ وڵاتێکی فرەنەتەوە و هەمەچەشنی زمانی، فەرهەنگی، ئایینی و جوگرافیاییە. هۆکاری کارەساتەکانی هەتا ئێستا ئەوە بووە کە ئەم فرەچەشنییە وەک مەترسی سەیر کراوە و بەردەوام هەوڵ دراوە جۆراوجۆرییەکان لە بەرژەوەندیی دەسەڵاتی ناوەندیدا بسڕدرێتەوە؛ بۆیە ئەو دۆخە لە بناغەوە دەبێ گۆڕانی بەسەردا بێت.

یەکگرتوویی ئێران نابێت بە مانای یەکسانکردنی ئێران بێت. ئەگەر بڕیارە وڵات یەکپارچە و یەکگرتوو بمێنێتەوە، ئەمە بە دابینبوون و دەستەبەربوونی مافی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتیی وەکیەکی هەموو پێکهاتەکانی ئەم وڵاتە وەدی دێت. دابەشکردنی دەسەڵات بە مانای هەڵوەشاندنەوەی وڵات نییە، بگرە بەپێچەوانەوە، هۆکاری بەهێزترکردنی پەیوەندیی خەڵک و وڵات و دامەزراوەکانیەتی. ئەمەش لە گرەوی دێموکراسیی تەوافوقیدایە، چونکە دێموکراسیی زۆرینە لە کۆمەڵگەی فرەچەشنیدا ناتوانێ دابینبوونی مافی هەموو جۆراوجۆرییەکان، بەتایبەت کەمینەکان دەستەبەر بکات. بۆیە کۆتاییهێنان بە ستەمکاری و چەوسانەوە لە ئێراندا پێویستی بە دێموکراسیی فرەیی و تەوافوقی هەیە؛ دێموکراسییەک کە جیاوازییە نەتەوەیی، زمانی و فەرهەنگییەکان بەفەرمی بناسێ و بیانگۆڕێت بۆ نوێنەرایەتیی سیاسی و بەشداریی دامەزراوەیی.

ئەم پرسە بۆ ئێمەی کورد زۆر گرنگترە. لە هەموو مێژووی هاوچەرخدا کورد لە ئێران چەوساوەتەوە و بە ڕوانگەی ئەمنییەتی سەیری پرسی کورد و مافە نەتەوەیی و کۆمەڵایەتییەکانی کراوە و بەردەوام لە سۆنگەی تێکۆشان بۆ مافەکانی سەرکوت کراوە. ئێرانی داهاتوو کاتێک دەتوانێ یەکپارچەیی خۆی بپارێزێت کە نەتەوەکانی وەک کورد، بەلووچ، تورک، عەرەب، تورکمەن، گیلەک و هەروەها پێکهاتە زمانی، فەرهەنگی و ئایینییەکانی دیکەی ئەم وڵاتە بە مافە ڕەوا و بنەڕەتییەکانی خۆیان گەیشتبن.

بەڵام پرسی ئێرانی داهاتوو تەنیا پرسی یاسای بنەڕەتی و دابەشکردنی دەسەڵات نییە، بەڵکوو پرسی قۆناغی ڕاگوزاریشە.

لە ڕۆژی یەکەمی گۆڕینی ڕێژیمەوە، دێموکراسیی تەواو بەدی نایەت. لە نێوان کۆتاییی ڕێژیم و دامەزراندنی سیستەمی نوێدا قۆناغێک هەیە کە دەتوانێت لە هەموو قۆناغەکان مەترسیدارتر بێت. لەو قۆناغەدا دەبێت ئەمنییەت دابین بکرێت، بەردەوامیی دامەزراوە گشتییەکان بپارێزرێت، ئابووری لە قەیران و ڕاوەستان دەربازی بێت و ڕێگری لە تۆڵەسەندنەوە و شەڕی نێوخۆیی بکرێت؛ قۆناغێک کە دەسەڵاتی کاتی دەبێ بەوپەڕی بەرپرسیارەتییەوە ڕێگا بۆ هەڵبژاردنی ئازاد و پەسەندکردنی یاسای بنەڕەتیی ڕێککەوتنلەسەرکراو هەموار بکات و لە هەمان کاتدا دادپەروەری لەسەر بنەمای گەڕاندنەوەی متمانەی کۆمەڵگە بە یاسا بەڕێوە ببات. دێموکراسی بەبێ دابینبوون و دەستەبەربوونی کەرامەتی مرۆڤەکان، ئەمنییەت، ڕەخساندنی هەلی کار و وەڵامدانەوە بە پێداویستییەکانی کۆمەڵگە، ئەو مەبەستە نییە کە نەتەوەکانی ئێران ئێستا خەباتی بۆ دەکەن و خوێنی بۆ دەدەن. بۆیە داهاتووی سیاسیی ئێران کاتێک سەقامگیر دەبێت کە چاکسازیی ئابووری، بەڕێوەبردنی کاری کۆمەڵگە و گەڕاندنەوەی ژیانی ئاساییی خەڵکی تێدا دەستەبەر بووبێت.

لە نێو هەموو ئەم پرس و بابەتانەدا، پرسی ژنان جێگەیەکی بنەڕەتیی هەیە. ئەگەر بزووتنەوەی ژینا یەک پەیامی سەرەکیی هەبێت، ئەوەیە کە ژن چیتر نابێت تەنیا سووژەی سیاسەت بێت، بەڵکوو دەبێ بکرێتە بڕیاردەر لە سیاسەتدا و بەشێک لە خاوەندارێتی لە دەسەڵات. بە دەربڕینێکی سادە نابێت تەنیا بڵێین «پاڵپشتیی ژنان دەکەین»، دەبێت بڵێین «دەسەڵات لەگەڵ ژناندا دابەش دەکەین»؛ ئەم بنەڕەتەش تەنیا پرسی ژنان نییە، بەڵکوو پرسی دەرخستنی ئاستی دێموکراسییە.

بزووتنەوەی ژینا پرسی ژنانی چەند هەنگاوێک پێش خست، ئەویش بە تێچوویەکی زۆر، بەڵام هەتا لوتکە هێشتا زۆری ماوە. ژنان دەبێ لە هەموو جومگەکانی بەڕێوەبەریی وڵاتدا پشکی شایان و ڕۆڵی کاریگەری خۆیان هەبێت. ئەگەر ژنان لە شەقامەکاندا ئازادییان هەبێت بەڵام لە ژوورەکانی بڕیارداندا نەبن، ئەوە هێشتا بەتەواوی لە سیستەمی پیاوسالاری تێنەپەڕیون. ئازادیی ژنان دەبێت لە دەرکەوتن لە شەقامەوە بگوازرێتەوە بۆ بەشداریی بەبێ هەڵاواردن لە دامەزراوەکانی دەسەڵاتدا.

بۆیە ئەگەر ئەمڕۆ لەساڵیادی سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ژینا و لە تاڵیادی تیرۆری میکۆنۆسدا باس لە داهاتووی ئێران دەکەین، پێویستە لە یادەوەری تێپەڕین بۆ بەرپرسیارەتی. پێویستە ئەو قەناعەتەمان لەلا دروست بووبێت کە پێشکەوتنی گۆڕانکاری تەنیا بەوە ناپێورێت ڕێژیمێک چۆن دەڕووخێت، بەڵکوو پێوەر ئەوەیە کە دوای ڕووخان چ نیزامێکی سیاسی جێگای ئەوی پێشووی گرتووەتەوە. خۆ ئەگەر ئێمە ساڵانێکە دەڵێین کۆمەڵگەی سیاسیی ئێران پێویستی بە گرێبەستێکی کۆمەڵایەتیی نوێ هەیە، ئەو گرێبەستە لەپێناو جێگیربوونی دێموکراسییەکی ڕاستەقینەدایە؛ گرێبەستێک کە تێیدا هیچ

گرووپێک بەتەنیا خاوەنی ئێران نەبێت: نە شا، نە ئایەتوڵڵا، نە سوپاسالارێکی سەربازی، نە بنەماڵەیەکی تایبەت، نە حیزبێکی دیاریکراو، نە نەتەوەیەکی سەردەست، نە زمانێک و نە ئایینێکی دیاریکراو. ئێرانی داهاتوو دەبێت هی هەموو هاووڵاتییەکانی بێت و دەسەڵات دەبێت خزمەتگوزاری خەڵک بێت، نەک ئەوەی خۆی بە خاوەنی خەڵک بزانێت و بۆ مەرامە سیاسی و ئایدۆلۆژییەکانی بەبارمتەیان بگرێت.

بەڕێزان!

ئەگەر باسەکەم بە پرسیارێک دەست پێکرد، با کۆتاییی باسەکەشم هەر بە پرسیارێک بێت. پرسیار ئەوەیە بزووتنەوەی سیاسیی کورد و حیزبەکان چۆن دەبێ لە داهاتووی ئێران بڕوانن؟

پێش هەموو شتێک پێویستە خوێندنەوەی واقیعبینانەمان بۆ هاوسەنگیی هێز هەبێت. بزووتنەوەی کورد بە پاشخانی نزیک بە یەک سەدە خەباتی مافخوازانە، شەرعییەتی سیاسی و متمانەی بەهێزی کۆمەڵگەی کوردیی لەپشتە. ڕاستە داهاتووی ئێران بەبێ گۆڕانکاری لە ناوەند (تاران) یان بەبێ هاوکاری لەگەڵ نەتەوەکانی تردا ناگاتە ئامانج. ڕاستە ڕوانین بۆ ئێران دەبێ لەسەر بنەمای دامەزراندنی سیستەمێکی دیموکراتیک، سێکۆلار و فیدراڵ بێت کە مافی بڕیاردانی نەتەوەیی تێدا دەستەبەر بکرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نیوماڵی کورد دەبێ زۆر پتەوتر لە ئێستا بێت.

ئەم یەکگری و یەکریزییە، کورد لە هێزێکی داواکار یان ئۆپۆزیسیۆنێکی ناوچەییەوە بۆ پێشەنگایەتیی گۆڕانکارییە سەرتاسەرییەکان دەگۆڕێت، وەک چۆن لە بزووتنەوەی ژینادا ئەوەمان سەلماند؛ بۆیە یەکگری و یەکگوتاری، یەکخستنی نیوماڵی کوردی و هاوهەڵوێستی، هەم سەروەریی سیاسیمان مسۆگەر دەکات، هەم دەمانکاتە ئەکتەرێکی سەرەکی لە داڕشتنەوەی ئێرانی دوای کۆماری ئیسلامیدا. هێزی ڕاستەقینەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بەهێزبوونی هاوپەیمانیی حیزبە سیاسییەکان و لە ڕێکخستنی مەدەنی و خۆبەڕێوەبەریی نێوخۆیی بە بەهادان بە ڕێکخراوەکانی ژنان، کرێکاران، مامۆستایان، ژینگەپارێزان و ڕێکخراوە مەدەنییە هەمەچەشنەکاندایە. بەڵام ئەم هێزە کاتێک دەتوانێ شوێندانەریی باشی خۆی هەبێت کە پشتی بە دیپلۆماسیی کارا لە ئاستی جیهانیدا بەستبێت و ئەوە بەشێک لەو ئەرک و بەرپرسیارەتییانەیە کە دەکەوێتە سەر شانی هەموو تاک و لایەنە سیاسییەکانی کۆمەڵگەی کوردی.

لەگەڵ ئەوەشدا وەک چۆن بزووتنەوەی کورد هەمیشە پێداگریی لەسەر هاوخەباتیی نەتەوەکان لە ئێران بەدژی کۆماری ئیسلامی و پێکهێنانی هاوپەیمانییەکی بەرین بۆ دروستکردنی ئاڵترناتیڤێکی جێمتمانە کردووە، ئێستاش ڕادەگەیەنین بەئاگامەیشتنی بزووتنەوەی «ژن، ژیان، ئازادی» و بەدیهاتنی بەری خەبات و تێکۆشانی کورد و

نەتەوەکانی دیکەی ئێران، لە گرەوی دروستبوونی پردێکی بەهێز لە نێوان نەتەوە جیاوازەکانی ئێران (کورد، بەلووچ، تورکی ئازەربایجان، عەرەب، تورکمەن، گیلەک، فارس) لەسەر بنەمای دانپێدانان بە مافی وەکیەکی هەمووان و ڕەتکردنەوەی هەر جۆرە دیکتاتۆرییەکی نوێدایە.

٢٩ی خەرمانانی ٢٧٢٦

ئیرادە و ویستی بەکۆمەڵ، پێناسەی نەتەوەیەک

ڕەزا دانشجوو

فەیلەسووف و مێژوونووسی فەڕەنسی ئێرنست ڕێنان (Ernest Renan) لە وتارە بەناوبانگەکەیدا بە ناونیشانی «نەتەوە چییە»، نەتەوە بە «ئیرادە و ویستی بەکۆمەڵ» بۆ پێکەوەژیان و پێکەوەبوون پێناسە دەکات.
بە پێچەوانەی زۆرێک لە تیۆرییەکانی دیکە، «ڕێنان» پێی وایە کە ڕەگەز، زمان، ئایین و جوگرافیا بنیاتنەر یان دیاریکەری نەتەوەیەک نین. ڕێنان ئەمریکا وەک نموونە دەهێنێتەوە، کە چۆن زمانی ئینگلیزی وەک زمانێکی هاوبەش

دەتوانێت تاکەکان بۆ یەکگرتوویی بانگهێشت بکات بەڵام گەرەنتیی یەکێتیی نەتەوەیی ناکات.

لە ڕاستیدا بە بڕوای ڕێنان، ئەوە ئیرادەی بەکۆمەڵ و ویست و خواستی گشتییە بۆ پێکەوەژیان کە بنەما و بناغەی نەتەوەیەک پێکدەهێنێت.

چاوخشاندنێکی کورت بە مێژووی سەد ساڵی ڕابردوو لە کوردستان بەگشتی و لە ڕۆژهەڵات بەتایبەت، بەڕوونی دەرخەری ئاسەواری ئەم ئیرادە، ویست و خواستە گشتییەیە لە بزووتنەوەی ئازادیخوازیی گەلی کورددا بۆ گەیشتن بە مافەکانی خۆی؛ ئیرادەیەکی بەهێز بەدەر لە زمان، نەریت و سەروەت و سامانی کولتووریی هاوبەش!

مێژووی ئەم وڵاتە شکۆدارە پڕە لەم ئیرادە و ویستە بەکۆمەڵە بۆ پێکەوەبوون، بۆ بەرخۆدان و مانەوە، بۆ پێکەوەژیان!

وەک نموونەیەک، «ژ - کاف» لە سەختترین بارودۆخی کۆمەڵایەتی - سیاسیی کورددا هاتە ئاراوە؛ کۆمەڵێک ڕۆشنبیری ئاگادار و زانا کە چاودێریی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی - سیاسییەکانی کۆمەڵگەکەیان دەکرد و بیریان لەوە دەکردەوە چۆن دەتوانن و دەبێت کۆمەڵگەکەیان لە ئاسمیلەکردنی فرەچینی سەردەمی پەهلەوی ڕزگار بکەن؛ لەو شوێنەی کە بیرۆکەی «یەک نەتەوە، یەک ئاڵا»ی پەهلەوی بڕیار بوو هەموو نەتەوە غەیرە فارسەکان لەناوبەرێت و هەموو سەروەت و سامانی کولتوورییان بسڕێتەوە. پێشهاتەکانی دواتر و لەدایکبوونی حیزبی دێموکرات و دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە لایەن پێشەوای مەزنەوە، درێژەی ئەم پرۆسەیە و خاڵێکی وەرچەرخان بوو لە مێژووی خەباتی گەلی کورد بۆ ئازادی و پێناسەکردنەوەی ناسیۆنالیزمی کورد. چ لە سەردەمی جووڵانەوەی «ژ - کاف» و چ دواتر لە کۆماری کوردستاندا، بێگومان گەورەترین پارێزەر و یارمەتیدەری سەرەکی، «ئیرادەی بەکۆمەڵی» کوردستانیان بوو؛ ئیرادەی بەکۆمەڵ بۆ گەڕاندنەوەی ناسنامەی دەستبەسەرداگیراو! خاڵێکی گرنگ کە لێرەدا دەبێت ئاماژەی پێبکرێت، ئەوەیە کە ناسیۆنالیزم لە بنەڕەتدا چەمکێکی تەواو نوێیە و مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کۆتاییی سەدەی ١٨ و سەرەتای سەدەی ١٩! ئەمەش بەو مانایەیە کە لە ڕابردوودا سنوورەکان بەو شێوەیەی ئەمڕۆ بوونیان نەبووە و لەسەر بنەمای پێکەوەژیان بووە و لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشدا ئیسلام بە شێوەیەکی سەرەکی ڕۆڵی نەتەوەییی دەگێڕا و لە لایەن کۆمەڵگەی ئەو سەردەمەوە بێ گوێدانە جیاوازیی زمانی و کولتووری قبووڵکراو بوو!

لە ڕاستیدا ئیرادەی بەکۆمەڵی خەڵکی کوردستان بۆ خۆپاراستن لە سڕینەوەی شوناسی نەتەوەیی و بەرگریکردن لە بەها و نۆرمەکانی کورد، کاتێک دروست بوو کە داگیرکەرانی کوردستان زۆر ئاشکرا و بەڕوونی خۆیان لە پرەنسیپی پێکەوەژیان دوور خستەوە و هەوڵیان دا نۆرم، کولتوور و زمانی خۆیان وەک نەتەوەی باڵادەست بەسەر گەلی کورددا بسەپێنن.

خاڵێکی سەرنجڕاکێش کە لێرەدا دەبێت ئاماژەی پێبکرێت، بەشداریی بەربڵاوی بەشەکانی دیکەی کوردستان، بەتایبەت باشووری کوردستان لە کۆماری کوردستاندایە، کە ئەوە نیشان دەدات چۆن ئەم ئیرادە و ویستە بەکۆمەڵە بۆ پێکەوەژیان وەک نەتەوەیەک، سنوورە دەستکردەکان وەلا دەنێت و بە بەزاندنی بەربەست و ئاستەنگەکان، بەرەو وەرگرتنەوەی شوناسی دەستبەسەرکراوی خۆی هەنگاو دەنێت.

ئێرنست ڕێنان لەسەر ئەو باوەڕەیە کە نەتەوەیەک نەک تەنیا بە یادەوەرییە هاوبەشەکان، بەڵکوو بە «لەبیرکردنی توندوتیژی، شەڕ و هەڵەکانی ڕابردوو» دەمێنێتەوە؛ یەکێتیی نەتەوەیی بە مانای توانای هاوبەشکردنی ئەو لەبیرچوونەوەیە و تێپەڕبوونە لە زام و برینە کۆنەکان.
جێپێی دێڕ بە دێڕ و وشە بە وشەی ئەم ڕستانەی ئێرنست ڕێنان دەتوانرێت لە مێژووی خەباتی ساڵانی گەلی کورددا بدۆزرێتەوە. سەرکوتی خوێناوی و دڕندانەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد لە لایەن داگیرکەرانەوە لە دەیان خاڵی مێژووییدا، نەک هەر بچووکترین کاریگەریی لەسەر پرۆسەی ئازادیخوازیی گەلی کورد نەبووە، بەڵکوو هەر جارە و خەبات لە شوێنێکی ترەوە بە ئیرادەیەکی بەهێزترەوە دەستی پێکردووەتەوە. دیارە وەستان بۆ ماوەیەکی کورت و دیاریکراو یان گۆڕینی شێواز و شێوەی خەبات و بەرخۆدان بە هۆکارگەلێکی جیاواز و بارودۆخی نەگونجاو و نەخوازراو ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگر و قبووڵکراوە، بەڵام خەبات و بەرخۆدان بەردەوام بووە. هەر لە سەرکوتکردنی خوێناویی کۆماری کوردستان و لەسێدارەدانی پێشەوای نەمر و هەڤاڵانی لە لایەن پەهلەوییەوە تا تیرۆرکردن و لەسێدارەدانی دەیان سەرکردە و هەزاران تێکۆشەری شەهید، هیچ کام لەمانە ئەم ڕێبازە شکۆمەندەیان ڕانەگرتووە. بە دڵنیاییەوە هەڵە، خەتا، ناکەرامەیی و لێنەوەشاوەیی زۆر لەسەر ئەم ڕێبازە ڕوویان داوە و ئەزموونی زۆر تاڵ وەک تێکهەڵچوون، لادان، دابڕان و تەنانەت شەڕی براکوژیش نەیتوانیوە کۆتایی بەم ڕێگا شکۆدارە بهێنێت. ئەم ئیرادە و ویستە گشتییە بۆ پێکەوەبوون و پێکەوەمانەوە بووە کە کۆتاییهێنەری هەموو ئەم ململانێ و ناکۆکییانە بووە و دەوا و دەرمان، چارە و چارەسەری هەموو برینە کۆن و تازەکان بووە و دەبێت.

کاتێک دوای شۆڕشی ١٣٥٧ و دەستبەسەرداگرتن و زەوتکردنی شۆڕش لە لایەن خومەینی و دارودەستەکەیەوە، لە سەرتاسەری ئێراندا و لەژێر کاریگەریی پۆپۆلیزمی کۆماری ئیسلامیدا زۆرینەی خەڵک ملکەچی فەرمان و قسەکانی خومەینی دەججال بوون، ئەوە ئیرادە و ویستی بەکۆمەڵی کوردستانیان بوو کە بێ هیچ دڵەڕاوکێ و دوودڵییەک، بایکۆتی ڕیفراندۆمی گاڵتەجاڕی کۆماری ئیسلامیی کرد! هەرچەند باجی ئەم بایکۆتکردنە، هێرشێکی دڕندانە و ترسنۆکانە و ساڵانێک وێرانکاری، هەڵاواردن، کینە و ڕقێکی بێکۆتایی بوو، بەڵام هەر ئەم ئیرادە و ویستە بەکۆمەڵە بوو کە ئەم قۆناغە سەخت و دژوارەشی تێپەڕاند. هەر ئەم ئیرادە گشتییەی کوردستانیان بوو کە دوای کوشتنی کیژۆڵەیەکی بێتاوان و بێئازاری کورد لە لایەن ڕێژیمەوە وەها هاتە خرۆش کە بناغەی دیکتاتۆریی ویلایەتی فەقیهی هەژاند؛ هەژاندنێک وەها بەسام کە لەو

ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ڕۆژهەڵاتی کوردستان...

ڕۆژەوە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی تەنانەت ساتێکی ئارامیشی نەبینیوە و بێگومان ئیتر هەرگیز نایبینێت. هەر ئەم ئیرادە و ویستە پیرۆزە بوو کە کاتێک سوپای ڕەشایی هێرشی کردە سەر ڕۆژئاوای کوردستان، ڕۆژهەڵات خەو لە چاوانی نەهات و لە ڕۆژئاوا زیاتر نیگەران و بەپەرۆش بوو. ڕاستیی ئەوەیە هەر کات بەشێک لە جەستەی ئەم جوگرافیا بەندکراوە بە هەر هۆکارێک تووشی ئازار و ژانێک بووبێت، تەواوی ئەم جەستەیە بووە بە چاو، بووە بە گوێ، بووە بە زمان و بووە بە یارمەتیدەر، چارە و چارەسەر.

بێگومان زمان و کولتووری هاوبەش دەتوانێت نیشانەی نەتەوەیەک بێت، بەڵام زۆر لەوە زیاتر، ئەوە ویست و ئیرادەی بەهێزی گشتییە بۆ پێکەوەبوون و پێکەوەمانەوە کە دەتوانێت ببێتە پردێکی قایم و بەرین بۆ پەڕینەوە و دەربازبوون لە کێشە و ئاستەنگەکان. هەر ئەم تایبەتمەندییە ناوازەیە، کوردستانی وەک وڵاتێکی سەربەخۆ و کوردی وەک یەک نەتەوەی زیندوو هێشتووەتەوە! ساڵانێک ئاسیمیلاسیۆنی پلاندارێژراو و ئامانجدار و سەپاندنی زمان و کولتوورێکی ساختە هیچ شتێکی نەگۆڕیوە! ڕەنگە کەم نەبن ئەو کوردانەی کە تەنانەت توانای قسەکردنیان بە زمانی کوردی نییە، یان بە واتایەکی تر لێیان سەندراوەتەوە، بەڵام زیاتر لە زۆر کەسی تر پەرۆش و خەمخۆری وڵات و نیشتمانەکەیانن.

«ڕێنان» میللەت بە دیاردەیەکی وەستاو، نەگۆڕ و بەمیراتگەیشتوو نازانێت، بەڵکوو وەک «ڕیفراندۆم و ڕاپرسییەکی ڕۆژانە» باسی لێوە دەکات کە ڕۆژانە بە ئیرادە و ڕێککەوتنی هاووڵاتییان بۆ پێکەوەژیان بەردەوام دەبێت.

ئاوڕدانەوەیەکی کورت لە ڕابردوو، دەیان نموونەی بێوێنە لەم ڕیفراندۆم و ڕاپرسییەمان لە کوردستان پێشان دەدات:

کۆماری کوردستان، بایکۆت و «نا»گوتن بە ڕیفراندۆمی گاڵتەجاڕی کۆماری ئیسلامی، بەرخۆدانی کۆبانی، ڕیفراندۆمی باشووری کوردستان بۆ سەربەخۆیی و دەیان نموونەی دیکە! ڕیفراندۆم دوای ڕیفراندۆم! ڕاپرسی دوای ڕاپرسی!

و ئێستا تازەترین ئەڵقەی ئەم ڕیفراندۆم و ڕاپرسییە بەردەوامە!

ساڵیادی شۆڕشی ژینا! مانگرتنی سەرتاسەریی ڕۆژهەڵات! شەقام بە شەقامی نیشتمان! زیندووتر و دڵنیاتر لە هەمیشە، بۆ پێکەوەبوون، بۆ پێکەوەژیان، بۆ پێکەوەمانەوە!

خرۆشی دووبارەی ئیرادە و ویستی کۆڵنەدەر و سەربەرزی بەکۆمەڵی کوردستانیان! پێناسەی نەتەوەیەک!

٣٠ی خەرمانانی ٢٧٢٦

لە بزووتنەوەی «ژن، ژیان، ئازادی»یەوە بۆ دروستکردنی هێزی سیاسی

گوڵان هیجری

بزووتنەوەی «ژن، ژیان، ئازادی» یەکێکە لە بەرچاوترین و قووڵترین وەرچەرخانە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی مێژووی هاوچەرخی ئێران. ئەوەی لە خەرمانانی ٢٠٢٢دا و دوای شەهیدکرانی ژینا ئەمینی سەری هەڵدا، لە ماوەیەکی کورتدا لە ناڕەزایەتییەکی سەرەتایی بەرانبەر بە حیجابی زۆرەملێ، پەڕییەوە بۆ شۆڕشێکی چەمکساز و بزووتنەوەیەکی گشتگیر دژ بە تەواوی پایە ئایدیۆلۆژی و بنەڕەتییەکانی کۆماری ئیسلامی.

لە توێژینەوەیەکی ئەکادیمیدا، مستەفا خەلیلی لە گۆڤاری پرۆتێستدا، ئەم بزووتنەوەیەی بە بێوێنەترین و فراوانترین شەپۆلی نارەزایەتی لە ئێراندا لە دوای ساڵی ١٩٧٩ەوە پێناسە کردووە. خەلیلی جەخت لەوە دەکاتەوە کە جیاوازیی سەرەکیی ئەم سەرهەڵدانە لەگەڵ «بزووتنەوەی سەوز»ی ٢٠٠٩دا، تەنیا لە فراوانیی پانتایی شەقامەکاندا نەبوو، بەڵکوو لە گۆڕانی چۆنایەتی و بنەڕەتیی گوتار و داواکارییەکاندا بەرجەستە بوو؛ واتە تێپەڕین لە وەهمی چاکسازیخوازیی نێوخۆیی بەرەو داخوازیی ڕادیکاڵانەی هەڵوەشاندنەوە و ڕووخاندنی تەواوەتیی ڕژێم.

بێگومان گرنگیی مێژوویی بزووتنەوەی «ژن، ژیان، ئازادی» هەر بە ژمارەی بەشداربووان و قەبارەی شەقام پێوانە ناکرێت؛ بەڵکوو یەکێک لە گەورەترین دەستکەوتە ئێپیستیمۆلۆژی و چەمکییەکانی ئەوە بوو کە ژن لە ئۆبژەی دەستی سیاسەتەوە گۆڕدرا بۆ سوژە و کاراکتەری سەرەکیی گۆڕانکاریی سیاسی. ژن چیتر ئەو جەستە و بوونە پاسیڤە نەبوو کە دەسەڵات و یاسا پیاوسالارەکان بڕیار لەسەر چارەنووس و شێوازی ژیانی بدەن، بەڵکوو خۆی بوو بە خاوەن ئیرادە، پێشەنگی گۆڕەپان و مانیفێستی ڕزگاریخوازی.

ئەم وەرچەرخانە فیکرییە پێویستی بە تێگەیشتنێکی تیۆریی قووڵ هەیە؛ چونکە کاتێک ژن دەسەڵاتی بڕیاردان لەسەر جەستە، جلوبەرگ و شێوازی ژیانی لە ڕژێم دەستێنێتەوە، ململانێکە لە بازنەی مافێکی فردی و تاکەکەسی دەرباز دەبێت و ڕاستەوخۆ دەچێتە خانەی داتەکاندنی سنوورە پیرۆزکراوەکانی دەسەڵاتی تۆتالیتار؛ لێرەدایە کە جەستە و ژیانی ژن دەبێتە چەقی ململانێی سیاسی. بەڵام پاش تێپەڕبوونی چەند ساڵێک بەسەر ئەو گڕکانە جەماوەرییەدا، پرسێکی ئێپیستیمیک و چارەنووسساز سەرهەڵدەدات: ئایا ئەو سەرمایە و هێزە کۆمەڵایەتییە گەورەیەی لە بزووتنەوەی «ژن، ژیان، ئازادی»دا خوڵقا، تا چ ڕادەیەک توانیویەتی شێوەیەکی دامەزراوەیی وەربگرێت و ببێتە هێزێکی سیاسیی بەردەوام و بڕیاردەر؟

ئەم پرسە ئێجگار گرنگە؛ چونکە لە کۆمەڵناسیی شۆڕشەکاندا، «شەپۆلی وشیاریی کۆمەڵایەتی» بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیک نابێتە «دەستکەوتی سیاسیی بەردەوام». بزووتنەوەکە توانیویەتی تابۆکان بشکێنێت و سنوورەکانی گوتار لەسەر ژن، ئازادی، چەوسانەوە و دەسەڵات بە شێوەیەکی بنەڕەتی بەرفراوان بکات و نەوەیەکی نوێ بهێنێتە نێو کایەی ململانێ؛ بەڵام وشیاریی کۆمەڵایەتی بەبێ میکانیزمی سیاسیی ڕێکخراو، بە تەنیا ناتوانێت سیستەمی حوکمڕانی بگۆڕێت یان لەپەلی بخات. بزووتنەوەی جەماوەری دەتوانێت پایەکانی دەسەڵات بلەرزێنێت، بەڵام بۆ گۆڕینی هاوکێشەی حوکمڕانی، پێویستیی بە چوارینەی: ڕێکخستنی پتەو، بەرنامەی سیاسی، ستراتیژیی کارا و توانای دروستکردنی هاوپەیمانیی سیاسیی بەرفراوان هەیە.

ڕێک لەم خاڵەدایە کە گرێکوێرەیەکی ستراتیژیی بزووتنەوەکە دەردەکەوێت: بزووتنەوەی «ژن، ژیان، ئازادی» لە سەرەتادا بە شێوەیەکی خۆڕسک، تۆڕیی و فرەناوەند (شێوە ڕیزۆمیک) پەرەی سەند. ئەم تایبەتمەندییە لە ساتەوەختی سەرهەڵداندا خاڵێکی بەهێز بوو، چونکە نەبوونی ڕێبەرایەتییەکی دیاریکراو و ناوەندی، دەزگا ئەمنییەکانی ڕژێمی بۆ ماوەیەک تووشی سەرلێشێوان کرد و دەرفەتی سەرکوتی خێرای لێ سەندنەوە؛ بەڵام هەمان خەسڵەت لە قۆناغی دواتردا بووە گەورەترین ئاستەنگی سیاسی: ئەویش پەرشوبڵاوبوونەوە و بێوەڵاممانەوەی ئەم پرسیارە بوو کە چۆن دەکرێت ئەو وزە شۆڕشگێڕییە ئاراستە بکرێت و کەناڵیزە بێت بۆ خزمەت پرۆژەیەکی یەکگرتوو و ڕێکخراوی سیاسی؟

ئەم دۆخە نابێت بە لێکدانەوەیەکی ڕووکەش بە «شکست» لە قەڵەم بدرێت؛ چونکە لە فەلسەفەی سیاسیدا، بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی و پرۆژەی سیاسی دوو پرۆسەی جیاوازن بەڵام تەواوکەری یەکترن. بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی تەلیسمی ترس دەشکێنێت، چەمکەکان دادەڕێژێتەوە و بیاڤی گشتی وەئاگا دەهێنێتەوە؛ کەچی پرۆژەی سیاسی پێویستی بە دامەزراوەسازی، چڕکردنەوەی تواناکان و گۆڕینی هێزی شەقامە بۆ دەسەڵاتێکی سیاسیی کارا.

لە بەرامبەریشدا، دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی تەنیا بە چەکی سەرکوتی خوێناوی پێش بەم تەوژمە نەگرتووە؛ بەڵکوو پشتی بە سیستەمێکی ئاڵۆزی پێکهاتەیی بەستووە کە تۆڕێکی لە دەزگای یاسایی، ئەمنی، سەرکوتکاری دەروونی و سەرمایەداریی ڕانتخۆر لەبەردەستدایە و بە شێوەیەکی فرەڕەهەند مانۆڕی پێوە دەکات تا کۆنترۆڵی کات بکات و نارەزایەتییەکان بتوێنێتەوە. بۆیە هەر هەوڵێکی ڕاستەقینە بۆ گۆڕانکاری لە ئێراندا، دەبێت تەبایی و هاوسەنگی لە نێوان گوڕوتینی هێزی کۆمەڵایەتی و ئاستی ڕێکخستنی سیاسی و دامەزراوەییدا دروست بکات.

هاوکات، کەمبوونەوەی ڕێژەیی دەرکەوتنی جەماوەر لە شەقامدا نابێت وەک کۆتاییهاتنی ئەم ڕەوتە مێژووییە سەیر بکرێت. شۆڕشە کۆمەڵایەتییەکان هەمیشە بە یەک فۆرم و بە شێوەیەکی هێڵی بەردەوام نابن؛ زۆرجار کاتێک شەقام کەمێک بێدەنگ دەبێت، بزووتنەوە لە شادەماری ژیانی ڕۆژانەدا ڕەگ دادەکوتێت؛ لە زانکۆکان، ژینگە ئەدەبی و هونەرییەکان، نارەزایەتییە کرێکارییەکان و بەتایبەت لە بەرگریی ژنان دژ بە ستەمی باڵادەست. کەواتە دەبێت جیاوازییەکی ڕوون لە نێوان «دامرکانی شەپۆلێکی سەر شەقام» و «کۆتاییهاتنی بنەماکانی بزووتنەوە»دا بکەین.

بۆ ژنانی کورد، ئەم ململانێیە خاوەنی فرەڕەهەندییەکی مێژوویی و جیۆپۆلیتیکی قووڵترە. چەمک و مانیفێستی «ژن، ژیان، ئازادی» لە هەناوی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردستانەوە سەری هەڵدا و ژینا ئەمینی بوو بە هێما و سیمبولی ڕاپەڕینێکی سەرانسەری. بەڵام ژنی کورد هاوکات لەگەڵ ستەمی ڕەگەزیدا، لەژێر قورسایی توندی سەرکوتی سیستماتیکی

نەتەوەیی، سیاسی و میلیتاریزەکردنی بەردەوامی نیشتمانەکەیدا دەژی. کەواتە پرسی ژنی کورد هەرگیز لە چوارچێوەی داخوازیی «مافی ژنان»دا قەتیس نابێت، بەڵکوو بە هاوکێشەی ڕزگاریی نەتەوەیی، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و چارەسەری ستەمی نەتەوە بێدەوڵەتەکانەوە بەستراوەتەوە.

ئەگەر بزووتنەوەکە تەنیا لە ڕووبەری دروشم و هێما سۆزدارییەکاندا چەق ببەستێت، کاریگەرییە سیاسییەکەی پاشەکشە دەکات؛ بەڵام ئەگەر ئەو زەین و هۆشیارییە مێژووییەی خوڵقاندی، بگۆڕدرێت بۆ دیسکۆرس و گوتارێکی سیاسیی هاوچەرخ و فرەدەنگ، ئەوکات دەتوانێت وەڵامی مانیفێستی داهاتوو بداتەوە: دەسەڵاتی داهاتوو چۆن و لەسەر چ مۆدێلێک دادەمەزرێت؟ هاوسەنگیی مافی تاک و مافی بەکۆمەڵی پێکهاتەکان چۆن زامن دەکرێت؟ پێگەی نەتەوەکان لە ئێرانی دوای کۆماری ئیسلامیدا چۆن ڕێک دەخرێتەوە؟ و لە هەمووی گرنگتر، ژن لە پێکهاتەی بەڕێوەبردن و ناوەندی بڕیارداندا چۆن دەبێتە بکەرێکی خاوەن دەسەڵات؟

لێرەدایە کە خەباتی ژنان پێ دەنێتە فازێکی باڵاتر؛ پرسیارەکە چیتر تەنیا ئەوە نییە کە «چۆن دەسەڵات تووشی تەنگژە بکەین؟»، بەڵکوو ئەوەیە کە «چۆن ئەم وزە جەماوەری و کۆمەڵایەتییە بگۆڕین بۆ سەروەریی سیاسی و توانای بڕیاردانی کارا؟».

گۆڕانکاری لە ساتەوەختی شکاندنی دیوارەکانی ترسەوە دەست پێدەکات، بەڵام گەیشتن بە مەنزڵی سەرکەوتن، پێویستیی بە دیسپلینی فیکری، پلاندانانی ڕێکخراوەیی و دیدگایەکی ڕوون بۆ داهاتوو هەیە.

لە کۆتاییدا، میراتی زیندووی بزووتنەوەی «ژن، ژیان، ئازادی» نابێت لە ئەرشیفی بیرەوەریی شەقام و دروشمە کاتییەکاندا کورت بکرێتەوە؛ بەڵکوو پێویستە لە وەڵامی ئەم پرسیارە بنیادنەرەدا بپشکنرێت: ئایا ئەو کۆمەڵگەیەی بوێریی شکاندنی ترسی هەبوو، ئامادەیی و لێهاتوویی ئەوەشی هەیە کە داهاتوویەکی دێموکراتیک و فرەڕەهەند بنیاد بنێت؟

ئەگەر وەڵامەکە بەڵێ بێت، کەواتە ئەرکی لەمەودوای هێزە شۆڕشگێڕەکان ئەوەیە کە لە نارەزایەتییەوە بەرەو ڕێکخستنی تۆکمە، لە ڕێکخستنەوە بەرەو مانیفێست و بەرنامە، و لە بەرنامەشەوە بەرەو داڕشتنی هێزێکی سیاسیی ڕەوا و بڕیاردەر هەنگاو بنێن. تەنیا لەو کاتەدایە کە «ژن، ژیان، ئازادی» لە ناوی ڕاپەڕینێکی مێژووییەوە، بە کردەوە دەبێتە پرۆژەی ڕزگاریی مرۆڤ و گۆڕینی ڕیشەیی چارەنووسی کۆمەڵگە.

سەرچاوە:

(Mostafa Khalili, “From ‘Green Movement’ to ‘Woman, Life, Freedom’: Continuity and Change in the Evolution of the Protest Movement in Iran,” Protest, Vol. 3, No. 1, 2023, pp. 133–140).

٣١ی خەرمانانی ٢٧٢٦

سەرچاوە
Serchawe

گوشار بۆ سەر بنەماڵەی ژینا ئەمینی ئەوان پتر خۆشەویستتر دەکات

مستەفا مەولوودی

٢٥ی خەرمانانی ١٤٠٥ی هەتاوی خەڵکی کوردستان بە پیر بانگەوازی هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە هاتن، مانگرتنێک کە زۆر ڕێکخراو، کەسایەتیی سیاسی و چالاکانی کۆمەڵگەی مەدەنی پشتیان گرتبوو و ئەم مانگرتنەش کە لە چوارەمین تاڵیادی کوشتنی ژینا ئەمینیدا و بۆ بەرزنرخاندنی بزووتنەوەی «ژن، ژیان، ئازادی» بەڕێوە چوو؛ جارێکی دیکە زیندوویەتیی بزووتنەوەی سیاسیی کوردی پێشان دایەوە.

دوای بەڕێوەچوونی ئەو مانگرتنە، کاک ئەمجەد ئەمینی (باوکی ژینا) پەیامێکی ئەمەگناسیی سەبارەت بە بەشداریی زۆر و هەراوی خەڵکی کوردستان لەو مانگرتنەدا و هاوخەمیی خەڵک و توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگەی ئێران بەبۆنەی ساڵوەگەڕی شەهیدبوونی ژینا بڵاو کردەوە. کاک ئەمجەد لە پەیامەکەیدا سپاس و پێزانینی بنەماڵەکەی بۆ پاڵپشتیی خەڵکی کوردستان بۆ یادکردنەوەی ژینای جگەرگۆشەیان دەربڕی و جارێکی دیکە تاوانی کوشتنی ژینا و هەزاران تاوانی دیکەی کۆماری ئیسلامیی مەحکووم کردەوە.

دوای ئەو پەیامە کورت و مانادارەی کاک ئەمجەد ئەمینی، لە هەژمارەکانی ڕێژیم لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و هەروەها نەیارانی کورد کە بەناو ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامییشن، بە دەمارگرژیی لەڕادەبەدەر و بەزاندنی سنووری ئەخلاقی و مرۆییەکان بێڕێزییەکی زۆریان بەو بنەماڵە بەڕێزە کرد؛ بۆ؟ چونکی وەک ئەوان دەڵێن گۆیا کاک ئەمجەد لە هێمای «تەجزیەتەڵەبی» کەڵکی وەرگرتووە.

بەڵام باسەکە چییە؟ چەند ڕۆژ پێش ٢٥ی خەرمانان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا و بە زمانەکانی کوردی و فارسی کە خەڵک بەرەوپیری ئەو یادە دەچوون و وێنە و پۆستێری ژینا بە زۆری بڵاو دەکرایەوە؛ لە یەکێک لە پۆستێرەکاندا، ئاڵای کوردستان لەسەر شانی ژینا دانراوە و بنەماڵەی شەهید ژینا بۆ بابەتێک کەڵکیان لەو پۆستێرە وەرگرتووە و بڵاویان کردووەتەوە. سەبارەت بەوەش کۆمەڵێک تۆمەتی بێبنەمایان داوەتە پاڵیان و دواتر لە هیچ بێڕێزییەک دەرحەق بەو بنەماڵە بەڕێزە دەستیان نەپاراستووە.

ئەو هێرشە دژەمرۆیی و شۆڤێنیستانەیە، ئەوەی وەبیر هێنامەوە کاتێک بەڕێز عوسمان بایدەمیر لە پارلەمانی تورکیادا ناوی کوردستانی هێنا، هێندێک لە پارلەمانتارە ڕەگەزپەرستەکانی تورک بەگژیدا چوونەوە و پرسیاریان لێ کرد: کوا کوردستان؟ شوێنێک نییە بە ناوی کوردستان! بایدەمیریش زۆر جوامێرانە دەستی لەسەر دڵی دانا و گوتی: «ئەوەتا کوردستان، کوردستان لە دڵی مندایە».

جارێ پێش هەموو شتێک پێمخۆشە دەستخۆشی بەو کەسە بڵێم ئەو پۆستێرەی دیزاین کردووە و پێزانینم بۆی هەیە؛ پاشان سپاس و پێزانینی خۆم ئاراستەی بنەماڵەی شەهید ژینا ئەمینی دەکەم بۆ هەڵبژاردنی ئەو پۆستێرە مانادارە کە لە کاتی گونجاودا بڵاویان کردەوە. لەسەر ئەو باوەڕەم ئەو پۆستێرە و ئەو وێنەیە، جوانترین و پڕماناترین وێنە بوو لە نێو کۆی ئەو وێنە و پۆستێرانەی لە شەهید ژینام دیتوون. با دوژمن و نەیارانی کورد بزانن کوردستان لە دڵی هەر کوردێکدا هەیە؛ هەروەها بە شانازییەوە دەتوانم بڵێم زۆربەی نزیک بە تەواوی گەلی کورد، ئەگەر بۆی بڕەخسێت، ئاڵای پیرۆزی کوردستان

لەسەر سەر و شانیان دادەنێن و بە شکۆ و شانازییەوە بەرزی دەکەنەوە هەتا بشەکێتەوە.

دوژمنایەتیی نەیارانی کورد لەگەڵ بنەماڵەی شەهید ژینا ئەمینی کە ئێستا ڕەمزی خەبات و تێکۆشانی بزووتنەوەی سیاسی - کۆمەڵایەتیی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانن نابێ بۆ خەڵکی کوردستان نامۆ بێ؛ چونکی سیاسەتی حکوومەتە ناوەندگەراکانی تاران نزیک بە سەدەیەکە بە شێوەی ڕۆژانە، هەر جار لە گۆشەیەکی ئەو خاکەدا ڕق و قینی نەفرەتیی خۆیان بەسەر کورددا دەڕێژن. تەنیا جیاوازییەک کە کوشتنی بەئەنقەستی ژینا لە ژیناکانی پێش خۆی جیا دەکاتەوە، کۆمەڵێک تایبەتمەندیی نوێ و جیاواز لە هەڵوێستی هەراوی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرانبەر بەو تاوانە بوو. بەو مانایە کە کەڵەکەبوونی تاوان و جینایەتەکانی ڕێژیم لە کوردستان بە کوشتنی بەئەنقەستی ژینا ئەمینی گەیشتە لووتکە و تووڕەیی لەڕادەبەدەر و پەنگخواردووی کۆمەڵگە، گەیشتە ئاستی تەقینەوە. لەڕاستیدا کۆمەڵێک تایبەتمەندی، بوونە هەوێنی چەخماخەی یەکێک لە بەربڵاوترین بزووتنەوەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی سەردەم، بزووتنەوەی «ژن، ژیان، ئازادی».

ئەم بزووتنەوەیە کە بە ڕچەشکێنی و پێشەنگایەتیی ژنان وەڕێ خرا، یەکگرتوویی، هاوخەباتی و هاوخەمییەکی گەورەی لە ئاستی ئێراندا دروست کرد کە زۆری نەخایاند سنووری جوغرافیای ئێرانی بڕی. ئەم بزووتنەوەیە هەروەها گۆڕانی بنەڕەتیی لە خواستی خەڵکدا دروست کرد و دروشمی ڕووخانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەبێ ترس و بەڕاشکاوی لە زۆربەی شارەکانی ئێران بەتایبەتی کوردستان بەرز کرایەوە. خەڵک، ترسیان لە ڕێژیم شکابوو و بزووتنەوەکە شێوەی جۆراوجۆری بە خۆیەوە گرتبوو و ڕێژیم لە کۆنترۆڵکردنی وەزعەکەدا دامابوو، بۆیە ئەو بزووتنەوەیە زۆرترین پانتایی ئێرانی داگرت و زیاتر لە سەد ڕۆژی خایاند.

ئەو بزووتنەوەیە ئەگەرچی بەتوندی سەرکوت کرا و تێچووی مرۆییی زۆری بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هەبوو، بەڵام شوێندانەریی زۆری لەسەر ڕەوتی مافخوازیی کورد لە ئێران دانا و بەتەواوی شان و شکۆی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی شکاند. دواتریش سیاسەتەکانی ڕێژیمی لە هەمبەر حیجابی زۆرەملێ تووشی هەرەسهێنان کرد و ئێمە ئێستا ئەو دارمانە ئایدۆلۆژییەی کۆماری ئیسلامی بە ڕوخسار و سیمای شارەکانی ئێرانەوە دەبینین.

کۆتا قسە:

گرنگترین کاریگەریی بزووتنەوەی ژینا «ژن، ژیان، ئازادی» ڕاپۆرتی «کۆمیتەی دۆزینەوەی ڕاستییەکانی ڕێکخراوی نەتەوە

یەکگرتووەکان لەسەر ئێران» و ڕاپۆرتە تایبەتەکەی ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی بوو کە بەڕاشکاوی ڕایانگەیاند کۆماری ئیسلامیی ئێران بەرپرسیاری کوشتنی بەئەنقەستی ژینا ئەمینییە؛ هەروەها بێوێنەترین هەڵوێستی ئەم ڕێکخراوەیە لە بەرامەر ئێران بوو کە سەرکوتی خۆپیشاندەران و مافخوازانی سەرشەقام بەتایبەتی ژنان و کچانی بە «بەرجەستەبوونی تاوان دژی مرۆڤایەتی» ناو برد و کۆمەڵێک نموونەیان هێناوەتەوە کە لە چوارچێوەی تاوانی دژی مرۆڤایەتیدا جێگە دەگرن. ئەم ڕاپۆرتانە بەتایبەت سەرنجیان خستووەتە سەر کوردستان و بەلووچستان. ئەو کۆمیتەیە تا ئێستا دەیان هەزار بەڵگەی ئامادە کردووە تا بەپێی بنەمای دەسەڵاتی دادوەریی گەردوونی بۆ دادگاییکردنی نێودەوڵەتیی فەرمانبەران و ئەنجامدەرانی سەرکوتکاری کەڵکیان لێ وەرگیرێ.

ئەوەش هۆکاری ئەوەیە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران و هێندێک لە بەناو ئۆپۆزیسیۆنەکان، ئەوەندە لە بزووتنەوەی ژینا و بنەماڵەی بەڕێز، خۆشەویست و خۆڕاگری ژینا ئەمینی تووڕە بن. بەڵام شک لەوەدا نییە چەندی گوشار لەسەر بنەماڵەی ژینا ئەمینی و بیرێزییەکان بەو بنەماڵە خەباتکارە زیاتر بن، ئەو بنەماڵەیە زیاتر لەلای خەڵکی کوردستان و ئازادیخوازان خۆشەویستتر دەبن.

١ی ڕەزبەری ٢٧٢٦

شۆڕشی ژینا لە ڕووی بابەتی و چۆنیەتییەوە هەروا لە لووتکەدایە

مستەفا مەعرووفی

لە کۆتایی یەکەم حەوتووی سێپتامبری ئەمساڵدا ناوچەیەکی سەوز لە شاری هامبورگی ئاڵمان بە فەرمی بە ناوی ژینا ئەمینی کرا؛ ئەمە بۆ چوارەمین ساڵە لە سەرانسەری جیهان بەتایبەتی لە وڵاتانی دێموکراتدا شەقام، شوێنی گشتی و پارک بە ناوی ژینا ئەمینییەوە دەکرێن. ئەمە لە کاتێکدایە کە دوای کوژرانی ژینا ئەمینی، کچە کوردی شاری سەقز بە دەستی مەئموورانی کۆماری ئیسلامی کە بوو بە هۆی هەڵگیرسانی ڕاپەڕینێکی هەمەلایەنە لە سەرانسەری ئێراندا، زۆر

ڕووداوی گرنگی دیکەش ڕوویان داوە کە گرنگترینیان شەڕی ١٢ ڕۆژە و ٤٠ ڕۆژەی ئەمریکا و ئیسرائیل لەدژی کۆماری ئیسلامی و ڕاپەڕینی بەفرانباری ڕابردووی خەڵکی ئێران لەدژی ئەم ڕێژیمە بوون. بەوحاڵەش هیچکام لەو ڕووداوە گرنگانە: نە سوورهەڵگەڕانی شەقامەکانی شارەکانی ئێران بە کوژرانی دەیان هەزار کەس لە بەفرانباردا بوونەتە هۆی کاڵبوونەوەی ڕەنگی شۆڕشی ژینا و نە بە تەموتومانی بۆردومانی فڕۆکە و هاژەکەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل تۆزی فەرامۆشی لەسەر ئەم شۆڕشە نیشت.

تایبەتمەندییەکانی ئەم شۆڕشە چی بوون، پەیام و دروشمەکانی کامانە بوون و هەڵگری چ بابەت و نیوەڕۆکێک بوو کە ئەم شۆڕشە و ئامانجەکانیانی هەروا بە زیندوویی و لە لووتکەدا هێشتووەتەوە؟ لەم چەند دێڕەدا هەوڵ دەدرێ وەڵامی ئەم پرسیارانە بدرێتەوە. بۆ ئەوەی هەم ڕادەی گرنگیی شۆڕشی ژینا لە ڕووی چۆنیەتییەوە بزانین و هەم تایبەتمەندییەکانی باشتر بناسین، هەوڵ دەدرێ لەو جێگایانەدا کە پێویست بێ، بەراوردێکیش لەگەڵ ڕاپەڕینی گەورە و پڕ تێچووی بەفرانباری ڕابردووی ئێران بکرێ.

شۆڕشێکی پێشکەوتنخواز و ڕوو لە داهاتوو

لەساڵی ١٩٧٩ەوە کە کۆماری ئیسلامی هاتووەتە سەر کار، چەندین ڕاپەڕین و نارەزایەتی لەدژی ئەم ڕێژیمە ڕوویان داوە؛ ڕاپەڕینەکان جار لەگەڵ جار بەرینتر، ڕادیکاڵتر و درێژخایەنتر بوون، هەرکامیان لەچاو پێشتر گەورەتر بوون، شۆڕشی ژیناش هەر بەم جۆرە بوو. نزیکەی ٣ ساڵ دوای شۆڕشی ژینا شاهیدی ڕاپەڕینێکی دیکە بووین کە زۆر لە ڕاپەڕینەکانی دیکە خوێناویتر بوو. تەنانەت بە گوێرەی هێندێک سەرچاوە، لە شۆڕشی ١٩٧٩ کە بوو بە هۆی ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتیش خوێناویتر بوو؛ زۆربەی سەرچاوەکان لەسەر ئەوە کۆکن کە تەنیا لە شەوانی ١٨ و ١٩ی بەفرانباردا نزیکەی ٣٠ هەزار کەس لە خۆپیشاندەران لە لایەن هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامییەوە کوژراون. ئەمە ڕاستە کە لە ڕووی چەندایەتییەوە، بەتایبەتی ڕژانی ملیۆنیی جەماوەر بۆ سەر شەقامەکان لەم ڕاپەڕینەی دواییدا، لە دوای شۆڕشی ١٩٧٩ەوە بێوێنە بوو؛ بەڵام لە ڕووی چۆنایەتی و نیوەڕۆکی دروشم و ئامانجەکانیەوە، ئەمەیان بە ڕادەی شۆڕشی ژینا پڕنێوەڕۆک و شوێندانەر نەبوو. شۆڕشی ژینا شۆڕشێک بوو کە پشتی لە مێژووی دووروودرێژی دیکتاتۆری کردبوو کە لە دروشمی «نەمان بۆ ستەمکار، جا چ شا بێ چ ڕێبەر»دا خۆی دەبینییەوە. بە پێچەوانەی ڕاپەڕینی بەفرانبار کە لە کاردانەوە بەرامبەر بە گرانبوونی دۆلار سەری هەڵدا و هەوڵ دەدرا بە لایەنگری لە ڕێژیمی ڕووخاوی پاشایەتی بە لاڕێدا ببرێ. کاکڵی شۆڕشی ژینا دژی سیستەمی پیاوسالاری و جیاوازیدانانی ڕەگەزی و بۆ لابردنی ستەمی مێژوویی لەدژی ژنان بوو، کە لەگەڵ ئامانج و بایەخە جیهانییەکان یەکی دەگرتەوە و لە دروشمی سەرەکیی «ژن، ژیان، ئازادی»دا خۆی دەبینییەوە کە خێرا

سنوورەکانی کوردستان و ئێرانی بڕی و بوو بە دروشمێکی جیهانی. بە پێچەوانەوە، دروشمی هەرە بەرچاوی ڕاپەڕینی بەفرانبار لە تاران و شارەکانی ئێران بۆ لایەنگری لە «ڕەزا پەهلەوی» کوڕی دیکتاتۆری پێشووی ئێران دران؛ واتە بە پێچەوانەی شۆڕشی ژینا، هەوڵ دەدرا ڕاپەڕینی بەفرانبار لە ڕووی مێژووییەوە بەرەو دواوە بگەڕێنرێتەوە.

شۆڕشێکی فرەچەشن و بەدوور لە ناوەندگەرایی

فرەچەشن ڕێک بەو واتایە کە پێچەوانەی ناوەندگەرایی بێ. لە وڵاتانی جیهانی سێیەم بەتایبەتی لە ئێران، ناوەند (پایتەخت) چەقی ڕووداوەکانە و بڕیار و چارەنووسی هەموو رووداو و ئاڵوگۆڕێک لە ناوەندەوەیە. ململانێکان لە ناوەند یەکلا دەبنەوە و باقیی ناوچەکانی دیکەی وڵات لەژێر کاریگەریی ئەودا بەدوای چارەنووسی خۆیاندا دەگەڕێن. بۆ یەکەمجار بوو لە مێژوودا سەرانسەری ئێران کەوتە ژێر کاریگەریی نەتەوەیەکی پەراوێزخراوی وەک کورد. بۆ یەکەمجار دروشمی «کوردستان چاو و ڕووناکیی ئێران» لە شەقامەکانی تاران و شارەکانی دیکەی ئێران دەنگی دەدایەوە. لە یەک سەدەی ڕابردوودا، لەو کاتەوە کە نەمامی بزووتنەوەی ئازادیخوازیی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چەکەرەی کردووە، چ لە سەردەمی دیکتاتۆریی پەهلەوی و چ لە سەردەمی ڕێژیمی فاشیست - مەزهەبیی کۆماری ئیسلامیدا، کورد و بزووتنەوەکەی جگە لە سەرکوتکرانی خوێناوی، لەژێر ژەهراویترین هێرشی میدیاییدا بووە و ئەم دوو ڕێژیمە زەبری زۆر قورسیان لە هاوپێوەندیی گەلانی ئێران و یەکیەتی و هاوکاریی نێوان ئەوان داوە. بەوحاڵەش لە شۆڕشی ژینادا ناوەند کەوتە ژێر کاریگەریی پەراوێز و، نەتەوەی کورد و بزووتنەوەکەی کە لە کۆنەوە وەک دوژمن دەناسێندران، ئەمجارە وەک «ڕزگاریدەر» سەیری دەکرا. لە کاتێکدا لە ڕاپەڕینی بەفرانباردا ڕەزا پەهلەوی هەر کە ناوی خۆی بیستەوە، لە ژێستێکی «دۆن کیشۆت»انە هێرشی کردە سەر کورد و فەرمانی بە سوپا! دا لەدژی «جیاوازیخوازان» ئامادە و لەسەر پێ بن! و لایەنگرانی لە وڵاتانی دەرەوە هێرشیان دەکردە سەر کەسانی جیابیر و ئەو کارەیان دەکرد کە بەسیجی و هێزە سەرکوتکەرەکانی دیکەی کۆماری ئیسلامی لە نێوخۆی وڵات دەیانکرد. تەنانەت کار گەیشتە تیرۆر، بۆ نموونە تیرۆری مەسعوودی مەسجوودی لە کەنەدا کە ڕەخنەگری ڕەزا پەهلەوی بوو.

لە کاتێکدا کە ئامانجەکانی شۆڕشی ژینا هەروا بە بایەخ و جێی ستایشن، لانیکەم هەتا ئێستا لە باری کۆمەڵایەتییەوە و بەتایبەتی لە پێوەندی لەگەڵ ژناندا پاشەکشەیەکی واتاداری کۆماری ئیسلامیی بەدواوە بووە، بەرژەوەندییەکانی ئیسرائیل لە هێنانە پێشەوەی ڕەزا پەهلەوی و هەڵە و لێدوانە هەڵنەسەنگێندراو و بەپەلەکانی ناوبراو، گەورەترین زەبریان لە - تا ئێستا - دووەمین ڕاپەڕینی گەورەی مێژووی ئێران دا و دەرفەتێکی زێڕینی لەبەر دەستی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی نا. زیاتر لە ٣٠ هەزار کەس لە ماوەی ٢ شەودا بوونە قوربانی بۆ ئەوەی دیکتاتۆریی پێشوو جێگەی دیکتاتۆریی ئەمڕۆ

سەرچاوە
Serchawe

بگریتەوە!

شۆڕشێکی سوننەتشکێن و ژنتەوەر

شۆڕشی ژینا لە هەناوی کوردستانەوە، لە ئەزموونی ٨ دەیە خەباتی گەلی کوردەوە سەرچاوەی گرتبوو. نزیکەی ٨٠ساڵ پێشتر لە سەردەمی کۆماری کوردستان، ڕێکخراوێکی دیموکراتیکی تایبەت بە ژنان لە شاری مەهاباد دامەزرا. ژنان لە نێو حیزبە سیاسییەکانی کورددا کاری سیاسی دەکەن و لە ئاستی بەڕێوەبەریدا بەرپرسیارەتی وەردەگرن و تەنانەت لە شەڕی داسەپاو بەسەر کورددا، شانبەشانی پیاوان لە مەیدانی شەڕدا ئامادەن و شەهید دەدەن. لە کاتێکدا نەک لە ئێران، تەنانەت لە تەواوی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا ئەمە تایبەت بە کوردە. ڕەنگە لەبەر ئەوە بێ کە نەتەوەیەکی بندەست و بێکەس بۆ مانەوەی خۆی پێویست بکا کەڵک لە هەموو توانا و پۆتانسیاڵەکانی وەربگرێ و هێز و پۆتانسیاڵی خۆی لە باوەڕ و سوننەتی نالۆژیکی و بێسووددا خەسار نەکا. ڕۆڵی چالاکانەی ژنانی کورد لە ڕووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکانی کوردستان و ئازایەتی و بوێرییان لە هاتنە مەیدان، ئیلهامدەری ژنانی سەرانسەری ئێران و پیاوانی یەکسانیخواز و وەڕەز لە فێرکارییە دواکەوتووانە و سەدەی ناوەڕاستییەکانی کۆماری ئیسلامی بوو، کە شانازییەکانی شۆڕشێکی پێشکەوتنخواز و ڕیشەیی و فرەڕەهەندی وەک «شۆڕشی ژینا»یان خوڵقاند.

لە دوای شۆڕشی ژینا و لەژێر کاریگەرییەکانیدا بوو کە رووپۆش و چارشێوی بە زۆرەملێ و چەکی داسەپاوی کۆماری ئیسلامی لە برەو کەوت و بێبایەخ کرا. ئەم شۆڕشە زەبرێکی قورس و مێژوویی لە سوننەت و باوەڕی دژەژن دا؛ شۆڕشێک بوو کە گۆڕانی هزری لە بنچینەوە تێدا دەخوێندرێتەوە و لە دەستاودەستکردنی دەسەڵاتی سیاسی ڕیشەدارتر و قووڵترە؛ شۆڕشێک کە گۆڕانی کۆمەڵایەتی و تەنانەت فەرهەنگیی بەدوای خۆیدا هێناوە و دێنێ؛ شۆڕشێک کە ڕێنێسانسێکی بەدوای خۆیدا بەڕێ خستووە کە مەودایەکی مێژوویی دووروودرێژتری لە هەڵگیرسان و کۆتایی شەڕەکان و تاکتیکە سیاسییەکان هەیە و، تەنانەت لە پاش ئەگەری نەمانی کۆماری ئیسلامیش پەیام و ئامانجەکانی بەردەوام دەبن.

شۆڕشێک کە خێرا بوو بە ڕووداوێکی جیهانی

کچێکی کورد لە نێو شاری تاران بە ڕۆژی ڕووناک تەنیا پەرچەمی لە سووچی لێچکەوە ڕەها ببوو؛ نەک بە تەنیا یان لەگەڵ ئەغیار! بەڵکوو هاوڕێ لەگەڵ برای خۆی. ئەمە بوو بە هۆی کوژرانی، نەک بە دەستی باند و مافیاوە، بەڵکوو بە دەستی «پۆلیسی ئەخلاق»! ستەمەکە بە ڕادەیەک ڕووت و بێبەزەییانە و، بیانووەکەی بە ڕادەیەک کەمبایەخ بوو کە نەدەکرا هەروا بە ئاسانی و بە بێدەنگی تێپەڕێ. شانۆی ئەم ڕووداوە تراژیدییە سۆز و هاوپێوەندیی سەرەتا لە ئێران و

پاشان لە سەرانسەری جیهاندا بۆ لای خۆی ڕاکێشا. لەچکفڕێدان لە شەقامەکانی ئێران بەرینتر لە جاران و، دیاردەی قژبڕین بە نیشانەی هاودەردی لە سەرانسەری جیهاندا، لە نێو ژنانی سیاسی و ئەندامپەرلەمان، هونەرمەند و سینەماکار و چالاکانی بواری فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیدا بوو بە دیاردە. جگە لە کۆڕ و کۆبوونەوە بۆ یاد و بیرەوەریی ژینا ئەمینی، کتێبخانەکان، شوێنە گشتییەکان، پارک و ساڵۆنی زانستگەکان بە وێنەی ژینا و بە جوانترین دەربڕینەکان ڕازانەوە. هونەرمەندان گۆرانییان بۆ دانا و داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ خەڵاتیان بۆ یاد و ناوی ئەو دیاری کرد. سەرەنجام شەقام و پارک و مەیدانی شارەکان لە ئورووپا بە ناویەوە کرا. لەم شەپۆلە بەرینە جیهانییەشدا هەوڵ درا ناسنامەی کوردبوونی لەبەر چاوی جیهانیان بدزرێ و ون بکرێ، بەڵام هەوڵی هەمەلایەنە و هەرەوەزیی دڵسۆزانی کورد ڕێگەی نەدا ناوی «ژینا»ش وەک بەخت و چارەنووسی کورد، لە غیابی کورددا لە قووڵایی ڕووداوەکاندا نوقم بێ. ئەمڕۆ ناوی «ژینا (مەهسا) ئەمینی» لە ڕیزی ژنانی ناوداری جیهاندا لەسەر تابلۆی شەقامەکانی ئورووپادا دەبریسکێتەوە؛ دیوێکی ئەم تابلۆیە حیکایەتی چارەنووسی خەماویی کچێکی بێتاوانی کورد و دیوەکەی دیکەی چیرۆکی دەمارگرژی و بێبەزەییی دەسەڵاتی بێگانە بۆ ڕێبوارانی ئورووپایی دەگێڕێتەوە.

بە کورتی، شۆڕشی ژینا شۆڕشێکی پێشکەوتنخواز، دێموکراتیک و دژەفاشیستی بوو. بە هۆی نێوەڕۆکی یەکسانیخوازانە و گرێدراوی بە نۆرم و بایەخە مرۆییەکانەوە، خێرا بوو بە ڕووداوێکی جیهانی و هاوسۆزی و پشتیوانیی ئازادیخوازانی دژەفاشیزمی لە سەرانسەری جیهاندا بۆ لای خۆی ڕاکێشا. خێرا بوو بە سەرچاوەی گەلێک ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی. زەبرێکی کاریگەر بوو لە سوننەت و مێژووی دووروودرێژی چەوسانەوە و جیاوازیدانانی ڕەگەزی کە بە هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی گەیشتبووە لووتکە. بە هۆی ئەوەی کە سەرچاوەی شۆڕشەکە لە کوردستانەوە بوو، هەڵگری مۆرکی نزیک بە یەک سەدە خەباتی ئازادیخوازانە و یەکسانیخوازانەی بزووتنەوەی کورد بوو، ئەمەش دەرفەتێک بوو کە جارێکی دیکە وێڕای پەیامە مرۆڤایەتییەکانی، هاواری نەتەوەی ژێردەستی کورد – کە قوربانیی فاشیزمی ناوچەیی و سیستەمی نادادپەروەرانە و ناهاوسەنگی ئەمڕۆی جیهانییە – بە گوێی گرانی زلهێزەکانی جیهاندا بدات.

٥ی ڕەزبەری ٢٧٢٦

هاژەی مووشەک و نەڕەی شەقام (شیکاریی هێرشی ٤ی ڕەزبەر و بزووتنەوەی ژینا)

عەلی بداغی

ڕووداوەکانی پاییزی ١٤٠١ یەکێک لە هەستیارترین و دەگمەنترین وەرچەرخانە سیاسییەکان بوون لە مێژووی هاوچەرخی ئێراندا. قەتڵی حکوومەتیی ژینا ئەمینی لە تاران بووە سەرەتای ڕاپەڕینێکی سەرتاسەری، کە هاوکات بوو لەگەڵ بڕیاری سەرکوتی توندی بزووتنەوەی کورد لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە؛ واتە هێرشی هاژەکی و دڕۆنی لە ٦ی ڕەزبەری ١٤٠١دا بۆ سەر بنکەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و حیزبە کوردییەکانی دیکە لە باشووری کوردستان.

شەهیدکرانی ژینا، سەرهەڵدانی بزووتنەوەی «ژن، ژیان، ئازادی» و مووشەکبارانی حیزبی دێموکرات لە کاتێکدا بوو کە تەنیا مانگێک بوو ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات یەکگرتنەوەی خۆیان ڕاگەیاندبوو؛ ڕووداوێکی مێژوویی کە کۆماری ئیسلامیی ئێرانی زۆر تووڕە کردبوو.

سەبارەت بە هۆکاری ئەو هێرشە بەربڵاوە مووشەکییە بۆ سەر حیزبی دێموکرات - کە لە ئاکامی سێ شەپۆلی ئەو هێرشانەدا، ١٣ کادر و پێشمەرگە و تەنانەت دایکی زەیستان و کۆرپەی تەمەن یەک ڕۆژ شەهید بوون - دەبێ ئەم بابەتە لە چوارچێوەی شەڕی ٤٧ ساڵەی کۆماری ئیسلامی دژ بە بزووتنەوەی کورددا تاوتوێ بکەین:

شەڕی کۆماری ئیسلامی دژ بە حیزبی دێموکرات و کوردستان، یەکەمین و درێژترین شەڕی ئەم ڕێژیمەیە کە لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ەوە بە فەرمانی جیهادی خومەینی دەستی پێ کردووە و هەتا ئێستا درێژەی هەیە. ڕێژیم بۆ حاشاکردن لە خەباتی ڕەوای نەتەوەیەک، هەمیشە هەوڵی داوە پرسی کورد بۆ ئاستی پاشکۆیەتیی شەڕە دەرەکییەکان لەگەڵ عێراقی سەردەمی سەددام، ئەمریکا و ئیسرائیلدا دابەزێنێت. هێرشی ٦ی ڕەزبەر لە ڕاستیدا درێژەی هەمان هێڵی سەرکوتکردنی بزووتنەوەی کوردستان بوو.

جگە لەوە، کۆماری ئیسلامی کە زیاتر لە چل ساڵ بوو جاری ئەوەی دەدا پرسێک بە ناوی پرسی کورد نییە و حیزبە کوردییەکان کەمترین متمانەیان لای خەڵکی کوردستان نەماوە، لە بزووتنەوەی ژینادا - کە لەسەر بانگەوازی حیزبی دێموکرات و حیزبە کوردییەکانی دیکە وەڕێ کەوتبوو - بینی کە کوردستان گڕکانی ڕاپەڕینە و گوتاری کوردستانیی «ژن، ژیان، ئازادی» بە تەواوی ئێران و جیهاندا بڵاو بووەتەوە.

لێدانی حیزبەکان بەو هۆیەوە بوو کە دەسەڵات دەیزانی حیزبێکی وەک دێموکرات، بەپێچەوانەی ئۆپۆزیسیۆنی تاراوگە، خاوەنی ڕەگ و ڕیشەی قووڵی جەماوەرییە لە نێو کۆمەڵگەدا و توانای ئۆرگانیزەکردنی شەقامی هەیە؛ بۆیە لێدان لە حیزبی دێموکرات، هەوڵێک بوو بۆ لێدان لە سەرچاوەی فکری و ئیلهامبەخشی بزووتنەوەکە. لەلایەکی دیکەشەوە، ڕێژیم لە کاتێکدا سەرەڕای سەرکوتی خوێناوی لە دامرکاندنی بڵێسەی شەقامدا دەستەوسان مابوو، ویستی شەڕەکە بباتە دەرەوەی سنوورەکان و سیمای ڕاپەڕینەکە لە ڕابوونێکی مەدەنی و شارستانییەوە بگۆڕێت بۆ پێکدادانی سەربازی و کەشێکی میلیتاریستی.

بەڵام هاوکاتیی مووشەکبارانی بنکەکانی حیزب لەگەڵ خۆڕاگریی بێوچانی سەر شەقام، هەموو پلان و هاوکێشەکانی کۆماری ئیسلامیی تێک دا. ڕێژیم پێی وابوو بە هێرشی مووشەکی بۆ سەر بنکە و بارەگای حیزبەکان، دەتوانێت حیزبەکان ناچار بە

پاشەکشە بکات و ترس بەسەر خەڵکدا زاڵ بکات؛ بەڵام خەڵکی کوردستان بە بەرزکردنەوەی دروشمەکانی وەک «قاسملوو، قاسملوو، ڕێگات درێژەی هەیە» و «کۆیە بەتەنیا نییە، کوردستان پشتیوانییە» لەسەر شەقامەکاندا، وەڵامێکی سیاسییان دایەوە و پێشانیان دا کە پێوەندیی کۆمەڵگەی کوردی و حیزبەکان، پێوەندییەکی زیندوو و عەینییە.

لایەنێکی دیکەی بەرچاو لەو بزووتنەوەیەدا ئەوە بوو کە ڕێژیم دەیویست بە ڕەمزی «تجزیەطلبی» پەرە بە دابڕانی نێوان کوردستان و ناوچەکانی دیکەی ئێران بدات؛ بەڵام هەڵوێستی ژیرانە و مەدەنییانەی حیزبەکان وای کرد دروشمی «کوردستان چاو و چرای ئێرانە» لە تاران و شارەکانی دیکە دەنگ بداتەوە و پیلانەکەی ڕێژیم پووچەڵ بێتەوە.

چوار ساڵ دوای ڕووداوەکانی ٢٥ی خەرمانان - کە بە کوشتنی ژینا ئەمینی دەستی پێ کرد و بە سەرهەڵدانی بزووتنەوەی «ژن، ژیان، ئازادی»، مووشەکبارانی بنکە و بارەگاکانی حیزبی دێموکرات و بەرەوپێشچوونی بزووتنەوەی سیاسی و مەدەنیی کورد درێژەی کێشا - دەریخست کە ئەوەی دۆڕاوە تەنیا کۆماری ئیسلامییە. بزووتنەوەی سیاسیی کورد بە ئەکتی سیاسیی جۆراوجۆر لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات و ئەکتی مەدەنیی وەک نەورۆزی خاکیپۆشان و جووڵانەوە مەدەنییەکانی دیکە، دەریخست کە بەردەوام ڕوو لە گەشەیە و بەرەو پێش چووە. ئەوەش پێمان دەڵێ کاتێک ڕێژیمێک بە هەموو هێزی سەرکوتی ئایدیۆلۆژی، سەربازی و مووشەکییەوە لەو ٤٧ ساڵەدا نەیتوانیبێت کوردستان بە چۆکدا بێنێت، هیچ سیستەمێکی سیاسی لە داهاتووشدا ناتوانێت بە زەبری هێز پرسی کورد بسڕێتەوە.

مێژوو هەمیشە لەو خاڵانەدا دەگاتە خاڵی وەرچەرخان کە تێیاندا ئازار دەبێتە بیرۆکە و مەزڵوومییەت دەگۆڕێت بۆ هێز. پاییزی ١٤٠١ تەنیا وەرزێکی ئاسایی ساڵ نەبوو؛ وەرچەرخانێکی مێژوویی بوو کە تێیدا ناوی کچە کوردێک - ژینا - لەسەر بەردی مەزارەکەی لە سەقزەوە بوو بە ڕەمزی ڕاپەرینێکی بەرین؛ ڕاپەرینێک کە ڕەسەنایەتیی دەنگی «ژن، ژیان، ئازادی»ی لە ناخی چیاکانی کوردستانەوە بۆ سەرتاسەری شوێنەوارەکانی نادادپەروەری گواستەوە. لە نێوەڕاستی ئەم زۆرانبازییە مێژووییەشدا، کاتێک لە ٦ی ڕەزبەردا ئاسمانی باشووری کوردستان بە درۆن و مووشەکە بالیستیکەکان داپۆشرا و بارەگاکانی حیزبی دێموکرات کرانە ئامانج، دەرکەوت کە لە نێوان هەر «هاژەک»ێکدا کە لە ئاسمانەوە بۆ سەر حیزبی دێموکرات دەهاوێژرێت و «شەقام»ێکدا کە دەنگی ماف و ناسنامەخوازی بەرز دەکاتەوە، ئامانج و گوتارێکی هاوبەش هەیە کە بە هیچ چەکێک ناسڕێتەوە.

٦ی ڕەزبەری ٢٧٢٦

سەرچاوە: ڕۆژنامەی کوردستان و کوردستان میدیا

ڕوانینمان لە پەراوێزی بڵاوبوونەوەی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی

ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی لە چوارەمینساڵڕۆژی کوشتنی ژینا ئەمینی و سەرهەڵدانی ڕاپەڕینی «ژن، ژیان، ئازادی»دا بە بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتێکی گشتگیر و بەڵگەمەند، ڕایگەیاندووە لە ڕەوتی نارەزایەتییەکانی بزووتنەوەی «ژن، ژیان، ئازادی»دا دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بە شێوەی سیستماتیک تاوانی دژەمرۆیی خولقاندووە و لەو پەیوەندییەدا داوای دادئەستێنی و لێکۆڵینەوەی قەزایی لە دەیان بەرپرسی کۆماری ئیسلامی دەکا.

بە پێی نێوەڕۆکی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی سەبارەت بە سەرکوتکردنی ڕاپەڕینی «ژن، ژیان، ئازادی» لە ساڵی ١٤٠١، بەڵگەی گرنگ و یەکلاکەرەوە لە بەردەستدان سەبارەت بە قەبارەی ئەو تاوانانەی کۆماری ئیسلامی دژی خەڵکی ئێران، بەتایبەتی خەڵکی کوردستان، ئەنجامی داوە.

بڵاوکردنەوەی ئەو ڕاپۆرتە لە کاتێکدایە پێشتر لێژنەی سەربەخۆی نێودەوڵەتیی دەرخەری ڕاستییەکان کە لەلایەن شورای مافی مرۆڤی سەر بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بە مەبەستی بەدواداچوونی پێشێلکارییە بەربڵاو و ڕێکخراوەکانی هێزە فەرمییەکانی کۆماری ئیسلامی لە ڕەوتی بزووتنەوەی ژینادا - لە ٢١ی نۆڤامبری ٢٠٢٢ - پێکهاتبوو، لە ڕاپۆرتی خۆیدا بە ئەنجامێکی هاوشێوە گەیشتبوو. لێژنەکە ڕایگەیاندبوو بەشێک لە پێشێلکارییە گەورەکانی مافی مرۆڤ کە لەلایەن

دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامییەوە لە ڕەوتی سەرکوتکردنی ڕاپەڕینەکە ئەنجام دراون، بە ئاستی تاوانی دژی مرۆیی گەیشتوون. ئەم تاوانانە کوشتن، ئەشکەنجە، دەستبەسەرکردنی خۆسەر، دەستدرێژی و جۆرەکانی توندوتیژیی سێکسی، ونکردنی بەزۆرەملێ و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لەخۆ دەگرن کە بە ئامانجی جێبەجێکردنی سیاسەتی حکوومەتی ئەنجام دراون و دەکەونە چوارچێوەی تاوانی دژەمرۆییەوە.

لێبوردنی نێودەوڵەتی لە کۆتاییدا داوا لە کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکا بەپەلە میکانیزمێکی دادوەری بۆ بەدواداچوونی ئەو پرسە بە ئامانجی کۆکردنەوەی بەڵگەکان، لێکۆڵینەوە و تەعقیبی بەرپرسانی بەشدار لە تاوانی دژەمرۆیی لە ئێراندا پێک بێنێ و جەختی لەوە کردووەتەوە کە بنبەستی سیاسی لە شورای ئەمنییەت، بەربڵاویی تاوانەکان و ئەگەری زۆری دووبارەبوونەوەی ئەو تاوانانە، ئەوەمان پێ دەڵێ کە پێکهێنانی ئەو میکانیزمە پێویستییەکی بەپەلەیە.
بەپێی بەڵگە و لێکۆڵینەوەی دامەزراوە سەربەخۆ و نێودەوڵەتییەکان، سەرکوتکردنی ڕاپەڕینی «ژن، ژیان، ئازادی» تەنیا کۆمەڵێک ڕووداوی تاک و پەرشوبڵاو نەبووە، بەڵکوو بەشێک بووە لە هەڵمەتێکی بەرفراوان و سیستماتیک دژی خەڵکی ناڕازی. ئەوەی گرینگە لەو ڕاپۆرتەدا سەرنجی بدەینێ ئەوەیە بەڕوونی ئاماژە بە قەبارەی سەرکوت و پێشێلکارییەکانی دوو نەتەوەی کورد و بەلووچ کراوە و ئامارەکان دەری دەخەن کە ئاستی سەرکوت لەو دوو هەرێمەدا زۆر گەورەترە لە ناوچەکانی تری ئێران.

بە سەرنجدان بە دەرەنجامەکانی هەردوو ڕاپۆرتی ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی و لێژنەی دەرخەری ڕاستییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگر لەسەر دۆزی کورد لە ئێران و ڕابردووی پڕ لە کارەساتی ئەو نەتەوەیە لە سەردەمی هەردوو حکوومەتی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامیدا خۆی دەنوێنێ، دۆخێک کە مافە سەرەتاییەکانی گەلی کوردی بە شێوەی ڕێکخراو و بەربڵاو پێشێل کردووە و تاوانی نێودەوڵەتیی گەورەی لێ کەوتووەتەوە. بەردەوامیی ئەو دۆخە، زەروورەتی بەدواداچوون بۆ ڕیشە پێکهاتەییەکانی پێشێلی مافی مرۆڤ لە کوردستان زیاتر لە هەمیشە دەردەخا؛ کە بریتییە لە وەدیهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلان وەک پرەنسیپێکی بنەڕەتیی یاسای نێودەوڵەتی و مافێکی بەفەرمی ناسراو لە ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤدا. هەر بۆیە چارەسەریی بنەڕەتیی کۆتاییهێنان بە سەرکوتی خەڵک و گەڕەنتیی مافەکانی گەلی کورد تەنیا لەو دەریچەیەوە وەدی دێ. ئامارەکانی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی بەڕوونی ئەوە دەردەخەن کە هەڵاواردنی سیستماتیک دژی گەلانی بندەستی ئێران چ پێشێلکارییەکی بەربڵاوی مافەکانی مرۆڤی لێ کەوتووەتەوە.

لە لایەکی ترەوە پرسی بە نێودەوڵەتیکردنی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە ئێراندا، وڵاتانی دێموکراتیک و ئەو

دەوڵەتانەی کە لە یاساکانی خۆیاندا سەلاحیەتی دادوەریی جیهانیان بەفەرمی ناسیوە ئەرکدار دەکا زەرفیەتە یاسایی و دادوەرییەکانیان بۆ بەدواداچوون و سزادانی بکەران و بڕیاردەرانی ئەو تاوانانە بەکار بێنن و لە وەدیهێنانی دادپەروەری و ڕێگەگرتن لە دووبارەبوونەوەی ئەو تاوانانەدا بەشدار بن. ناکرێ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ڕێگە بدا جوگرافیا و سنوورە سیاسییەکان و هەروەها نەبوونی ئیرادەی دادپەروەری لەو وڵاتانەدا کە تاوانی گەورەیان تێدا ئەنجام دەدرێ، ببێتە هۆی پارێزراوی بۆ تاوانباران و وەدینەهاتنی دادپەروەری.

وەدیهێنانی دادپەروەری بۆ قوربانیانی ئەو تاوانانە، بەفەرمی ناسینی مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلی کورد و گەلانی بندەستی ئێران و کۆتاییهێنان بە پارێزراویی قەزایی، سێ هۆکاری سەرەکین بۆ پێشگرتن لە دووبارەبوونەوەی تاوانەکان و تەزمینی داهاتوویەک کە تێیدا مافەکانی مرۆڤ، ئازادی و کەرامەتی ئینسانی پارێزراو بن.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای پێشوازی لەم ڕاپۆرتە و وەبیرهێنانەوەی ڕاپۆرتی لێژنەی دەرخەری ڕاستییەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، جەخت دەکاتەوە کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی نابێ بە تێپەڕبوونی کات، تاوانەکانی کۆماری ئیسلامی لەبیر بکا. بەتایبەتی ئەوەی کە هەردوو لێکۆڵینەوەکە بە شێوەیەکی سەربەخۆ و بە پشتبەستن بە بەڵگە و شایەتییەکان، تاوانەکانی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامییان بە تاوانی دژی مرۆیی ناساندووە، بەرپرسیارەتیی دەوڵەت و بەرپرسانی سیاسی و ئەمنیی ئەو ڕێژیمە زیاتر لە جاران دەخاتە بەرچاوی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی.

کۆماری ئیسلامی ناتوانێ بە تێپەڕبوونی کات، گۆڕینی بەرپرسان یان خۆشاردنەوە لە پشت پێکهاتە حکوومییەکان، لە بەرپرسیارەتیی ئەو تاوانانە خۆی بدزێتەوە. لەبەر ئەوە، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران داوا لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکا کە لەسەر بنەمای ئەو بەڵگانە، هەنگاوی بەکردەوە لە پێناو دابینکردنی دادپەروەری بۆ قوربانییەکان و لێپرسینەوە لە بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی بنێن.

هەروەها لە ڕوانگەی حیزبی دێموکراتەوە، بەبێ گۆڕینی سیستەمی دەسەڵاتداریێتی لە ئێراندا، پێشێلکاریی بەربڵاو و ڕێکخراوی مافەکانی مرۆڤ کۆتایی نایە و گێڕانەوەی مافی تاوانلێکراوان و وەدیهاتنی دادپەروەری ڕوو نادا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

دەستەی کارگێڕی

٢٧ی خەرمانانی ١٤٠٥ی هەتاوی

١٨ی سێپتامبری ٢٠٢٦ی زایینی = ٢٧ی خەرمانانی ٢٧٢٦

سەرچاوە Serchawe

ئازاری کوردبوون لە وڵاتێکدا بە ناوی ئێران!

هەیاس کاردۆ

ڕەگەزپەرستی و هەڵاواردنی کۆمەڵایەتی دەنێو هەر کۆمەڵگەیەکدا، بەردی بناغەی لێکترازان و چەنددەستەییە. هەستی لێک جیاکردنەوە، چ ڕەنگی دینی و ئایینی هەبێ، چ لە قالبی نەتەوە، نژاد، زمان، ڕەنگ و جینسدا خۆی بنوێنێ، ماکەی ئاژاوە و دووبەرەکییە و لە ئاکامدا کۆمەڵگە بەرەو ئاقاری کێشە و ئاڵۆزی دەبا. ئەوانەی بۆ گەورە نیشاندانی خۆیان دەفکری چووککردنەوەی خەڵکی دیکەدان، درەنگ یا زوو ئاکامیماڵوێرانکەریی ئەو هەڵوێستە دەبینن. ئەو هەستە نگریسە کاتێک مەترسیدارتر دەبێ کە ڕاستەوخۆ لە لایەن دەسەڵاتی سیاسیی وڵاتەوە بەڕێوە بچێ، یان بە پشتیوانیی ئەو لەدژی

لایەنی دیکەدا بکرێتە کردەیی. لەو حاڵەتەدا کۆمەڵگەش بەپێی ئەو دیتنە دابەش دەکرێ و ئیتر مەجالێک بۆ پێکەوەژیانی ئاشتییانە و هێمنانە نامێنێتەوە.

بەداخەوە بەشێک لە دانیشتووانی ئێران ئەزموونی تاڵ و زیانهێنەری زۆریان لەو بارەوە هەیە. گەلی کورد بەرچاوترینی ئەو لایەنانەیە کە بە ناشیرینترین شکڵی مومکین تامی ئەو هەڵاواردن و بێڕێزییانەی چێشتووە. هەرچەند نەتەوەی باڵادەست، وڵاتی ئێران بە لانکەی شارستانەتی و پێکەوەژیانی ئاشتییانە پێناسە دەکا، بەڵام بەپێی هەموو پێوەرەکانی ئەمڕۆیی، هیچ نیشانەیەکی شارستانەتی دە ڕوانگە و هەڵوێستی بەشی باڵادەستی نێو ئەو کۆمەڵگەیەدا بەدی ناکرێ. ئازارێک کە نەتەوەی کورد لە ئێران بە دەست بێڕێزی و بە چووکگرتنەوە چێشتوویەتی لەبڕاننەهاتووە. بە درێژایی ساڵانی ڕابردوو، چ لەژێر دەسەڵاتی ڕەشی کۆماری ئیسلامیدا و چ بەر لەویش، خەڵکی کوردستان هیچکات هەستی بە هاووڵاتیی دەرەجە یەک نەکردووە. ئەو هەستە ناخۆشە بەجۆرێک دەگەڵ ژیان و گوزەرانی خەڵک ئاوێتە بووە کە مەجالی هەناسەکێشانی لێ بڕیوە.

ئازاری کوردبوون لە ئێران، تەنیا ئازاری جیسمی و ئێشی جەستەیی نییە. هەرچەند لەو بەشەدا کورد پشکی شێری پێ بڕاوە و بەردەوام خوێن لە جەستەی دەچۆڕێ، بەڵام ئازارە دەروونی و ڕەوانییەکانی کە لە ئاکامی ئەو هەڵاواردنەدا وێی کەوتووە یەکجار بەژانترە. ئازاری جەستەیی بە خۆڕاگری و کۆڵنەدان کەم دەکرێتەوە، بەڵام ئازاری دەروونی چونکە بەردەوامیی هەیە و دەگەڵ ژیانی ڕۆژانە تێکەڵە، ساڕێژبوونەوەی ئەستەمە.

با نموونەیەکی دیار و ناسراوی ئەو بوارە باس بکەین: لە شاری سەقزی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ساڵانێک پێش کچێک لە دایک دەبێ. وەک هەر کوردێکی دیکە، بنەماڵەی ئەو کچەش پێیان خۆشە ناوێکی کوردی بۆ کۆرپەکەیان دیاری بکەن. بە بڕیاری دایک و باب، ژینا دەبێتە ناسنامەی ژیانی ئەو کچە و ئیتر هەموو خزم و ناسیاوان بەو ناوە بانگی دەکەن. بەڵام کاتێک کار دەکەوێتە سەر سەبتی ئەو ناوە لە ئیدارەی پێوەندیداری حکوومەتیدا، مەسیری داستان دەگۆڕدرێ. شتێک بە ناوی ژینا دە فەرهەنگی لۆغاتی زمانی زاڵی سەر کۆمەڵگەی ئێراندا وجوودی نییە و هەر بۆیە بنەماڵە دەبێ ناوێکی دیکەی بۆ دیاری بکەن. سەرەنجام و بە ئیجبار «مهسا»ی مانادار لە زمانی فارسیدا وەپاڵ ئەو نەمامەی کورد دەدرێ. لەوە بەدوا بۆ هەموو ژیانی کورتی ئەو کیژۆڵە نازدارەی کورد، دوو ناو، بە دوو مانا و دوو پاشخانی جیاوازەوە تێکەڵی ژیانی ڕۆژانەی دەبێ. لە ماڵەوە ژینایە و لە قوتابخانە «مهسا». دایک بە ژینا بانگی دەکا و مامۆستا بە «مهسا». هەر لێرەوە یەکەمین هەنگاوەکانی هەڵاواردن و کوردئازاری دەست پێدەکا.

ژینای کورد و «مهسا»ی حکوومەتی بە دوو ناوی جیاوازەوە پێ دەگرێ و تێکەڵی دەرد و ڕەنجی لەبڕاننەهاتووی نێو کۆمەڵگە دەبێ. ئینجا بە هۆی ژنبوونیشییەوە دەکەوێتە بەر جۆرێکی دەردهێنەرتری هەڵاواردن و لەو بارەشەوە ئەوەی بێحورمەتییە پێی دەکرێ. سەرەنجام لە تەمەنێکدا کە تازە خەریک بوو گوڵی تەمەنی خونچە بکا و باخچەی کۆمەڵگە برازێنێتەوە، لە سەفەرێکیدا بۆ پایتەختی وڵات بە تاوانی بێ بنەمای «نەپۆشینی دروستی حیجاب» لە لایەن هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمەوە دەگیرێ و لە ژێر ئەشکەنجەدا گیان لە دەست دەدا.

هەتا ئێرە ژیان و مەرگی ژینا ئەمینی، نموونەی ژیانی تاڵ و تفتی زۆر کچ و کوڕی دیکەی کوردە کە هەم ئازاری دەروونی دەچێژن و هەم جەستە و لەشیان دەکەوێتە ژێر ئەشکەنجە و تەنانەت گیانیشیان لێ دەستدێندرێ. بەڵام مەرگی ژینا لاپەڕەیەکی نوێی لە مێژووی خەبات و بەرخۆدانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و بەدوای ئەویشدا خەڵکی کۆی ئێران بەدژی سەرەڕۆیی و زۆرداری هەڵدایەوە. ئەو بزووتنەوە بەهێز و جەماوەرییەی کە بە «ژن، ژیان، ئازادی» ناوی دەرکرد، هەموو ئێرانی گرتەوە، سنوورەکانی بڕی و بۆ ماوەیەکی زۆر خەوی لە چاوی دەسەڵاتدارانی ڕەشپەرست ڕەواند، بەدوای کوشتنی بێڕەحمانەی ئەو کچە کوردە خۆشینەدیوەدا سەری هەڵدا. لە ڕاستیدا دەکرێ بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادی بە یەکەم و بەهێزترین بزووتنەوەی سیاسی-کۆمەڵایەتیی هاوچەرخی ئێران بزانین کە هەم لە ئاست بەشداریی جەماوەرییەوە و هەم لە باری ڕێکخەرییەوە دیتراوە.

هەرچەند بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادی بە داخەوە نەیتوانی درێژەی هەبێ و بە هەموو ئامانجەکانی خۆی بگا، بەو حاڵەش هەم توانی حیجابی زۆرەملی کاڵ کاتەوە و ڕۆڵی واقیعیی ژنان لە خەبات و چالاکیدا زیاتر دەربخا، هەم لەوەش گرینگتر کۆمەڵگەی کوردستانی یەکگرتووتر و چاوکراوەتر کرد. لەو کاتەوە تا ئێستا کە چوار ساڵ بەسەر شەهیدبوونی ژینای کورددا تێدەپەڕێ، هەموو ساڵێ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە ساڵیادی کۆچیدا لە ڕێگای جۆراوجۆرەوە و یەک لەوان مانگرتنی گشتی، یادی دەکەن و هاوسۆزیی خۆیان دەردەبڕن. هەر وەک دیتمان ئەمساڵیش بە بۆنەی تێپەڕینی چوار ساڵ بەسەر شەهیدکردنی ژینای بێتاواندا و لەسەر داوای هاوپەیمانیی شەش لایەنی سیاسیی کوردستانییەوە خەڵکی زۆربەی شارەکانی کوردستان دەستیان بە مانگرتن کرد و بەمجۆرە نارەزایەتیی زیاتری خۆیان بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی نیشان دا.
ئەو شەپۆلە هاوخەباتی و هاوپێوەندییەی خەڵکی کوردستان لە چوارساڵەی بزووتنەوەی ژینادا، جارێکی دیکە ڕووی دزێوی شۆڤینیزمی دەسەڵاتدار لە لایەک و فاشیزمی چاوەڕێی دەسەڵاتی ئێرانی نمایش کردەوە. هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم دیسان وەک هەمیشە بەربوونە گرتن و تۆقاندنی خەڵک و بە دووپاتکردنەوەی تۆمەتی «تەجزیەتەڵەبی» لە چەکی فاشیزمی مەزنیخوازیی ئێرانیگەری لە دژی بزووتنەوەی ڕەوای خەڵکی کوردستان کەڵکی وەرگرت. دەسەڵاتدارانی ڕێژیم کە بە درێژایی ساڵانی ڕابردوو سەرەتا بە چەکی مەزهەب و دواتر گەڕانەوە بۆ مەزنیخوازیی نەتەوەیی لەبەرامبەر ویستی مافخوازانەی کورد ڕاوەستاون، ئەم ڕۆژانە زیاتر لە پێشوو لەو چەکە مەترسیدارە کەڵک وەردەگرن. ڕێژیم کە هیچ ڕێگایەک

سەرچاوە
Serchawe

نەماوە لە دژی مان و مەوجوودییەتی کورد تاقی نەکاتەوە، ئێستا بە ئاشکرا بێڕێزی بە پیرۆزییەکانی کورد دەکا و بێحورمەتیی گەیاندووەتە ئەوپەڕی خۆی. لەو پێوەندییەدا بیرەوەریی شەهیدبوونی ژینا کیژی خستە کەوڵییەوە و دیسان بیانووی کوردئازاریی دیکەی دیتەوە.

هەر وەک دیتمان پاش مانگرتنی گشتیی خەڵکی کوردستان، بنەماڵەی ژینا ئەمینی لە پەیامێکی ڤیدیۆییدا سوپاسی هاودەردی و هاوسۆزیی خەڵکی دڵسۆزی کوردستانی کرد کە خوێنی بە ناحەق ڕژاوی کچەکەیان لەبیر نەکردووە. ئەو پەیامە هەرچەند سادە و هەڵقوڵاوی دەردی بنەماڵەیەکی داغدار بوو، بۆ دوژمنانی یەکگرتوویی کورد وەک پەیامێکی مەترسیدار حیسابی بۆ کرا. هەر بۆیە زوو وەخۆ کەوتن و بۆ پێشگیری لە بڵاوبوونەوەی پەیامەکە و کاریگەرییەکانی، هەرچی بۆیان کرا کردیان. لە لایەک هێزی سەرکوتکەر وەگیانی خەڵک کەوتن و دەستیان بە گرتن و ڕاونان کرد و لە لایەکی دیکەش سەدان فاشیستی دژەکوردی ناسراو و نەناسراو کەوتنە بێڕێزی بەو بنەماڵە داغدارە و ئەوەی شیاوی خۆیان بوو وەپاڵیان دا.

جگە لە دەسەڵاتی زاڵ و شۆڤینیزمی نێوخۆیی، فاشیزمی چاوەڕێی گەیشتن بە دەسەڵاتیش لەو بارەوە بێکار دانەنیشت. ئەوانەی دە جلی وتووکراوی ئورووپاییدا باسی ئێرانی سێکۆلاری دوای کۆماری ئیسلامی دەکەن، بۆ دژایەتی دەگەڵ کورد چەند هەنگاویش لە ڕێژیم چوونە پێش. پاشماوەکانی نیزامی نگریسی شایەتی کە بە دروشمی یەک وڵات، یەک ئاڵا و یەک ڕێبەر خەونی گەڕانەوە بۆ سەر تەختی دەسەڵاتیان هەیە، دژایەتی دەگەڵ مافەکانی کوردیان وەک ئەرکی هەنووکەیی داناوە. ئەوان تەنیا بە گۆڕینی ناوی ژینا بۆ «مهسا» قایل نابن، بگرە دەخوازن بنەچەکی بنەماڵەیشی بسڕنەوە و تەنانەت حەق بە باوکی نەدەن وەک کچی خۆی باسی بکا. فاشیستە چاوچنۆکان دەیانەوێ ژینای کورد بکەنە «مهسا»ی ئێران و لە زێد و شار و وڵاتی خۆی داببڕن. دەیانەوێ بەرگی ڕەگەزپەرستانەی ئێرانیگەری بەبەردا بکەن و وەک چۆن مێژوویەکی درۆینیان بۆ ئێران ساز کردووە، لەم ڕووداوەش درۆیەکی دیکە بخەنە سەر مێژووی درۆینیان.

فاشیستەکان بەوە تووڕەن کە باوکی ژینا بە زمانی کوردی سوپاسی خەڵکی کوردستانی کردووە کە لە یادی شەهیدبوونی کچەکەیدا مانیان گرتووە. ئەوان ئەو پەیامە کورتەیان پێ تەحەممول نەکراوە و لافاوی تۆمەت و بێڕێزییان وەڕێ خستووە. دەڵێن «مهسا» کچی ئێرانە و نابێ بخرێتە قەوارەیەکی چووکەترەوە. دەڵێن نابێ بە ناوی ژینا بانگ بکرێ، جلی کوردی بکرێتە بەر و بە زمانی غەیری فارسی باسی لەسەر بکرێ. دەڵێن دەبێ دە ئاڵای شێروخورشیدنیشانەوە بپێچرێ و بە دروشمی «خودا، شا، مەیهەن» یادی بکرێ. ئەو فاشیستانە هێندە داخلەدڵن کە تەنانەت منەتی ئەوەندە هاتنە سەر شەقامەشیان بۆ دژایەتی دەگەڵ کۆماری ئیسلامی بە سەر بنەماڵەی ژینادا دەکەن و دەڵێن ئێمە بە خاتری کچێکی ئێرانی

نارەزاییمان دەربڕی، نەک کچێکی «تەجزیەتەڵەب». ئەو فاشیستانە هەر لە ئێستاوە خەت و نیشان بۆ کورد دەکێشن و هەڕەشەی ئەوە دەکەن ئێرانی داهاتوو جێگای هیچ مافخوازییەکی نەتەوەیی تێدا نییە.

نموونەی ژیان و مەرگی ژینا و ئەو ئازارانەی دوای مەرگیشی بنەماڵەکەی و خەڵکی کوردستان دەیکێشن، پێمان دەڵێ ئازاری کوردبوون هەتا چ ڕادەیەکە. ژیان لە کۆمەڵگەیەکدا کە هەستی پاکتاوی مەزهەبی، نەتەوەیی، زمانی، جینسی و هی دیکەی تێدایە، مەرگەساتە. کورد دەو مەرگەساتەدا دەژی. بۆ خۆڕزگارکردن لەو مەرگەساتە، جگە لە درێژەی خەباتێکی یەکگرتوانە و مانادار ڕێگایەکی دیکەمان نییە. بۆ ئەوەی هیچی دیکە ژیناکانمان بێناز نەمرن و بنەماڵەکانیان بێحورمەتییان پێ نەکرێ، لەسەرمانە وەخۆ بێینەوە. دەنگی پێی فاشیزمی مەزنیخوازیی ئێرانی لە بن گوێمانە.

١٧ی ڕەزبەری ٢٧٢٦

کۆمەڵێک وتارو لێدوان لە ماڵپەڕی "یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران"

بزوتنەوەی ژینا ئاراستەییێکی نوێی بە خەباتی مافخوازانەی ژنان بەخشی

شەهێن حوسێنی

زیاتر لە سەدەیەکە بزاڤی فێمینیستی بۆ گەیاندنی دەنگی ژنان، بەدەستهێنانی یەکسانیی ژن و پیاو و دەستەبەرکردنی مافە کۆمەڵایەتییەکانیان، هاندەر و ڕێکخەری خەباتی ژنان بووە. هەرچەندە ژنان ڕووبەڕووی ئاستەنگی زۆر بوونەتەوە کە ویستوویانە دەنگی مافخوازانەیان بۆ یەکسانی و سەربەخۆیی کپ بکەن، بەڵام بزاڤەکە هەر جارە و بە وێنایەکی نوێوە خۆی نوێ کردووەتەوە و لە خەبات بەردەوام بووە. لە کوردستان و لەم ساڵانەی دواییدا، لە هەناوی «بزووتنەوەی ژین»دا و بە دروشمی «ژن، ژیان، ئازادی»، شۆڕشی مافخوازانەی ژنان ئاڕاستەیەکی نوێی بە خۆیەوە گرتووە. ئاڕاستە بنچینەییەکانی ئەم بزووتنەوەیە، خەباتی ئازادیی ژنانی بە خێرایی کردە هێزێکی سیاسیی گەورە و لە سەرتاسەری جیهاندا بڵاوی کردەوە.

کۆمەڵێک وتارو لێدوان

ئەمساڵ چوار ساڵ بەسەر ئەم بزووتنەوەیەدا تێدەپەڕێت کە سەرەتا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دواتر لە ئێران سەری هەڵدا و پاشان دەنگدانەوەیەکی جیهانیی لێ کەوتەوە؛ ڕووداوێک کە کاریگەرییەکی قووڵی لە ڕوانگەی جیهانی بەرامبەر بە بزووتنەوەی ژنانی کوردستان دانا. لە ئێستادا هیوا بەم بزووتنەوەیە ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر دەبێت و بووەتە چەقی ڕزگاریی کۆمەڵگە و ئەو مانیفێستەی هەڵگرتووە کە «ئازادیی نیشتمان بەبێ ئازادیی ژن بەدی نایەت».

بۆ تێگەیشتن لەم بزووتنەوەیە، دەکرێت دروشمە سەرەکییەکەی و ڕەهەندەکانی شیکار بکەین و لە ڕەگ و ڕیشەی مێژوویی دروشمەکە بکۆڵینەوە. دروشمەکە پێش ئەوەی ببێتە سیمبۆلی ڕاپەڕینەکەی ساڵی ١٤٠١، مێژوویەکی دەوڵەمەندی هەیە. هەشتا ساڵ لەمەوبەر، مامۆستا هێمن، شاعیری نەتەوەیی کورد، بە گوتنی «تا ژن ئازاد نەبێ، سەرچاوەکەی ژین لیخنە»، ئەو سێ وشەیەی خولقاند: ژن، ژیان، ئازادی. ئێستا هێزی ئەم سێ وشەیە بووە بە دروشمی شەقامەکان. لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمیشدا لەلایەن ژنانی خەباتگێڕی کورد لە باکووری کوردستان و لە چوارچێوەی دەستپێشخەرییە فێمینیستی و ڕزگاریخوازییەکانەوە گوتراوەتەوە. دواتر لە ڕۆژاوای کوردستان بوو بە بنەمایەکی فەلسەفی بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵگە و بەرخۆدان دژ بە داعش.

پاشان چوار ساڵ لەمەوبەر، لە ٢٥ی خەرمانان و لە شاری سەقزی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لەسەر گۆڕی «ژینا»ی جوانەمەرگ، دوای ئەوەی پوری ژینا گوتی: «ناوت دەبێتە ڕەمزی خەبات بۆ ئازادی»، ژنێک بەوپەڕی هێزەوە هاواری کرد: «ژن، ژیان، ئازادی» و دواتر بوو بە هاواری ملیۆنان مرۆڤ لە جیهاندا. ئەم سێ وشەیە تەنیا دروشمێک نەبوون بۆ دامرکاندنەوەی ڕق و قینی بەشداربووانی مەراسیمی بەخاکسپاردنی ژینا، بەڵکو پوختەی جیهانبینی و داواکارییەکان بوون بۆ یەکسانی و کەرامەتی مرۆڤ. بۆیە بوو بە ناسنامەی ڕزگاریی کۆمەڵگەیەک و توانی هەموو سنوورە نەتەوەیی و ئایدۆلۆژیاییەکان ببڕێت و ببێتە دروشمێکی جیهانی:

– ژن: تەنیا وەک ڕەگەز سەیر ناکرێت، بەڵکو وەک چەقی ڕزگاریی کۆمەڵگە دەبینرێت، بەو مانایەی کە کۆتوبەندکردنی ژن، کۆتوبەندکردنی تەواوی مرۆڤایەتییە.

– ژیان:: بەو مانایەی کە ژن سەرچاوە و بەخشەری ژیانە. کاتێک مافەکانی ژن پێشێل دەکرێن و ژینگە و ژیانی لێ تێک دەدرێت، چەمکی ڕاستەقینەی ژیان بەهای خۆی لە دەست دەدات.

– ئازادی: ئەنجام و ئامانجی کۆتاییە. ژن ڕێگاخۆشکەرە بۆ ئازادیی گشتیی کۆمەڵگە. بەبێ ڕزگاربوونی ژن لە بنەماکانی پیاوسالاری و ستەمکاریی نەتەوەیی، هیچ ئازادییەکی ڕاستەقینە بۆ کۆمەڵگە نایەتە دی.

بزووتنەوەی ژینا و دروشمی «ژن، ژیان، ئازادی»، نیشاندەری وەرچەرخانێکی مێژوویی بوو کە تێیدا پرسی ژن، ئەگەر پێشتر وەک پرسێکی لاوەکی چاوی لێ دەکرا، ئێستا بووە بە بزوێنەری سەرەکیی گۆڕانکاریی سیاسی و کۆمەڵایەتی. بزووتنەوەکە سەلماندی کە دیموکراسی و ئازادیی ڕاستەقینە لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا سەرکەوتوو نابێت، ئەگەر ماف و ڕزگاریی ژنان لە پێشینەی کارەکان نەبێت. بزووتنەوەی ژینا تەنیا داوای لابردنی باڵاپۆشیی زۆرەملێی نەدەکرد، بەڵکو ڕاپەڕینێکی هۆشیارانە بوو دژ بە تەواوی سیستەمی سیاسی، نادادپەروەریی ئابووری و سەرکوتکردنی نەتەوەیی و ڕەگەزی.

ئەگەر لە ڕەهەندە نێودەوڵەتی و هونەرییەکانەوە سەیری بکەین، دەبینین بوو بە تەوژمێکی کولتووریی جیهانی و توانی هاوسۆزی و سەرنجی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە شێوازێک ڕابکێشێت کە پێشتر کەمتر بینرابوو. لە زۆربەی وڵاتان، ژنانی ناودار، ئەکتەر، سیاسەتمەدار و چالاکوانان وەک هێمایەک بۆ هاوسۆزی و پشتیوانی، قژی خۆیان بڕی. ئەم ڕەفتارە سیمبۆلییە کە لە کولتووری کوردیدا نیشانەی تازیەباری و ناڕەزایەتییە، بوو بە زمانێکی هاوبەشی جیهانی. لە هۆڵەکانی پەرلەمانی ئەورووپا و نەتەوە یەکگرتووەکاندا، خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی بەخشرا بە چالاکوانی ئێرانی (نێرگز محەممەدی) و خەڵاتی ساخارۆڤیش لەلایەن پەرلەمانی ئەورووپاوە بەخشرا بە خودی ژینا ئەمینی و بزووتنەوەکە؛ ئەمەش پێگەی یاسایی و سیاسیی نێودەوڵەتیی بەم دۆزە بەخشی. لە ڕوانگەی دیپلۆماسیی کوردی و فێمینیستییەوە بۆ یەکەمجار، دۆزی ژنی کورد وەک پێشەنگی فیکریی گۆڕانکاریی دیموکراتی لە ناوچەکەدا بە جیهان ناسێندرا.

لە لایەکی ترەوە، چەندین گۆرانی و سروودی کوردی و فارسی لەلایەن هونەرمەندانی جۆراوجۆرەوە داڕێژرانەوە کە گیانی بەرگرییان بەرز دەکردەوە. شێوەکار و گرافیککارانیش دیواری شارەکانیان لە ئەورووپا، ئەمریکا و تەنانەت ناوخۆی وڵاتیش بە کێشانی وێنەی ژینا و هێماکانی ئازادی نەخشاند. گرافیکدیزاینەران لە سەرانسەری جیهاندا، بەکارهێنانی قژی ژن و ڕەنگی سووریان کردە هێمایەکی جیهانی بۆ سەرکەوتن. شاعیران و نووسەران ئیلهامی شیعرییان پێشکەش بەم بزووتنەوەیە کرد و دەستیان کرد بە نووسینی دەق و شیعر لەسەر قارەمانێتیی ژنان و کچانی ڕاپەڕیو.

ڕێکخراوە مەدەنییەکان و لە سەرووی هەموویانەوە ڕێکخراوەکانی ژنان، ڕۆڵی کاریگەریان هەبووە؛ لە ڕێگەی ئاڕاستەکردن، یەکخستن و گەیاندنی دەنگی شەقام و پێکهێنانی کۆڕ و بەرنامەی تایبەت و پلاتفۆرمی ژنانەی جۆراوجۆر، کە یەک لەوان «پلاتفۆرمی ژنانی ڕۆژهەڵات-ژینا»یە. پەیامی سەرەکیی چالاکییەکانیان ئەوە بوو کە ئەم بزووتنەوەیە وەک ڕووداوێکی مێژوویی نەبینرێت، بەڵکو وەک پرۆسەیەکی بەردەوام بۆ گۆڕانکاریی بنەڕەتی لە کۆمەڵگەدا سەیر بکرێت. ئەوان تێدەکۆشن ئەم بزووتنەوەیە داهاتوویەک دروست بکات کە هیچ ژنێک ناچار نەبێت بۆ سەربەستی، شوناس، زمان و کولتووری خۆی ئازار بچێژێت؛ بتوانێت خۆی بڕیار بدات، بە ئازادی سنووری تابۆکان تێپەڕێنێت و لە سایەی کۆمەڵگەیەکی دادپەروەر و ئازاددا، نەوەیەکی هۆشیار و سەربەست پەروەردە بکات.

سەرچاوە
Serchawe

لە کۆتاییدا، شتێکی زۆر گرنگ و پڕبایەخ ئەوەیە کە تێکۆشان بۆ مافی ژنان، خەبات بۆ سەربەخۆیی نەتەوەیی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، گرێدراوی یەکن و لە ئەنجامدا، ژیانی ژن هاوتایە لەگەڵ ئازادیی مرۆڤ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی یەکیەتیی ژنان - ڕێکەوتی: ١٢ی سێپتەمبەری ٢٠٢٦

سەرچاوە
Serchawe

ژینا گیان تۆ نامری ناوت دەبێتە ڕەمز، ئەو دەنگە تا ئێستایش لە گوێماندا دەزرنگێتەوە

شەهلا یارحوسێنی

دەنگێک بوو، لە دەنگی مەزڵومیەتی نەتەوەیەکی بە ئازار و ژان،

دەنگێک ڕۆژ بە ڕۆژ لە قووڵایی ناخی تاکی کورددا جێگیر بووە و ڕۆحی بە بەری جووڵانەوەی ڕزگاریخوازانەی بزافی ژناندا کردەوە و چڵۆسکی ئاگرینی کرد بە چاوی دوژمناندا، هاوکات لووتی نەیارانی کوردی شکاند بۆ مێژوو.

چوار ساڵ بەسەر شەهیدبوونی ژینا ئەمینی و سەرهەڵدانی بزووتنەوەی «ژن، ژیان، ئازادی» تێدەپەڕێت؛ چوار ساڵ بەسەر ئەو ڕووداوە مێژووییەدا کە ناوی کچە کوردێکی ٢٢ ساڵەی خەڵکی سەقز، لە سنووری ناوێکی تاکەکەسی تێپەڕاند و بوو بە ڕەمزێک بۆ ئازادیی ژیان و ڕزگاریی خەڵک لە کۆت و بەندی ستەمکاران.

شەوی ١٦ی سەپتەمبەری ٢٠٢٢، کاتێک هەواڵی شەهیدبوونی ژینا - ئەمینی بڵاوبووەوە، کەم کەس پێی وابوو ئەو ناوە لە ماوەیەکی کورتدا ببێتە بەشێک لە مێژووی خەبات و ڕزگاریخوازیی گەلی کورد و لە هەمان کاتدا ببێتە هۆی سەرهەڵدانی

بزووتنەوەیەکی بەرفراوان لە ئاستی ئێران و جیهان.

بەڵام وا بوو؛ ژینا بوو بە ڕەمز و مەرگی ئەو بوو بە هەڵگیرسانی بزووتنەوەیەکی نوێ؛ بزووتنەوەیەک کە نەوەی نوێ، بە هەموو چین و توێژەکانەوە و بە تایبەتی ژنانی خاوەن هەڵوێست و بیری ئازادی، پێشڕەوییان کرد. ئەو سەرهەڵدانە لە کوردستانەوە وەک چاخماخەی شۆڕشێکی نوێ بڵاو بووەوە و هەموو وڵاتی گرتەوە، دواتر سنوورەکانی تێپەڕاند و دەنگی گەیشتە شوێنە جیاوازەکانی جیهان. درووشمی «ژن، ژیان، ئازادی» بوو بە دەنگی ئەو نەوەیەی کە نەیدەویست ترس سنووری ژیانی دیاری بکات و بوو بە دەنگێک بۆ داواکارییەکانی ئازادی و مافی ژن.

لە زۆر شوێنی جیهاندا ژنان بە شێوەی جۆراوجۆر هاودەنگیی خۆیان لەگەڵ ئەو بزووتنەوەیە نیشان دا؛ لە قژبڕینەوە تا ناڕەزایی لە حیجاب و پەچەی زۆرەملێ، بۆ ئەوەی پەیامێکی ڕوون بگەیەنن، ژن مرۆڤێکی ئازادە و وەک هەر ئادەمیزادێکی دیکەی ئەم گۆی زەوییە، مافی بڕیاردانی لەسەر جەستە و پۆشینی جلوبەرگی خۆی هەیە. ژن نابێت وەک کۆیلە سەیر بکرێت، بەڵکو دەبێت وەک مرۆڤێکی ئاسایی و خاوەن ماف و بەیەخدار مامەڵەی لەگەڵ بکرێت.

لە ڕوانگەی ئەدەبییەوەش، ژینا لە سنووری جەستەیەکی فانی دەرچوو و بوو بە سیمبولێکی - ئەفسانەیی. وەک چۆن لە ئەدەبیاتی بەرگریدا شاعیران و نووسەران لەناو ئازار و ئەندێشەکاندا سیمبول و ئەفسانە دروست دەکەن، ژیناش بوو بە ڕۆحێکی ئامادە و زیند لە دەق، شیعر، درووشم و هونەرە جۆراوجۆرەکاندا.

درووشمی «**ژینا گیان تۆ نامری ناوت بوو بەڕەمز**» تەنیا دەربڕینێکی سۆزدارانە نییە، بەڵکو دەربڕینی ئەو ڕاستییەیە کە ناوی تاکێک دەتوانێت لە سنووری ژیانی تاکەکەسی تێپەڕێت و ببێتە بەشێک لە ویژدانی کۆمەڵایەتی و ئەو ناوە لە یادەوەریی خەڵکدا بە ئازادی و خەباتەوە گرێبدات و لە دەق و هونەر و بیرکردنەوەی نوێدا شوێنێکی تایبەتی بۆ خۆی دروست کرد.

لە ڕووی سیاسییەوەش، «ژن - ژیان - ئازادی» بوو بە یەکێک لە درووشمە ناسراوەکانی ئەو سەرهەڵدانە و پرسی ژن، ئازادیی تاک و مافی مرۆڤی خستە ناو گفتوگۆیەکی فراوانتر.

ئەم بزووتنەوەیە دەنگی ناڕەزاییەکانی گەیاندە ئاستی نێودەوڵەتی و بووە بە هۆی ئەوەی پرسی ژن و خەباتی گەلی کورد بە شێوازێکی نوێ زیاتر بگاتە گوێی جیهان. بەتایبەتی لە کوردستان، ئەو سەرهەڵدانە لەگەڵ مێژووی درێژی خەباتی

کۆمەڵێک وتارو لێدوان

ژنان و گەلی کورد پەیوەندییەکی قووڵی هەبوو و ناوی ژینا بوو بە پردێک لەنێوان یادەوەرییەکی کۆمەڵایەتی و داواکارییەکی نوێ بۆ ئازادی.

لەو ڕووداوەوە، پەیوەندیی نێوان نەوەی نوێ و دەسەڵات، پرسی ئازادی و سنوورەکانی، و مافی ژن لەسەر جەستە و ژیانی خۆی زیاتر خرانە بەردەم گفتوگۆ و پرسیار. لەو ڕووەوە، مەرگی ژینا تەنیا ڕووداوێکی تاکەکەسی نەما؛ بوو بە خاڵێکی گرنگ لە مێژووی نارەزایی و خەباتی کۆمەڵایەتیی سەردەمێکی نوێ، و ناوی ژینا بوو بە ناسنامەیەکی بەهێز بۆ ئەو داواکارییەی کە ژن دەبێت خاوەنی ماف و هەڵبژاردنی خۆی بێت.

بەم شێوەیە، چوار ساڵ دوای ئەو کارەساتە ئێستا، «ژینا» تەنیا ناوێکی قوربانییەک نییە، بەڵکو ناوێکە کە بووەتە ناسنامە و سیمبولێک و یادەوەرییەکی بەهێز بۆ بەشێک لە کۆمەڵگا. مێژوو هەندێک جار بە مەرگی تاکەکان ناوێستێت؛ بەڵکو هەندێک مەرگ دەبنە دەستپێکی بیرکردنەوەیەکی نوێ و دەبنە هۆی ئەوەی نەوەیەک کە هاوار و پرسیارەکانی خۆی بە دەنگێکی بەرزتر بکات.

ژینا ئەمینی لە ژیانە کورتەکەیدا کچێکی کوردی خەڵکی سەقز بوو؛ بەڵام دوای کۆچی دوایی، ناوی بوو بە بەشێک لە مێژووی بزووتنەوەی ژن - ژیان - ئازادی و بە پردێک لەنێوان ئەدەبیاتی بەرگری و سیاسەتی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد.

ناوی ژینا لە یادەوەریی خەڵکدا دەمێنێتەوە و هەر جارێک درووشمی «ژن - ژیان - ئازادی» دەوترێت، یادێک لە ژینا و لەو ڕۆژانەی کە بوون بە خاڵێکی گرنگ لە مێژووی سەردەم زیندوو دەبێتەوە.

مێژوو سەلماندوویەتی کە هەندێک "مەرگ کۆتایی نین" بەڵکو دەستپێکی مێژوویەکی نوێن، ژیناش لە یادەوەریی کۆمەڵانی خەڵک و گەلەکەیدا دەمێنێتەوە، نەک تەنیا وەک ناوی کچێکی کورد، بەڵکو وەک ڕەمزێک بۆ ئازادی و خەبات.

بۆیە ژینا گیان تۆ نامری ناوت بوو بە ڕەمز.

سەرچاوە: ماڵپەڕی یەکیەتیی ژنان - ڕێکەوتی: ١٦ی سێپتەمبەری ٢٠٢٦

سەرچاوە
Serchawe

لە مەرگی ژیناوە تا مەرگی هانا و ئاتووسا و نیلوفەر و لەتیفە، چی بەسەر «ژن، ژیان، ئازادی» هاتووە؟

لەیلا قادری

چەند ڕۆژێکە چاو لەم چوار وێنەیە دەکەم.

چوار ژن.

چوار ژیان.

چوار خێزان کە لە دوای ئەم ڕۆژانە، چیتر ناگەڕێنەوە بۆ ژیانی پێشتریان.

بەڵام ئەوەی زەینمی داگیر کردووە، تەنیا مەرگی ئەم چوار ژنە نییە.

ئەوە شوێنەکەیە کە ئەم ژنانەی تێیدا کوژراون.

ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

هەمان ئەو شوێنەی چوار ساڵ لەمەوبەر، لەسەر گۆڕی ژینا، دەنگێک بەرز بووەوە کە زۆر زوو سنوورەکانی کوردستان و

ئێرانی بڕی و گەیشتە گوێی جیهان:

ژن، ژیان، ئازادی.

ئەو ڕۆژە ئێمە شانازیمان بەخۆمانەوە دەکرد.

شانازیمان بەوە دەکرد کە لە کۆمەڵگەیەکی کوردیدا، ژن بووەتە ناوەندی بزووتنەوەیەک کە دەتوانێت جیهان بجوڵێنێت. بەڵام ئێستا، لە هەمان خاکدا، هانا، ئاتۆسا، نیلوفەر و لەتیفە چیتر لە نێوماندا نین.

ئەم دژبەرییە نابێت بە ئاسانی تێپەڕێت.

دەبێت لە خۆمان بپرسین:

چی بەسەر ئەو کۆمەڵگەیە هاتووە کە ژینا بوو بە هێمای «ژن، ژیان، ئازادی»، بەڵام ژنانی دیکەی هەمان کۆمەڵگە هێشتا لە ناو ماڵ و پەیوەندییە نزیکەکانیاندا لە مەترسیی کوژران دان؟

و پرسیارێکی تر هەیە کە بۆ من، وەک ژنێک و ڕۆژنامەنووسێک، گرنگترە:

چی بەسەر ئەو بەشە لە پیاوانی کورد هاتووە کە ڕۆژێک لەگەڵ ژنان وەستان و هاواریان کرد «ژن، ژیان، ئازادی»، بەڵام هێشتا لە ماڵدا ناتوانن سەربەخۆیی و ئازادیی ژنێک قبوڵ بکەن؟

مەبەستم هەموو پیاوانی کورد نییە.

نابێت بە چەند نموونەیەک حوکم لەسەر هەموو پیاوان بدرێت.

بەڵام ئەگەر بزووتنەوەیەک بۆ ئازادیی ژن دروست دەبێت، دەبێت ئازادیی ژن تەنیا لە شەقامدا نەبێت.

دەبێت لە ماڵیشدا بێت.

لە پەیوەندیی هاوسەرایەتیدا بێت.

لە مافی هەڵبژاردندا بێت.

لە مافی «نەخێر» گوتندا بێت.

چونکە ئەگەر پیاو لە شەقامدا هاواری «ژن، ژیان، ئازادی» بکات، بەڵام لە ماڵدا دەنگی ژنەکەی نەبیستێت، ئەوا لەگەڵ دوو کەسایەتیی جیاوازدا دەژین؛ یەکێکی بۆ شەقام و یەکێکی بۆ ماڵ.

و ئەمە پێویستی بە لێپرسینەوەیە.

نە تەنیا لەوانەی دەست بۆ کوشتن دەبەن، بەڵکو لە خۆمان.

لە کاتێکدا کە هەڕەشەی کوشتن بە «قسەی تووڕەیی» دادەنرێت.

لە کاتێکدا کە توندوتیژیی ناوماڵ بە «کێشەی خێزانی» ناودەبرێت.

لە کاتێکدا کە ژنێک کە دەیەوێت لە پەیوەندییەکی توندوتیژ دەرچێت، بە جێی ئەوەی پشتگیری بکرێت، دەخرێتە ژێر پرسیار:

چی کردووە؟ بۆچی وای کردووە؟ بۆچی جیابووەتەوە؟

بەڵام پرسیارە سادەکە دەبێت ئەمە بێت:

بۆچی ئەو کەسە هەڕەشەکەی کرد؟

کوشتنی ژن لەو ساتەدا دەست پێ ناکات کە چەقۆکە دەنیشێتە جەستەیەک یان بەر گوللەکە دەدرێت.

زۆر زووتر دەست پێ دەکات.

لە کۆنترۆڵکردن.

لە بەستنەوەی دەست و پێی ژن بە ناوی «خێزان.»

لە چاودێریکردنی تەلەفۆن و هاوڕێ و هاتوچۆکانی.

لە هەڕەشە.

لە سووکایەتی.

لە لێدان.

لە ترساندن.
لەو باوەڕەی کە ژن دەبێت بۆ مانەوەی خێزان هەموو شتێک قبوڵ بکات.

و کاتێک ئەم شتانە بەردەوام دەبن و کۆمەڵگە بێدەنگ دەبێت، هەندێک جار کۆتاییەکەی دەبێت مەرگ.

بۆیە نابێت تەنیا لە کاتی کوژراندا پرسیار بکەین:

کێ ئەم ژنەی کوشت؟

دەبێت بپرسین:

پێش ئەوەی بکوژرێت، چی ڕوویدا؟ کێ هەڕەشەکەی بیست؟ کێ توندوتیژییەکەی بینی؟ کێ دەیتوانی یارمەتی بدات؟ و بۆچی ئەو ژنە لە کۆتاییدا تەنیا مایەوە؟

بەڵام ئەمەش نابێت واتای ئەوە بێت چاوپۆشی بکەین لەسەر بەرپرسیارێتیی دەسەڵات و هەموو بارەکە بخەینە سەر خێزان و کۆمەڵگە.

ژن لە کۆمەڵگەیەکدا دەژی کە یاسا و دامەزراوەکانی دەسەڵات دەبێت ژیانی بپارێزن.

کاتێک ژنێک هەڕەشەی لەسەرە، کاتێک توندوتیژیی ناوماڵ بەردەوامە، یان کاتێک ژنێک دەیەوێت لە پەیوەندییەکی توندوتیژ دەرچێت، ئەمە تەنیا کێشەیەکی تایبەتی ناو خێزان نییە.

ئەمە کێشەیەکی یاسایی و کۆمەڵایەتییە.

دەسەڵات تەنیا بەرپرسیار نییە لەوەی دوای کوشتن تاوانبار بدۆزێتەوە و دادگایی بکات.

بەرپرسیارە لەوەی پێش کوشتن، یاسا و دامەزراوەیەکی پارێزەر هەبێت کە ژن بتوانێت پەنای بۆ ببات.

کاتێک سیستەمی یاسایی و دامەزراوەیی ناتوانێت ژنێک لە هەڕەشە و توندوتیژی بپارێزێت، نابێت هەموو بارەکە بخاتە سەر «کێشەی ناو ماڵ.»

بۆیە بەرپرسیارێتییەکان جیاوازن، بەڵام هیچ کامیان نابێت لە پرسیارەکە دەربچن:

ئەو کەسەی دەست بۆ توندوتیژی دەبات، بەرپرسیارە.

ئەو کۆمەڵگەیەی توندوتیژی ئاسایی دەکات، بەرپرسیارە.

ئەو دەسەڵاتەی دەبێت بە یاسا و دامەزراوە ژن بپارێزێت، بەرپرسیارە.

ئەم سێ بەرپرسیارێتییە یەکسان نین.

بەڵام هیچ کامیان نابێت بسڕدرێنەوە.

شاید هەندێک کەس ڕەخنەم لێ بگرن کە بۆچی لە پێش حکومەت و یاسا و دادگا، لە خۆمان دەپرسم.

وەڵامم سادەیە:

چونکە ئەگەر «ژن، ژیان، ئازادی» بۆ من تەنیا دروشمێکی سیاسی بێت، بەڵام لە ژیانی ڕۆژانەدا مافی ژن بۆ هەڵبژاردن و نەخێرگوتن و جیابوونەوە و ژیانی سەربەخۆ قبوڵ نەکەم، ئەوا منیش بەشێکم لە هەمان کێشەیە.

من ژنم.

دایکی سێ کچم.

خوشکم هەن.

ساڵانێکە لە ژیان و کار و کۆمەڵگەدا شاهیدی زۆر شتم.

لە نزیکەوە دەزانم ژن کاتێک کە لەگەڵ ترس و فشار دەژی، چۆن بە هێواشی خۆی لەدەست دەدات

بۆیە کاتێک بیر لە هانا و ئاتۆسا و نیلوفەر و لەتیفە دەکەمەوە، تەنیا چوار ناو نابینم.

بیر لە هەموو کچانەی ئەم وڵاتە دەکەمەوە کە دەبێت بتوانن بێ ترس بژین.

کۆمەڵگەیەک نابێت وا بێت کە ژن پێویستی هەبێت هەمیشە لە هەمووان بەهێزتر بێت بۆ ئەوەی زیندوو بمێنێت.

ئێمە نابێت تەنیا کچەکانمان فێری خۆپاراستن بکەین.

دەبێت کوڕەکانمان فێری ڕێزگرتن بن.

فێری سنوور بن.

فێری هاوبەشی بن.

فێری ئەوە بن کە «نەخێر» وەڵامێکی تەواوە و پێویستی بە هیچ ڕوونکردنەوەیەکی تر نییە.

ژن تەنیا وشەیەک نییە لە سەرەتای دروشمێکدا.

ژن، ژنی زیندووە.

ژیانی ژنە.

مافی هەڵبژاردنە.

مافی «نەخێر» گوتنە.

مافی جیابوونەوەیە.

مافی ئەوەیە کە بەبێ ترس بژیت.

ئێمە جیهانمان بە «ژن، ژیان، ئازادی» هەژاند.

بەڵام ئایا توانیومانە ماڵەکانمان بهەژێنین؟

ئەگەر ئازادی تەنیا لە شەقامدا بێت، ئازادی نییە.

ئەگەر تەنیا لە دروشمدا بێت، ئازادی نییە.

ئەگەر تەنیا بۆ «ئەوی دیکە» بێت و بۆ ژنی ناو ماڵی خۆمان نەبێت، ئەوا هەر دروشمە.

ئەرکی ئێمە ئەوەیە نەهێڵین مەرگی هانا و ئاتۆسا و نیلوفەر و لەتیفە ببێتە هەواڵێکی دیکە.

نەهێڵین ناویان تەنیا چوار ناوی تر بن لە لیستی ژنانی کوژراو.

دەبێت لە مەرگیان پرسیار دروست بکەین.

لە ژیانیان بەرپرسیارێتی دروست بکەین.

و لە خۆمان بپرسین کە چۆن دەکرێت دروشمێک کە لە گۆڕی ژینا بوو بە دەنگی جیهان، لە ناو ماڵەکانماندا ببێتە کردار.

ژن، ژیان، ئازادی لە گۆڕی ژینا بە دەنگ دەستی پێکرد.

ئێستا کاتی ئەوەیە لە ماڵەکانمان بە کردار دەست پێ بکات.

چونکە ئەگەر ژن لە شەقامدا ئازاد بێت، بەڵام لە ماڵدا بترسێت،

ئێمە هێشتا بە نیوەی مانای «ژن، ژیان، ئازادی» گەیشتووین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی یەکیەتیی ژنان - ڕێکەوتی: ٦ی سێپتەمبەری ٢٠٢٦

سەرچاوە
Serchawe

شۆڕشی ژینا و گۆڕانی پرسی ژنان بۆ بزووتنەوەیەکی سەرتاسەری

کوێستان عومەرزادە

لە پەیوەندی بە شۆڕشی ژینا، یان ئەوەی بە «بزووتنەوەی ژیان، ئازادی» ناسراوە، بابەت و ڕوانگەی جۆراوجۆر هەن. هەندێک جار ئەم شۆڕشە وەک شۆڕشێکی سەرتاسەری باس دەکرێت و هەندێکی تر وەک بزووتنەوەیەکی فێمینیستی. بەڵام گرنگە بزانین کە تایبەتمەندییەکانی ئەم بزووتنەوەیە تەنیا لە چوارچێوەی پرسی ژناندا نەماوەتەوە، بەڵکو توانای ئەوەی هەبووە کە کۆمەڵێک پرسی کۆمەڵایەتی، سیاسی و کەلتووری لەگەڵ یەک کۆ بکاتەوە.

یەکێک لە دەستکەوتە گرنگەکانی شۆڕشی ژینا ئەوەیە کە توانایەکی تایبەتی بۆ دروستکردنی هەستی هاوبەشی کۆمەڵایەتی پیشان دا. بەهۆی ئەم بزووتنەوەیە، پرسی ئازادی و مافی ژنان لە سنووری بابەتێکی کۆمەڵایەتی یان تایبەتی تێپەڕی و بوو بە بابەتێکی سیاسی و گشتی. بە واتایەکی تر، ئەو پرسانەی پێشتر زۆرجار وەک کێشەیەکی تایبەتی ژنان سەیر دەکران، لە شۆڕشی ژینا بوون بە بەشێک لە گفتوگۆی سیاسی و کۆمەڵایەتی.

سەرەتای ئەم بزووتنەوەیە بە کۆچی ژینا ئەمینی و نارەزایەتییەکانەوە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی هەبوو. پرسی حیجاب و مافی ژنان لە ناوەڕاستی نارەزایەتییە سەرەتاییەکاندا بوو، بەڵام بە خێرایی بازنەی نارەزایەتییەکان فراوانتر بوو و بە بزووتنەوەیەکی سەرتاسەری گۆڕا.

یەکێک لە پرسیارە سەرەکییەکان ئەوەیە کە چی وای کرد ئەم شۆڕشە بتوانێت لە پرسی ژنانەوە بگاتە بزووتنەوەیەکی سەرتاسەری؟ لە وەڵامدا دەتوانرێت ئاماژە بە چەند بنەمایەک بکرێت؛ لەوانەش هاوبەشییە کۆمەڵایەتییەکان، بەشداریی ژنان و گەنجان، نارەزایەتییە سیاسی و ئابوورییەکان و هەروەها هەستی هاوبەشی بەرامبەر کێشە کۆمەڵایەتییەکان.

ژنان لە سەرەتای ئەم بزووتنەوەیەدا ڕۆڵێکی دیار و ناوەندییان هەبوو. بەشدارییەکی فراوانی ژنان وای کرد پرسی ماف و ئازادیی ژنان بە شێوەیەکی نوێ خۆی بنوێنێت. لەم ڕووەوە، «ژن، ژیان، ئازادی» تەنیا دروشمێک نەبوو، بەڵکو بوو بە دەربڕینی داواکارییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان و هەستی بەشێکی فراوان لە کۆمەڵگا.

گرنگترین دەستکەوتی ئەم بزووتنەوەیەش ئەوە بوو کە پرسی ژنان دووبارە و بە شێوەیەکی نوێ خستەوە ناو گفتوگۆی کۆمەڵایەتی. پێشتر زۆرجار کێشەکانی ژنان وەک بابەتێکی تایبەتی یان کۆمەڵایەتی دەبینرا، بەڵام شۆڕشی ژینا ئەو پرسیارەی کردە بابەتێکی سیاسی و گشتی. بەم شێوەیە، پرسی ژنان لە بابەتێکی داخراو و قەیرانێکی تایبەتی کۆمەڵگا، گۆڕا بۆ بابەتێک کە پەیوەندیی بە ماف، ئازادی و سیستەمی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە هەیە.

لە کۆتاییدا، شۆڕشی ژینا دەتوانرێت وەک ڕووداوێکی گرنگ لە مێژووی نوێی کۆمەڵگای ئێران سەیر بکرێت؛ چونکە توانای ئەوەی هەبوو کە پرسی ژنان و ئازادییە تاکەکەسییەکان بباتە ناو بوارێکی فراوانتری سیاسی و کۆمەڵایەتی. هەروەها ئەم بزووتنەوەیە پیشانی دا کە بەشداریی ژنان و یەکگرتوویی دەنگە جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتییەکان دەتوانێت پرسیارەکانی پەیوەندیدار بە ماف و ئازادی بکاتە بابەتێکی سەرتاسەری.

لەلایەکی تر، دروشمی «ژن، ژیان، ئازادی» تەنیا سێ وشە نییە؛ بەڵکوو بووەتە هێمای داواکارییەک بۆ ژیانێک کە تێیدا ژن بتوانێت بە ئازادی و کەرامەت بژی، مرۆڤ بتوانێت مافە سەرەتاییەکانی خۆی بەدەست بهێنێت و کۆمەڵگا بتوانێت دەنگی جیاوازەکان ببیستێت.

ئەوەمان لە بیر نەچێ کە شۆڕشی ژینا یان بزووتنەوەی ژینا تەنیا بزووتنەوە نەبوو لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، زۆر بزووتنەوە و ڕاپەڕینی تری لەم شێوەیە پێشتر سەریان هەڵداوە، بەڵام هیچ کامیان بە ئەندازەی شۆڕشی ژینا

نەیانتوانیوە سیمایەکی تەواو ژنانە و جیهانی بۆ خۆیان دەستەبەر بکەن.

سەرکەوێت خەباتی ژنانی ئازادیخواز

ژن، ژیان، ئازادی

سەرچاوە: ماڵپەڕی یەکیەتیی ژنان - ڕێکەوتی: ۱۹ی سێپتەمبەری ۲۰۲٦

سەرچاوە
Serchawe

“ ژینا؛ دەنگی گۆڕان و هیوا

زهرا یوسفی

چوار ساڵ بەسەر ئەو ڕۆژانەدا تێپەڕیوە کە ناوی ژینا ئەمینی بوو بە بەشێکی دانەبڕاو لە مێژووی هاوچەرخی ئێران. ئەوەی لە دوای ئەو کارەساتە ڕوویدا، تەنیا دەربڕینی ناڕەزایی لە ڕووداوێکی دیاریکراو نەبوو، بەڵکو دەنگدانەوەی خواست و ئازار و هیواکانی بەشێکی فراوانی کۆمەڵگە بوو.

لەو ماوەیەدا، وشەکانی ئازادی، ژیان و یەکسانی واتایەکی قووڵتر و پڕشنگدارتریان وەرگرتووە. زۆر کەس دەستیان کرد بە قسەکردن لەسەر مافەکانی مرۆڤ، مافی هەڵبژاردن، ڕێزگرتن لە ژنان و پێویستیی بنیاتنانی کۆمەڵگەیەک کە تێیدا هیچ کەسێک بەهۆی ڕەگەز، زمان، نەتەوە یان باوەڕەکەیەوە پەراوێز نەخرێت و نەچەوسێتەوە.

ئازادی ژن تەنیا بابەتێکی تایبەت بە ژنان نییە، بەڵکو پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە پێشکەوتنی تەواوی کۆمەڵگەوە هەیە. کاتێک ژن بتوانێت بە ئازادی بیر بکاتەوە، بڕیار بدات و بەشداری لە ژیان و داڕشتنی داهاتوودا بکات، توانای

کۆمەڵگە بۆ گەشەکردن و نوێبوونەوە چەند بەرانبەر دەبێت.

یەکێک لەو وانە گرنگانەی ئەو ڕۆژانە ئەوە بوو کە جیاوازییەکانی ناو کۆمەڵگە دەتوانن ببنە هۆی نزیکبوونەوە و یەکگرتوویی، نەک دابڕان لە نێوان پێکهاتەکانی نێو چوارچێوەی ئێران. ژن و پیاو، هەریەک بە ناسنامە و ئەزموونی خۆیەوە، بەشێکی دانەبڕاوە لە نەخشەی فرەڕەنگی کۆمەڵگەی ئێران. دانانان بەو جیاوازییانە و پاراستنی مافەکانی هەمووان، بنەمایەکی گرنگە بۆ داهاتوویەکی دادپەروەرانە.

ناوی ژینا ئەمینی ئێستا تەنیا یادەوەریی کەسێک نییە، بەڵکو بووەتە هێمای پرسیارکردن لە دۆخی ئێستا و ڕامان لە ئایندە. سووربوون لەسەر داواکردنی شکۆ، ئازادی و یەکسانی، ئەو پەیامەیە کە ناوی ئەو لە ناخی کۆمەڵگەدا زیندوو دەهێڵێتەوە.

داهاتووی ئێران، بۆ ئەوەی ئارام و بەردەوام بێت، پێویستی بە کۆمەڵگەیەک هەیە کە تێیدا مرۆڤ بە مرۆڤایەتییەکەی پێوانە بکرێت، نەک بە ڕەگەز، زمان، ئایدیۆلۆژیا یان باوەڕەکەی. ئەمە ئەو ڕێگایەیە کە بەرەو ژیانێکی ئازادتر و داهاتوویەکی یەکسان بۆ هەمووان هەنگاو دەنێت

سەرچاوە: ماڵپەڕی یەکیەتیی ژنان - ڕێکەوتی: ١٩ی سێپتەمبەری ٢٠٢٦

شۆڕشی «ژن، ژیان، ئازادی»؛ شیکارییەکی کۆمەڵناسی، دەروونناسی و مێژوویی

شاهۆ

«لە مێژووی هاوچەرخدا، هەندێک ڕووداو هەن کە تەنیا لاپەڕەیەک لە مێژووی نارەزایەتی ناگۆڕن، بەڵکو دەبنە وەرچەرخانێکی فیکری و پارادایمێکی نوێ کە تێیدا تێگەیشتنی مرۆڤ بۆ "ئازادی"، "بوون" و "سیاسەت" دارێژەرەوە دەبێتەوە. بزووتنەوەی "ژن، ژیان، ئازادی" نموونەیەکی بێوێنەی ئەم جۆرە گۆڕانکارییە قووڵەیە؛ پرۆژەیەک کە نەک هەر جوغرافیای سیاسیی دەسەڵاتی هەژموونگەری تێکشکاند، بەڵکو زاتی مرۆڤی ئێرانی و پەراوێزخراوەکانی کردە سەنتەری نوێنووسینەوەی مێژووی هاوچەرخ.»

بەپێچەوانەی زۆرینەی بزووتنەوەکانی پێشوو لە مێژووی هاوچەرخی ئێراندا کە زۆربەی جار لە شارە گەورەکان و ناوەند (تاران)ـەوە دەستی پێ دەکرد و بۆ پەراوێزەکان درێژ دەبووەوە، ئەم بزووتنەوەیە بۆ یەکەمین جار لە پەراوێز و کوردستانەوە سەرچاوەی گرت؛ واتە لەو چوارچێوەیەدا کە بەپێی تیۆریی «دابەشبوونی دەسەڵات»ـی میشێل فۆکۆ، تێیدا پەراوێزەکان بوونە سەنتەری بەرهەمهێنانی هێز و بەرەنگاربوونەوە، و بە خێراییەکی بێوێنە گەیشتە ناوەند و تەواوی شارە گەورەکانی ئێرانی تەنی.

ئەم بزووتنەوەیە توانی لە ڕێگەی تێکشکاندنی سنوورە تەنگەبەرەکانی نەتەوەپەرستیی مۆنۆپۆلخوازانەوە – کە وەک پەرچەکردارێک لە دژی هەژموونی مۆنۆپۆلی نەتەوەی سەردەستە بوو لەژێر ڕووناکی تیۆریی «فرەیی دەسەڵات» و پۆست – کۆلۆنیالیزمدا – ببێتە پرۆژەیەکی گشتگیر و سەراسەری کە تێیدا هەموو نەتەوەکان، توێژەکان و چینە کۆمەڵایەتییەکان لە پارادایمێکی پێشکەوتنخوازانەدا هاودەنگ بکات.

بە پێچەوانەی بزووتنەوەکانی پێشوو کە زۆربەی جار خاوەنی داواکاریی سنفی، بژێوی یان ڕیفۆرمخوازانەی دیاریکراو بوون (وەک نرخی بەنزین یان مافی دەنگدان)، «ژن، ژیان، ئازادی» ڕەنگدانەوەیەکی ڕاستەقینەی چەمکی «شۆڕشی هەمیشەیی» یان گۆڕانکاریی پارادایمی بوو وبەپێی تێڕوانینی تۆماس کوهن و خوازیاری گۆڕانکاری و شۆڕشێکی بنەڕەتی لە خوارەوە بۆ سەرەوە بوو کە تەواوی بنەماکانی شەرعییەت، قبووڵکراوی و کارایی سیستەمی دەسەڵاتداری خستە ژێر پرسیارەوە.

ئاکسیۆنەکان، درووشمەکان و هاوهەڵوێستیی بەشداربووان نیشانی دا کە ئەم ناڕەزایەتییانە بەرهەمی کەڵەکەبوونی خەبات، ڕێکخراوەییبوون و هوشیارکردنەوەی حیزب، بزوتنەوەی مەدەنی و ئازادیخوازەکانە.

سیستەمی دەسەڵاتدار لە ئێراندا هەمیشە پێگەی ژنی تا ئاستی کۆیلایەتی، ئامێرایەتی و سڕینەوەی سیستەماتیک دابەزاندووە. لە بەرامبەردا، ئەم بزووتنەوەیە لەسەر بنەمای مێژووی کۆن، فەلسەفە و کەلتووری پێشکەوتووی گەلی کورد شکلی گرت کە تێیدا ژن لە چەق و پێشەنگییدایە.

ئەم بزووتنەوەیە بە پشتبەستن بەو سوبژێکتیڤیزمە مێژووییە، فەلسەفەی «ژن»ی بە «ژیان» و «ئازادی» گرێ دا؛ بەو مانایەی کە ئازادیی کۆمەڵگە بەبێ ڕزگاریی ژن نامومکینە و ژن، هێمای بەرهەمهێنەر و پارێزەری ژیان و ژیانی کۆمەڵایەتییە، و ئەمەش لە ڕوانگەی فەلسەفەی فێمینیزمی ڕادیکاڵ و تیۆرییەکانی جودیس باتلەرەوە -کە تێیدا جەستە دەبێتە گۆڕەپانی سیاسی- نوێکردنەوەی پارادایمی «ئازادی بۆ ژن، بەختیاری بۆ کۆمەڵ» دەنوێنێت.

دەروونناسیی جەماوەریی ئەم بزووتنەوەیە نیشاندەری شکاندنی تاپۆی ترسی مێژوویی لە بەرامبەر ئامێری سەرکوتدا بوو؛ ئەو پرۆسەیەی کە هاوتا لەگەڵ چەمکی «تراوما و ڕزگاری» لە دەروونناسیی کۆمەڵایەتیدا، وەک چۆن کارل یونگ باسی کۆمەڵگا بەکۆمەڵەکان دەکات، تێیدا ژنان و گەنجان بوونە پێشەنگ کە سەرەڕای تێچووی قورسی گیانی و دەروونی، ئیرادەی کۆمەڵایەتیی خۆیان بەسەر فەزای تۆقاندنی ڕژێمدا سەپاند.

حکوومەت بە ڕێبازی فاشیستانە، کوشتاری دڕندانە، ونکردنی زۆرەملێ، حوکمی قورسی زیندان و سەرکوتی ئاشکرا ڕووبەڕوویا بۆوە؛ جنایەتەکان کە کاریگەرییە تروماکێوەکان و لە هەمان کاتدا هاندەرەکەی هێشتا لە کۆمەڵگەدا زیندوون.

کۆمەڵێک وتارو لێدوان

لە لایەکی ترەوە، بەرەی پاشایەتیخوازان بە درووشمی لاڕێی «مرد، میهن، آبادی» (پیاو، نیشتمان، ئاوەدانی) هەوڵیان دا ناوەرۆکێکی پیاوسالارانە بە بزووتنەوەکە ببەخشن و بۆ بەرژەوەندی خۆیان قۆرخی بکەن. کردەوەی ئەم ڕەوتە و سرکوتکردنی سیستەماتیکی حکوومەت کە لە ڕوانگەی ڕەخنەی پۆست-کۆلۆنیاڵ و دژە-تاکتیکی دەسەڵات بۆ لەناوبردنی جووڵانەوە ڕەسەنەکان هەڵدەسەنگێندرێت، نیشاندەری هاوکارییەکی نەنوسراو یان «ژووری هزری» هاوبەش بۆ خاڵی کردنەوەی بزووتنەوە لە ناوەڕۆکە پێشکەوتنخوازەکەی بوو، بەڵام هوشیاریی کۆمەڵگە ئەم پیلانگێڕییانەی پووچەڵ کردەوە.

ئەم بزووتنەوەیە پەرچدانەوەیەکی فرەنەتەوەیی و جیهانی بەدەست هێنا. لە زۆرێک لە وڵاتانی جیهان و لە وڵات جیاوازەکانەوە، کەسایەتییە حەقیقی و حقوقییەکان، نوێنەرانی پەرلەمانەکان و ناوەندە نێونەتەوەییەکان بە لەبەرکردنی هێما و نیشانەکانی ئەم بزووتنەوەیە (وەک بڕینی قژ یان هێما کوردی و،،، هتد)، هاودەنگیی خۆیان لەگەڵ گەلی ئازادیخوازی کوردستان و ئێران ڕاگەیاند.

بۆ یەکەمین جار، ناوەندەکان و نوێنەرانی پارلەمانی ئەورووپا بە ڕوونی باسیان لە پارێزگاریی یاسایی لە ژنان و گەنجانی ناڕازی کرد و ئەم بزووتنەوەیەیان وەک پێوەرێکی نوێی مافەکانی مرۆڤ قبووڵ کرد.

دوای تێپەڕبوونی چوار ساڵ بەسەر دەستپێکی ئەم بزووتنەوەیە بە پێشەنگایەتی ژینا، داواکارییەکانی «ژن، ژیان، ئازادی» نەک هەر کاڵ نەبوونەتەوە، بەڵکو قووڵتر و زیندووتر لە ناوەڕۆکی کۆمەڵگادا درێژەیان هەیە.

ئەمڕۆ توێژە جۆراوجۆرەکانی خەڵکی ئێران لە نەتەوە جیاوازەکان خۆیان لەم پارادایمە پێشکەوتنخوازەدا دووبارە پێناسە کردووەتەوە. لە بەرامبەردا، حوکوومەتی دەسەڵاتدار لە ناخی قەیرانە چارەسەرنەکراوە ناوخۆیی و دەرەکییەکاندا گیریان خواردووە و شەرعییەت، قبووڵکراوی و توانا و کارایی خۆیان بە تەواوی لە دەست داوە.

فەرمانڕەوا و بکوژانی دوێنێ کە فتوای کوشتاری دڕندانەیان دەدا، ئەمڕۆ کەوتوونەتە زبڵدانی مێژووەوە و بزووتنەوەکە، بە هەناسەی تازەتر و قووڵترەوە، هێشتا تا بەدیهاتنی تەواوی ئەم مافانە بە پێوەیە و پتەو درێژە بە ڕێگەکەی دەدات.

سەرچاوە: قەندیلی سەربەرز - ڕێکەوتی: ١٣ی سێپتەمبەری ٢٠٢٦

لە پشکۆی پێنجەمین ساڵیادی شۆڕشی ژینا هەتا کرداری سیاسیی حیزبەکانی کوردستان

ڕۆژیار ڕۆژهەڵاتی

ئەمڕۆ لە بەرامبەر پێنجەمین ساڵیادی شەهیدبوونی ژینا ئەمینی، خەڵک بە کردەوە لە گۆڕەپان دا بوو.

بە درێژایی مێژو و شۆڕشی گەلانی دونیادا بینیومانە لە ئەدەبیاتی سیاسییدا کرداری کە ئەوە ڕای گشتییە کە ڕژێمێکی سیاسیی پێکدەهێنێت و (یان) دەیڕووخێنێت.

ئەم کردەوە سیاسییەی ئەمڕۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان مانیفێستی بەرخۆدانی گەلێکی بەشخوراو و پڕ مەینەتە، کە لە چوارچێوەی بیری تاکەکەسی دێتە دەر و لە پانتایی هۆشیاریی نەتەوەیی خۆی دەبینێتەوە.

لە گەرمەی شەهیدبوونی ژینا و دواتر هێرشی ئیسرائیل - ئەمریکا بۆ سەر ئێران (لە درێژەی مێتالیزەکردنی کوردستان لە لایەن ڕژێمەوە) ڕووی لە زیادبوون کرد، بەڵام بوونی حیزبەکانی کوردستان «وەک مەرجەعی سیاسیی» بۆ خەڵک پاڵپشتێک بووە کە گەل تێچووی «مادی» و «مەعنەوی»یەکەی وە ئەستۆ گرتووە.

حیزبەکانی کوردستان کە لە گەرمێن تۆپباران و بۆردومان دەکرێن، لێرە خەڵک بە دەستی خاڵی و بێچەک وەڵامی

دەداتەوە و گرمە لە دڵی دوژمن هەڵدەستێنێت.

خەڵکی کوردستان کە لە چەنگ زاڵم وەزاڵە هاتووە، هۆشیاری سیاسییان پێش حیزبە کوردییەکانە، و خەڵک ئەو حیزبانە – لەگەڵ ئەوەیدا کە ڕێکخەر و پاڵپشتی خەڵکی کوردستانن (وەکوو هەمو دونیا) -، بەڵام هەر وەک ئەبزارێک بۆ گەیشتن بە ڕزگاری یان باشتربژێوی بە دەسەڵات دەبینێت.

بەڵام ئەوە خەڵکە بڕیار دەدات کە ئەم حیزبە چ سیاسەتێک دارێژێت و چۆن بجووڵێتەوە.

بە ڕای من لە ئێستادا خەڵک هەنگاوی باشیان بڕیوە و بە باشی نیشانیان داوە کە بەعەمەل لە میداندان و چاوەڕوانیی پشتیوانیی ئەوانن و لایان کە ڕێبەرایەتیی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات تا چەند هەنگاویان هەڵهێناوەتەوە؟ تا چەند توانیویەتی نقورچکێک لە خۆی بگرێت و بەخۆیدا بێتەوە؟

بە وتەی عەزیز گەردی: «هەموو شۆڕشەکانمان، کە داگیرسان، تەنیا دوو تفەنگ بوون بە ناتەبایی تەقەیان کرد و سێدارەیان بەدوادا هات.» شۆڕش قوربانی، کوژران، سووتان و سێدارەی دەبێت، بەڵام ئێکزەیتی خەباتی ئێمە کەنگێ دێتە دی؟ چۆن دێتە دی؟ وەڵامەکە زۆر سانایە، بە «بوونی گەڵاڵە و ستراتیژی» دێتە دی.

بۆ نموونە:

ئا: ئێمە دەبێ بزانین چۆن خەبات دەکەین و دەرئەنجامی خەباتەکەمان دەبێت بە چی!

ئاش بە خوێنی لاوانی تۆ بگەڕێ و باراشەکەی یەکی دیکە بیبات، کلۆڵییە. ئەم دۆخە هەنووکەییەی کە ئێستا لە باکوور و ڕۆژئاوای کوردستان هاتۆتەوە ئاراوە، پەسخۆراندی پۆزێتیڤی بۆ سیاسەتی سیستماتیکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەیە و وەڵامدەر نییە.

بۆیە دەبێ چاومان کراوە بێت بزانین کام جۆر لە خەباتی مەدەنی - چەکداری گونجاوە؟ ڕێگا و ڕێبازی جۆراوجۆری هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەیدا کە خەباتی مەدەنی زۆربەی کاتەکان ڕەچەشکێن و سەرکەوتووتر بووە لە خەباتی چەکداری، بەڵام ئەگەر خەباتی مەدەنی وەڵام وەرنەگرێت، نابێ خەباتی چەکداری بێتە کایەوە؟

بێ: خەباتی سیاسیی کوردستان دوو بژاردەی زیاتر لەبەردەست نییە. یان وەک تیزی برایەتیی گەلان - ئەوەی لە ڕۆژئاوا ڕووی دا - دەبێ ببێتە ئاردی ناو دڕکان، یان دەبێ هێزی پێشمەرگەی خۆی پوشتە و پەرداخ بکات و بە نیازی ئازادکردنی خاکی خۆی بێت و لە بیری ڕاگرتنی بەهێزی پێشمەرگەی خۆی بێت.

ئەم ستراتیژییە بەبێ بوونی مەنتیق و ئیرادە بەدی نایەت.

پ: لە نەبوونی پشتی جەبهەدا، پێویستییەکانی لۆجێستیکی سەربازی و ئینسانیی شەڕ چۆن دابین دەکرێن کە پێویستی بە بیرکردنەوە هەیە.

بۆ دەبێ هێزی پێشمەرگە ئێستا لە مەیداندا بێت و ئەگەر نەیێت، چی ڕوودەدات؟

لەگەڵ هەمووی ئەوانەدا کە باسمان کرد، دەرفەتی عاملییەتی ئێستا لە ئەنجامی هێرشی هێزەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل، قووڵبوونەوەی قەیرانی ئابووری، دابەزینی توانای سەربازی بۆ لۆجێستیکی هێز و هێزی لۆجێستیکی وەک (دووانەی لێکدانەبڕاو) زیاتر بۆ بەرەی ئازادیی ئێران بە گشتیی و بۆ کوردستان بەتایبەتی ڕەخساوە، کە ئەگەر ئەم هەلە نەقوازرێتەوە و کەڵکی لێ وەرنەگیرێت، دەبێ چاوەڕوانیی لێکەوتەی نێگەتیڤ بین.

لە ئێستادا ئێران بەرەو دارمانی سیاسیی - ئابووری دەڕوات و ئەگەر حیزبەکان و کۆمەڵگەی مەدەنی دارێژەرێکی کرداری لە گۆڕەپانی کوردستان و ئێران (وەک ناوەند) نەبێت، تێچووەکان لە دەسکەوتەکان زیاتر دەبن. ئەگەر لە سەدەی بیستەمدا حیزبی سیاسی وەک منداڵی دیموکراسی ئەژمار دەکرا، لە ئێستادا ئەم منداڵە لە سەدەی بیستویەکدا دەبێ گرووگاڵی بێتە دەر و نوێنەری کۆمەڵگاکەی بێت، و داوای ماف دەکات. ئەم نوێنەرە دەبێ هاواری بێدادیی گەلە بەش مەینەتەکەی بێت. ئەگەر ئەم هەلەی ئێستا دێتە کایەوە، نەقوازرێتەوە بۆ مەیدانی کرداری و وەک هەلی پێشوو چاوی لێ بقووچێنرێت، ئیتر سووتەمەنیی پاش خۆڵەمێش دەبین.

ئەمە ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە کە حیزبە سیاسییەکان ماوەی چارەگە سەدەیەک و بگرە زیاتر لە ژینگەی سیاسیی خۆیان دوورن و ئەگەر بە هاودەنگیی – هاوسەنگیی کۆمەڵگەی مەدەنی نەجووڵێنەوە و لە زەرفییەت و بوونی وزەی بەهێزی ئەوان کەڵک وەرنەگیرێت، لێکترازانی لێکتێنەگەیشتن دێتە ئاراوە کە لێکدانەوەی زیاتر هەڵدەگرێت.

فەرهەنگی سیاسیی ئەمڕۆی مانگرتن و مانگرتنەکانی پێشوو بەشێکی بۆ ئاستی پێشکەوتووخوازیی کۆمەڵگەی مەدەنی

دەگەڕێتەوە کە سەردەمانێک لە چوارچێوەی ئەنجوومەنە ئەدەبیی - ژینگەپارێزی - یارمەتیدەری - هەرەوەزییەکان خۆی نیشان داوە. لەێرەدا کۆمەڵگەی مەدەنی بە دارشتنی بەستێنی لەبار، فەرهەنگی پێشکەوتووخواز پێکدەهێنێت و هەوڵ بۆ ژیاریی کۆمەڵگەیەکی دەرەوەست دەدات.

گوزارەی سەرکەوتنی ئەمجارەی مانگرتنی کوردستان نابێ تەنیا لە چوارچێوەی دروشم و شانتانژی نیشاندانی میدیای کوردیی حیزبی - غەیرەحیزبی دا بمێنێتەوە، بەڵکوو دەبێ حیزبی سیاسییش لە فکریتی ڕێنیشاندەری خۆی بێتە دەر و گەلاڵەی بۆ وەلامدانەوەی ئەم هەلوێستە هەبێ، دەنا دەبنەوە دۆڕاوی دەهەی ٥٠ و ٦٠ی هەتاویی ڕابردوو. شۆڕشی ژینا خەڵک کردی، خەڵکیش زیندووی ڕاگرتووە، حیزبی سیاسی نابێ خۆی تەنیا لە چوارچێوەی بەیاننامەیەکدا ببینێتەوە، دەبێ بە کردەوە بۆ دوای مانگرتن گەلاڵەی هەبێ. خۆشیی یەک ڕۆژەی سەرکەوتنی مانگرتن وەک دەرزییەک وایە کە ئەگەر شوێندانەرییەکەی تەواو بوو، ئێشەکە هەر لە جێی خۆیەتی و تەواو نەبووە.

پنگخواردووی ئاخ لەسەر دڵی خەڵکی کوردستان تەنیا بە داڕێژەری سیاسەتی درووست و لە ڕووی عەقڵییەت و بەستراو بە ژینگەی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان (جیاواز لە پارچەکانی تری کوردستان) دەبێ بێتە کایەوە. ئەم سیاسەتە کە ئێستا لە گۆڕەپانی «هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستان» خۆی نیشان دەدات، نابێ وەک ئەزموونی «ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران» لە ساڵی ٢٠١٨ بێت، بەڵکوو دەبێ بە سیاسەتێکی ڕوون و ئاشکرای کوردستانی و نیشتمانیی ڕوو بە گەلی خۆی بەڵێن بدات و داڕێژەری ئەکتیڤی هەبێت، ئەگەر ئەمە وەک ڕێچکە ببێت، بەئەرخەیانییەوە سەرمەنزڵگەی ئازادی چاکتر مسۆگەر دەبێت.

به شێوەی ئانلاین لە لایەن ناوەندی لێکۆڵینەوەی کوردستان - تیشک لە بلاگی ژیانەوە بڵاو کراوەتەوە:

٢٦ی خەرمانانی ٢٧٢٦ی کوردی

سەرچاوە
Serchawe

خوێندنەوەیەک لەسەر بزووتنەوەی ژینا و دەرکەوتەکانی تا ئەمڕۆ

شایستە وتمانی

بە درێژایی تەمەنی ٤٨ ساڵەی حکوومەتی ئیسلامیی ئێران، یەکێک لە بەهێزترین ئامرازەکانی بەردەوامبوونی زوڵم و زۆری، ترساندنی خەڵک لە ڕێگەی جۆراوجۆری وەک گرتن، ئەشکەنجە، دەستدرێژی و کوشتن و سێدارە بووە. ئەم ترساندن و تۆقاندنە هاوتەریب بووە لەگەڵ هەڵاواردن و پەراوێزخستن و دابەشکردنی کۆمەڵگەی ئێران بەسەر چین و توێژی جیاوازدا تا ساکارتر بتوانن بەسەر خەڵکدا زاڵ بن و لە کاتی پێویستدا لە دژی یەک بەکاریان بهێنن. هەڵاواردن و دابەشکارییە ئایینییەکان، زمانی، نەتەوەیی، ڕەگەزی، ناوچەیی و... . لەم نێوەدا کورد پشکی شێری بەرکەوتووە و ژنانی کورد پشکی شێری زێڕینیان بۆ دەرچووە.

هەر بەو پێیەش ڕۆڵی ژنان و کچانی کورد لە بەربەرەکانییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا بەرچاوتر و کاریگەرترە. یەکەم هەنگاو لەم پێناوەدا نافەرمانییە مەدەنییەکان و پشتگوێخستنی یاسا دژە مرۆییەکان و دژە ژنییەکانی کۆماری پەت و سێدارەیە.

چوار ساڵ لەوە پێش و لە ڕۆژانێکی وەک ئەمڕۆدا، کچێکی نازدار و دلۆڤانی کورد بە ناوی ژینا ئەمینی لە پێتەختی ئێران

بە هۆی ملنەدان بە یاسای زۆرەملێی حیجاب گیانی پاکی بەخت کرد. ئەم گیان لەدەستدانە مەرگێکی ئاسایی نەبوو کە مرۆڤێک لە چەند چرکەساتێکدا گیان بدا و ئیتر بوونی ببێ بە نەبوونێکی هەتاهەتایی، بەڵکوو ژینا سەلماندی کە هەندێک مەرگ دەستپێکی ژیانێکی هەرمان و هەتاهەتاییە و زیندووبوونەوە لە دڵی کۆمەڵگە و لاپەڕەکانی مێژوودایە.

لێرەدا پێویستە لە خۆمان بپرسین کە دوای گیانبەختکردنی ژینا چی ڕووی دا؟ چ گۆڕانکارییەک بەسەر کۆمەڵگەی ئێراندا هات؟ ئەمڕۆ دوای چوار ساڵ جێگە و پێگەی ئێمە لەکوێیە؟

دوای گیان لەدەستدانی ژینا، تووڕەیی و نارەزایەتیی چەندین ساڵەی کەڵەکەبووی ناو دڵی خەڵک وەک بوورکانێکی بەهێز هەڵچوو و پایە و بناغەی تەختی حکوومەتی زۆرداری کۆماری ئیسلامیی خستە لەرزە و تا لێواری ڕووخانی برد. ئەم سەرهەڵدانەی کە لە گۆڕستانی ئایچیی سەقزەوە دەستی پێکرد و زۆر خێرا بە کوردستان و دوایی و بە زۆربەی شار و تەنانەت گوندەکانی ئێرانیشدا بڵاو بووەوە و دەنگی کۆمەڵانی وەزاڵەهاتووی ئێران و بە تایبەت ژنانی گەیاندە دەرەوەی وڵات.

ئەم سەرهەڵدانە چەندین تایبەتمەندیی خۆی هەبوو کە بریتی بوون لە: پێشەنگایەتیی ژنان و کچان لە بزاڤەکە، ڕۆڵی بەرچاوی چینی نوێ و مێرمندالان لە خۆپێشاندانەکاندا، پشتگیریی پیاوان لە ژنەکانیان و کچەکانیان لە بەشداریکردنیان لەم سەرهەڵدانە، شکستهێنانی ترسی داسەپاوی چەندین ساڵەی حکوومەت، ڕوون و ئاشکرابوونی ویست و خواستی خەڵک لە شار و ناوچە جیاوازەکان و نەبوونی کاریگەریی ئیدیۆلۆژییەکی تایبەت بەسەر بزووتنەوەکەدا.

گەورەترین دەستکەوتی ئەم خرۆشانە هاتنەئاراوەی پرسی ئازادی، پرسی ژن، مافی مرۆڤ، ناسنامە، پێداگری لەسەر دادپەروەری و داهاتووی سیاسیی ئێران و لابردنی هەڵاواردنەکان لەسەر چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی ئێران و کوردستان بوو.

کۆی گشتیی ئەم پرس و بابەتانە بوو بە هۆی گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە هزر و ڕوانینی کۆمەڵگە سەبارەت بە پرسە جیاوازەکان کە ئەم گۆڕانکارییانەش خۆی لە خۆیدا دەستکەوتی باشی کۆمەڵایەتی و سیاسیی هەبوو. بەرچاوترین دەستکەوت ئەوە بوو کە ڕۆڵی ژن لە بەستێنی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە بابەت و سووژەوە گۆڕا بۆ ئەکتیڤیست و بکەری سەرەکی. واتە ژنان تەنیا ناوێک نەبوون لە پەراوێزی بابەتە سیاسییەکاندا، بەڵکوو خۆیان بوون بە خوڵقێنەری ڕەوتێکی هزری و ڕامیاری بۆ وەستان لە دژی نادادپەروەری و زوڵم و سەرکوت.

سەرچاوە
Serchawe

بابەتێکی تر کە لەم بزووتنەوەیەدا زۆر بەرچاو بوو، ڕۆڵی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و کاریگەریی ئەم بەشە لەسەر کۆی گشتیی کۆمەڵگەی ئێران بوو. تا کاتێک سەرهەڵدانەکە بە زەبری چەک و تەقەی ڕاستەوخۆی خوێنخۆرەکانی حکوومەتی مرۆڤکوژی ئێران و گیان لەدەستدانی سەدان گەنج و لاو و کوڕ و کچی تازە پێگەیشتوو پاشەکشەی پێ نەکرابوو، دەنگی کوردستان وەک دەنگی سەرەکیی ئەم بزاڤە لە ئێراندا دەبیسترا و ئەکت و کردارەکانی کوردستان ڕێبەرایەتیی گشتیی بزووتنەوەکەی لە پانتایی ئێراندا لەسەر شان بوو.

ئەمانە و دەیان نموونەی تر وەک دەستکەوتی ئەرێنی ئەژمار دەکرێن، بەڵام ئەم بزووتنەوەیە وەک هەموو بزووتنەوەیەکی تری جیهان، بەرکەوتەی نەرێنی و خراپشی بەدوای خۆیدا پەلکێش کردووە کە دەتوانین ئاماژە بە شەهید و بریندابوونی هەزاران کەس بە تایبەت چینی گەنج و دەستبەسەرکرانی هەزاران کەسی تر و لەسێدارەدرانی سەدان ڕۆڵەی ئەم خاک و نیشتمانە بکەین. هەروەها قووڵبوونەوەی قەیرانی ئابووری و بەرەوتەسکبوونەوەی سۆفرەی خەڵک و دژوارتربوونی بژێوی ژیان هەر لە کرێی ماڵڕا بگرە تا دەرمان و خۆراک و پێداویستیی منداڵان و کار و کەسب و هەرچی مرۆڤێکی ئەو سەردەمە پێی دەژی.

ڕاستە حکوومەتی ئیسلامیی ئێران لە دوای شەهیدبوونی ژینا ڕۆژێکی خۆشی بە خۆوە نەدیوە و تووشی دەیان قەیرانی ناوخۆیی و جیهانی بووە، بەڵام لەم لاشەوە هەڵاوسانی ئابووری و بەرزبوونەوەی نرخی شتومەکی ژیان و لاوازبوونی بواری دارایی خەڵک، گوشارێکی زۆری لەسەر کۆمەڵگە پێکهێناوە.

ئەمانە بە کۆی گشتی بەدیهێنەری کێشە و گرفتە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی ناوخۆی ئێرانن کە داوێنی خەڵکی گرتووەتەوە و بەشێک ناهومێدتر بوون و بەشێکیش هەستی تۆڵەسەندنەوە و ئاگری ڕق و قینیان بەتینتر بووە و چاوەڕێی دەرفەتێکی تازە دەکەن تا ئەمجارە کارەکە یەکسەرە بکەن.

پرسێکی تری بەرچاوی ئێستای کۆمەڵگەی ئێران ئەوەیە کە لە داهاتوودا و دوای نەمانی حکوومەتی مەلاکان چۆن بژین؟ لە ژێر چەتری کام بیروباوەڕدا ئاسایش و ئارامیی کۆمەڵایەتی و ئابووری بەدی بهێنن؟ کام شێواز لە حوکمڕانی بۆ ژیانێکی شیاوی کۆمەڵگە پەیڕەو بکەن؟ وەڵامی ئەم پرسیارانە ساکار نییە و پێویستی بە وردبینی و بەدواداچوونی وشیارانە هەیە، بەڵام ناکرێ لەبەرچاو نەگیرێن و پشتگوێ بخرێن، چونکە لە داهاتوودا خۆیان دەبن بە قەیرانێکی نوێ بۆ خەڵکی کوردستان و ئێران.

گرنگ ئەوەیە کاتێک ئاوڕ دەدەینەوە ئەم چوار ساڵەی ڕابردوو و بەراوردێکی لەگەڵ ساڵانی پێش بزووتنەوەی ژینا

کۆمەڵێک وتارو لێدوان

دەکەین، دەبینین توێژی خۆڵەمێشی و بڕیارنەدەری کۆمەڵگە زۆر کەمی کردووە، خەڵک بیریان لە ئازادیی ڕادەبڕین، گەیشتن بە لوتکەی کەرامەت و هەستی مرۆڤبوونی خۆیان کردووەتەوە و ئەمە لە خۆیدا گەورەترین گۆڕانکارییە کە دەتوانێ داهاتوویەکی شکۆدار بۆ نیشتمان بەدی بهێنێ.

به شێوەی ئانلاین لە لایەن ناوەندی لێکۆڵینەوەی کوردستان - تیشک لە بلاگی ژیانەوە بڵاو کراوەتەوە:

٤ی ڕەزبەری ٢٧٢٦ی کوردی

سەرچاوە
Serchawe

کاتێک پشتیوانی دەبێتە بژاردە ؛ چوار ساڵ دوای ژینا

سۆزان فەتحی

لە ١٦ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢دا، ژینا ئەمینی کچە کوردی ٢٢ ساڵان دوای دەستبەسەرکردنی لەلایەن پۆلیسی مۆراڵی ئێرانەوە گیانی لەدەستدا. مەرگی ژینا بوو بە دەستپێکی یەکێک لە گەورەترین بزووتنەوە جەماوەرییەکان دژی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە دوای شۆڕشی ١٩٧٩ەوە. لەژێر دروشمی ژن، ژیان، ئازادیدا، خەڵک لە سەرانسەری ئێراندا رژانە سەر شەقامەکان. ژنان لەچکەکانیان فڕێدا، گەنجان بەرەنگاری هێزە ئەمنییەکان بوونەوە و بزووتنەوەیەک سەریهەڵدا کە بە خێرایی لە پرسی حیجابی زۆرەملێ تێپەڕی و گۆڕا بۆ بانگەوازی ئازادی، کەرامەت و مافی بڕیاردان بەسەر ژیانی خۆتدا. چوار ساڵ دواتر، ژینا بووەتە هێمایەکی جیهانی. بەڵام ناوی ژینا پرسیارێکی دیکەش دەوروژێنێ کە لەوانەیە بە دڵی زۆر کەس نەبێ: پشتیوانی و هاوبەشی بۆ پاراستنی ژیانی چ کەسێک دەکار دەکردرێ و ژیانی چ کەسێک بەبێ هیچ سەرنج و بایەخێک وەک مۆمێک دەکوژێتەوە؟

ئەمە پرسیارێکە کە دەبێ پێش هەموو کەس بەرەی چەپی نێودەوڵەتی و بزووتنەوە پێشکەوتنخوازەکان بوێری ئەوەیان هەبێت لە خۆیانی بپرسن.

ژینا ژن بوو. بەڵام کوردیش بوو. ئەمە تەنیا وردەکارییەکی سادە نییە، بەڵکو بەشێکە لە ناسنامەی ژینا و ئەو بەستێنە سیاسییەی تێیدا قوربانی کرا. دروشمی ژن، ژیان، ئازادی لەو ڕۆژەدا دانەهێنرا کە ژینا تێیدا گیانی لەدەستدا. ئەم دروشمە ڕەگ و ریشەی قووڵی لە بزووتنەوەی ژنانی کورددا هەیە و ئەنجامی دەیان ساڵ خەباتە لە پێناو ڕزگاریی ژنان، ڕێکخستنی سیاسی و کۆمەڵگەیەکی جیاوازتر. توێژینەوەکان دەربارەی بزووتنەوەی ژنانی کورد و چەمکی "ژینۆلۆژی" نیشانی دەدەن کە چۆن ژنانی کورد بۆ ماوەیەکی درێژ بیرۆکەی فێمینیستی و شێوازی ڕێکخستنی سیاسیی تایبەت بە خۆیان دامەزراندووە و گەشەیان پێداوە. بەشداری ئەوان لە مەیدانی بزووتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا تەنیا وەک قوربانییەکی چەوسانەوە و هەڵاواردن نەبووە؛ بەڵکو ئەوان بکەری سیاسی و بەرهەمهێنەری تیۆریی فێمینیستی بوون. (١) کەواتە جێی سەرسوڕمانە دروشمێک کە ڕەگێکی وەها بەهێزی لە بزووتنەوەی ژنانی کورددا هەیە دەبێتە جیهانی، بەڵام لە هەمان کاتدا ڕوخسارە کوردییەکەی ئەم بزووتنەوەیە جاروبار لە گێڕانەوەکاندا ون دەبێ.

وەبیرهێنانەوەی ئەوەی کە ژینا کورد بوو، بە واتای بچووککردنەوەی بزووتنەوە بۆ ئاستێکی کەمتر لە ئاستە جیهانییەکەی نییە، بە پێچەوانەوە؛ ئەمە تێگەیشتنە لەوەی چۆن مەرگی ئەو توانی ئەوەندە کاریگەر بێ و بۆچی ئەزموونی کورد لە ڕۆژهەڵات بنەمایەکی سەرەکییە بۆ تێگەیشتن لە سەرەڕۆیی و سەرکوتکاریی دەوڵەتی ئێران.

چەوسانەوەی کورد لەلایەن حکومەتە جیاوازەکانی ئێرانەوە دیاردەیەکی نوێ نییە و بە ژینا ئەمینی دەستی پێ نەکردووە. کورد بۆ دەیان ساڵە ڕووبەڕووی جیاکاریی سیاسی، هەڵاواردنی ئابووری و کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی، چاودێریی ئەمنی، دەستبەسەرکردنی ڕەمەکی، سزای زیندانیکردنی درێژخایەن و سێدارە دەبێتەوە. ڕاپۆرتی حکومەتی بەریتانیا دەربارەی کورد و گرووپە سیاسییە کوردییەکان (کە لە ساڵی ٢٠٢٦ بڵاوکراوەتەوە)، زانیارییەکان دەربارەی سەرکوتکاریی بەرفراوانی سیاسی دژی کورد کۆدەکاتەوە و نیشانی دەدات کە ڕێژەی دەستبەسەرکردن و سزادانی کورد بە هۆکاری سیاسی زۆر بەرزترە لە کۆمەڵگەکانی دیکە. ڕاپۆرتەکە هەروەها ئاماژە بە زیادبوونی ئامادەیی سەربازی و چڕیی چاودێری لە ناوچە کوردییەکاندا دەکا. (٢)

کەواتە ئەوە دیاردەیەکی دەگمەن، دەستدرێژییەکی تاکەکەسی و دابڕاو نەبوو، بەڵکو شێواز و نەریتێکی سیستماتیکی لەمێژینەیە.

لە ساڵی ٢٠٢٦دا، دۆخەکە خراپتریش بووە. ئێران بەردەوام بووە لە بەکارهێنانی سزای لەسێدارەدان وەک ئامرازێک بۆ سەرکوتکردن. کۆمسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان، ڤۆلکەر تورک، لە مانگی ئابدا هۆشیاری دا کە

لەسێدارەدانەکان بۆ چاندنی ترس و بێدەنگکردنی ئۆپۆزسیۆن بەکاردێن. لە ڕێکەوتی ١٩ی مانگی مارسی زایینییەوە، لانی کەم ٥٦ کەس بەپێی حوکمە ئەمنییەکان لەسێدارە دراون، لە نێویاندا کەسانێک کە تۆمەتبار کرابوون بە بەشداری لە خۆپیشاندانەکاندا. (٣) لە هەمان کاتدا، ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی بەڵگەنامەی ئەوەی تۆمارکردووە کە چۆن خەڵک دوای دادگاییکردنی سەرپێیی و سیاسییانە و سەرتاپا نادادپەروەرانە، سزای لەسێدارەدانیان بەسەردا سەپێنراوە. (٤)

بۆ کورد، ئەمە زۆر جدیتر و دژوارترە. ڕێکخراوی مافی مرۆڤی ئێران ڕاپۆرتی داوە کە لانی کەم ٤٤٤ کەس لە حەوت مانگی یەکەمی ساڵدا لە ئێران لەسێدارەدراون، کە ٨٠ کەسیان سەر بە کەمینە نەتەوەییەکان بوون. ڕێکخراوەکە لە شەش مانگی یەکەمی ساڵدا لانی کەم لەسێدارەدانی ٢٥ کوردی تۆمار کردووە. (٥)

لە پشتی هەر ژمارەیەکەوە، مرۆڤێک هەیە. خێزانێک. ژیانێک. چیرۆکێک. لەگەڵ ئەوەشدا، مایەی تێڕامانە کە چۆن لە دانوستانە سیاسییە نێودەوڵەتییەکاندا هەندێک جار مامەڵەی جیاواز لەگەڵ ئەم مرۆڤانەدا دەکرێت.

لێرەدا پێویستە باس لە چەمکی "سۆلیداریتی هەڵبژێردراو" بکەین.

توێژینەوەکانی بواری دەروونناسیی کۆمەڵایەتی و توێژینەوە سیاسییەکان لە ساڵانی دواییدا نیشانیان داوە کە پشتیوانی و هاوبەشی هەمیشە جیهانی نین. ئارەزووی خەڵک بۆ پاڵپشتیکردنی ئەوانی دیکە دەکەوێتە ژێر کاریگەریی هۆکارگەلی وەک خاڵی هاوبەش و لێکچوونی هەستپێکراو و بەرجەستەی وەک ڕەگەز یا ئەو تێگەیشتنەی کە کام گرووپ نزیکایەتیی زیاتری لە "ئێمە" هەیە. توێژینەوەکانی سەر پشتیوانی و هاوخەمی لەگەڵ پەنابەراندا نیشانیان داوە کە خەڵک دەکرێ پشتیوانیی زیاتر لە گرووپێکی دیاریکراو بکەن بە بەراورد بەوانی دیکە، ئەوەش بەپێی بنەچەیان و چۆنیەتی تێگەیشتن لێیان. (٦)

ئەم دیاردەیە تەنانەت لە دەرەوەی سیاسەتی پەنابەرانیشدا گرنگە. چونکە پشتیوانی دەکرێ ببێتە هەڵبژێردراو کاتێک بزووتنەوە سیاسییەکان جۆرە جیاوازەکانی چەوسانەوە لەسەر بنەمای ئەوەی کە ئەنجامدەری تاوانەکە کێیە و چ چیرۆکێکی ژێئۆپۆلیتیکی دەوری ململانێکەی داوە هەڵدەسەنگێنن.

ئەمە بەو مانایە نییە کە تەواوی چەپی ئەورووپی یا بەرەی پێشکەوتنخواز بەرامبەر بە پرسەکانی ئێران یان کوردستان بێدەنگ بن. ئەوە ناڕەوایە و لە رووی بەڵگەییەوە هەڵەیە. بزووتنەوەی پێشکەوتنخواز، بەرەی سیاسی و ڕێکخراو هەن کە

بە ڕوونی پشتیوانییان لە ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی و مافەکانی کورد کردووە. بەڵام کێشەکە لەو پشتیوانییە ناهاوسەنگ و هەندێک جار مەرجدارەیە کە هێشتا لەناو بەشێک لە چەپی نێودەوڵەتیدا بوونی هەیە. لێرەدایە کە پێویستە لە وێنەی زەینی چەپەکان لە خۆیان بکۆڵینەوە.

چەپی ئەوروپی مێژوویەکی درێژ و گرنگی لە دژایەتیکردنی ئیمپریالیزم، کۆلۆنیالیزم و دەستوەردانی سەربازیی زلهێزەکاندا هەیە و سیاسەتی دەسەڵاتداریی مێژوویی و هاوچەرخی ئەمریکا و ئەوروپا دەبێ بخرێتە ژێر چاودێری و ڕەخنەوە.

بەڵام دژە ئیمپریالیزم ناتوانێ بەو مانایە بێ کە هەندێک ڕژێمی تۆتالیتار و دیکتاتۆر بەزەیی ئەخلاقیی زیاتریان پێ ڕەوا ببینرێ تەنیا بەهۆی ئەوەی لە ململانێدان لەگەڵ ڕۆژئاوادا.

دەکرێت دژی ئیمپریالیزمی ئەمریکا بی و لە هەمان کاتدا سەرەڕۆیی ئێران شەرمەزار بکەی. دەکرێ پشتیوانی لە مافەکانی فەلەستینییەکان بکەی و لە هەمان کاتدا بەرگری لە مافەکانی کوردیش بە ڕەوا بزانی.

دەکرێ دژی دەستدرێژیی سەربازی بی و لە هەمان کاتدا داوای ئازادکردنی زیندانیانی سیاسی بکەی. دەکرێت ڕەخنە لە ڕێکخراوە سیاسی یان چەکدارەکانی کورد بگری و لە هەمان کاتدا لەسێدارەدانی زیندانیانی سیاسیی کورد شەرمەزار بکەی. هیچ دژایەتییەک لە نێوان ئەم هەڵوێستانەدا نییە.

ئەگەر مافەکانی مرۆڤ بەڕاستی گەردوونی بن، ناتوانن بەستراوە بن بەوەی کە ئایا مرۆڤی چەوساوە سەر بە بزووتنەوەیەکە کە ئێمە خۆشمان لێی دێ یان نا. زیندانییەکی سیاسی بەهۆی ئەوەی سەر بە ڕێکخراوێکی سەربەگۆبەندە، نابێ بەها و گرنگیی بەرگری لێکردنی کەمتر ببێتەوە. خۆپیشاندەرێکی کورد بەهۆی ئەوەی داواکارییە سیاسییەکانی زۆر ڕادیکاڵترن لەوەی سیاسییەکانی ئەوروپا پێی ئاسوودەن، بەهای مرۆیی خۆی لەدەست نادا و ژنێک بەهۆی ئەوەی لە هەمان کاتدا خۆی وەک کورد دەناسێنێ، فێمینیستبوونەکەی کەمتر نابێتەوە. لێرەدایە کە فێمینیزم ڕووبەڕووی تاقیکردنەوەیەکی گرنگ دەبێتەوە. فێمینیزم تەنیا بەرگریکردن نییە لە ژنان بەرامبەر توندوتیژی. بەڵکو پرسی مافی ژنیشە لە پێناسەکردنی خۆی؛ مافی ئاخاوتن بە دەنگی خۆی؛ مافی ڕێکخستنی خۆی؛ و مافی بوون بە بکەرێکی سیاسی.

بزووتنەوەی ژنانی کورد نموونەیەکی ڕوونی ئەمەیە. ژنانی کورد بۆ ماوەیەکی درێژ پێکهاتەی سیاسی و فێمینیستیی تایبەت بە خۆیان بونیاد ناوە و بیرۆکەیەکیان دەربارەی ڕزگاریی ژنان گەشە پێداوە کە بە شێوەیەکی قووڵ بە دیموکراسی،

خۆڕێکخستن و گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتییەوە بەستراوەتەوە. (١)

کاتی فێمینیستە ڕۆژئاواییەکان باس لە Woman, Life, Freedom دەکەن بەڵام لە هەمان کاتدا ڕۆڵی مێژوویی بزووتنەوەی ژنانی کورد کاڵ دەکەنەوە، کێشەیەک دروست دەبێ. مەترسیی ئەوە هەیە کە ژنی کورد بکەنە سیمبول، بەڵام وەک ئەکتەرێکی سیاسی دان بە بوونیدا نەنێن. پشتیوانی ناکرێت هێژموونیخوازانە بێ و یەکێک بڵێت: "ئێمە ڕزگارتان دەکەین." بەڵکو دەبێ بەم مانایە بێت: "ئێمە خەباتەکەتان دەبینین، گوێ لە دەنگتان دەگرین و بەرگری لە مافی خۆتان دەکەین بۆ بڕیاردان لەسەر داهاتووتان." ئەمە بە تایبەتی گرنگە کاتێک باس لە داهاتووی ئێران دەکەین.

ڕێکخراوە سیاسییە کوردییەکان ئەکتەری نوێی بەستێنی سیاسی نین کە هەر دوای مەرگی ژینا دەرکەوتبن. ئەوان بۆ دەیان ساڵە بوونیان هەیە، پێکهاتەی ڕێکخراوەییان بونیاد ناوە و تۆڕی سیاسییان گەشە پێداوە. لە سەرەتاکانی ساڵی ٢٠٢٦دا، چەندین پارتی ئۆپۆزسیۆنی کورد هاوپەیمانییەکیان دروست کردووە. لە هەمان کاتدا، ڕژێمی ئێران بەردەوام بووە لە هێرشی سەربازی بۆ سەر پێگە و کەمپی هێزە کوردییەکانی ئێران لە کوردستانی عێراق. (٢)

ئەوە ناکرێ وەک بابەتێکی لاوەکی تەماشا بکرێت.

دیارە دەوڵەتی ئێران مامەڵە لەگەڵ ڕێکخراوە کوردییەکاندا دەکا وەک کێشەیەکی ئەمنیی ڕاستەقینە و گرنگ. سەرکوتکاریی بێبەزەییانە و هەمەلایەنە، نیشانی داوە کە کێشەی کورد لە بابەتێکی ناوخۆیی کەمینەکانی ئێراندا کورت ناکرێتەوە. کاتێک فڕۆکەی بێفڕۆکەوان و مووشەکی ئێرانی هێرش دەکەنە سەر بنکەکانی ڕێکخراوە ئۆپۆزسیۆنەکان لە کوردستانی عێراق، ئەمە دەبێتە پرسی ئاسایشی هەرێمی، سەروەریی عێراق و پاراستنی پەنابەرانی سیاسی و خێزانەکانیان.

لە هەمان کاتدا، دەبێ بتوانین دانوستانێکی ورد و واقیعییانە دەربارەی ڕێکخراوە سیاسییە کوردییەکان بکەین. بەرگریکردن لە مافەکانی مرۆڤ بە واتای ئەوە نییە کە دەبێت پشتیوانی لە هەر بڕیارێکی سیاسی یان چەکداریی ئەو ڕێکخراوانە بکردرێ. دەبێ بتوانین ڕەخنە لە بزووتنەوە دیموکراتییەکان بگرین. خەباتی چەکداری بخرێتە بەر باس. ڕوانگە جیاوازەکان بۆ کوردستان و داهاتووی ئێران بێنە سەر سەکۆ. دەتوانی هاوکات "نەخێر" بڵێی بە خەباتی چەکداری و "نەخێر"یش بڵێی بۆ لەسێدارەدان. دەکرێ ڕەخنە لە لایەنێکی سیاسی بگری و لە هەمان کاتدا بەرگری لە مافی یاسایی و دادپەروەرانەی ئەندامەکانی بکەی. دەکرێ تێڕوانینێکی جیاوازت هەبێ دەربارەی شێوازی دەسەڵاتی داهاتووی ئێران و لە هەمان کاتدا بەرگری لە مافی کورد بکەی بۆ دارشتنی داواکارییە سیاسییەکانی خۆیان. ئەمەیە کە پشتیوانیی بنەماخواز لە

سۆزداریی سیاسی جیا دەکاتەوە.

دانوستانەکانی داهاتوو دەربارەی ئێران دەبێ باسی زیاتر لەوە بکا کە کێ جێگەی کۆماری ئیسلامی دەگرێتەوە؟ چ جۆرە دەوڵەتێک لە دوای ئەو ڕژێمە بونیاد دەنرێ؟ گۆڕینی ڕژێم بە مانای گەیشتن بە دیموکراسی نایەت.

ئەگەر ئێرانی داهاتوو دیموکراتیک بێ، دەبێت مامەڵە لەگەڵ پرسی گرووپە جیاوازە نەتەوەیی، ئیتنی، ئایینی و کلتوورییەکانی وڵاتەکەدا بکا. کورد دەبێ شوێنی لەسەر مێزی دیالۆگی داهاتووی ئێران هەبێ و تەنیا وەک قوربانییەکی سەرەڕۆیی تەماشا نەکردرێ، بەڵکو وەک ئەکتەری سیاسیی بەئەزموون، کە داواکاری و ڕوانگەی تایبەت بە خۆیان هەیە، مامەڵەیان لەگەڵ بکردرێ. ئەمە بە مانای ئەوە نییە کە تەنیا یەک هێڵی سیاسیی کوردی بوونی هەیە، بەڵام بە مانای ئەوەیە کە وەک ڕاستییەکی سیاسی دان بە بوونی کورد دابنرێت.

چوار ساڵ دوای مەرگی ژینا ئەمینی، کاتی ئەوە هاتوو کە بگەڕێینەوە بۆ مانای ڕاستەقینەی ژن، ژیان، ئازادی.

ژن: نەک تەنیا ژن وەک قوربانی، بەڵکو ژن وەک بکەرێکی سیاسی.

ژیان: نەک تەنیا ژیان وەک سیمبول، بەڵکو ئەو ژیانە ڕاستەقینەی مرۆڤ کە بە ئەشکەنجە، لەسێدارەدان و توندوتیژیی دەوڵەتەوە هەڕەشەی لێدەکرێ.

ئازادی: نەک تەنیا ئازادی لە حیجابی زۆرەملێ، بەڵکو ئازادی لە سەرکوتکاریی سیاسی، ئازادیی ڕێکخراوەیی و ئازادیی دارشتنی داهاتووی سیاسی و نەتەوەیی خۆت.

ئەگەر ئەو دروشمە وەک دروشمێکی گەردوونی سەیر دەکردرێ نابێ کوردبوونی ژینا و ڕێکخراوە سیاسییەکانی پشت ئەو بزووتنەوەیە پشتگوێ بخرێ. ئەو دروشمە دەبێ گەردوونی بێت تەنانەت ئەگەر تاوانباری کوشتنی ژینا ڕژێمێک بێ کە هەرووک چەپی ڕۆژئاوایی ڕەخنەی لە ڕۆژئاوا هەبێ.

ئەو پشتیوانییە لەو چەمکە گەردوونیانە دەبێ بەردەوام بێت بێ ئەوەی هیچ دەستکەوتێکی سیاسی بۆ ئێمە تێدا بێ. ژینا تەنیا هێمایەک نەبوو کە جیهان دوای مەرگی دروستی کردبێ؛ ئەو مرۆڤێکی ڕاستەقینە بوو بە ناو، خێزان، مێژوو و

کۆمەڵێک وتارو لێدوان

ناسنامەیەکی کوردییەوە. مەرگی ئەو دەرگایەکی کردەوە کە بە هەزاران مرۆڤ پێیدا تێپەڕین و ڕژانە سەر شەقامەکان و داوای ئازادییان کرد. چوار ساڵ دوای ئەو ڕووداوە دەبێ بپرسین کام قوربانی شایستەی پشتیوانیی ئێمەیە.

دەبێ بپرسین ئایا پشتیوانیی ئێمە شایستەی ناوی خۆیەتی ئەگەر هەموو کەسێک نەگرێتەوە؟ چونکە پشتیوانییەک کە تەنیا کاتێک پەیڕەو بکرێت کە لە ڕووی سیاسییەوە کردەیی و ئاسان بێ، گەردوونگەرایی نییە، ئەوە هەڵاواردنە. ئەگەر ژن، ژیان، ئازادی دروشمێکی جیهانی بن، دەبێ وشەکان هەمان مانایان هەبێ، جیاواز لەوەی کە کێ دەیانڵێتەوە و کێ پێویستی پێیانە.

"ژن، ژیان، ئازادی"

نەک بۆ هەندێک کەس، بەڵکوو بۆ هەمووان.

سەرچاوەکان:

Al-Ali, N. & Käser, I. (2022). Beyond Feminism? Jineolojî and the Kurdish Women's Freedom Movement. Politics & Gender, 18(1), 212–243.

UK Home Office (2026). Country Bulletin: Iran – Kurds and Kurdish Political Groups, May 2026, uppdaterad augusti 2026.

Office of the UN High Commissioner for Human Rights (OHCHR), augusti 2026. Iran: Türk says executions used to instill fear, suppress dissent.

Amnesty International (2026). Dokumentation av politiskt motiverade avrättningar och dödsdomar i Iran.

Iran Human Rights (IHR NGO) (2026). Execution Reports – First Half 2026.

Verkuyten, M., et al. (2021). Selective Solidarity: Cultural and Political Factors Influencing Public Support for Refugees. Journal of Social and Political Psychology.

بە شێوەی ئانلاین لە لایەن ناوەندی لێکۆڵینەوەی کوردستان - تیشک لە بلاگی ژیانەوە بڵاو کراوەتەوە:

٥ی ڕەزبەری ٢٧٢٦ی کوردی

سەرچاوە
Serchawe

سپاسنامەی هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران سەبارەت بە سەرکەوتنی مانگرتنی ٢٥ی خەرمانان

خەڵکی سەربەرز و خۆڕاگری کوردستان!

لە چوارەمین ساڵرۆژی شەهیدبوونی ژینا ئەمینی و بەرزڕاگرتنی یادی شەهیدان و دەستکەوتەکانی بزووتنەوەی "ژینا - ژن، ژیان، ئازادی"، مانگرتنی گشتیی ٢٥ی خەرمانان وەک وەڵامێکی بڕیاردەرانە و هەڵوێستێکی یەکلاکەرەوە سەرکەوتووانە بەڕێوەچوو.

ئەم مانگرتنە گشتییە لە کاتێکدا بەڕێوەچوو کە ڕژێمی کۆماری ئیسلامیی ئێران هەموو توانایەکی سەربازی و ئەمنیی بۆ میلیتاریزەکردنی شارەکانی کوردستان و دروستکردنی گوشار و هەڕەشەی جۆراوجۆر لەسەر بازارییەکان و خەڵک بەکارهێنابوو. بەڵام ئیرادەی بەهێزی خەڵکی کوردستان و هەڵوێستی بەرپرسیارانەی دوکانداران و بازارییەکان، دەسەڵاتی تووشی شکست کرد. جێگەی ئاماژەیە، پشتیوانیکردن لەم بانگەوازە لەلایەن دەیان حیزب و لایەنی سیاسی، ڕێکخراوەکانی ژنان و کۆمەڵگەی مەدەنی لە ئاستی کوردستان و ئێران و هەروەها پەیوەستبوونی بەشێک لە زیندانیانی سیاسی لە ڕێگەی مانگرتن لە خواردن، دەبێتە نرخێکی گرنگ بۆ کاری هاوبەش و هاوپێوەندی لە تێکۆشانمان دژ بە کۆماری ئیسلامی لە هەر

دەرفەت و شوێنێکدا.

سەرکەوتنی ئەم حەرەکەتە مەدەنییە نیشانەی ئاستی بەرزی بەرپرسیارەتیی کۆمەڵایەتی، هۆشیاریی سیاسی، یەکیەتیی نەتەوەیی و ڕەتکردنەوەی سیاسەتەکانی سەرکوت، هەڵاواردن و سێدارە لەلایەن خەڵکی کوردستانە. هەروەها سەلمێنەری ئەم ڕاستییەیە کە هێزە سیاسییەکان و کۆمەڵگەی کوردستان بەشێکی لێکدانەبڕاون و ئەم پەیوەندییە قووڵە سەرمایەیەکی گەورەی سیاسی و کۆمەڵایەتییە بۆ بەردەوامیی خەبات و هەنگاوەکانی داهاتوو.

هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران، جگە لە ڕێزگرتن لە خۆڕاگریی نەتەوەی کورد و سپاسی ئەو هەڵوێست و یەکگرتووییەی خەڵک لە بەڕێوەبردنی مانگرتنی ٢٥ی خەرمانان، پێزانینی خۆی ئاراستەی تێکڕای ئەو کەسایەتییە سیاسی، ئەکادیمی و بەتایبەت لایەنە سیاسییەکانی بەلووچ، تورک، فارس، تورکمەن و عەرەب دەکات کە بە بڵاوکردنەوەی پەیام و ڤیدیۆ پشتیوانی و هاودەنگیی خۆیان لەگەڵ بانگەوازی مانگرتنەکە دەربڕی. ئەم هاوکاری و پشتیوانییە بەرفراوانە نیشانەی پێگە و پێشەنگایەتیی کوردستانە لە ئاستی سەراسەریی ئێراندا.

هێزە سیاسییەکانی کوردستان دووپاتی دەکەنەوە کە بەردەوام پابەند دەبن بە نوێنەرایەتیکردن و گەیاندنی دەنگی داواکارییە ڕەوا و مەشروعەکانی کۆمەڵگە و ئەم یەکگرتوویی و هاوبەشییە بە زامنی سەرکەوتنەکانی داهاتوو دەزانن.

هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران

٢٥ی خەرمانانی ٢٧٢٦

٢٥ی خەرمانانی ٢٧٢٦

کۆکردنەوەو ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

ڕەزبەری ٢٧٣٦ی کوردی = ئۆکتۆبەری ٢٠٣٦ی زایینی

سەرچاوە Serchawe

شەهیدان سومبولی خۆراگری نەتەوەیەکن
١٨ گوڵاڵە سورەی تازەی ڕێگای خەبات و ئازادی ڕۆژهەڵاتی کوردستان
پانۆرامای ڕووداوکانی خەرمانانی
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

پانۆرامای ڕووداوەکانی مانگی خەرمانانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

١	٣٠ی خەرمانانی ١٣١٩ی هەتاوی = ٢٠ی سێپتەمبەری ١٩٤٠ی زایینی؛
	حوسین حوزنی موکریانی مێژوونووس و ڕۆژنامەگەر، لەناو کورد دا یەکەمین کەس بووە چاپخانەی بۆ چاپکردنی بەرهەمە نووسراوەکانی زمان و وێژەی کوردی دامەزراندووە، کۆچکردن حسێن حوزنی موکریانی لەشاری بەغدا بە دەستی نۆکەرەکانی ئینگلیس ژەهرخوار دەکرێ و گیانی لە دەست دەدا. کۆچی دوایی کردووەو تەرمەکەی گەڕێنراوەتەوە شاری هەولێرو و لەگۆڕستانی ئیمام محەممەد لە نیزک پیرە قەڵاتی هەولێردا بەخاک سپێردرا.
٢	٣ی خەرمانانی ١٣٢٠ی هەتاوی = ٢٤ی ئاگۆستی ١٩٤١ی زایینی؛
	کۆنفرانسێک لە شاری شنۆ بە بەشداریی ئاغا و سەرۆکە کوردەکانی لای خوارووی ڕۆژئاوای ورمێ و باکووری کوردستانی ئێران بۆ ماوەی چەند ڕۆژ بەڕێوەدەچێ، لەم کۆبوونەوەیەدا کە دوور لە چاوی ئینگلیسەکان و بە پاساوی زەماوەندی کوڕی قەرەنی ئاغای مامەش گیرابوو، بەرپرسە کوردەکان بە هیچ ئاکامێک و یەکێتییەکی ئەوتۆ ناگەن.
٣	٢٥ی خەرمانانی ١٣٢١ی هەتاوی = ١٦ی سێپتەمبەری ١٩٤٢ی زایینی؛
	دەستەیەک لاوی سابلاغی لە باخی حاجی داود لە نزیک چۆمی سابلاغ بە ئامادەبوونی نوێنەرانی حیزبی هیوا، میرحاج و مستەفا خۆشناو بۆ پێکهێنانی ڕێکخراوێکی سیاسی کورد کۆبوونەوە."
٤	١١ی خەرمانانی ١٣٤٧ی هەتاوی = ٢ی سێپتەمبەری ١٩٦٨ی زایینی؛
	شاعیرو تێکۆشەری سیاسی و یەکێک لە ڕێبەرانی جووڵانەوەی چەکداری ساڵەکان(٦٨ - ٦٧) ڕۆژهەڵاتی کوردستان مەلا ئاوارە(ئەحمەد شەڵماشی) و دوای چوار مانگ زیندان و ئەشکەنجە لەبەرە بەیانی ئەم ڕۆژەدا لە خوار نەخۆشخانەی شار لە شوێنێک بە ناوی "خڕی کانی ساردێ" شاری سەردەشت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ دوو هاوڕێی پێشمەرگە لەلایەن حکومەتی پاشایەتی ئێران ئیعدامیان کران.
٥	خەرمانانی ١٣٤٧ی هەتاوی = سێپتەمبەری ١٩٦٨ی زایینی؛
	گیرانی سەدان کەس لە ئەندام و لایەنگرانی حیزب لە هەموو شوێنەکانی کوردستان، لە دەزگای ئەمنیەتی ساواکی ڕێژیمی پاشایەتی پەهلەوی کە بەدوای ئەشکەنجەی زۆر لە پادگانی جەلدیان چەندین کەسیان لێ ئیعدام کران.

٦	٣١ی خەرمانانی ١٣٥٢ی هەتاوی = ٢٢ی سێپتەمبەری ١٩٧٣ی زایینی؛
	پێک هاتنی کۆنگرەی سێهەمی حیزب بە بەشداری ٤٩ کەس و پەسند کردنی بەرنامەو پیرەوی نیوخۆی تازە و هەڵبژادنی کۆمیتەی ناوەندی لەشاری بەغدا.(سکرتێری گشتیی دوکتور قاسملوو)

٧	٣١ی خەرمانانی ١٣٥٢ی هەتاوی = ٢٢ی سێپتەمبەری ١٩٧٣ی زایینی؛
	پەسند کردنی ئامانجی دوارۆژی حیزبی دێموکرات (کۆمەڵێکی دادپەروەری سۆسیالیستی یە) لە کۆنگرەی سێهەمی حیزب لەشاری بەغدا.

٨	٢٠ی خەرمانانی ١٣٥٤ی هەتاوی = ١١ی سێپتەمبەری ١٩٧٥ی زایینی؛
	کۆچی دوایی شێخ محەممەدی مەردوخ ناسراو بە ئایەتوڵلا مەردۆخی کوردستانی، مامۆستای ئایینی و، نووسەر، شاعیر، مێژوونووس و کەسایەتیی سیاسیی ناسراوی کورد لە گەڕەکی قەتارچیانی شاری سنە لە تەمەنی ٩٨ ساڵیدا ماڵئاویی لە ژیان کرد.

٩	٩ی خەرمانانی ١٣٥٨ی هەتاوی = ٣١ی ئاگۆستی ١٩٧٩ی زایینی؛
	فوئادی مستەفا سوڵتانی، بزوێنەرێکی هەرە گرنگ و دامەزرێنەرێکی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران بووە، ناوبراو لە نێوان گوندەکانی بستام - کانیعمەت دا لەلایەن هێزێکی زۆری جاش و پاسدارەوە بە سەرکردایەتی مستەفا چەمران هێرشیان دەکرێتە و کاک فوئاد و تەهمورس شەهید دەبن.تەرمەکەی کاک فوئاد دەبرێتەوە بۆ مەریوان لە گۆڕستانی تاڵەسوار لە نزیک گوندەکەیان و لە تەنیشت ئەمین و حوسەینی برایدا بەخاکیان سپارد.

١٠	١١ی خەرمانانی ١٣٥٨ی هەتاوی = ٢ی سێپتەمبەری ١٩٧٩ی زایینی؛
	جینایەتی سامناک و درەندانەی چەکدارانی رێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران و قەلاچۆ کردنی ٦٧ کەس لە دانیشتوانی سیقلی خەڵکی گوندی قارنی.

١١	خەرمانانی ساڵی ١٣٥٩ی هەتاوی = سێپتەمبەری ساڵی ١٩٨٠ی زایینی؛
	کۆمیتەی ناوەندی حیزب دەستدرێژی دەوڵەتی عێراقی بۆ سەر ئێران مەحکووم کرد و رای گەیاند ئەگەر دەوڵەتی ناوەندی داخوازە بنەرەتی یەکانی خەڵکی کوردستان بە فەرمی بناسی.حیزبی ئێمە ئامادەیە تەواوی هێزی خۆی بۆ بەرەنگاربوونەوەی پەلاماری ئەرتەشی عێراق وەکار بخا.

١٢	مانگی خەرمانانی ساڵی ١٣٥٩ی هەتاوی = مانگی سێپتەمبەری ساڵی ١٩٨٠ی زایینی؛
	کۆمیتەی ناوەندی حیزب دەستدرێژی دەوڵەتی عێراقی بۆ سەر ئێران مەحکووم کرد و رای گەیاند ئەگەر دەوڵەتی ناوەندی داخوازە بنەرەتی یەکانی خەڵکی کوردستان بە فەرمی بناسی.حیزبی ئێمە ئامادەیە تەواوی هێزی خۆی بۆ بەرەنگاربوونەوەی پەلاماری ئەرتەشی عێراق وەکار بخا.

١٣	٣١ی خەرمانانی ١٣٥٩ی هەتاوی = ٢٢ی سێپتەمبەری ١٩٨٠ی زایینی؛
	تیرۆری سەرگورد حەبیبوڵلا عەبباسی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی کۆنگرەی چوارەمی حیزبی دێموکرات، بەرپرسی شورای نیزامیی حیزب لە شاری مەهاباد، بە دەست بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامی لە شاری مەهاباد.

١٤	٦ی خەرمانانی ١٣٦١ی هەتاوی = ٢٨ی ئاگۆستی ١٩٨٢ی زایینی؛
	عەبدوڵلا زەکی مامۆستا قەندیل ئەندام و پێشمەرگەی دێرینی حیزبی دێموکرات و ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵەی یەکسانی کوردستان لە شەڕی بەرگریی ناوچەی پیرانشاردا بریندار بووە و پاش رۆژێک بەربەرەکانی لەگەڵ مەرگدا شەهید بووە و تەرمەکەی لە گۆڕستانێکی بەری مێرگانی شاری پیرانشار نێژراوە.

١٥	مانگی خەرمانانی ١٣٦١ی هەتاوی = مانگی سێپتەمبەری ١٩٨٢ی زایینی؛
	دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکرات بریاری دا لە رۆژی ٢٠ی خەرمانان تا ٢٠ی رەزبەرِ وەک مانگی بەرگری لە ئازادی و هەرمانی گەلی کورد رابەگەیەنێ.

١٦	١٨ی خەرمانانی ١٣٦٢ی هەتاوی = ٩ی سێپتەمبەری ١٩٨٣ی زایینی؛
	شەهید بوونی ئەسعەد مامەدی جێگری فەرماندەری هێز، لە گوندی شنەتالا، بە هۆی تیرۆری بە کریگیراونی کۆماری ئیسلامیی.

١٧	٢١ی خەرمانانی ١٣٦٢ی هەتاوی = ١٢ی سێپتەمبەری ١٩٨٣ی زایینی؛
	شەهید بوونی سابیر حوسێنی جێگری فەرماندەری هێزی شاهۆ، بەهۆی دسرێژی سەربازە ئێراقیەکان لە نیو باخە وێران و سوتاوکانی چنارە لە باشووری کوردستان.

١٨	٣١ی خەرمانانی ١٣٦٤ی هەتاوی = ٢٢ی سێپتەمبەری ١٩٨٥ی زایینی؛
	شەهید بوونی عومەر قەیتەران فەرماندەری هێزی ئەفشین، لەگەڵ ٨ قارەمانی دیکە، شەڕ لەگەڵ هێزەکانی کۆماری

	ئیسلامی لە گوندی گەرگولی نەغەدە
١٩	**٨ی خەرمانانی ١٣٦٥ی هەتاوی = ٣٠ی ئاگۆستی ١٩٨٦ی زایینی؛**
	شەهید بوونی جەمیل حوسێنی بەرپرسی کۆمیتە شارستانی سنە حیزبی دێموکرات، بە هۆی شەڕ لەگەڵ داگیرکەرانی کۆماری ئیسلامی - وزباش کەندی.
٢٠	**٢٢ی خەرمانانی ١٣٦٦ی هەتاوی = ١٣ی سێپتەمبەری ١٩٨٧ی زایینی؛**
	شەهید ناسر میراویی، کادری دڵسۆزی سازمانی خەبات،لە ناو دێی چەمپاراوی بانە لەگەڵ هێندێ کوردی ئاوارە تێک هەڵ ئەنگوت و بەهۆی ڕێنوێنی چەوتی خەڵکی ئاوەدانی، ئەوان دەستڕێژیان لە شەهید ناسر کرد و لە ئاکامدا بەهۆی برینی کاریەوە شەهید بوو.
٢١	**١٣ی خەرمانانی ١٣٦٧ی هەتاوی = ٤ی سێپتەمبەری ١٩٨٨ی زایینی؛**
	تیرۆری سەدیق کەمانگەر ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە لە ئۆردوگای سەرەکی کۆمەڵە بە ناوی بەردانەگە لە دەوەری شاری رانیە لە باشووری کوردستان.
٢٢	**خەرمانانی ١٣٦٧ی هەتاوی = سێپتەمبەری ١٩٨٨ی زایینی؛**
	کوشتاری کەم وێنەی زیندانییە سیاسییەکانی ئێران بە دوای ڕاگیرانی شەڕی نێوان ئێران و عێراقدا. لەم کوشتارەدا هەزاران زیندانی سیاسی لە سەرانسەری ئێران کوژران کە لە نێویاندا ژمارەیەکی بەرچاو لە تێکۆشەرانی کورد دەبینران.
٢٣	**٢٦ی خەرمانانی ١٣٦٧ی هەتاوی = ١٧ی سێپتەمبەری ١٩٨٨ی زایینی؛**
	شەهید بوونی خدر زارعی بەرپرسی کۆمیتە شارستان پیرانشار، بە هۆی شەری نێوخۆیی لە کەنێرە.
٢٤	**٢٨ی خەرمانانی ١٣٧٠ی هەتاوی = ١٩ی سێپتەمبەری ١٩٩١ی زایینی؛**
	تیرۆری سەعید یەزدانپەنا تێکۆشەری سیاسی رۆژهەڵاتی کوردستان و دامەزرێنەری یەکیەتی شۆڕشگێڕانی کوردستان. دواتر بۆتە(پارتی ئازادی کوردستان). لە باشووری کوردستان.
٢٥	**٢٦ی خەرمانانی ١٣٧١ی هەتاوی = ١٧ی سێپتەمبەری ١٩٩٢ی زایینی؛**
	تێرۆری مێکونووس. لەم پەلامارە تێرۆریستییەی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا د. سادق شەرەفکەندی، سکرتێری گشتیی

	حیزب، فەتاح عەبدولی نوێنەری حیزب لە دەرەوەی وڵات، هومایون ئەردەڵان، نوێنەری حیزب لە ئەڵمان و نووری دێهکوردی، چالاکی سیاسی و دۆستی حیزب بە دەستی تێرۆریستە نێردراوەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران شەهید کران.
٢٦	**١٩ی خەرمانانی ١٣٧٥ی هەتاوی = ٩ی سێپتەمبەری ١٩٩٦ی زایینی؛**
	وەرگیرانی حیزبی دێموکرات بە ئەندامی ئەنترناسیونالی سوسیالیست لە بیستەمین کۆنگرەی خۆی لە سالونی کوری گشتی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە نیویورک. بە بەشداری مامۆستا عەبدوڵا حەسەن زادە سکرتێری گشتیی حیزب.
٢٧	**٢١ی خەرمانانی ١٣٨٠ی هەتاوی = ١٢ی سێپتەمبەری ٢٠٠١ی زایینی؛**
	بەیاننامەی دەفتەری سیاسی حیزب دێموکرات بە بۆنەی زنجیرە هێرشێکی تیرۆریستی ١١ی سێپتەمبەری وڵاتە یەکگرتووکانی ئامریکا.
٢٨	**١٥ی خەرمانانی ١٣٨٢ی هەتاوی = ٦ی سێپتەمبەری ٢٠٠٣ی زایینی؛**
	کۆچی دوایی محەممەد هەورازی شاخەوانی بەرزە ناوی کورد و یەکێک لە باشترین شاخەوانانی جیهانی بەهۆی رنۆی بەفرلە شاخی گاشبرۆم ١ لە نەخۆشخانەی پاکستان.
٢٩	**١٦ی خەرمانانی ١٣٨٢ی هەتاوی = ٧ی سێپتەمبەری ٢٠٠٣ی زایینی؛**
	بەرێوە چوونی یەکەمین فستیڤالی منداڵانی کوردستانی ئێران بە دەست پێشخەری گۆڤاری دنیای منداڵان.
٣٠	**٢٢ی خەرمانانی ١٣٨٣ی هەتاوی = ١٢ی سێپتەمبەری ٢٠٠٤ی زایینی؛**
	یەکەم کۆنگرەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران.
٣١	**٢٨ی خەرمانانی ١٣٨٤ی هەتاوی = ١٨ی سێپتەمبەری ٢٠٠٥ی زایینی؛**
	کۆچی دوایی مەرزە فەریقی هونەرمەندی کۆرانیبێژ و پێشمەرگەی دێرین کۆمەڵە و هاوسەری هۆنەرمەندی ناوداری و شۆرشگێری کورد ناسر رەزازی لە شاری ستۆکهۆلم لە سوئید.
٣٢	**٢٠ی خەرمانانی ١٣٨٦ی هەتاوی = ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠٧ی زایینی؛**
	کۆچی دوایی عوسمان رەحیمی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی دوازدەهەم، ئەندامی دەستەی راوێژکاری دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە هۆی سەکتەی مێشک لە شاری کویەی باشووری کوردستان.

سەرچاوە
Serchawe

٣٣	٢٥ی خەرمانانی ١٣٨٨ی هەتاوی = ١٦ی سێپتەمبەری ٢٠٠٩ی زایینی؛
	کۆچی دوایی مامۆستا حەسەن سۆران نووسەر، هەڵبەستڤان، زانا و نیشتمانپەروەی کورد لە شاری تاران.

٣٤	٦ی خەرمانانی ١٣٨٩ی هەتاوی = ٢٨ی ئاگۆستی ٢٠١٠ی زایینی؛
	کۆچی دوایی سەید عوبدوڵڵا ئەیوبییان نووسەر، زماناس و لێکۆڵەری ناوداری کورد و دوایین یادگاری کۆمەڵەی ژێ - کاف و کۆماری کوردستان لە شاری مەهاباد.

٣٥	٣٠ی خەرمانانی ١٣٨٩ی هەتاوی = ٢١ی سێپتەمبەری ٢٠١٠ی زایینی؛
	حیزبی دێموکراتی کوردستان وێڕای مەحکووم کردنی سەرکوت و توندوتیژی نواندنی حکوومەت بەرامبەر داخوازی ڕەوای خەڵک بە مەبەستی پێشگیری لە وشکبوونی گۆلی ورمێ و بەردەوامیی گرتنی ناڕازییان و چالاکانی ژینگە پارێز، داوای ئازادیی هەرچی زووتری گیراوەکان دەکا.

٣٦	١١ی خەرمانانی ١٣٩٢ی هەتاوی = ٢ی سێپتەمبەری ٢٠١٣ی زایینی؛
	دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستان هێرشی بێ بەزەییانە بۆ سەر ئەندامانی ڕێکخراوی موجاهدینی خەلقی ئێران لە کەمپی ئەشرەف لە نزیک شاری بەغدای پایتەختی عێراق، زیاتر لە ٥٠ کەس لە دانیشتوانی ئەم کەمپە کوژران و بە دەیان کەسی دیکەش بریندار بوون. مەحکووم دەکا.

٣٧	٩ی خەرمانانی ١٣٩٣ی هەتاوی = ٣١ی ئاگوستی ٢٠١٤ی زایینی؛
	ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان کۆبوونەوەیەکی کاریی یەک ڕۆژەی بە بەشداریی ئەندامانی ئەسڵی و جێگران و ڕاوێژکارانی کۆمیتەی ناوەندی و هەروەها ڕاوێژکارانی دەفتەری سیاسی بۆ تاوتوێکردنی بارودۆخی پاش هێرشی داعش بۆ سەر کوردستان بەڕێوە برد.

٣٨	٢٩ی خەرمانانی ١٣٩٣ی هەتاوی = ٢٠ی سێپتەمبەری ٢٠١٤ی زایینی؛
	دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستان هێرشو دەستدرێژییەکانی گرووپی تێرۆریستیی ناسراو بە داعش یا دەوڵەتی ئیسلامی بۆ سەر خەڵکی ناوچە کوردنشینەکانی ڕۆژئاوای کوردستان مەحکووم و پشتیوانی لە خەڵکی کۆبانی و دەوروبەریدا لە ڕۆژئاوای کوردستان دەکا.

٣٩	٢١ی خەرمانانی ١٣٩٤ی هەتاوی = ١٢ی سێپتەمبەری ٢٠١٥ی زایینی؛
	محەممەد دانش هونەرمەندی دەنگخۆشی میوزیکژەن و گۆرانیبێژ کورد بەهۆی نەخۆشی، لە تەمەنی ٧٠ ساڵیدا لە شاری

سەرچاوە
Serchawe

	مهاباد ماڵاوایی لە ژیانو هونەر کرد.
٤٠	٢ی خەرمانانی ١٣٩٦ی هەتاوی = ٢٤ی ئاگۆستی ٢٠١٧ی زایینی؛
	محەممەد شەریف وەلیدی، ژەنیار و یەکێک لە پێشەنگەکانی بواری هونەر و گۆرانی کوردی، لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی شاری سنە ماڵئاوایی لە هونەر دۆستان و هۆگرانی هونەری کوردی کرد.
٤١	٣ی خەرمانانی ١٣٩٦ی هەتاوی = ٢٥ی ئاگۆستی ٢٠١٧ی زایینی؛
	خالید خاکی چیرۆکنووس، وەرگێر، شانۆکار و بەرپرسی ئەنجوومەنی مەولەوی سەقز بە هۆی رووداوێکی دڵتەزێن لە تەمەنی ٦٠ ساڵیدا بۆ هەمیشە ماڵئاوایی لە ژیان کرد.
٤٢	١٩ی خەرمانانی ١٣٩٦ی هەتاوی = ١٠ی سێپتەمبەری ٢٠١٧ی زایینی؛
	سەید حوسێن موسلێحزادە گیلانی، ناسراو بە (کاروان کۆچەر) نووسەر، وەرگێڕ و ڕەخنەگری ئەدەبیی خەڵکی گوندی (ژاراوا)ی سەر بە ناوچەی مەرگەوەڕ ورمێ کۆچی دوایی کردووە.
٤٣	١٩ی خەرمانانی ١٣٩٦ی هەتاوی = ١٠ی سێپتەمبەری ٢٠١٧ی زایینی؛
	جەلال جەهانگیری، هونەرمەندی نیشتمانپەروەری کورد و فەرمانبەری دەنگ و ڕەنگی کۆماری ئیسلامی لە مهاباد، بە هۆی وەستانی دڵ کۆچی دوایی کرد.
٤٤	٣ی خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاوی = ٢٥ی ئاگۆستی ٢٠١٨ی زایینی؛
	گیانیان لەدەست دا نەمران شەریف باجوەر، و ئۆمید کۆنە پۆشی، مەعممەد پەژووهی و ڕەحمەت حەکیمی نیا؛ چاکوانی ژینگەی رۆژهەڵاتی کوردستان لە کاتێکدا کە خەریکی کوژاندنەوەی ئاگری دارستانەکانی مەریوان بوون بە شێوەیەکی گوماناوی.
٤٥	١٥ی خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاوی = ٦ی سێپتەمبەری ٢٠١٨ی زایینی؛
	قادر فەتحیان ناسراو بە مامە قالە شۆڕش دوای ماوەیەک بەربەرەکانی لەگەڵ نەخۆشی لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی شاری هێلسینگبۆری سوئێد کۆچی دوایی کرد.
٤٦	١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاوی = ٨ی سێپتەمبەی ٢٠١٨ی زایینی؛
	پەلاماری مووشەکیی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ سەر پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان. لەم

سەرچاوە
Serchawe

	پەلامارە تیرۆریستییەدا ١٦ کادر و پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات شەهید بوون کە ٦ لەوان ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بوون. لەم ڕووداوەدا زیاتر لە ٥٠ کەسیش بریندار بوون کە بەشێکیان ژن و منداڵ بوون.

٤٧	١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاوی = ٨ی سێپتامبری ٢٠١٨ی زایینی؛
	زیندانی سیاسی ناسراوی کۆمەڵە "ڕامین حوسەین پەناهی" و، "لوقمان مورادی" و "زانیار مورادی" لە سێدارە دران و چوونە ڕیزی کاروانی شەهیدانی کوردستانەوە.

٤٨	٢١ی خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاوی = ١٢ی سێپتەمبەری ٢٠١٨ی زایینی؛
	مانگرتنی بەشکۆ و سەراسەریی کوردستان لەسەر بانگەوازی حیزبی دێموکراتی کوردستان و حیزبە سیاسییەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ئەم مانگرتنە بۆ مەحکومکردنی پەلامارە مووشەکییەکەی ١٧ی خەرمانانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر قەڵای دێموکرات و ئێعدامی پۆلێک تێکۆشەری سیاسیی کورد لە لایەن ڕێژیمەوە، بەڕێوە چوو.

٤٩	٢٦ی خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاوی = ١٧ی سێپتەمبەری ٢٠١٨ی زایینی؛
	نادر نادرزادە ئەقدەم ناسراو بە "ڕەسووڵ نادری"، هونەرمەندی بەیت و حەیرانخوێن، قسەخۆش و شۆڕشگێڕی سەردەمی جووڵانەوەی ساڵەکانی ٤٦ - ١٣٤٧ی هەتاوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە هۆی نەخۆشی و پیری لە یەکێک لە نەخۆشانەکانی شاری مەهاباد، لە تەمەن ٨٥ ساڵیدا، کۆچی دوایی کرد.

٥٠	٢٨ی خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاوی = ١٩ی سێپتەمبەری ٢٠١٨ی زایینی؛
	کۆبوونەوەیەک بە بەشداریی ئەندامانی ئەسڵی و جێگران و ڕاوێژکارانی کۆمیتەی ناوەندی و ژمارەیەک لە کەسایەتییەکانی حیزب و بەرپرسانی هێندێک لە ئۆرگانەکانی حیزب بەڕێوە چوو. ئەو کۆبوونەوەیە کە درێژەی هەمان ئەو کۆبوونەوەیە بوو کە بەیانیی ڕۆژی ١٧ی خەرمانان (بەرامبەر بە ٨ی سێپتامبر) بەهۆی مووشەکبارانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ڕەوتی کارەکانی ڕاوەستابوو.

٥١	٢٩ی خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاوی = ٢٠ی سێپتامبری ٢٠١٨ی زایینی؛
	نیکی هیلی، نوێنەری ئەمریکا لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە کۆبوونەوەی شوڕای ئەمنیەتیدا ڕووداوی مووشەکبارانی بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی هێنایە بەر باس و داوای پێشگرتن بە سەرەڕۆییەکانی ئێرانی کرد.

٥٢	٢٩ی خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاوی = ٢٠ی سێپتەمبەری ٢٠١٨ی زایینی؛
	حاجی حوسێن حەداد کەسایەتی خۆشناو و سیاسی و تێکۆشەری دێرینی ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان پاش ماوەیە بەربەرەکانی لەگەڵ نەخۆشی، لە تەمەنی ٨٠ ساڵیدا لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی شاری فرێدریکستاد لە وڵاتی نۆروێژ کۆچی دوایی کرد.

٥٣	٣٠ی خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاوی = ٢١ی سێپتەمبەری ٢٠١٨ی زایینی؛
	سوپاس نامەی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان! سوپاسنامە و داوای هەنگاوی زیاتر لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ سەرنجی باڵیۆزی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە نەتەوە یەکگرتووەکان و نوێنەرانی ئەندامانی دائیمیی دیکەی ئەنجومەنی ئاسایش. لەسەر هێرشی مووشەکیی ئێران بۆ سەر بارەگای سەرەکیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان.

٥٤	٧ی خەرمانانی ١٣٩٨ی هەتاوی = ٢٩ی ئاگۆستی ٢٠١٩ی زایینی؛
	مامۆستا مەلا محەممەد ئیمامی کەسایەتیی ئایینی و یادگاری کۆماری کوردستان و ئەندامی لەمێژینەی حیزبی دێموکرات پاش تەمەنێک ژیان بە خواناسی و خەڵکدۆستییەوە لە شاری سەقز ماڵاوایی لە ژیان کرد.

٥٥	١٠ی خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاوی = ١ی سێپتەمبەری ٢٠١٩ی زایینی؛
	ڕاگەیاندراوی کۆمیسیۆنی تەشکیلات حیزبی دێموکراتی کوردستان بەبۆنەی یەکساڵە هێرشی مووشەکیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ سەر کۆبوونەوەی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی لە قەڵای دێموکرات، هەڵکەوتوو لە باشووری کوردستان.

٥٦	١٢ی خەرمانانی ١٣٩٨ی هەتاوی = ٣ی سێپتەمبەری ٢٠١٩ی زایینی؛
	دامەزراوەی پرۆسپێکت (Prospect) پرۆفیسۆر کۆچەر بیرکار، زانای بواری بیرکاریی خەڵکی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی وەک بیرمەندی یەکەمی جیهان هەڵبژارد.

٥٧	١٦ی خەرمانانی ١٣٩٨ی هەتاوی = ٧ی سێپتەمبەری ٢٠١٩ی زایینی؛
	بۆ ڕێزگرتن لە یاد و بیرەوەری شەهیدانی ١٧ی خەرمانان ١٣٩٧، سیمینارێک بە بۆنەی ١ ساڵەی مووشەکبارانی قەڵای دێموکرات بە دەستپێشخەری یەکییەتی ژنانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەڕێوەبرد.

سەرچاوە
Serchawe

٥٨	**١٧ی خەرمانانی ١٣٩٨ی هەتاوی = ٨ی سێپتەمبەری ٢٠١٩ی زایینی؛**
	پەیامی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بە بۆنەی یەکەمین ساڵوەگەڕی تاوانەکانی ١٧خەرمانان، پەلاماری مووشەکیی بنکەکانی حدک و حدکا لەدەوروبەری شاری کۆیە و لە سێدارە دانی سێ زیندانی سیاسی ناسراوی کۆمەڵە.

٥٩	**١٦ی خەرمانانی ١٣٩٨ی هەتاوی = ٧ی سێپتەمبەری ٢٠١٩ی زایینی؛**
	بە ئامادەبوونی بەشێکی بەرچاو لە کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و ئەندامان و بنەماڵەی سەبەرزی شەهیدان لەسەر گڵکۆی شەهیدانی ١٧ی خەرمانان، لە ڕیورەسمێکدا یادی شەهیدانی قەڵای دێموکرات بەرز ڕاگیرا.

٦٠	**٢١ی خەرمانانی ١٣٩٨ی هەتاوی = ١٢ی سێپتەمبەری ٢٠١٩ی زایینی؛**
	پۆلێکی دیکە لە لاوانی رۆژهەڵاتی کوردستان دوای تێپەڕ کردنی سەرکەوتووانەی دەورەی ٢٣٤ی سیاسی - نیزامیی پێشمەرگایەتی، بەرگی پیرۆزی پێشمەرگانەیان پۆشی.

٦١	**٢١ی خەرمانانی ١٣٩٨ی هەتاوی = ١٢ی سێپتەمبەری ٢٠١٩ی زایینی؛**
	بە بۆنەی مانگرتنی سەرانسەریی خەڵکی کوردستان لە ٢١ی خەرمانانی ساڵی ڕابردوو کە زۆربەی خەڵکی کوردستان وێڕای مەحکوومکردنی مووشەکبارانی قەڵای دێموکرات و لە سێدارەدانی سێ بەندیی سیاسیی کورد لە سێ بڕگەدا لە قەڵای دێموکرات سمینارێک بەو بۆنەوە بە دەسپێشخەریی یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد بەڕێوەچوو.

٦٢	**١٧ی خەرمانانی ١٣٩٩ی هەتاوی = ٧ی سێپتەمبەری ٢٠٢٠ی زایینی؛**
	سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە نامەیەکدا بۆ ئانتۆنیۆ گۆتێرێس، سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان داوای کردوە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی و لە سەروویەوە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ئاوڕ لە دۆخ و خەباتی خەڵکی کوردستانی ئێران و حیزبی دێموکڕات کە زۆر جار چەکی کۆمەڵکوژیان لەسەر تاقی کراوەتەوە، بدەنەوە.

٦٣	**١٧ی خەرمانانی ١٣٩٩ی هەتاوی = ٧ی سێپتەمبەری ٢٠٢٠ی زایینی؛**
	سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دووهەمین ساڵیادی شەهیدانی مووشەکبارانی قەڵای دێموکرات، لەسەر مەزاری شەهیدان ڕایگەیاند: پشت بە ئیرادە و وزەی خەباتگێڕیمان و پشتقایم بە پاڵپشتیی خەڵکی کوردستان، خەبات و تێکۆشانمان هەتا وەدیهێنانی ئامانجەکانی نەتەوەی کورد کە ئامانجی شەهیدانی ١٧ی خەرمانان

سەرچاوە
Serchawe

	و سەرجەم شەهیدانی حیزب و کۆمەڵانی خەڵکە، درێژەی دەبێ.

٦٤	٢٠ی خەرمانانی ١٣٩٩ی هەتاوی = ١٠ی سێپتامبری ٢٠٢٠ی زایینی؛
	کۆچی دوایی تەیفوور بەتحایی سیمایەکی دیاری نێو بزووتنەوەی سیاسی و چەپ و نەتەوەیی و ئازادیخوازیی رۆژهەڵاتی کوردستان، سینەماکار و نووسەرێکی بە توانا و ئەندامی پێشووی رێبەری حیزبی دێموکرات دوای ماوەیەک نەخۆشی لە شاری یۆتەبۆری لە سوئید.

٦٥	١٦ی خەرمانان ١٤٠٠ی هەتاوی = ٧ی سێپتەمبەری ٢٠٢١ی زایینی؛
	کاک عوسمان مستەفاپوور، قارەمانی نێو چاڵەڕەشەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران پاش ماوەیەکی زۆر بەربەرەکانی لەگەڵ کرۆنا لە نەخۆشخانەی شاری کۆیە کۆچی دوایی کرد.

٦٦	١٧ی خەرمانان ١٤٠٠ی هەتاوی = ٨ی سێپتەمبەری ٢٠٢١ی زایینی؛
	بانگەوازی سکرتێری گشتیی حیزب روو بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکانی مافی مرۆڤ لەمەڕ هەڕەشەکانی سوپای پاسداران کۆماری ئیسلامی ئێران.

٦٧	١ی خەرمانانی ١٤٠١ی هەتاوی = ٢٣ی ئاگۆستی ٢٠٢٢ی زایینی؛
	زۆرێک لە کەسایەتییە ناسراوە کورد و بیانییەکان بەبۆنەی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان بۆچوونی خۆیان لەسەر ئەو پرسە دەربڕیوە و وێڕای نیشاندانی خۆشحاڵیی خۆیان بە گرینگییەوە باسیان لەو پرسە کردووە.

٦٨	٥ی خەرمانانی ١٤٠١ی هەتاوی = ٢٧ی ئاگۆستی ٢٠٢٢ی زایینی؛
	ئەندامانی تێکۆشەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بەبۆنەی یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی بنەماڵەی گەورەی دێموکرات، گرۆتینێکی دیکەیان بە خۆیان گرتووە و بە بەڕێوەبردنی چالاکی بە شێوازی جۆراجۆر دڵگەرمی و خۆشحاڵیی خۆیان لەمەڕ یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان پێشان دەدەن.

٦٩	٨ی خەرمانانی ١٤٠١ی هەتاوی = ٣٠ی ئاگۆستی ٢٠٢٢ی زایینی؛
	شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێشوازی لە حیزب، کەسایەتییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی کوردستان کرد کە بە مەبەستی پیرۆزبایی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان سەردانی حیزبیان کرد.

٧٠	١١ی خەرمانانی ١٤٠١ی هەتاوی = ٢ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢ی زایینی؛
	سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی ئینترناسیۆنال سوسیالیست لە پەیامێکدا پیرۆزبایی یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کردووە و ڕاگەیاندووە ئەم ڕێکخراوە هاوپشت و پشتیوانی حیزب دێموکرات دەمێنێتەوە.
٧١	١١ی خەرمانانی ١٤٠١ی هەتاوی = ٢ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢ی زایینی؛

سەرچاوە
Serchawe

	گیانی لەدەست دان و ماڵئاوایی خاتوو "هاوژین نستانی" ئەندامی ڕێکخراوی ژنان و لاوانی دێموکرات، کچی شەهید "ئەمیر نستانی" بەهۆی ڕووداوی هاتوچۆ لە ڕێگای نێوان سلێمانی و ڕانیە و هەروەها لەو ڕووداوەدا دایک و خوشکیشی بە سەختی بریندار بوونە.

٧٢	١٦ی خەرمانانی ١٤٠١ی هەتاوی = ٧ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢ی زایینی؛
	لە ڕێوڕەسمێکی پێشمەرگانەدا و بە ئامادەبوونی کۆمەڵێک کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بەبۆنەی کۆتاییهاتنی دەورەی ٢٥٨ی فێرگەی پێگەیاندنی پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات، پۆلیکی دیکە لە لاوانی دڵسۆز و بە ئەمەگی نیشتمانەکەمان لە ڕێوڕەسمێکی پێشمەرگانەدا هاتنە ڕیزی خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکراتەوە.
٧٣	١٧ی خەرمانانی ١٤٠١ی هەتاوی = ٨ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢ی زایینی؛
	سپاسنامەی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتی حیزبی دێموکرات بەبۆنەی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان؛ بە پێویستی دەزانین بە ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە سپاسی هەستی هاوخەباتی و پاڵپشتیتان بۆ سەرکەوتنی ئەو پرۆسەیە بکەین و وێڕای بایەخدان بە دەربڕینی هەستی پیرۆزتان و پەیام و ناوەڕۆکی برووسکەی پیرۆزباییەکان و هەروەها پێوەندیگرتن و سەردانەکانتان ڕادەگەیەنین.
٧٤	١٢ی خەرمانانی ١٤٠١ هەتاوی = ٣ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢ی زایینی؛
	چەندین ڕێوڕەسمی بەشکۆ بە بەشداریی ئەندامان، لایەنگران و نوێنەری حیزب و لایەنە سیاسیی کوردستانی و ئێرانییەکان، لە ئورووپا، ئەمریکا، و ئوسترالیا جێژنی یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات بەڕێوە چوون.
٧٥	١٣ی خەرمانانی ١٤٠١ی هەتاوی = ٤ی سێپتامبری ٢٠٢٢ی زایینی؛
	بەرامبەر بە کۆمیتەی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ڕێوڕەسمێکی گەورە و بەشکۆی بەبۆنەی یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات لە ڕۆژاوای کانادا بەڕێوە برد.
٧٦	٢١ و ٢٢ی خەرمانانی ١٤٠١ هەتاوی = ١٢ - ١٣ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢ی زایینی؛
	دەیان حیزب و لایەنی سیاسی، لە چوار بەشی کوردستانەوە بەبۆنەی یەکبوونەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سەردانی نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکرات لە شاری هەولێریان کرد و لەلایەن شاندی پێشوازیکەری ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتەوە بە سەرپەرستیی محەممەد نەزیف قادری پێشوازیان لێکرا.
٧٧	٢٤ی خەرمانانی ١٤٠١ی هەتاوی = ١٦ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢ی زایینی؛

	لە یەکێک لە بنکەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بەبۆنەی ٢٦ی خەرمانان سییەمین ساڵرۆژی تێرۆرکردنی دوکتور "سادق شەرەفکەندی" و هاوڕێیانی کە لە ڕێستورانی "میکونۆس"ی شاری "بێرلین"ی پێتەختی وڵاتی ئاڵمان، لەلایەن تێرۆریستانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە شەهید کران، ڕێوڕەسمێک بە بەشداریی "مستەفا هیجری" بەرپرسی گشتیی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ئەندامانی ڕێبەری، کادر و پێشمەرگەکانی ئەو حیزبە بەڕێوە چوو.

٧٨	٢٥ی خەرمانانی ١٤٠١ هەتاوی = ١٦ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢ی زایینی؛
	ژینا ئەمینی" تەمەن ٢٢ ساڵ و خەڵکی سەقز کە لەلایەن هێزەکانی گەشتی ئیرشادی ڕێژیمەوە لە تاران درایە بەر لێدان و چووبووە کۆما، و پاش چەند ڕۆژ مانەوە لە کۆمادا، بەهۆی قورسیی برینەکانییەوە لە نەخۆشخانەی "کەسرای" شاری تاران گیانی لەدەست دا.

٧٩	٢٥ی خەرمانانی ١٤٠١ی هەتاوی = ١٦ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢ی زایینی؛
	لە "جێژنیکان"، مەڵبەندی ٣ی کوردستان، سێمینارێکی تایبەت بە ٢٦ی خەرمانان ساڵرۆژی تێرۆرکرانی دوکتور "سادق شەرەفکەندی" و هاوڕێیانی بەڕێوە چوو.

٨٠	٢٥ی خەرمانانی ١٤٠١ی هەتاوی = ١٦ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢ی زایینی؛
	بانگەوازی ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران، بۆ مانگرتنی گشتی بۆ مەحکومکردنی جینایەتی کوشتنی ژینا ئەمینی ڕۆژی ٢٨ی خەرمانان کراوە. بەرۆژی مانگرتن لەسەرجەم شار و شارۆچەکانی کوردستان و داوا لەسەرجەم حیزب و لایەنە سیاسییەکان، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، هەڵسوراوانی مافی مرۆڤ کردوە بەدەم ئەم بانگەوازەوە بێن تا بە هاودەنگی و هاوپشتی یەکتر وەڵامێکی توند بە کۆماری ئیسلامی بدەینەوە.

٨١	٢٦ی خەرمانانی ١٤٠١ی هەتاوی = ١٧ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢ی زایینی؛
	حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە مەبەستی ڕیسواکردنەوەی تیرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی ئێران و هەروەها نوێکردنەوەی پەیمانی وەفا لەگەڵ ڕێبەرانی شەهید، بە تایبەت شەهیدانی میکۆنۆس ڕێوڕەسمێکی بەشکۆی بەبەشداری هەزاران کەس لە ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات و جووڵانەوەی ڕزگاریخوازیی کورد لە شاری برلین، پێتەختی ئاڵمان بەڕێوە برد.

٨٢	٢٧ی خەرمانانی ١٤٠١ی هەتاوی = ١٨ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢ی زایینی؛
	ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران، داواکارین بە هەر شێوازێکی بەردەست لە شار و ناوچەکانی دیکەی ئێران ڕێکخستنی نارەزایی و مانگرتن دژ بە زوڵم و زۆرداریی گەشتەکانی ئیرشاد و ڕێژیمی دژەژنی ئیسلامی و یاسا دژە ژنەکانی ئەو ڕێژیمە، لە دەستووری کارتاندا بێت و هەوڵی تەواوی بۆ بدەن.

٨٣	٢٨ی خەرمانانی ١٤٠١ی هەتاوی = ١٩ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢ی زایینی؛

سەرچاوە
Serchawe

	مانگرتن بۆ نارەزایەتیدەربڕین بە جینایەتی کوشتنی ژینا ئەمینی لە زۆربەی شار و ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڕێوە چووە و ئەو مانگرتنە لە شارەکانی سنە، سەقز، مەهاباد، شنۆ، مەریوان، بانە، جوانرۆ، دیواندەرە، بۆکان، ورمێ، نەغەدە، کرماشان، دێولان، پیرانشار، کامیاران و باقی شارەکانی دیکە بەردەوامە.
٨٤	٢٨ی خەرمانانی ١٤٠١ی هەتاوی = ١٩ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢ی زایینی؛
	مانگرتن بۆ نارەزایەتیدەربڕین بە جینایەتی کوشتنی ژینا ئەمینی لە زۆربەی شار و ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڕێوە چووە و ئەو مانگرتنە لە شارەکانی سنە، سەقز، مەهاباد، شنۆ، مەریوان، بانە، جوانرۆ، دیواندەرە، بۆکان، ورمێ، نەغەدە، کرماشان، دێولان، پیرانشار، کامیاران و باقی شارەکانی دیکە بەردەوامە.
٨٥	٢٩ی خەرمانانی ١٤٠١ی هەتاوی = ٢٩ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢ی زایینی؛
	ماڵئاوایی "ئەحمەد فەرەجی" پێشمەرگەی ڕۆژانی سەخت و فریادڕەسی سەنگەرەکانی پێشمەرگەی کوردستان، کە لە پێشمەرگە دێرینەکانی نێو سەنگەری خەبات و خۆڕاگری بوو بۆ هەمیشە ماڵاوایی لە هاوسەنگەرانی کرد و سەنگەری خەباتی بە هاوڕێیانی ئەسپارد. و بۆ هەتاهەتایە لە یاد و دڵی هاوڕێیان و خەڵکەکەیدا مایەوە.
٨٦	١٥ی خەرمانانی ١٤٠٢ی هەتاوی = ٦ی سێپتەمبەری ٢٠٢٣ی زایینی
	لە ساڵوەگەڕێ دەستپێکی شۆڕشی ژینادا جێی خۆیەتی بە نیشانەی بەرزڕاگرتنی یاد و بیرەوەریی شەهیدانی ئەم شۆڕشە نوێیە و ڕێزلێنان لە قوربانیان و زیندانییان سیاسی و زیندووڕاگرتنی بزووتنەوەی سیاسی، بە شکۆوە بەرەوپیلی ئەم یادە مەزنە سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە بچین.
٨٧	١٥ی خەرمانانی ١٤٠٢ی هەتاوی = ٦ی سێپتەمبەری ٢٠٢٣ی زایینی
	کاک ئەحمەد قادری، پێشمەرگەی شاعیر و کادری بەوەج، ماندوویینەناس و هەڵسووڕی حیزبی دێموکرات پاش چەند مانگ بەربەرەکانی لەگەڵ نەخۆشی لە تەمەنی ٨٢ ساڵیدا ماڵئاوایی لە بنەماڵە و کەسوکار و هاوسەنگەرانی کرد و چووە ڕیزی کاروانی نەمرانی گەلەکەیەوە.
٨٨	٢٢ی خەرمانانی ١٤٠٢ی هەتاوی = ١٣ی سێپتەمبەری ٢٠٢٣ی زایینی
	پەیامی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەبۆنەی یەکساڵەی شۆڕشی ژینادا ساڵیادی شۆڕشی ژینا) ئەم ڕێژیمە دەبێ بڕوا و نیزامێکی گەلی و دێموکرات جێگەی بگرێتەوە
٨٩	٢٢ی خەرمانانی ١٤٠٢ی هەتاوی = ١٣ی سێپتەمبەری ٢٠٢٣ی زایینی
	پەیامی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەبۆنەی یەکساڵەی شۆڕشی ژینادا ساڵیادی شۆڕشی ژینا) ئەم ڕێژیمە دەبێ بڕوا و نیزامێکی گەلی و دێموکرات جێگەی بگرێتەوە

سەرچاوە
Serchawe

٩٠	**٢٣ی خەرمانانی ١٤٠٢ی هەتاوی = ١٤ی سێپتەمبەری ٢٠٢٣ی زایینی**
	پەیامی مستەفا هیجری: بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزب بەبۆنەی ساڵیادی شۆڕشی ژینا بەرگریی نەتەوەیی و خەباتی جەماوەری لە کوردستان قوتابخانەیەکە بۆ هەموو ئەوانەی چاویان لە گۆڕانکارییە
٩١	**٢٥ی خەرمانانی ١٤٠٢ی هەتاوی = ١٦ی سێپتەمبەری ٢٠٢٣ی زایینی**
	پەیامی سپاس و پێزانینی شەش حیزبی ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەبارەت بە بەڕێوەچوونی مانگرتنی شکۆدار و گشتیی ٢٥ی خەرمانان، ئێوەی خەڵکی سەربەرز و شۆڕشگێڕی کوردستان لە ورمێ، شنۆ، پیرانشار، ڕەبەت، سەردەشت، مەهاباد، بۆکان و سەقزەوە تا دەگاتە بانە، مەریوان، سنە، کامیاران، ڕوانسەر، دێولان، دیواندەرە، بیجاڕ، پاوە، کرماشان، ئیلام و کەنگاوەر بەگەرمی بە مانگرتنەکەتان بەپیل بانگەوازی شەش حیزبی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە چوون.
٩٢	**١٦ی خەرمانانی ١٤٠٣ی هەتاوی = ٦ی سێپتەمبەری ٢٠٢٤ی زایینی**
	ڕاگەیاندنی سێ کومیتەی ناوەندی کۆمەڵەکان، ١- کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان، ٢- کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە(ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)، ٣- کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، سەبارەت بە بڕیاری گواستنەوەی ئۆردوگاکانیان لە دەوەری سلێمانی، باشووری کوردستان
٩٣	**١٦ی خەرمانانی ١٤٠٣ی هەتاوی = ٦ی سێپتەمبەری ٢٠٢٤ی زایینی**
	لە ماوەی دوو حەوتووی ڕابردوودا بێهزاد خوسرەوی، خەڵکی سەقز، ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، نیشتەجێ لە شاری سلێمانی لەلایەن دەزگای ئاسایشی حکوومەتی هەرێم لەم شارە دوو جار بانگ کراوە و جاری دووهەم دوای چەند ڕۆژ بەندکردن و ڕاگرتن، ڕادەستی ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری سنە کراوە.
٩٤	**١٧ی خەرمانانی ١٤٠٣ی هەتاوی = ٧ی سێپتەمبەری ٢٠٢٤ی زایینی**
	ڕاگەیەندراوی ناوەندی تەشکیلاتی حیزبی دێموکرات لەبارەی گرتن و ڕادەستکردنی بێهزاد خوسرەوی بە کۆماری ئیسلامیی ئێران؛ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕادەستکردنی بێهزاد خوسرەوی بە کۆماری ئیسلامیی ئێران مەحکووم دەکا و ڕادەگەنێت کە دۆسیەی گرتنی بێهزاد دەبوا بەپێی یاسا لە دەزگای دادی هەرێمی کوردستاندا بڕیاری لەسەر درابا.

کۆمەڵێک وتارو لێدوان

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

ڕەزبەری ٢٧٢٠ی کوردی = سێپتەمبەری ٢٠٢٠ی زایینی

نۆژەنکردنەوە: بانەمەڕی ٢٧٢٥ = مای ٢٠٢٥ی زایینی

سەرچاوە
Serchawe

سپاس و پێزانین

بۆ هەموو هاوڕێ و دۆستان بۆ نووسین و ئامادەکردنی وتار، وتووێژ و بابەتەکان.

دەستتان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.

ڕەحمان نەقشی